# پەروەردەو فێرکردن

گۆڤارێکی پەروەردەیی وەرزییە وەزارەتی پەروەردەی
حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات
ژمارە( 1 ) ساڵی 2008

**خاوەنی ئیمتیاز**
**د. دڵشاد عەبدولڕەحمان محەمەد**

**سەرنووسەر**
**ئەحمەد محەمەد قەرەنی**

**ناونیشان**
هەولێر ـ وەزارەتی پەروەردە
تەلەفۆن:
سەرنووسەر : 2230135
بەدالە: 2233084
2233085
فاکس: 2230471
ئیمەیڵ:
**info@moe-krg.com**

## وتەی ژمارە....

لە یەکەمین ژمارەی گۆڤارەکەتاندا (پەروەردەو فێرکردن) چەندین لێکۆڵینەوە سەبارەت بە سستەمی پەروەردەو فێرکردن بڵاوکراونەتەوە، کە هەندێکیان ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە ئەزموونی هەرێمەوە هەیەو، ئەوانی دیکەش لەسەرچاوە زانستییەکانی بیانییەوە وەرگێڕراون و لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە ئامادەکراون.

بۆ ژمارەکانی ئاییندەش داوا لەهەموو سەرپەرشتیارو شارەزاو مامۆستا بەڕێزەکان دەکەین کە بە بەرهەمە زانستییەکانیانەوە بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی ئەم گۆڤارەدا بکەن، بۆ ئەوەی ڕەنجی هزری بەڕێزیان ببێتە بەشێك لەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەی ئەمڕۆ لەپڕۆسەی پەروەردەو فێرکردندا دەکرێن.

**سەرنووسەر**

# لەم ژمارەیەدا

* فێربوونی چالاك................................................ و: پەروەردەو فێرکردن 3
* بەهەرەوەزی فێرکردن........................................ و: پەروەردەو فێرکردن 17
* ئەلبوومێك بۆ ڕێزمانی ئامرازی کۆ ( ان )............................... د.شێرکۆ بابان 25
* چەند سەرنجێك دەربارەی سستەمی پەروەردەو خوێندن .... .......... ئیحسان تاهیر 35
* بەرەی جەنگی تاقیکردنەوەی بەکالۆریا .......................... هۆمەر قەرەداغی 85
* یەکەمین مانگی پۆلی یەکەم ................................. غەریب عەلی عەزیز 93
* لە پێناوی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا.............................. شوکر سلێمان 98
* گرنگی چالاکتر کردنی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی ............... شەوکەت هادی قادر 107
* شاندێکی پەروەردەی تایبەت................................. پەروەردەو فێرکردن 112
* شێوازەکانی فێرکردنی پەککەوتەکان ........................... پەروەردەو فێرکردن 121
* رابەرێ هاریکار بۆ مامۆستاییێن زمانێ ئینگلیزی...................و: رەشید تەیبب 134
* جۆرێن سەرپەرشتیارییا پەروەردەیی ....................... ئا: پەروەردەو فێرکردن 148
* لە پێناو خوێندنەوەی باشتر و وردتر...................و/ ئا: ئیدریس عەبدوڵڵا 162
* چەند خالێن بنەڕەتی بۆ پەروەردەکرنا زارۆکی............ ئا: پەروەردەو فێرکردن 185
* مەشق دبەرسینگرتن و بەرهەنگارییێن ........................ و: پەروەردەو فێرکردن 190
* ئەرك و مافەکانی مامۆستا............................ و: موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی 195
* منداڵ و تەلەفزیۆن ................................................ پەروەردەو فێرکردن 209
* خۆ پاراستن لە کەرەستە هۆشبەرەکان............................ پەروەردەو فێرکردن 216
*هەڵسەنگاندن لە پەروەردەی وەرزشیدا........................ ئا: پەروەردەو فێرکردن 225

ئەو بەرهەمانەی کە لەم ژمارەیەدا بڵاوکراونەتەوە ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانیانە،
وەزارەت لێیان بەرپرسیار نییە

**لە ئەزموونە نوێیەکانی**
**بواری پەروەردەو فێرکردن**

# فێربوونی چالاك

**ئا:پەروەردەوفێرکردن**

لە دوایەمین دە ساڵەی سەدەی بیستەمەوە فێربوونی چالاك بووەتە تەوەرێکی سەرەکی لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردنداو، بایەخێکی زۆری پێ دەدرێت، تەنانەت بووەتە بنچینەی داڕشتنی ستراتیژییەتە نوێیەکانی هەردوو کرداری: فێربوون لە لایەن قوتابییەوەو وانەگوتنەوە لە لایەن مامۆستاوە.

گەورەترین خەسڵەتی فێربوونی چالاك لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردندا ئەوەیە کە کاریگەرییەکی گشتگیرو ڕاستەوخۆ لەسەر هەموو ڕەگەزەکانی پرۆسەکە هەیە وەك قوتابی، مامۆستا، ژینگەی فێربوون، پرۆگرامی خوێندن، بەڕێوەبەر، هۆیەکانی فێربوون.

## پێناسەی فێربوونی چالاك

لەئەنجامی تۆژینەوەکانی ئەم دواییەوە دەرکەوتووە شێوازی وانەگوتنەوەی کلاسیکی کە مامۆستا بەهۆیەوە زانیاری دەداتە قوتابی و قوتابی گوێ لەو زانیارییانە دەگرێت باوە. هەروەها دەرکەوتووە کە ئەم شێوازە یارمەتی ئەوە نادات فێربوونێکی ڕاستەقینە بخولقێت، داواکاری بەردەوامیش هەیە بۆ گەشەپێدانی شێوازەکانی وانەگوتنەوەکە قوتابی لەفێرکردنەکەیدا بەشداری پێ بکات.

لەهیچ حاڵەتێکدا فێربوونێکی چالاك دروست ناکات.

## کەواتە فێربوونی چالاك چییە؟

بۆئەوەی فێربوون چالاك بێت دەبێت قوتابیان خۆیان بە خوێندنەوە

یـــان نووســـین یـــان گفتوگـــۆ یـــان چارەســـەرکردنی گرفتێکـــی پەیوەســـت بـــەوەی فێـــردەبن یـــان هـــەر کـــارێکی ئەزموونکارانـــەوە خـــەریك بکـــەن. بەشێوەیەکی کـاراتر فێربـوونی چـالاك داوا لـــەقوتابیان دەکـــات بـــەکارایی بیربکەنەوە وەك شیکردنەوەو ڕێکخستن و هەڵسەنگاندنی ئەو شـتەی پێوەنـدی بەو بابەتی فێربوونەوە هەیە.

بۆیە لەسەر بنەمای ئەوەی سـەرەوە فێربوونی چالاك:

شێوازێکە بۆ فێربوون کـە قوتابیـان لەکرداری فێربووندا چالاکانە بەشـداری پێ دەکات و ناچاریان دەکات بـیر لـەو شتانە بکەنەوە کە فێری بوون.

بۆ وانەگوتنـەوەی دروسـت حـەوت پرەنسیپ هەن کە ئەمانەن:

1- وانەگوتنەوەی دروسـت، هـانی ئەوە دەدات مامۆستا و فێرکـاران کـار لێـك بکـەن: دەریـش کـەوتووە کـە کـارلێکردنی نێـوان هـەردوولا، جـا چ لەپۆلدا بێت یان لەدەرەوە، هۆکـارێکی گرنگـە بـۆ بەشـداریکردنی قوتابیـان لەوانەکـەو هانیـان دەدات کـە فێـربن، نەك هەر ئەمە بەڵکو وایان لێ دەکـات بـیر لـە بـەهاو پلانـەکانی داهاتوویـان بکەنەوە.

2ـ وانەگوتنـەوەی دروسـت، هـانی قوتابیـــان دەدات هاوکـــاری یەکـــدی بکەن:.

3ـــ وانەگوتنـەوەی دروسـت هـانی فێربوونی چالاك دەدات:

بەهەمان شێوە ئەوە دەرکەوتووە کـە فێرکار (قوتابی) تەنیا بە گوێ گـرتن و نووسینی یادگاری فێـر نابێـت، بـەڵکو لەڕێی قسـەکردن و نووسـینەوە ئـەوەی فێری بوون دێتەدی و بە شارەزاییەکانی پێـــــــــشوویانەوە دەیبەســـــــــتنەوەو پراکتیزەکردنـــــی ئەمـــــە لـــــەژیانی ڕۆژانەیاندا.

4ـ وانەگوتنەوەی دروسـت زانیـاری پێشوو بەخێرایی دێنێتەوە بـیر: لێـرەدا پەیبردنی قوتابیان بەو شتانەی دەیـزانن و ئەوانەی نـایزانن. یارمـەتییان دەدات لەسروشـــتی زانیارییـــەکانیان بگـــەن و هەڵیان بسەنگێنن، چـونکە پێویـستیان بـەوە هەیـە لـەو شـتەی فێـری بـوون وردببنەوە. پاشان دەبێـت فێـربن، ئـەو شتانەی فێری بوونە هەڵبسەنگێنن.

5ـ وانەگوتنەوەی دروست کـاتێکی باش بۆ فێربوونی دەرەخسێنێت.

(کات + وزە) = فێربوون

دەرکەوتووە کە فێربوون پێویستی بە کاتێکی باش هەیە. هەروەها قوتابیـان پێویـستیان بـە فێربـوونی کارامـەیی لەبـەڕێوەبردنی کـات هەیـە، چـونکە کارامـــەیی لەبـــەڕێوەبردنی کـــات هۆکارێکی گرنگە لەفێربووندا.

6ـ وانەگوتنەوەی دروست زۆرتـرین بڕی مەزنـدەکردن دێنێتـە دی ( زۆرتـر مەزندە بکـە، بـەدەنگ هـاتنی زۆرتر دێتە دی). ئەمە دەرکەوتووە کە گرنگە مەزنـدەی بـەرز بـۆ کـاری قوتابیـان دابنرێـت، چـونکە یارمـەتییان دەدات هەوڵی بەدیهێنانی بدەن.

7- وانەگوتنـەوەی دروسـت لـەوە دەگات کە زیرەکـی زۆر جـۆری هەیـەو فێرکـــارانیش شـــێوازی فێربوونیـــان جۆراوجۆرە. دەریشکەوتووە کە زیرەکی جۆراوجـۆرەو قوتابیـان بـۆ فێربـوون شێوازی جۆراوجـۆر بـەکاردێنن، بۆیـە وانەگوتنـەوەی دروسـت ڕەچـاوی ئـەم جیاوازی جۆراوجۆرییە دەکات، لـەوەی سەرەوەدا گرنگـی فێربـوونی چـالاکمان لەفێرکردنـــدا بـــۆ دەردەکـــەوێت: وەك بـــەڕوونی لـــە پرەنـــسیپی ســـێیەمدا دەردەکـەوێت و بەشـێوەیەکی نیمـچە ڕوون لەپرەنـــسیپی یەکـــەم و دووەم و چوارەم، یان بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ لەپرەنسیپەکاندا بۆمان ڕوون بووەوە.

## فێربوونی چالاك پێویستە

پێویستی فێربوونی چالاك لەئەنجامی کۆمەڵێك هۆکارەوە دەرکـەوت، ڕەنگـە گرنگترینیـان حاڵـەتی سەرسـوڕمان و پەشـــێوی بێـــت کـــە لەقوتابیانـــدا دەردەکـــەوێت، ئـــەویش پـــاش هـــەر کردارێکـی فێربـوون کـە ڕووبـەڕووی دەبنەوە دەکرێت وا لێـك بدرێتـەوە کـە ئەمـــە لەئـــەنجامی تێکەڵاونـــەبوونی زانیارییە تازەکانەوە بەشێوەیەکی ڕاست لەناو مێـشکیاندا بێتـە ئـاراوە لەهـەر چالاکییەکی فێربوونی ئاسایی و دەشێت چـــالاکییەکانی فێرکـــار لەشـــێوازە ئاساییەکاندا وەسف بکرێت:

*قوتابی پێی باشە بەشـێکی زۆری ئەوەی فێربووە لەبەربکات.

*بـۆ قوتـابی زەحمەتـە شـتەکانی بیربێتەوە، تەنیا ئەگەر بەپێی ڕیزبەنـدی هاتنی لەکتێبدا باس بکرێت.

*قوتابی حەز لەو بابەتانە دەکات کە ڕاستی زۆریان تێدایە، پتر لە بابەتە تیۆرییەکان کە پێویستیان بەبیرکردنەوەی قووڵ هەیە.

*دەرئەنجامە بەڵگەدارەکان و نموونە پێناسەکراوەکان لای قوتابی تێکەڵ دەبن.

**گوێ هەڵخستنی قوتابیان لە پۆلدا جا چ بۆ وانە بێت یان لەکاتی پیشاندان بە کۆمپیووتەر بێت**

*بەزۆری قوتابی پێی وایە ئەوەی فێری دەبێ تایبەتە بە مامۆستاو هیچ پێوەندییەکی بە ژیانەوە نییە.

*لەفێربوونی چالاکدا زانیاری تازە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە تێکەڵ بە مێشکی قوتابی دەبێ کە وا دەکات متمانە بە خودی خۆی پەیدا بکات و دەشێت چالاکی قوتابی لەم جۆرە فێربوونەدا وەك ئەوەی خوارەوە وەسف بکرێت.

*بەزۆری قوتابی هەوڵ دەدات لەمانای گشتی بابەتەکە بگات و لەناو بەش بەشەکاندا بزر نەبێت.

*قوتابی کاتێکی باش بۆ بیرکردنەوە لەگرنگی بابەتی فێربوون تەرخان دەکات.

*قوتابی هەوڵ دەدات بیرو باوەڕە تازەکان بە هەڵسوکەوتەکانی ژیان ببەستێتەوە کە دەشێت بەسەر خۆیدا پیادە بکرێت.

*قوتابی هەموو بابەتێکی تازە بە وانەی پێشووی پەیوەندارەوە گرێ دەدات.

*هەوڵ دەدات بیروباوەڕی یەکێك لەبابەتەکان لەگەڵ یەکێکی دیکەی بەرانبەریدا گری بدات.

## گۆڕانی ڕۆڵی قوتابی لەفێربوونی چالاکدا

قوتابی بەشداریێکی چالاکە لەکرداری فێربووونداو چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام دەدات کە پێوەنداره بە بابەتی فێرکردنەوە وەك پرسیار کردن، دانانی ئەرك، بەشداریکردن لەگفتوگۆ، لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەو نووسین و ئەزموون کردن.

## گـــۆڕانی ڕۆڵـــی مامۆســـتا لەفێربوونی چالاکدا

لەفێربوونی چالاکدا ڕۆڵی مامۆستا ئاراســتەکردن و ڕێنمـــایی کـــردن و ئاسانکردنەو "بەسەر کرداری فێرکردندا زاڵ نابێ" وەك لـە تێکـەڵ و پێکـەڵی شێوازی کلاسیکدا هەیە.

بـەڵکو زیرەکانـە کـاری فێرکـردن بەڕێوە دەبات، بەچەشنێك کـە فێرکـار ئاراسـتەی ئامانجـە دەکـات، ئەمـەش پێویستی بە کۆمەڵێك کارامەیی گرنگ هەیــە کــە پەیوەســتە بــە پرســیارو بـــەڕێوەبردنی گفتوگۆکـــان و دانـــانی نەخشەی شەوقدارو ورووژێنـەر و شـتی تر.

## گرنگترین سوودەکانی فێربوونی چالاك

* زانیارییەکانی پێـشووی قوتـابی لـــەفێربوونی چـــالاك ڕێ نیـــشاندەرن لەکاتی فێربوون و وەرگرتنی زانیارییـە تازەکـــان. ئەمـــەش لەگـــەڵ ئـــەو تێگەیـشتنەمان یـەك دەگرێتـەوە کـە ورووژاندنی زانیاری مەرجێکی پێویستە بۆ فێربوون.

* لــەڕێی فێربـــوونی چـــالاکەوە قوتابیان دەگەنە چارەسەری پـڕ مانـای گرفتەکانیان، چونکە زانیارییە تازەکـان یان چارەکردنیان بەبیرکردنەوەو کردەوەی ئاسایی و باوی خۆیان گرێ دەدەن، نەك بەکارهێنانی چارەکردنی ئەوانی دیکە.

* لـــەڕێی فێرکردنـــی چـــالاکەوە قوتابیـــان زانیـــاری تـــەواو لـــەبارەی تێگەیشتن لەزانیارییە تازەکان وەدەسـت دێنن.

* پێویستی گەیشتن بە ئـەنجام یـان دەربـــڕینی بیرۆکـــە لـــەڕێی فێربـــوونی چالاکەوە قوتابیان ناچار دەکات زانیاری لەیادەوەری خۆیاندا بگەڕێننەوە، ڕەنگە پتر لەبابەتێك ئینجا گرێدانیان پێکەوە. ئەمەش وەك هەڵوێستە ڕاستەقینەکان وایـــە کـــە قوتـــابی زانیـــاری تێـــدا بەکاردێنێ.

* فێربوونی چالاك ئەوە بۆ قوتابیان دەردەخات کە توانای فێربوونیـان بـەبێ یارمەتیدانی مامۆستا هەیە. ئەمـەش متمانەیان بەخۆیان زیاد دەکات و پشت بە خۆیان دەبەستن.

* زۆربـەی قوتابیـان پێیـان باشـە لەکاتی فێربووندا چالاك بن.

*ئـەو ئەرکـەی قوتـابی ئـەنجامی دەدات لەکاتی فێربوونی چـالاکدا یـان بەشـداری تێـدا دەکـات بەهایـەکی گەورەتری لەو ئەرکە هەیە کە کەسێکی دیکە بۆی ئەنجام دەدات.

*فێربـوونی چـالاك یارمـەتی قوتابیان دەدات وێنـەی مامۆسـتای لا بگۆڕێت لەوەی کە تەنیا سەرچاوەیە بۆ زانیـاری، ئەمـەش مانایـەکی گرنگـە لەگەشـەکردنی زانیـاری پەیوەسـت بـە تێگەیشتنی سروشتی ڕاستی.

*لە فێربوونی چالاکدا قوتـابی پـتر لـەناوەرۆکی زانیارییەکـە فێـر دەبێـت چـونکە بـە کارامـەیی و بالآیانـە بـیر دەکاتـەوە، ئەمـە جگـە لـەفێربوونی چۆنیەتی کارکردن لەگەلّ ئەوانی دیکـە کە جیاوازییان لەگەلّیان هەیە.

*لـەڕێی فێربـوونی چـالاکەوە قوتابیان لەستراتیژیەتی خودی فێربـوون دەگەن کە شـێوازەکانی وەدەسـتهێنانی زانیارییە.

## پیادەکردنی فێربوونی چالاك

هەنـدێك مامۆسـتا ترسـیان لەپیادەکردنی فێربوونی چـالاك هەیـە، ئەمەش لەبەر کۆمەلّێك هۆکـار، بـەلاّم مامۆسـتا دەتوانێـت شـێوازی وانەگوتنەوەی وا بەکاربهێنێت کە سـەر

**دەرکـەوتووە کـە فێربـوون ئەگـەر بەشـێوەی بە کۆمەلّ ئەنـجام بـدرێت چـاکتر دەچـەسپێت و وانەگوتنەوەی چاکـیش وەك کـارکردنی چاکـە، پێویستی بەهاوکاری و بـەشـداریکردن هەیە نەك دوورە پـەرێـزی و پێشبڕکێ**

كێشی كەمتری تێدایە.

ئەمەش پۆلینكردنی شێوازەكانی وانەگوتنەوەی گونجاون كە بەپێی پلەی موجازەفەكردن پۆلێن كراون:

پۆلێنكردنی شێوازەكانی وانەگوتنەوە "فێربوونی چالاك" بەپێی پلەی موجازەفەكردن:

*شێوازەكانی وانەگوتنەوەی بە موجازەفەی كەم

*شێوازەكانی وانەگوتنەوەی بە موجازەفەی ناوەنجی

*شێوازەكانی وانەگوتنەوەی بە موجازەفەی بەرز

مامۆستا داوا لە دوو قوتابی تەنیشت یەك دەكات ئەو چالاكییانە ئەنجام بدەن:

*ئەنجامدانی جووت مەشقی "بیر و كتێب" بۆ ماوەی دوو خولەك لەكاتی وانەكەدا.

*بەجووتە گفتوگۆ كردن لەسەر بیرۆكەیەك لەوانەكەدا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێك یان گفتوگۆكردن لەسەر بیرۆكەیەك.

*بەراوردكردنی بە جووتەی ئەو تێبینییانەی قوتابیان لەماوەی وانەكەدا كۆیان كردووەتەوە.

*ڕاسپاردن بۆ ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەكی تاك تاك و بە كۆمەڵ.

*بەشداریكردنی قوتابیان لەئەنجامدانی چەند لێكۆڵینەوەیەك.

*مەشقكردنی مەیدانی

*فێربوونی بەشداری یان فێربوونی هاوكارانە

*فێربوون بە تیم

*فێربوون لەسەر بنەمای چارەكردنی گرفتەكان.

پۆلێن كردنی شێوازەكانی وانەگوتنەوە بەپێی پلەی چالاكی قوتابیان و پلەی موجازەفەكردن

فێربوونی چالاك / پلەی موجازەفەكردنی ئاسان

فێربوونی چالاك / پلەی موجازەفەكردنی بەرز

*گفت و گۆی ڕێك و پێك بە كۆمەڵەی بچووك بچووك

*نمایشی ڕوونكەرەوە

*چالاكی هەڵسەنگێنەری خودی

*چالاكی تەوژم گەیاندنی زەینی

*نووسین لە هۆڵی وانە
*گەشتی مەیدانی یان سەردانی كتێبخانە
*وانەگوتنەوە كە وەستانی تێدابێت
*وانەگوتنەوەی سەرچاوەكانی پێشوو
*یاریكردنی ڕۆڵ گۆڕینەوە
*نمایش بە كۆمەڵەی بچووك بچووك
*وانەگوتنەوە لەلایەن یەكێك لەقوتابیانەوە
*گفتوگۆی پەرش و بلاو لەلایەن كۆمەڵەی بچووك بچووكەوە
قوتابیانی نا چالاك / پلەی موجازەفەكردنی ئاسان
قوتابیانی ناچالاك / پلەی موجازەفەكردنی بەرز
*نمایشكردنی فیلمێك بۆ هەموو پۆل بە درێژایی وانە
*ئیلقاكردن بە درێژایی وانە
*میوانداری كردنی وانەبێژێك كە كارامەیەكەی دیار نییە

**لەفێربوونی چالاكدا ڕۆڵی مامۆستا ئاراستەكردن و ڕێنمایی كردن و ئاسانكردنەو بەسەر كرداری فێركردندا زاڵ نابێ وەك لە تێكەڵ و پێكەڵی شێوازی كلاسیكدا هەیە**

## شێوازەكانی وانەگوتنەوەی گونجاو بۆ فێربوونی چالاك

ژمارەیەك شێوازی گونجاو بۆ فێربوونی چالاك هەن كە لەخوارەوە باسیان دەكەین:

1- شـــێوازی وانەگوتنـــــەوەی هەموارکراو:

ئەم شێوازە بەیەکێك لـەجۆرەکانی وانەی فێربوونی چالاك دەژمێررێت کـە لاوازترینیانە، چونکە جگە لەهانـدانی فێرکار بۆ بیرهێنانەوە ئـەرکی دیکـەی نییـــە. ئەگەرچـــی وانەگوتنەوەکـــە شـــێوازێکی گونجـــاوە بـــۆ گەیانـدنی زۆرترین زانیـاری بـۆ قوتابیـان بـەپێی بۆچوونی ئێمە "مامۆستایان" ، بـەڵام دەکرێـت بیگـۆڕین تـا وای لێ بێـت قوتابیـــان تێـــی بگـــەن و بیروبـــاوەڕە ســـەرەکییەکانی وەربگـرن. بەچـاکردنی هەنـــدێك پرســـیارو گفتوگـــۆ لـــەو چالاکیانەیش کـە بـەکاردێت بۆئـەوەی فێربوون ببێت بـە فێربـوونێکی چـالاك لەکاتی وانەگوتنەوەدا:

* ســێ جــار وەســتان لــەماوەی وانەکەدا هەروەستانێك بۆ مـاوەی (2) خولەك تا قوتابی بتوانێت ئەوەی فێری بـــووە لای خـــۆی بـــچەسپێنێ وەك پرسیارکردن لەمامۆسـتا ئـاخۆ بـیرورا سەرەکییەکان چین کە تـا ئێـستا فێـری بوونە؟

* ڕاســـپاردنی قوتابیـــان بـــۆ ئەنجامدانی ڕاهێنانی "بێ دانانی پلـە" و گفتوگۆکردن لەسەر ئـەو دەرەنجامـەی پێی گەیشتوون.

* بەشکردنی وانەکە بۆ دوو بـەش، کـە گفتوگـۆی تـێ بکـەوێت لـەنێوان کۆمەڵـەی بـچووك لـەبارەی بابەتی وانەکەوە.

* بەسەر زارەکی گوتنەوەی وانەکـە بـۆ مـاوەی (20ــ30) خولـەك (بـێ ئـەوەی ڕێ بـدرێت قوتابیـان تێبـینی بنووسـن، ئینجـا وازیـان لێ بهێنرێـت بۆماوەی (5) خولەك بۆ نووسینی ئـەو شتەی لە وانەکە بیریان دێتەوە، ئەوسا لەو ماوەیەی لە وانەکە مـاوە دابەشـی کۆمـەڵی بـچووك دەکـرێن و گفتوگۆیان لەســەر ئــەوەی فێــری بــوون لەگەڵ دەکرێت.

2ـ شێوازی گفتوگۆ:

شێوازی گفتوگۆ یەکێکە لەشـێوازە باوەکان و باشترە لەوانەی هەموار کـراو ئەگەر وانەکە کە ئامانجی بیرهێنانەوەی: زانیـاری بێـت بـۆ درێـژترین مـاوە، هانـدانیان بێـت بـۆ بـەردەوام بـوون لەخوێنـــدن، پیـــادەکردنی زانیارییـــە

وەدەستهاتووەکان بێت بۆ هەڵوێستی نوێ، گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوە بێت لایان.

. لێرەدا مامۆستا پرسیاری ئەوە دەخاتە ڕوو کە بەدەوری بیروڕا سەرەکییەکاندا دەسووڕێتەوەو تایبەتە بەبابەتی فێرکراو.

ئەم شێوازە پێویستی بەوە هەیە قوتابیان کارامەیی تەواویان بەشێوازە گونجاوەکان هەبێت بۆ پرسیارکردن و بەڕێوەبردنی گفتوگۆکان، ئەمە جگە لەو زانین و کارامەییەی کە یارمەتی خولقاندنی ژینگەی گفتوگۆ دەدات "ئەقڵی و مەعنەوی" ئەمە قوتابیان هان دەدات بیروڕاکان و پرسیارەکانیان گۆساغانە و ئازایانە بخەنەڕوو.

3ـ فێربوون بە هاوکاری

کە قوتابیان تێیدا دابەشی چەند کۆمەڵەیەکی نایەکسان دەکرێن "نەگونجاو" ئەم کۆمەڵانەش هانی ئەوە دەدات هەموو شێوازێکی بەردەوام بوون لەنێوان خۆیاندا بەکاربێنن "تەلەفۆن، پۆستی ئەلیکترۆنی" کۆمەڵەکە لەناو هۆڵی خوێندن و دەرەوەی ڕادەسپێررێن تا کارێکی گرنگی دیارکراو ئەنجام بدات وەك: دانانی پرسیار بۆ گفتوگۆ و بەڕێوەبردنی، خستنەڕووی چەمکی گرنگ، نووسینی ڕاپۆرتێك لەبارەی ئەو لێکۆڵینەوەی ئەنجامی داوە.

**کۆسپەکانی بەردەم فێربوونی چالاك**

ئەو کۆسپانەی دێنە ڕێی فێربوونی چالاك بەدەوری کۆمەڵێ شتدا دەسووڕێنەوە: وەك تێگەیشتنی مامۆستا لەسروشتی کارو ڕۆڵەکانی، نارەحەت بوون و نیگەرانی کە لەئەنجامی گۆڕانی پێویست ڕووی داوە، کەمی پاڵنەری پێویست بۆ گۆڕان و دەشێت کۆسپەکان لەم خاڵانەدا کۆبکەیتەوە:

- ترسان لەئەزموونکردنی هەر تازەیەك.
- کورتی ماوەی وانە.
- زۆربوونی ژمارەی قوتابییان لەهەندێك پۆلدا.
- کەمی لەهەندێك کەرەستەو ئامراز.
- ترس لەبەشداری نەکردنی قوتابیان و بەکارنەهێنانی کارامەیی لەبیرکردنەوەی بالادا.

ـ فێربوون بە بڕێکی باش.

- تـــرس لـــە زاڵ نـــەبوون بەســـەر قوتابیاندا.

ـ کەمی کارامەیی لای قوتابیان بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکان.

ـ ترس لە ڕەخنەگرتنی ئەوانی تر بۆ شکاندنی باوەکان لەفێرکردندا.

## ئامۆژگاری بۆ دەستپێکردنی چالاکییەکانی فێربوونی چالاک

1- بەســـەرەتایەکی کـــورت و بـــێ فیزانە دەست پێ بکە.

2- نەخـــشەیەك بـــۆ چـــالاکییەکی فێربـــوونی بـــالاّ پـــەرە پـــێ بـــدە، تـــاقی بکەوە، زانیاری لەبارەیەوە کۆ بکەرەوە، بیگـــۆڕە، ئینجـــا ســـەر لـــەنوێ تـــاقی بکەوە.

3ـ یەکەم جـار ئـەوەی لـەقوتابیان داوای دەکەی تاقی بکەوە.

4- لەگەڵ قوتابیـــان ڕوون بـــەو بـــێ گـــرێ ئامـــانج لـــەو چـــالاکییەو ئـــەوەی لەبارەی کـــرداری فێربوونـــەوە دەیزانـــی بۆیان دەربخە.

5ـ لەگەڵ قوتابیان لەسەر هێمایەك بۆ وەستانی قسەکردن ڕێك بکەوە.

6- جـــووت جـــووتی ڕەمـــەکی لەقوتابیان لەچالاکییە پێك بهێنە.

7- مـــــــەرجی ســـــــەرکەوتن لەپیادەکردنی فێربوونی چالاك "وەك لە چالاکییە واقیعیەکان وایە" بیرکردنەوەو ووردبوونەوەیە لەکردەکانی وانەگوتنەوەو بە دواداچوونی شتە تازەکانە.

## هەنگاوەکانی گۆڕینی یەکە بۆ فێربوونی چالاك

* ئەوەی بە کەشفکردن و ئەوەی بە هاوکـاریکردن فێـری دەبـن، هـەروەها ئەوەی تەنیا بە ئیلقاکردن نـەبێ فێـری نابن دیاری بکە لێرەدا ڕۆڵی مامۆســتا بـــە گـــۆڕانی شـــێوازە وانەگوتنەوەکـــە دەگۆڕێت.

* ئەگـــەر سەرچـــاوە تـــەکنیکی زانیاریـــەکانت لابـــوو، ئایـــا ئـــەوەی لەگوتنەوەی یەکەکە دەیگۆڕی چییە کە فێربـــــوونی دیکـــــە لای قوتابیـــــان دەچەســـپێنێت و ڕادەی تێگەیـــشتنیان دیاری دەکات.

* لەسەر بنەمای وەڵامدانەوەی دوو پرسیارەکەی پێشوو:

- یەکـەی فێربـوون وا دابنـێ کـە فێربـوونی چـالاك جێـی فێربـوونی کلاسـیکی بگرێتـەوە بـە ڕەچـاوکردنی ئامانجـەکانی یەکەکـەو ئامانجـەکانی بابەتەکە.

- چـالاکی گونجـاو بـۆ ژینگـەی فێربوونی چالاك دابنێ.

ـ چالاکی ئیلقاکردن بـۆ بەشـەکانی یەکەکـە دابنـێ کـە لـەڕێی فێربـوونی چالاکەوە فێری نابن.

ـ چـالاکی وا دابنـێ کـە یارمـەتی قوتابیان دەدات پێشکەوتنیان لەماوەی یەکەکەدا هەڵبسەنگێنن.

ـ چالاکی هەڵسەنگاندنی گونجـاوی وا دابنێ کە بۆ فێربوونی چـالاك بـاش بێت.

لەکاتی دانانی چالاکی بۆ فێربوونی چالاك پێویستە وەڵامی ئەم پرسـیارانە بدەینەوە:

1ـ ئامـانج لـەو چـالاکییە چییە؟ لایەنەکانی کارلێك کـردن چـییە؟ ئایـا قوتابییـەك لەگـەڵ ئـەوەی تەنیـشتی دابنیشێت، یان یـەکێك لەگـەڵ ئـەوەی دیکەدا دابنیشێت کە نایناسـێت؟ یـان کۆمەڵێك لەقوتابیان.

2ـ کاتی چـالاکییەکە چ کاتێکـە؟ سەرەتای یەکدی بینین، یـان لـەکۆتایی، یان لە دانیشتنەکە هەمووی.

3ــ چـەند کـات بـۆ ئەنجامـدانی چالاکییەکە پێویستە؟

4ـ ئایـا قوتابیـان وەڵامـەکانیان / بیرکردنەوەیان / پرسیارەکانیان دەنووسن یان تەنیا بە گفتوگۆ ئیکتیفا دەکەن؟

5ـ ئایا وەڵامەکانیان دەدەنەوە؟ یان ناویان لەسەر کاغەز دەنووسن.

6ـ ئایا کاتێکی باش بۆ بیرکردنەوە لەوەڵامـەکانیان و گفتوگـۆکردن لەگـەڵ مامۆستا بە قوتابیان دەدرێت؟

7ـ ئایا تاك تاکـە یـان بـە جووتـە گفتوگـۆ لەگـەڵ سـەرجەم پۆلەکـە دەکرێت؟

8ـ ئایا قوتابیان پێـشتر زانیارییـان لـەبارەی چـالاکییەکەوە پـێ دەدرێـت؟ سەرنج بدە هەتا ئەگـەر بابەتەکـە واش نەبوو "جیاوازی هەبوو" ئەوە قوتابیـان پێویستیان بـەوە هەیـە ڕای مامۆسـتا لـەبارەی بابەتەکـە یـان کێـشەکە یـان پرسیاری تایبەت بە گفتوگۆکەوە بزانن.

9ـ تا چەند ئامادەکاری پێویست بۆ چالاکییەکە کراوە؟ چ پێویستە بۆ قوتابیان بۆ بەشداریکردنی کاریگەرانە؟

ئەمەش نموونەیەکی پراکتیکییە لەبارەی دامەزراندنی شێوازی گرووپە بچووکەکانەوە کە یەکێکە لەشێوازەکانی فێربوونی چالاك لە وانەگوتنەوەدا:

## بابەت / بۆچی منداڵ لە پاك و خاوێنی خۆیدا خەمساردی دەکات

- لەسەرەتاوە مامۆستا و بەهاوکاری قوتابیان ئامانجەکانی وانەکە دەستنیشان دەکات، ئەویش بەرێگەی گفتوگۆ و دانوستاندنەوە.

ـ مامۆستا لەگەڵ قوتابیاندا ماوەی گفتوگۆکە دەستنیشان دەکەن و، هەنگاوەکانی جێبەجێ کردنی وانەکەش دادەنێن.

- هەردوو لایەن (مامۆستا و قوتابیان) بابەتەکە دەخەنەڕوو و، قوتابیان (بەسەرپەرشتی مامۆستا) دەکرێنە چەند گرووپێکی بچووکەوەو ڕۆڵ و ئەرکی هەر گرووپێك و ئەندامەکانی دەستنیشان دەکەن، لێرەدا زیرەکی و وریایی مامۆستا و قوتابیان دەردەکەوێت کە چۆن داهێنان لەدابەشکردنی ئەرکەکاندا دەکەن.

ـ گرووپەکان کارەکانیان دەخەنەڕوو، ئەمەش بەرێگەیەکی ڕیزبەندی ڕێك و پێك دەبێت و، لەئەنجامی گفتوگۆیەکاندا پێشبڕکێیەك دروست دەبێت کە کامەیان بەرەنگێکی گشتگیرو تەواو کەموکووڕییەکانی خەمساردی منداڵ لەپاك و خاوێنیدا دەخاتە ڕوو و ڕێگە چارەی گونجاویشی بۆ دادەنێت. لەکاتی پێویستدا مامۆستا بەشداری لەگفتوگۆیەکاندا دەکات و بۆچوونە هاودژەکانیش یەکلایی دەکاتەوە.

ـ قوتابیان هەوڵ دەدەن وەڵامی پرسیارەکانی ناو کتێبی پرۆگرامەکە بدەنەوە.

ـ دوا هەنگاویش هەموویان پێکەوە بابەتەکە هەڵدەسەنگێنن کە دەکرێت لەرێگەی چەند پرسیارێکی گشتییەوە بێت، لەوانە:

1ـ ئامانجەکانی وانەکە چی بوون؟

هەڵبەتە ئامانجەکان هەر لەسەرەتاوە لەگۆشەیەکی تەختەرەشە نووسراون و،

یەکێك لەقوتابیان هەڵدەستێت و سەر لەنوێ دەیانخوێنێتەوە.

2ـ ئایا ئامانجەکانمان جێبەجێ کرد؟

لێرەدا ئامانجە جێبەجێکراوەکان دەژمێرین و، ئەگەر هەندێکیان بەدی نەهاتبن ئەوە هۆیەکانی بەجێ نەگەیاندنیان دەستنیشان دەکرێت و دەبنە هەنگاوێکی سەرەکی بۆ پلاندانانی وانەی داهاتوو.

لەکاتی پلاندانانی وانەکەدا، وا باشە مامۆستا نەرمی بنوێنێت بۆئەوەی بەئاسانی جێبەجێ بکرێت و شتی لەهەمووویان گرنگتریش ئەوەیە کە دەبێت مامۆستا لەکاتی ئامادەکردنی پلانی وانەکەدا ڕەچاوی بنەماو خەسڵەتە ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاك بکات، کە پێشتر لەسەرەتای بابەتەکەماندا باسکراون.

■

**سەرچاوەکان:**


- التعلم النشط بين النظرية والتطبيق، مجموعة مؤلفين، دار الشروق للنشر والتوزيع، 2006.
- مميزات المعلم الفعال، جيمس سترونع، ت: شركة آلاء، دار العربية للعلوم.
- د. عبداللطيف حيدر ـ كلية التربية ـ جامعة الامارات ـ يناير 2000م.

[redacted]

# بەهەرەوەزی فێرکردن

**ئا ـ پەروەردە و فێرکردن**

**بەهەرەوەزی فێرکردن جۆرە شێوازێکی فێرکردنە کە تێیدا قوتابیان دەکرێنە چەندین گرووپی بچووکی نائاوێتەوە، کە ئاستی خوێندنیان لێك جیاوازە، ژمارەی ئەندامانی هەر گرووپێك لەنێوان ( 4ـ6 ) کەسە، کە قوتابییەکان لەنێوان خۆیاندا لەجێبەجێکردنی چەند ئامانجێکی هاوبەشدا هاوکارن.**

**هۆکاری بە فیڕۆدانی هەل و سوود وەرنەگرتن لەهێزی کاری گرووپەکان**

* نادیاری هەندێك توخمی هاوکاری کە گرووپەکان سەرکەوتوو ناکات، زۆرینەی پەروەردەکاران جیاوازی لەنێوان گرووپەکانی بەهەرەوەزی فێربوون و کۆمەڵەی کاری هاوبەش ناکەن.

* دابڕان لەژێرخانی ڕێکخستن وادەکات کە پەروەردەکاران وای بۆدەچن کە دووره پەرێزی ستەمێکی سروشتییە، هەر ئەوەشە وای کردووە کە پەروەردەکاران وا هەست بکەن کە کەسێك بە تەنیا ناتوانێت باڵەخانەیەك دروست بکات یان نەتەوەکەی بەرەو سەرکەوتن و سەربەخۆیی ببات.

* زۆربەی کەسەکانی کۆمەڵگەکەمان بە تاکە کەسی هەڵی گۆڕان و تێپەڕاندنی ئەو بەرپرسیاریەتییە دەدەن کە دێتە ڕێگەیان، ئێمە کە پەروەردەکارین بە ئاسانی ئەو بەرپرسیاریەتییەی هاوەڵەکانمان لەئەستۆ ناگرین و ڕازیش نابین قوتابییەك بەرپرسیارییەتی فێربوونی هاوڕێیەکی خۆی لەئەستۆ بگرێت.



* بەکارهێنانی گرووپەکان لەپێناو دەوڵەمەندکردنی فێربوون و چاکسازی جۆرە سەرکێشییەکە، چونکە هەموو گرووپەکان لەکارەکانیان سەرکەوتوو نابن، زۆرینەی گەورەکان بە ناشارەزایی کاری گرووپەکان بەرەو خراپی دەبەن. بۆ بەراوردکردنیش لەنێوان هێزو توانای گرووپەکان و سەرنەکەوتنیان، ئەوان ڕێگەی تاکە کەسی و تەنیا فێربوون هەڵدەبژێرن کە ئێستا لەئارادایە.

بەکارهێنانی گرووپی بەهەرەوەزی فێرکردن پێویست دەکات کە پەروەردەکاران بەشێوازێکی ڕێك و پێك بەسەر کۆمەڵە بەتواناکاندا جی بەجێی بکرێن.

هۆکارەکانی سەرکەوتنی کاری بەهەرەوەزی فێربوون چین؟

بەهەرەوەزی فێربوون کارێکی ئاڵۆزو تەنیا قوتابی دانیشاندان نییە، دەستنیشانکردنی قوتابیان و ئاگادارکردنەوەیان لەکارکردن لەگرووپەکاندا ئەمە پێویست نییە، ڕەنگە قوتابیان ئەگەر پێکەوەیشمان دانان جۆرە کێبەرکێیەك لەنێوان خۆیاندا بکەن، هەروەها ڕەنگە لەنێوان خۆیاندا گفتوگۆ بکەن ئەگەر هەر یەکێکمان بە تەنیا دانا، دیسان لەنێوان خۆیاندا قسان دەکەن ئەگەر پێکەوەش بن، بۆیە

پێویستە ئەو ڕەگەزو بنەمایانە ئامادە بکەن کە قوتابی چۆن لەگرووپ دەگات و هۆکاری سەرکەوتنیان بۆ ئامادە بکەین، بەم جۆرە بەهەرەوەزی فێرکردن سەرکەوتوو دەبێت بۆئەوەی بە هەرەوەزی فێرکردن بەرهەمی هەبێت پێویستە هۆکارەکانی بۆ ئامادە بکرێت کە ئەمانەن:

## 1ـ پشت بەستن بە گۆڕینەوەی پۆزەتیڤانە:

ئەوەش یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی سەرکەوتن، پێویستە قوتابی هەست بکات کە پێویستیان بەیەکدی هەیە لەپێناو تەواوکردنی کاری گرووپەکاندا، دەتوانین بەچەند خاڵێك دەستنیشانیان بکەین کە ئەمانەن:

أ ـ ئامانجی سەرەکی دابنرێت.

ب ـ پاداشتکردنی بەشداربووان.

جـ ـ بەشداری کردن لەزانیاری و بابەتەکاندا.

د ـ دابەشکردنی دەوری هەر کەسێك.

## 2- بەرپرسیارییەتی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ:

پێویستە گرووپە هاوکارەکان لەجێبەجێکردنی ئامانجەکان بەرپرس بن و هەر کەسێك لەناو گرووپەکان بە ڕادەی خۆی لەهاوبەشی کردن بەرپرسە، لەکاتی هەڵسەنگاندندا دەوری تاکە کەسی دەردەکەوێت کە ئەنجامەکەشی بۆ گرووپەکەی دەگەڕێتەوە.

## 3ـ ئاوێتەبوونی ڕاستەوخۆ:

قوتابیان پێویستیان بە کاری هاوبەشی ڕاستەقینە هەیە، لەپێناو سەرکەوتندا کاردەکەن، بەهاوکاری یەکدی کردن و هاندانی کەسێك بۆ کەسێکی دیکە.

## 4ـ چارەسەری کاری گرووپەکان:

گرووپەکان پێویستیان بە دابینکردنی کات هەیە بۆ گفتوگۆکردن لەمەڕ پێشکەوتن و جێبەجێکردنی ئامانجەکان و ڕاگرتنی پێوەندی نێوان ئەندامەکان و مامۆستایان دەتوانن بنیاتی چارەسەرییەکان لەم خاڵانەدا ڕەچاو بکەن:

أـ دەستنیشانکردنی سێ هۆکاری سەرکەوتنی هەر ئەندامێك لەهاوبەشی کردن بۆ سەرکەوتنی گرووپەکان.

ب ـ دەستنیشانکردنی یەك دانە لەڕەفتارەکان کە سەرکەوتنی گرووپەکەی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە مامۆستا سەردانی گرووپەکان دەکات و بۆ بەرەو پێشچوونی گرووپەکان لەسەر ئاستی پۆلیش هانیان دەدات:

1ـ فێرخوزازان دەتوانن بگەنە توانای فێربــوون، قوتابیــان پرســیار دەکــەن و گفتوگــۆی بیروبۆچــوونەکان دەکــەن، هەندێك جاریش دەکەونە هەڵەوە، فێــری هونــەری گــوی گــرتن دەبــن و ڕەخنــەی بنیاتگەرانە دەگرن و ئــەوەی کــە فێــری بوونە دەتوانن کورتی بکەنەوە.

2ـ هەلی سەرکەوتن بــۆ فێرخــوازان دەڕەخسێنن، پشت بەستن بە گۆڕینــەوەی زانیارییەکان یارمــەتی قوتابیــان دەدات بۆ فێربوونی چەمکەکان و بەهرەداران.

3- قوتابیــــان لــــەنێوان خۆیانــــدا بیرکردنــەوەی لۆژیکییانــە بــەکاردێنن، چونکە بەبێ بیرکردنەوەیەکی لۆژیکییانە باوەڕ هێنان دروست نابێت.

4ــ فێرخــواز لەئــەنجامی گفتوگــۆو گوێگرتن و ڕاڤەکردن و بیرکردنەوە لەگەڵ خۆیــان و خــەڵکی دیکــەدا شــتەکان فێردەبن.

**پشت بەستن بە گــۆڕینەوەی زانــیارییەکـــان یارمـــەتی قوتـابیان دەدات بۆ فێربوونی چەمکەکــان و بەهــرەداران**

### قۆناغەکانی فێربوون بەهاوکاری

فێربوونی بە هاوکـاری بەشـێوەیەکی گشتی بەپێنج قۆناغدا تێپەڕ دەبێت:

**قۆناغی یەکەم: قۆناغی یەکتر ناسین**

ئەم قۆناغە کێشەکان دەناسـێنێت و ئامانجەکان دەستنیــشان دەکــات و ئــەو

کارانەیش دەکرێت کە دەبێت بگرێنە بەر، لەگەڵ کات و شوێن بۆ کارکردنی هاوبەش.

**قۆناغی دووەم: قۆناغی ئامادەکردنی پێوەرەکانی کاری هاوبەش**

لەم قۆناغەدا چۆنییەتی هاریکاری و دەورەکان دابەش دەکرێن، هەروەها بەرپرسیارییەتی و چۆنییەتی بڕیار وەرگرتن و چۆنییەتی وەڵامدانەوەی کەسەکانی گرووپەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان دەستنیشان دەکرێن.

**قۆناغی سێیەم: بەرهەمهێنان**

لەم قۆناغەدا هاوکاران دەکەونە کارو هاریکاری یەکدی بۆ بەرهەمهێنانی داواکراو بەپێی بنەماو ئەو پێوەرانەی کە لەسەریان ڕێککەوتوون.

**قۆناغی چوارەم: ئەنجام**

لەم قۆناغەدا ئەگەر پێویستی کرد ڕاپۆرتی کۆتایی دەنووسرێت، یان هەڵوەستە کردن لەسەر کارەکان و پیشاندان و قسەکردن لەسەر ئەم ئەنجامەی کە گرووپەکان کۆتاییان پێ هێناوە.

## جۆرەکانی بەهەرەوەزی فێربوون

بەهەرەوەزی فێربوون جۆری زۆرە، بەڵام هەموویان هەل بۆ قوتابی دەڕەخسێنن، ئەویش بە گرووپی بچووك و بە هاوکاری یەکدی.

**یەکەم ـ تیپەکانی فێربوونی بەکۆمەڵ:**

بەم شێوازە ئەندامانی هەر گرووپێك گیانی بەرپرسیارییەتی فێردەبن، ئەویش بەپێی ئەم شێوازانەی خوارەوە:

أـ مامۆستا قوتابییەکان لەچەشنی کۆمەڵەو بەپێی ئارەزوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی ئامادەکراو ڕێك دەخات، هەر گرووپێك لە (2ـ6) ئەندام دەبن.

ب ـ هەڵبژاردنی دەوری تاك لەکێشەکاندا و ئامانجەکان دەستنیشان دەکات و بەسەر ئەندامانی گرووپەکان دابەشیان دەکات.

جـ ـ سەرچاوە و چالاکییەکان و بابەتی فێربوون دەستنیشان دەکات کە لەکردارەکەدا بەکاردێن.

د ـ هەموو ئەندامانی گرووپەکە لە ئەنجام گەیاندنی داخوازییەکان بەشدار دەبن.

هـ ـ هەر گرووپێك ڕاپۆرتی کۆتایی پێشکەش دەکات.

**دووەم ـ تیپە بەشداربووەکان:**

أ ـ فێرخوازان بەیەکسانی بەسەر گرووپەکاندا دابەش دەکرێن، پاشان بابەتی فێربوون بەسەر قوتابییاندا دابەش دەکرێت، بەجۆرێك بۆ هەر ئەندامێکی گرووپەکە بەشێك لەبابەتەکە وەرگرێت.

ب ـ داوا لەهەر گرووپێك دەکرێت کە بەرپرسی هەر پرسیارێك کۆببنەوەو ببێتە بەیەك گەیشتنی شارەزایان و لەنێوان خۆیاندا، ئەو بەشەی بۆیان دیاری کراوە گفتوگۆی لەسەر دەکەن و پاشان دەگەڕێنەوە لای گرووپەکانیان و ئەو شتانەی کە فێری بوونە دووبارە دەکەنەوە.

جـ ـ گرووپەکان هەڵدەسەنگێنرێن و ئەندامانی هەر گرووپێك بەرزترین پلەیان هێنا بەسەرکەوتوو دەنووسرێن.

**سێیەم ـ فێربوونی تیپەکان بەیەکەوە:**

1ـ هەموو فێرخوازان یەك ئامانجیان هەیە، قوتابیان دەکرێنە چەند تیپێك و لەئەرك و فەرمانـدا بۆ تێگەیشتنی بابەتەکان لەدەرەوەو ناوەوەی پۆل هاوکاری یەك دەبن.

2- گرووپەکان ڕاپۆرتی کۆتایی پێشکەش دەکەن و بەیارمەتی دانی ئەندامەکانیان کێبڕکێ لەنێوان خۆیاندا دەکەن.

3- گرووپەکان بە ئەنجامەکان و تاقیکردنەوەکانیان هەڵدەسەنگێنرێن، هەروەها لەسەر جۆری ڕاپۆرتەکەیان.

## ڕۆڵی مامۆستا لە بەهەرەوەزی فێربوون

1- بابەت هەڵبژاردن و نیشانکردنی ئامانجەکان و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی پۆل.

2ـ دروستکردنی گرووپەکان بەپێی ئەو بنەمایانەی باسکران و هەڵبژاردنی شێوازی گرووپەکان.

3- دەستنیشانکردنی ئامانجە سەرەکی و لقەکانی بابەت و ڕێنمایی فێرخواز.

4ـ ئامادەکردنی کاری کۆمەڵەکان و بابەتی خوێندن و دانانی سەرچاوەو چالاکی.

5- ڕێنمـــایی کردنـــی قوتابیـــان بـــۆ کارکردن، دەستنیـشانکردنی مونەسـیق لەهـەر گرووپێـك و دیـاریکردنی دەوری ڕێکخەرو بەرپرسیاریەتییەکانی.

6- هاندانی فێرخوازان لەسەر هاریکاری و یارمەتی یەکدی.

7- تێبینی کردنی زیرەکانە بۆ هاوکاری ئەندامانی هەر گرووپێك.

8- ڕێنمایی کردنی کۆمەڵەو گرووپەکان و یارمەتی دانیان لەکاتی پێویستدا.

9- دڵنیابوون لەئاوێتەبوونی ئەندامانی کۆمەڵەکان.

10- لێکگرێـــدانی بیروبۆچـــوونەکان لـەدوای تـەواوبوونی کـاری هاوبـەش و ڕوونکردنەوەو کورتکردنەوەی ماددەکان.

ـ هەڵسەنگاندنی ئیشکردنی قوتابیـان و دەستنیشانکردنی داخوازییەکانی ناو پۆل و ئەرکەکانیان.

نموونەیەکی پراکتیکی وانەیەك بەشێوازی هەرەوەزی فێربوون

**شـــێوازی کـــارکردن و دابەشـــکردنی ئەرکەکان**

مامۆسـتا قوتابییـەکان دابەشـی سـەر شـــەش کۆمەڵـــە دەکـــات و هـــەر کۆمەڵەیـەکیش پێـنج قوتـابی ئاسـت جیـــاواز لـــەخۆ دەگرێـــت، هـــەر گرووپێکیش ڕابەرێکی بۆ دادەنێت

**جێبەجێکردنی کاری هاوبەش بە (دە) خولەك**

مامۆستا بۆ هەر گرووپێك ئەرکە پـێ ســـــپاردووەکان ڕوون دەکاتـــــەوەو ئەنکێتێك بەسـەر قوتابیانـدا دابـەش دەکات کە زانیاری پێویستی تێدایـە و هـەلی کـاری هاوبەشـیان بـۆ دابـین دەکـات، هـەروەها مامۆسـتا لێیـان دەپێچێتەوەو هاریکارییان دەکات.

**پێشکەشکردنی ئامانجـەکانی کـاری هاوبـــەش و گفتوگۆکردنیـــان: (دە) خولەك**

هـــەرگرووپێك ئـــەنجامی ڕاڤـــەکردنی خۆیان پێشکەش دەکەن بەهۆی ڕابەری کۆمەڵەوە مامۆسـتاش بەبایەخـەوەی گوێ ڕادێر دەبێت و لەسەر تەختەڕەشە خاڵـــە گـــرنگ و بنەڕەتییـــەکان دەنووسێت.

**هەڵسەنگاندن: (دە) خولەك**

*هەڵسەنگاندنی کاری هاوبەش: بە ڕادەی هاوکاری نێوان ئەندامانی گرووپەکە ئەژمار دەکرێت و ئەنجامی ڕاستی زانیارییەکان.

**هەڵسەنگاندنی وەرگرتن لەنێوان کۆمەڵەکان:**

مامۆستا ئەنکێتێك بەسەر قوتابیاندا دابەش دەکات کە چەندین پرسیار لەخۆ دەگرێت بۆ هەڵسەنگاندنی هەر قوتابییەك لەکۆمەڵەکەی و نمرەی هەر قوتابییەك لەکۆمەڵەکەی کۆدەکرێتەوەو کۆمەڵەی سەرکەوتوو دیار دەکەوێت.

■

# ئەلبوومێك بۆ ڕێزمانی ئامرازی کۆ (ان) لەئاخاوتنی کوردیدا

د.شێرکۆ بابان*

لە ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردیدا، نیشانەی کۆ (-ان) ڕێزمانی تایبەتی خۆی هەیە و هەر ئاوها بە سووك و ئاسان، بە ڕێزمانی زمانانی دیکە, عـەرەبی و ئینگلیـزی, لێك نادرێتەوە. لەڕاستیدا، ڕەنگە ڕێزمـانی ئـەو بابەتـە، لـە ئـەو دوو زمانـەدا، بتوانێت بارە گشتییەکە پیشان بدات، بەڵام بـارە تایبەتییەکـەی هـەر دەبێـت بـە ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی تەتەڵە بکرێت، چونکە دەروازەی نیشانەی کـۆ (ان) بـە تەواوی بە ڕووی (ناو)دا والاّ نییە. بەواتایەکی دیکە، لە زمانانی دیکەدا، پەرێزی نیشانەی کۆ (ان) بە ڕووی توخمی (ناو)دا والاّیە ، کەچی لـەزمانی کوردیـدا، ئـەو دەروازەیـە بـەهیچ جۆرێـك بەڕاسـتەوخۆیی بـەڕووی تـوخمی (نـاو)دا والاّ نییـە. لەبەرانبەردا، ئامرازی کۆ (ان) لە دەروازەی (جێناوی کەسی سێیەم)ەوە دەکەوێتـە کار و بە ناڕاستەوخۆیی بـە ڕێگـەی کەرەسـتەی دیکـەوە ڕوو لـە تـوخمی (نـاو) دەکات، یان بەڕاستەوخۆیی ڕوو لە ئاوەڵناوی کەسان دەکات. هەر لەبەر ئەوە، لـە ڕێزمانی ئەو نیشانەیەدا، پەرپووتی و پەرتێتی دیارن، چـونکە ڕێزمـانی زمانـانی دیکە دادی ڕێزمانی نیشانەی کۆ (ان) نادات.

بەئەو هیوایەی کە خوێنەری ئازیز لێمان تێبگات و بتوانێت دیـوە تیۆرییەکـەی هەرس بکات. هەر لەبەر ئەوە، کەرەستەی کۆ (ان) دەخەینە بەر سەنگی مەحەك, چی لە پەرێزی ڕێزمانی (ناو) و چی لـە پـەرێزی ڕێزمـانی (ئاوەڵنـاو)و، چـی لـە پەرێزی ئەو بابەتانەدا کە پەرێزی ڕێزمانی خۆیـان هەیـە، وەك "جێنـاوی کەسـی ئامرازی نیشانە، ئاوەڵگوزارە، ....".

## 1- نزرگەکانی نیشانەی کۆ (ان):

لەڕووبـەری زمانەکـەدا، نیـشانەی کـۆ (ان) لـە چـەند بابـەتێکی ڕێزمانیـدا دەردەکەوێت، وەك:

یەکەم: لە جێناوی کەسی سێیەمدا، هەردوو جێناوە تاکەکە (ئەو، ئـەم) دەکـات بە جێناوی (کۆ)، وەك:

**ئەو + (ان) ⟵ ئەوان**
**ئەم + (ان) ⟵ ئەمان**

دووەم: لە ئامرازی نیشانەدا، هەردوو ئامرازە تاکەکە "ئەوە، ئەمە" دەکات بـە ئامرازی (کۆ)، وەك:

**ئەو + (ان) + ە ⟵ ئەوانە**
**ئەم + (ان) + ە ⟵ ئەمانە**

سێیەم: لە ئامرازی گەیەنەردا، هەردوو ئامرازە تاکەکەی گەیانـدن "ئـەوەی کـە ...، ئەمەی کە..." دەکات بە (کۆ)، وەك:

**ئەو + (ان) + ە + ی + کە + ... ⟵ ئەوانەی کە ....**
**ئەم + (ان) + ە + ی + کە + ... ⟵ ئەمانەی کە ....**

چوارەم: لەگەڵ ئاوەڵناوی (کەسان)دا، وەك:

**جوان + (ان) ⟵ جوانـــــان**
**مامۆستا + (ان) ⟵ مامۆستایان**
**چاوجوان + (ان) ⟵ چاو جوانان**
**ناحەز + (ان) ⟵ ناحـــــەزان**

پێنجەم: لەگەڵ (ناوی بکەر)دا، ئەو ناوەی کە لەسەر بنجی کارێك ڕۆنراوە، وەك:

**- نووسین: نووسەر + (ان) ⟵ نووسەران**
**- بینین: بینەر + (ان) ⟵ بینەران**

**- هاتن: هاتوو + ( ان ) ← هاتووان**

شەشەم: ئاوەڵکاری کات، وەك:

**شەو + ( ان ) ← شەوان ( کاتی شەوان )**

**ئێوارە+ ( ان ) ← ئێواران ( کاتی ئێواران )**

**درەنگ+ ( ان ) ← درەنگان ( کاتی درەنگان )**

**عەسر+ ( ان ) ← عەسران ( کاتی عەسران )**

**بەیانی+ ( ان ) ← بەیانیان ( کاتی بەیانیان )**

**شەموو+ ( ان ) ← شەمووان ( کاتی شەمووان )**

**نیوەشەو+ ( ان )← نیوە شەو ( کاتی نیوە شەوان ).**

حەوتەم: بەڕێگەی ئامرازی نیشانە و گەیەنەرەوە، توخمی (ناو) دەتوانێت ئامرازی (ان) وەربگرێت، وەك:

**دار: ئەو دار( ان ) ـە : ئەو دار ( ان ) ـەی کە سووتان**

**بەرد : ئەو بەرد ( ان ) ـە : ئەو بەرد ( ان ) ـەی کە شکاون**

**شیش: ئەو شیشـ ( ان ) ـە : ئەو شیشـ ( ان ) ـەی کە تۆ هێناتن.**

هەشتەم: ئاوەڵکاری شوێن و جێگە، وەك:

**سەرچاوە+ ( ان ) : سەرچاوان**

**ناو شاخ + ( ان ) : ناو شاخان**

**بەرماڵ+ ( ان ) : بەرماڵان**

**سەربان+ ( ان ) : سەربانان**

**ناوشار + ( ان ) : ناوشاران**

**نسار+ ( ان ) : نساران**

نۆیەم: لە ئاوەڵناوی شێوازداردا، وەك:

**پیاو+ ( ان ) + ـە← پیاوانە**

**ژن+ ( ان ) + ـە ← ژنانە**

**کچ+ ( ان ) + ـە ← کچانە**

**کوڕ+ ( ان ) + ـە ← کوڕانە**

**گوڕگ+ ( ان ) + ـە ← گوڕگانە ( پرسە گورگانە )**

**سەگ+ ( ان ) + ـە← سەگانە ( مێشە سەگانە**

لە ڕاستیدا، ئەم خاڵـە لەگـەڵ خـاڵی "چـوارەم"دا یـەك دەگرێتـەوە ،چـونكە وشەكانی "پیاو، ژن، كچ، كوڕ، گورگ، سەگ" دیوی ئاوەڵناویان هەیە و لە دیوی ئاوەڵناودا كراون بە (كۆ) و لەپاشدیكەدا ئامرازی (ــە) یان وەرگرتووە، وەك:

پیاو + (ان) + (ــە) ← پیاوان + (ــە) ← پیاوانە

تەنانەت، وشەی (گورگ) و (سەگ) لە دیوی ئاوەڵنـاودا لـە نـاوی (گـورگ) و (سەگ) خوازراون و ئەمجار ئەو نیشانەیان پەسند كردووە.

دەیەم: لە ئامرازی ناسراویدا، ئامرازی تاك (ەكە) دەكات بە (كۆ)، وەك:

....ەكە + (...ان) ← (....ەكان)

پاشان، هەر یەك لە ئامرازی ناسراوی (ەكە، ەكان) ناوێكی تاك وەردەگرێت:

دیوار (ەكە) ← دیوار (ەكان)

كەواتە، وشەی (دیوار) ناتوانێت ئـامرازی (كـۆ) وەربگرێـت، مەگـەر ئـامرازی ناسراوی وەربگرێت و لەپاشدیكەدا، لە ڕێگەی ئەو ئامرازەوە، بگاتە پەرێزی ناوی تاكی (دیوار). بەكورتی، ئامرازی كۆ (ان) هی ئامرازی (ەكان)ــە، نەك هی وشەی (دیوار)، چونكە ئەم وشەیە هەر بەتاكی دەچێتە بەر بارەكە.

## 2- نیشانەی كۆ لە ڕێزمانی جێناودا:

لە كۆپلەی پێشوودا، نیشانەی كۆ (ان) لە چەندین بابەتی ڕێزمانیدا سەودا كـرا، بەڵام هەندێك سەرنج هەیە و دەشێت تۆمار بكرێن:

یەكەم: لەكۆی نموونەكاندا، دەردەكەوێت كە لە پـەرێزی نیـشانەی كـۆدا، بابـەتی (جێناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵكار) پەسندن، كەچی بابەتی (نـاو) پەسـند نییـە، مەگـەر بەناڕاستەوخۆیی.

دووەم: ئەوەی لە خاڵی یەكەمدا باسكرا، سـیمای (مۆركایـەتی) هـەڵ دەگرێـت، چونكە خۆی لە زمانانی دیكە جودا دەكاتەوە.

سێیەم: بەسەرنجێكی هورد لە نموونەكان، دەردەكەوێت كە بنجـی دیكـەی بابـەت لەئاستی ئامرازی (كۆ)دا بریتییە لە جێناوی كەسی (كەسی سێیەمی تاك).

چوارەم: لـە كۆپلـەی پێـشوودا، خـاڵی (یەكـەم، دووەم، سـێیەم) لـە خولگـەی جێناوەكانی (ئەو) و (ئەم)دا، جێی دەبێتەوە.

ئێستاش، دەتوانین لە پەرێزی جێناودا، سەودای نیشانەی کۆ (ان) بکەین، وەك:

**ئەو + (ان) ← ئەوان**

**ئەم + (ان) ← ئەمان**

لەئاستی ئەم جێناوانەدا، چەند سەرنجێك هەیە، وەك:

یەکەم: جێناوی (ئەو) و جێناوی (ئەم) بۆ (کەسانی ژیر) تەرخان کراون و ناشێت و نابێت بۆ بێگیان و گیانداری (ناژیر) بەکار بهێنرێن. بەهەمان شێوە، هەردوو جێناوی (ئەوان) و (ئەمان) هەمان ئاکاریان هەیە.

دووەم: ئەگەر بیر بگوشین لەئاستی ناوەرۆکی خاڵی یەکەمدا، دەبینین کە ئامرازی کۆ (ان) ئاوەکی بووەو و ئەنگاوتە بووە بە ئاکاری (کەسانی ژیر)ەوە. واتە، ماکی (کەسان) بەنیشانەی (کۆ) وە ئاوێتە بووەو لێی نابێتەوە.

سێیەم: بەپێی ناوەرۆکی خاڵی یەکەم و دووەم، هەرچوار جێناوی (ئەو، ئەم، ئەوان، ئەمان) بۆ کەسانی ژیر تەرخان کراون و بۆ کەسی دیکەنا. ئەوەی سەیرە، ئەم چوار جێناوە توخمی نیشانە (ـە) وەردەگرن و ئەمجار دەبن بەچوار (جێناو) بۆ بێگیان و گیانداری ناژیر، وەك

**(ئەوە، ئەمە، ئەوانە، ئەمانە)**

چوارەم: بەپێی ئەوەی گودیکەا، دەتوانین خشتەیەك بخەینە ڕوو و لە ئەو خشتەیەدا باری (جێناو) یەکلایی بکەینەوە، وەك:

| | | جێناو<br>بۆ کەسانی ژیر | جێناو<br>بۆ بێگیان و گیانداری ناژیر |
|---|---|---|---|
| باری گشتی | تاك | ئەو | ئەوە |
| | کۆ | ئەوان | ئەوانە |
| باری نزیکدیکە | تاك | ئەم | ئەمە |
| | کۆ | ئەمان | ئەمانە |

لەئاستی ئەم خشتەیەدا، هێڵێکی سووری ڕێزمانی لەنێوان ئەو دوو دەستە جێناوەدا هەیە. بۆ نموونە، ناشێت جێناوی (ئەو) بۆ چشتی بێگیان و ئاژەڵ بەکار بهێنرێت، یان جێناوی (ئەوە) بۆ کەسانی ژیر بەکار بهێنرێت. لەڕاستیدا، هەموو

کوردیزانێك ناتوانێت بە خنجی سنووری جێناوی (ئەوە) دیاری بکات، تەنانەت لە شێوەزاری سلێمانیدا، بەکارهێنانی جێناوی (ئەوە) بۆ کەسانی ژیر (توانج و پەلارو سەرکۆنە) ئاراستەی ئەو کەسە دەکات و بە بێگیان و گیانداری ناژیر دەی خاتە نێو ڕیزی گوفتارەوە. بێگومان، ئەو کەسەی کە دەکەوێتە بەر ئەو جۆرە جێناوە (ئەوە، ئەمە)، فیکەی خۆی دەناسێتەوەو هەست بە ئەو توانجە دەکات کە ئاخێوەری ڕستەکە تێی دەسرەوێنێت.

## 3- جێناوی نیشانە و ئامرازی نیشانە :

لە کۆپلەی پێشوودا، خشتەیەك پێش کەش کراو جێناوی نیشانە بۆ کەسانی ژیر (ئەو، ئەم، ئەوان، ئەمان) و جێناوی نیشانە بۆ بێگیان و گیانداری ناژیر (ئەوە، ئەمە، ئەوانە، ئەمانە) دیاری کران. لە پەرێزی ئامرازی نیشانەدا، ئەو چوار جێناوەی دوایی (بارگە) وەردەگرن و دەبن بە ئامرازی نیشانە، وەك:

ئەو (...) ە:      ئەو (دار) ە

ئەو (...) انە:   ئەو (دار) انە

ئەم (...) ـە:   ئەم (دار) ە

ئەم (...) انە:    ئەم (دار) انە

لەئاستی ئەم نموونەدا، ئامرازی نیشانە چەند ئاکرێك دەخاتە ڕوو، وەك:

یەکەم: جێناوی نیشانە ناوی (تاك) دەکات بە (بارگە) نەك ناوی (کۆ). بەواتایەکی دیکە، لە نموونەی دووەم و چوارەمدا، نیشانەی کۆ (ان) بەڕاستەوخۆیی نەچووەتە سەر ناوی (دار) بەڵکوو بە ناڕاستەوخۆیی لە ئامرازی نیشانەوە خراوەتەوە سەری.

دووەم: وەك مۆرکێکی زمانی کوردی، ئامرازی نیشانەی (کۆ) هەیە، وەك (ئەوانە، ئەمانە)، و ئەم ئامرازانە، ناوی (تاك) وەردەگرن، نەك ناوی (کۆ). بۆ نموونە، لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیدا، ئامرازی ئاماژەی (کۆ) هەیە و بەڵام هەر بارگەی (کۆ) وەردەگرن.

سێیەم: لەبارگەی ئامرازی ئاماژەدا، دەرگە بۆ (کۆمەڵەی ناو)و لە ئەو بارگەیەدا والآیە، دەشێت گیاندار و بێ‌گیان و ژیر و ناژیر بن بە (بارگە). کەواتە، مەرجی ئامرازی ئاماژە ئەوەیە کە بارگەکەی (ناوێکی تاك) بێت و بەس.

چوارەم: لە دەرەوەی ڕێزمانی نیشانەی نیشانەی کۆ (ان)، بارگەی ئامرازی نیشانە وەك دەبێت (ناوێکی تاك) بێت، دەبێت (بێ لایەن) بێت لە (ناسراوی) بە نیشانەی (ەکە)، یان لە (نەناسراوی) بە نیشانەی (ێك).

## 4- نیشانەی کۆ (ان) لە پەرێزی ئاوەڵناودا:

لەئاستی ئاوەڵناوی کەسیدا، دەرگەی نیشانەی کۆ (ان) والآیە، وەك:

یەکەم: ئاوەڵناوی کەسی، وەك:

**جوان + (ان) ← جوانان (کەسانی جوان)**

**پاك + (ان) ← پاکان (کەسانی پاك)**

**هەژار + (ان) ← هەژاران (کەسانی هەژار)**

**لات + (ان) ← لاتان (کەسانی لات)**

دووەم: ناوی بکەر لە پەرێزی کاردا، وەك:

**پارەدار + (ان) ← پارەداران**

**پارەوەرگرتوو + (ان) ← پارەوەرگرتووان**

**نانخۆر + (ان) ← نان خۆران**

**بیستەر + (ان) ← بیستەران**

**تێکۆشەر + (ان) ← تێکۆشەران**

سێیەم: دیوی (ئاەوڵناو) لە ناوی کەسان، وەك:

**کوڕ (ئاوەڵناو) + (ان) ← کوڕان**

**پیاو (ئاوەڵناو) + (ان) ← پیاوان**

**ژن (ئاوەڵناو) + (ان) ← ژنان**

**کیژ (ئاوەڵناو) + (ان) ← کیژان**

**منداڵ (ئاوەڵناو) + (ان) ← منداڵان**

چوارەم: ئاوەڵناوی خوازراو لەناوی ئاژەڵەوە، وەك:

**شێران (ئاوەڵناو) + (ان) ← شێران (کەسانی وەك شێر)**

**کەر (ئاوەڵناو) + (ان) ← کەران (کەسانی وەك کەر)**

**گورگ (ئاوەڵناو) + (ان) ← گورگان (کەسانی وەك گورگ)**

**سەگ ( ئاوەڵناو ) + ( ان ) ← سەگان ( کەسانی وەك سەگ )**

پێنجەم: ئاوەڵناوی داڕێژراو بە ئامرازی (بە)، وەك:

**بەهێز + ( ان ) ← بەهێزان**

**بەرێز + ( ان ) ← بەرێزان**

**بەناز + ( ان ) ← بەنازان**

شەشەم: ئاوەڵناوی داڕێژراو بە ئامرازی (بێ)، وەك:

**بێ هێز + ( ان ) ← بێ هێزان**

**بێ رێز + ( ان ) ← بێ رێزان**

**بێ ناز + ( ان ) ← بێ نازان**

**بێ فیز + ( ان ) ← بێ فیزان**

لەئاستی گشت نموونەکاندا، نیشانەی کۆ (ان) ئەو ئاوەڵناوانەی بەگەن کردووە، کە ئاکاری (کەسان) هەڵ دەگرن و لەئەو مژارە بدیکەازێت، هیچ ئاوەڵناوێکی دیکە بەگەن ناکرێت. بۆ نموونە، ئاوەڵناوی (بەرز، پان، درێژ) ناتوانن ببن بەکۆ بە (ان)، مەگەر بەرێزمان، بخوازرێن بۆ ئاوەڵناوی کەسان.

## 5- نیشانەی کۆ ( گەل ):

لە شێوە زاری شاری (سنە)دا، بەزۆری و بەربڵاوی نیشانەی (گەل) دەخەنە سەر (ناو)، وەك:

**کوڕ: کوڕگەل**

**پیاو: پیاوگەل**

لەشێوەزاری گەرمیانیشدا، هەمان نیشانە هەیە بەڵام بەسووك کراوی، وەك:

**گا + گەل ← گاگەل ( گایەل )**

**مێ + گەل ← مێگەل ( مێیەل )**

**بزن + گەل ← بزنگەل ( بزنێل )**

**بەرخ + گەل ← بەرخگەل ( بەرخەل )**

ئەم جۆرە نیشانەیە زۆر پێویستە بە زمانەکە و دەشێت ببوژێنرێتەوە و بژێنرێتەوە، چونکە پێویستە و نابێت بە جێگرەوەی ئامرازی کۆ (ان). هەر بۆ نموونە، وشەی (پیاوان) لە پەرێزی (ئاوەڵناو) دایە و لە (کەسانی پیاو) دەدوێت، بەڵام وشەی (پیاوگەل) لە پەرێزی ڕێزمانی (ناو) دایە و لە کۆمەڵە (پیاو)ێك

دەدوێت. لەلایەکی دیکەەوە، ئەگەر وشەی (کچ) جارێك (ناو) بێت وەك (کچەکە) و جارێك ئاوەڵناو بێت وەك (ئافرەتی شوونەکردوو)، ئەوەا لە وشەی (کچگەل)دا لە (ناو)ی کچ دەدوێین و لەوشەی (کچان)دا لە (ئاوەڵناو)ی (ئافرەتی شوونەکردوو) دەدوێین.

## پوختەکاری:

* کلیلی ڕێزمانی نیشانەی کۆ (ان) لە گیرفانی ڕێزمانی زمانانی دیکەدا نییە، بەڵکوو لە گیرفانی ڕێزمانی کوردیدایە. هەر لەبەر ئەو هۆیە، دەشێت بەشێك لە زانیارییەکان، لەمەڕ زمانانی (عەرەبی، ئینگلیزی)، بەلاوە بنێین و ئەمجار بۆ کلیلی ڕێزمانەکەی بگەڕێین.

* لە مۆرکی زمانی کوردیدا، نیشانەی کۆ (ان)، ناچێتە سەر (ناو) بەڕاستەوخۆیی، بەڵکوو دەچێتە سەر (جێناوی کەسی سێیەم، ئامرازی ناساندن، ئاوەڵناو، ئاوەڵگوزارە).

* لەئاستی ئاوەڵناویشدا، ماکی نیشانەی کۆ (ان)، دەچێتەسەر ئەو ئاوەڵناوانەی کە واتای (کەسان) هەڵ دەگرن.

* وەك مۆرکێکی زمانی کوردی، نیشانەی کۆ (ان) دەچێتە سەر ئامرازی ناساندن (ەکە) و دەی کات بە (ـەکان)، پاشان دەشێت ئەم دوو ئامرازە (ـەکە) و (ـەکان) بچنە سەر هەر ناوێکی (تاك).

* لەهەر جێیەکدا کە کاریگەری نیشانەی کۆ (ان) گەیشتبێتە سەر (ناو)ێك، ئەوە بەڕاستەوخۆیی نییە، بەڵکوو بە یارمەتی بابەتێکی دیکەەوە پێی گەیشتووە.

* جێناوی کەسی سێیەم (ئەو) و (ئەم) بریتین لە یەکەم مۆڵگە بنکەی نیشانەی کۆ (ان). وەك ئەم دوو جێناوە سیمای کەسی هەڵ دەگرن، نیشانەی کۆیش هەر ئەو سیمایە وەردەگرێت. هەر لەبەر ئەوە، بە ڕاستەوخۆیی ناچێتە سەر (ناو) و ناچێتە سەر (ئاوەڵناو)ێك کە سیمای (کەسان) هەڵ نەگرێت.

* ئامرازی نیشانە، ئەگەر (کۆ)یش بێت، وەك (ئەوانە) و (ئەمانە)، هەر (ناوی تاك) دەکات بە (بارگە). ئەم ڕاستییەش دەبێت بە مۆرکێکی ڕادەیی لە زمانی کوردیدا.

* بە بڕشت دیکەی ئامراز کە بتوانێت نیشانەی کۆ بگەیەنێت بە پەرێزی (نـاو) بریتییە لە نیشانەی ناسراوی (ەکە). لەئەم ڕووەوە، هیچ ناوێك ناتوانێت نیـشانەی (ان) وەربگرێت، بەڵام ئەگەر (ناو)ەکە بە نیشانەی (ەکە) ناسرا، ئەوە ئەو نیشانەیە (ەکە)، نەك ناوەکە خۆی، دەتوانێت بەرەهایی نیـشانەی کـۆ (ان) وەربگرێـت. بـۆ نموونە، ناوی (دیوار) نابێت بە (دیـواران)، بـەڵام نـاوی ناسـراوی (دیوارەکـە) بـە ئاسانی دەبێت بە (دیوارەکان).

* ڕێزمانی نیشانەی کۆ (ان) و مۆرکەکانی ڕێزمانی کوردی وا دەکات کە بایەخ بە نیشانەی کۆ (ـگەل) بدەین. ئێمە لە ئەو باوەڕەداین بووژاندنەوەی نیشانەی کـۆ لە پەرێزی ڕێزمانی (ناو)دا، کەڵکێکی گەورە بە (زمانی نووسین) دەبەخشێت.

■

**سەرچاوە:**

ـ د. شێرکۆ بابان، تایبەتمەندی لە ڕەفتـاری ئـامرازی کـۆ (ان)دا، گۆڤـاری کـاروان، ژمـارە (202)، هەولێر 2005.

ـ د. شێرکۆ بابان، ئـامرازی ناسـاندن (ەکـە)، گۆڤـاری پـەیامی مامۆسـتا، ژمـارە (16)، هەولێر 2000.

ـ د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم بەشـی یەکـەم (نـاو)، بەغـدا 1979.

ـ د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکـەم، بەشـی سـێیەم (ئاوەڵنـاو)، کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەغدا 1992.

ـ لێژنەی زمان و زانستەکانی، ڕێزمانی ئاخـاوتنی کـوردی، کـۆڕی زانیـاری کـورد، بەغـدا 1976.

***پرۆفیسۆری هاریکار**

# چەند سەرنجێك دەربارەی سستەمی پەروەردەو خوێندن لە کۆریای باشوور بە بەراورد لەگەڵ سستەمی پەروەردەو خوێندن لە کوردستان

ئیحسان تاهیر*

دوای ئـــەوەی لەلایـــەن وەزارەتـــی پـــەروەردەی حکوومـــەتی کوردســـتانەوە، لەگەڵ کۆمـەڵێك مـامۆستای دواناوەنـدی بە هاوکاری ڕێکخراوی کۆیکای سەر بــە وەزارەتـــی دەرەوەی کۆمـــاری کۆریـــای باشوور لە گەشتێکی زانستیدا، ڕەوانەی وڵاتی کۆریای باشـوور کـرام و، مـاوەی 15 ڕۆژ بــە خوێنــدنی وانــەی ڕۆژانــەو ئەنجامدانی چەندین گەشتی مەیدانی بـۆ چــەند قوتابخانەیــەکی هــەردوو قۆنــاغی ناوەندی و ئامادەیی، لە بارەی پرۆســەی خوێندن و ســستەمی پــەروەردەیی ئــەو وڵاتە پێشکەتووە چەند سەرنجێکم لەلا گەڵاڵە بوو، کە بە پێویستم زانــی بــەو سەرنجانە بەراوردێك لە نێوان ســتەم پەروەردەو خوێندنی کۆریــای باشــوورو ســــستەمی پــــەروەردەو خوێنــــدنی کوردستان بکەم.

هەڵبەتە هەروەك ئاماژەم پێکرد بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ستەمی خوێندنی کۆریای باشوور پشتم بە دوو سەرچــاوە بەســتووە، یەکــەمیان ئــەو وانەو موحازەرانەی ڕۆژانە لــە مــاوەی نێوان( 14-26 ئایـاری 2007) دا

لەلایەن پرۆفیسۆر و مامۆستایانی زانکۆکانی سیئۆڵی پایتەختەوە، ئەوانەی لە بواری پەروەردەدا پسپۆر بوون و پێیان دەگوتین، دووەمیشیان ئەو هەموو گەشتە مەیدانیانەمان کە بۆ زۆر لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکان ئەنجامان داو تێیاندا هەر یەك لە بەڕێوەبەر و مامۆستایان هەموو زانیارییەکیان پێدەداین و هەر پرسیارێکیشمان لە هەر بوارێکدا لێکردبان بەڕاستگۆیی و سینگی فراوانەوە وەڵامیان دەداینەوە، بە تایبەتیش قوتابخانەی شینسای ناوەندی کە بە یەکێك لە بەناوبانگترین ناوەندییەکانی سیئۆلی پایتەخت دادەنرێت.

لێرەوە زۆر بە دڵسۆزی و بە دڵنیاییەوە بە وردی و بە شێوەیەکی بابەتییانە لە ژێر چەند چەمك و زاراوەو ناونیشانێکەوە سەرنجەکانم دەخەمە ڕوو، ئینجا بە هەمان شێوە بەراوردێکی نێوان خوێندنی ئێمە لە کوردستان و ئەوان لە کۆریا دەکەم، بەو هیوایەی ئەو سەرنجانەم لەلایەن لایەنی پەیوەندیداری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە وەزارەتی پەروەردەو بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە و سەرپەرشتیاران و ڕاوێژکار و پسپۆرانی بواری پەروەردەو تاکو دەگاتە دایك و باوکی قوتابیانیشەوە لەبەر چاو بگیرێت و بە هەموومان پێکەوە بتوانین سوود لە هەر جوانییەکی ستەمی پەروەدەو خوێندنی کۆرییەکان وەربگرین. بەو مەرجەی ئەو شتانەی لێیان وەردەگرین هیچ دژایەتییەکیان لەگەڵ هەندێك لە تایبەتمەندییە ئایینی و شارستانی و بەهاو نەریتە کۆمەڵایەتیەکانماندا نەبێت.

بێگومان ئەو وڵاتە خاوەن ستەمێکی پەروەردەیی زۆر پێشکەوتووەو هەر خوێندن و پەروەردەشیان یەکێك بوو لە فاکتەرە سەرەکییەکانی ئەو پێشکەوتنە خێراو پێوانەییەی کە کۆریای باشوور لە ماوەی کەمتر لەنیو سەدە بە خۆیەوەی بینی و، لە قۆناغێکی زۆر دواکەوتوودا گەیشتە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتوو، کە ئێستا بە یەکێك لە وڵاتە پڵنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دادەنرێت و بەهێزێکی پیشەسازی و ئابووری زۆر کارا لەسەر ئاستی هەموو جیهان دەناسرێت.

**هیچ سەرچاوەیەكی مێژوویی ئاماژە بۆ پێوەندییەكی مێژوویی نێوان هەردوو گەلی كورد و كۆریا ناكات، بێگومان ئەمەش كۆمەڵێك هۆكاری هەیە، كە ڕەنگە گرنگترینیان لایەنە جوگرافییەكە بێت.**

## ڕوونكردنەوەیەكی پێویست

بەر لە هەموو شتێك حەز دەكەم ئەو ڕاستییە بۆ هەموو لایەك دووپات بكەمەوە كە تاكە مەبەستم لەم بەراوردكارییەی نێوان پرۆسەی پەروەردەو خوێندنی كۆریای باشوورو كوردستانی باشوور تەنیا خزمەتكردنێكی زانستییە بە بواری پەروەردەی كوردستان، وەك ئەركێكی نیشتمانی كە مامۆستایەكی كوردو كوردستانیم، لەگەڵ ڕوونكردنەوەی ئەم چەند خاڵە:

*مەبەستم خوانەخواستە هەرگیز كەمكردنەوە نییە لە پرۆسەی پەروەردەو خوێندنی كوردستان و پشتگیرییەكانی حكوومەتی هەرێم و وەزارەتی پەروەردە و لایەنە پەیوەندیدارەكانی ئەم بوارە بەڵكو مەبەستم ڕەخنە گرتنێكی بنیاتنەرانەیە نەك ڕووخێنەر هەرچەند بڕوام بە ڕەخنەی بنیاتنەر و ڕووخێنەر نییەو هەموو ڕەخنەیەك بەلامەوە باشە.

*دەبێت ئەو ڕاستییەش بڵێم كە بەراوردكردنی پرۆسەی خوێندنی وڵاتێكی وەك كۆریای باشوور كە ئێستا لە بواری تەكنەلۆژیای ئەلكترۆنیدا بەیەكێك لە پێشكەوتووترین وڵاتانی جیهان دادەنرێت، تەنانەت زۆر ساڵ قوتابیانی لەسەر ئاستی هەموو جیهاندا لە پێشبڕكێ زانستییە نێودەوڵەتییەكاندا پلەی یەكەم بە دەست دەهێنن، لەگەڵ پرۆسەی پەروەردەو خوێندنی وڵاتێكی وەكو كوردستان كە هێشتا لە قۆناغی خۆ بنیاتناندایەو مەبەست لێی ئەوە نییە كە دەبێت ئێمە لە ئاستی ئەواندا بین، بەڵكو مەبەستم تەنیا گواستنەوەی ئەزموونی خوێندنی ئەو وڵاتەیە بۆ سوود وەرگرتن و گرتنەبەری ڕێچكەی ئەوان لە بواری پەروەردەییدا.

*ئەوەی زیاتر هانی دام ئەم لێكۆڵینەوەیە ئەنجام بدەم ئەوە بوو، كە بە ڕاستی بە گوناهێكی گەورەم دەزانی كە وەزارەتی پەروەردە و

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێری/2 ئەو متمانەیەم پێبدەن و بە یەکێك لەو 16 مامۆستایەی دواناوەندی هەموو کوردستان بۆ ئەم گەشتە زانستییەم دەستنیشان بکەن و حکوومەتی هەرێمیش ئەو هەموو خەرجییەم لێبکات، کەچی منیش لەوێ دەست بەتاڵ بگەڕێمەوەو هەروەکو گەشتێکی تەرفیهی تەنیا وێنەو یادگاری خۆش لەگەڵ خۆمدا بهێنمەوە کوردستان.

## پێشەکیەکی مێژوویی

کۆریای باشوور بە یەکێك لە وڵاتانی کیشوەری ئاسیا دادەنرێت، خاوەن مێژوویەکی دێرینە، هەر چەندە بە درێژاییی مێژوو کەوتووەتە بەر هێرشی نەتەوەو وڵاتانی دەوروبەری و سەدان ساڵ لە ژێر چنگی داگیرکاران ماوەتەوە، بێگومان مێژوویەکی پڕ لە تێکۆشان و قوربانی و بەگژداچوونەوەی داگیرکارانیشیان تۆمارکردووە.

کە کۆریای باشوور دەکەوێتە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەروەها زوڵم و ستەم و داگیرکاری بەردەوامی دوژمنان لەسەر کوردو کوردستانیش ڕێگربوونە کە کورد سەرەڕای ڕەسەنایەتی شارستانییەتەکەیان بتوانن پێوەندی لەگەڵ شارستانییەتەکانی دیکەدا ببەستن، نەخاسمەش شارستانییەتە دوورەکان.

*گەلی کۆریا یەك ڕەگەزە ئەویش ڕەگەزی bace کە ئەسڵەکەی دەگەڕێتەوە سەر ڕەگەزی مەنگۆلی، کاتێك هۆزە مەنگۆلییەکان لە دێرزەمانەوە بەرەو نیمچە دوورگەی کۆریا کۆچیان کردووەو هەر لەوێشدا نیشتەجێبوونە.

*لەم وڵاتەدا ئاین و ئایینزاو بڕوای جیاجیا هەیە، هەرچەندە نزیکەی نیوەی کۆرییەکان بێ ئایینن و پابەندی هیچ بیروباوەڕێکی ئاسمانی و زەمینی نین، نیوەکەی دیکەش هەندێکیان بوزین و هەندێکی دیکەش مەسیحین، هەرچی ئایینی ئیسلامیشە ئەوە کەسانێکی زۆر کەم پەیڕەوانی ئەم ئایینەن، کە بەپێی سەرچاوە مێژووییە نزیکەکان لە ساڵی 1945 لەگەڵ سوپای تورکیدا هاتوونەتە کۆریا، ئەوانەی لەگەڵ هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوونەتە ئەو وڵاتە.

*گەلی کۆریا ماوەیەکی دوورو درێژ

بە دەست داگیرکاری نەتەوەکانی دیکەوە ناڵاندوویەتی سەرەتا بە داگیرکاری چینیەکان دەست پێدەکات کە چەند سەدەیەکی خایاندووە ئینجا داگیرکاری ژاپۆنیەکانیش 35 ساڵی بردووە، لە نێوان ساڵانی1910 - 1945 لەم ماوەیەدا گەلی کۆریا ڕووبەڕووی بارودۆخێکی زۆر ناخۆش و زەحمەت بوونەوە، چ لە ڕووی ئابوورییەوە بێت یان کۆمەڵایەتی، تا ئەو ڕادەیەی کە هاووڵاتی کۆریا لە جیاتی دەستەواژەی بەیانیت باش، بەدەستەواژەی (ئایا نانت خواردووە؟!) بەیانییەکەی دەکردەوە، بەڵکو لە ماوەی چەندان ساڵدا کۆرییەکان ڕۆژانە تەنیا ژەمێك یان دوو ژەم خواردنیان خواردووەو نەیانتوانیوە سێ ژەم خۆراك پەیدا بکەن.

## سەرەتای بەخۆکەوتن

دوای ئەوەی شەڕی ناوخۆی کۆریا لەماوەی نێوان ساڵانی 1950-1953 ڕووی دا کە 3 ساڵی خایاندو پتر لە دوو ملیۆن قوربانی لێکەوتەوە نیمچە دوورگەی کۆریا کرایە دوو بەشەوە، بەشی باکوور کە بە کۆریای باکوور ناسراو شاری پیۆنگ یانگ کرا بە پایتەختەکەی، کە ڕووسیا و چین و ووڵاتە کۆمۆنیستەکان پشتگیرییان دەکرد، بەشی باشووریش بە کۆریای باشوور ناسراو شاری سیئۆل بە پایتەختەکەی مایەوە کە ئەمیشیان ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا پشتیوانی بوو، بۆ پێشخستنی ولاتەکە بە کۆمەك و یارمەتییەکی زۆر دەستی حکوومەتەکەی گرت، ئیدی کۆرییەکان بەخۆیان کەوتن و لەو پێناوەدا دەستیان بە تێکۆشان کرد، هەرچەندە سەرەتا کۆرییەکان ڕووبەڕووی گرفتێکی گەورە بوونەوە، کە بەهۆی نەبوونی هیچ سەرچاوەیەکی سەرەکی وزە بوو بۆ دامەزراندنی پیشەسازی. بێ نەوت و بێ غاز و بێ خەڵووز بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بێ ئومێد نەبوون و بە دەرامەتی مرۆیی خۆیان ورەیان بەرزبوو و بەردەوامبوون و پەنایان بردە بەر هۆکارێکی دیکە بۆ ئەوەی لە پرۆسەی بەرەوپێشڤەبردنی ولاتەکەیان جێگەی ئەو سەرچاوانە بگرێتەوە، ئەویش خوێندن بوو، هەروەك بەڵکو لەبەر گرنگی بوارەکە پایەی جێگری سەرۆکی حکوومەتیان بە وەزیری پەروەردە دا، واتە جێگری سەرەك وەزیران پۆستی وەزارەتی

پەروەردە بەڕێوە دەبات، بۆ ئەوەی لە خزمەتکردنی بواری پەروەردە و فێرکردندا ماف و دەسەڵاتی پترو بەرفراوانتری هەبێت ، ئەوەتا ئێستا دروشمی خوێندنی کۆرییەکان "خوێندن تا مردن"ە.

ئەمەریکییەکان دەڵێن: ئەو پێشکەوتنەی کۆرییەکان بەدەستیان هێناوە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، لە ئاسمانەوە بۆیان نەهاتووەتە خوارەوە، بەڵکو لە ڕێگەی خوێندن و بەکارهێنانی ئەقڵەوە پێی گەیشتوون. لەم وڵاتەدا قوتابخانە پیرۆزی خۆی هەیە، چونکە پێیان وایە قوتابخانە گیان و بنەمای سەرەکی سەرکەوتنی ئەو ئەزموونە گەورەیەی پەروەردە و فێرکردن بوو، کە ئەمەش بە دەوری خۆی هۆکاری سەرەکی هەنگاونانی وڵاتی کۆریای باشوور بوو لە قۆناغێکی زۆر دواکەوتوودا "کە هەروەك ئاماژەمان بۆکرد کەس لەم وڵاتەدا تێر بەسکی خۆی نەدەخوارد" بۆ قۆناغێکی هێندە پێشکەوتوو کە لەسەر ئاستی هەموو جیهاندا لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیریدا حیسابێکی تایبەتی بۆ دەکرێت.

هەربۆیەش قوتابخانە لەم وڵاتەدا خاوەن قورسایی و کەسایەتییەکی جیاکەرەوەیە، کە جێی شانازی تێکڕای کۆمەڵە، بە حکوومەت و ئیدارەی قوتابخانەو مامۆستاو قوتابی و دایك و باوك و کەسوکاری قوتابیانیشەوە. بێگومان ئەم هەڵوێستە گرنگەش لەلایەکەوە لە هۆشیاری خەڵکەوە سەرچاوەی گرتووە و لەلایەکی دیکەشەوە بۆ بایەخ پێدانی حکوومەت دەگەڕێتەوە، کە بەپێی پلانی تایبەتەو لە ماوەی چەند ساڵێکدا توانی دیدی کۆمەڵ بەرەو خوێندن بەم شێوەیەی ئێستا بنیاد بنێت، کە هەموو بەپیرۆزی و بەبایەخەوە بڕواننە ئەو فاکتەرەی کە هۆکاری سەرەکی پێشخستنی کۆمەڵ و هێنانەوەی ڕەفاهیەتە تیایدا، کەچی بەداخەوە لای خۆمان هیچ حیسابێك بۆ ئەو لایەنە گرنگە نەکراوە کە زۆرینەی دایك و باوك و کەسوکارانی قوتابی نەك هەر بایەخ بە خوێندنی منداڵانیان نادەن، بەڵکو هەر لە بنەڕەتدا هیچ پەیوەندیەکیان بە خوێندنی منداڵەکانیانەوە نییە.

تا ئەو ڕادەیەی ئەگەر ڕاپرسییەك بکرێت، ڕێژەیەکی بەرزی دایك و باوکان نازانن منداڵەکانیان لە چ قۆناغێکی خوێندندان، خۆ بەهەمان شێوە لایەنە پەیوەندارەکانی حکوومەتیش لە ئاست ئەم بەرپرسییەتە نیشتمانییەدا کەمتەرخەمن و نەیانتوانیوە هۆشیارییەکی ئەوتۆ لەناو کۆمەڵدا بڵاوبکەنەوە کە خوێندن و بایەخدانی کەسوکاری قوتابی بە خوێندنی ڕۆڵەکانیان چۆن ئەرکێکی ئایینی و مرۆیی و نیشتمانی و نەتەوەییە و پێویستە بەهەموو لایەك پێکەوە بایەخ بە پرۆسەی خوێندن بدەین. دەپرسم وەزارەتی پەروەردەی کوردستان و هەریەك لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان و پسپۆران و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی تاکە پرۆژەیەکی دیاریکراویان بۆ مەبەستێکی لەم جۆرە تەنیا پێشنیاریش کردووە؟ بەڵکو تەنیا لە ڕێگەی دەزگەکانی ڕاگەیاندنیشەوە دروشم و ڕێکلامێکیان بەگوێی خەڵکیدا داوە؟ کام دەزگەی ڕاگەیاندنمان لە سۆنگەی خزمەتکردن بە کۆمەڵ وەك ئەرکێکی نیشتمانی لەم بوارەدا لەخۆیەوە هەنگاوێکی ناوە؟

*قوتابخانە لە کۆریای باشوور لەڕووی باڵەخانەوە تەواو و بێ کەموکوڕییە، کە هەر قوتابخانەیەك خاوەن باڵەخانەیەکی جوانی گەورە و بەرفراوانە، لەڕووی ئەندازیارییەوە بەوپەڕی جوانی دروستکراوە، کە بێجگە لە پۆلەکانی خوێندن حیساب بۆ هەموو چالاکییە پەروەردەییەکانی دیکەش کراوە، هۆڵی تایبەت بە وەرزش و تاقیگەی زانستی و هۆڵی وێنەکێشان و هۆڵی کارە هونەرییەکان و مۆزیك و تەنانەت هۆڵی کارە دەستییەکانیش لەخۆ دەگرن.

هەر قوتابخانەیەك خواردنگەیەکی تایبەت بە قوتابیانی تێدایە، کە ڕۆژانە خواردنی نیوەڕۆ دەدرێتە سەرجەم قوتابییەکانی هەرسێ قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی، جیا لەوەی کە لایەکی قوتابخانەش بەجیا بە ئیدارە و شوێنی پشووی مامۆستایان.

تەرخان کراوە کەچی لای خۆمان گەورەترین گرفت لە باڵەخانەی قوتابخانەوە دەست پێدەکات، لەهەموو کوردستاندا بێجگە لە چەند قوتابخانەیەکی نموونەیی، کە ڕەنگە ژمارەیان لە پەنجەکانی هەردوو دەست

پتر نەبێت، هیچ باڵەخانەیەك جێگەی قوتابیانی تێدا نابێتەوە، لەهەموو كۆریا حەرامە باڵەخانەیەك تایبەت بێت بەدوو قوتابخانە، واتە دوو دەوامی تێدا بكرێت، لە كاتێكدا لای خۆمان نەك هەردوو دەوام و سێ دەوام تەنانەت لە هەندێك قوتابخانەدا چوار دەوام لەیەك باڵەخانەدا بەڕێوە دەچێت، كاتێك بە كۆرییەكانمان گوت لە هەندێك لە قوتابخانەكانماندا دەوام بەدوو شەفت دەڕوات، سەریان سوڕما، بۆیە ڕوومان نەبوو پێیان بڵێین دەوامی سێ شەفتیشمان هەیە، چونكە ئەگەر ئەوەیان زانیبایە، دوور نەبوو ئەوەندە پێبكەنن كە مەسەلەكە بچێتە ئاستی گاڵتەجاڕییەوە. لە قوتابخانەكانی ئەو وڵاتەدا نابێ ژمارەی هەر پۆلێك لە 20 كەمتر و لە 40 قواتبی یان خوێندكار پتر بێت، كەچی لای خۆمان قوتابخانە هەبووە ئەمساڵ 110 قوتابی لەیەك پۆلدا وانەیان خوێندووە، لە هەندێك گوندیشدا پۆل هەیە ژمارەی قوتابیانی دوو یان سێ قوتابی بووە.

لەكۆریای باشوور ناوی هەر قوتابخانەیەك بەڕووداوێكی مێژوویی ئەو وڵاتە یان نیشانەیەكی شارستانی ئەو گەلەوە بەستراوەتەوە. بەهیچ شێوەیەك وێنەی سیاسەتمەدارێك لە قوتابخانەكانیاندا، لە ژوورێكی خوێندن یان لە ئیدارەدا هەڵناواسن، تەنیا ئەوە نەبێت كە وێنەی ئەو بەڕێوەبەرانە هەڵدەواسن كە پێشتر ئیدارەی قوتابخانەكەیان بەڕێوە بردووە، كە لەگەڵیدا كورتەیەكی مێژوویی لەبارەی هەریەك لەو بەڕێوەبەرانە نووسراوە، لە هەریەك لەو قوتابخانانەشدا ئاڵای وڵاتی خۆیان بەرزكردووەتەوە لەگەڵ ئاڵای قوتابخانەش كە هەریەك لەو قوتابخانانە ئاڵای تایبەت بەخۆی هەیە. هەرچی لای خۆمانە یەكەم ململانێ لەسەر وێنەكانە، لە زۆر ئیدارەدا پتر لە 10 وێنەی كەسایەتییە جیاجیاكان دبینین، شەڕە پەڕۆش هەر مەپرسە، ئەگەر لە ئیدارەو لەنێو مامۆستایانیشدا قەدەغە كرابێت، ئەوە قوتابیان لە بۆنەكان و لە گەشتەكانیاندا ئەو شەڕو ململانێیە نوێ دەكەنەوە، كە زۆرجار بەفیتی بەڕێوەبەرو هەندێك لە مامۆستایان خۆ هەر هیچ نەبێت هێشتا هەندێك لە سەرپەرشتیارە پەروەردەییەكان حزبایەتی تەسك و

دروشمە كۆنـەكانیان بـە مامۆسـتایان و قوتابیـان دەفرۆشـن. ئـاڵای ڕەنگـینی كوردستانیش هەر لەولاوە، كە هێشتا لە هەندێك قوتابخانەدا هەڵنەدراوە مەگـەر لە ڕۆژانی هەڵكردنی ئاڵای كوردسـتاندا بەناچاری هەفتەی جارێك بەرزبكرێتەوە، خۆ لە هەندێك لەو قوتابخانانەدا ئەگـەر هەشبێت هێشتا بەسەراوژێری هەڵدراوەو لە هەندێكی دیكەشدا لەبەر بـێ بـاكی ئاڵایەكـە هێنـدە كـۆن و خـۆڵاوی بـووە مـرۆڤ لـە ئاسـتیدا غـەرقی ئـارەقی شەرمەزاری دەبێت.

هـەموو سـاڵێك حكوومـەتی كۆریـا بودجەیـەكی زۆر گـەورە بـۆ بـواری پـەروەردە تـەرخان دەكـات و زۆر بەشـەفافیەتەوە لـە دەزگـەكانی ڕاگەیاندندا ئاشكرای دەكات، ئەوەتا بـۆ شـەش سـاڵی داهـاتووی خوێنـدن، لـە ماوەی نێوان ساڵانی 2006-2012دا بڕی 3ر2 ترلیۆن وەنی كۆری واتە زیاتر لە 5ر2 ملیـار دۆلاری ئەمـەریكی بـۆ خوێنـدن تـەرخانكراوە. ئەمـە لـە كاتێكدایە كە زۆرێك لـە قوتابخانـەكانی ئەم وڵاتە سەر بە حكوومەت نـین و لـە ڕێگـەی گرێبەسـت و پێوەنـدی لەگـەڵ كۆمپانیا ئەهلییەكانـدا داهـاتی خۆیـان

**كۆرییەكان دەڵێن سێ هۆكار بوونە مایەی پێشكەوتنیان، ئەوانیش "خوێنـدن، خوێندن، خوێندن" هەر لەبەر ئـەوەش بایەخێكی پتر تریان بە خوێندن داو لەو پێنـاوەدا كۆرییەكان لە یەكەم هەنگاودا نـاوی وەزارەتی پەروەردەیان گۆڕی بۆ وەزارەتی پەروەردە و گەشە پێـدانی دەرامەتی مرۆیی**

دەستەبەر دەکەن، زێدەباری ئەوەی کە سەرمایەدارانێکی زۆریش لە هەڵوێستی جوامێرانەدا کۆمەکی قوتابخانەکان دەکەن و زۆرێك لە دایك و باوکە خواپێداوەکانی قوتابیانیش ئەرکی دابینکردنی چەندین پێداویستی خوێندن لەسەر حیسابی خۆیان لەئەستۆ دەگرن، بەڵام لە وڵاتەکەی خۆماندا ئەوەندە نییە کە تەنیا کتێب و پەرتووکی خوێندن بە ژمارەی پێداویستی و ژمارەی قوتابیان پێ دابین بکرێن. هێشتا لە قوتابخانەکانماندا لە هەندێك وانەدا

دوو قوتابی و سێ قوتابی بە هاوبەشی کتێبێك وەردەگرن، هەندێك قوتابیش هەندێك کتێبی هەر لە بنەڕەتدا دەست ناکەوێت، هەر بۆ نموونە وا ڕووی داوە قوتابی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بێ دەستکەوتنی کتێبێك بەدرێژایی ساڵ ، تەنیا پشت بەستن بە مەلزەمە، خوێندوویەتی ، تاقیکردنەوەی ئەو وانەیەی لە ئەزموونەکانی بەکالۆریادا وەڵامداوەتەوە.

پێداویستییەکانی دیکەی خوێندن و قوتابخانەش هەر مەپرسە لەمێز و کورسی و تاقیگە...تاد. هەموو ئەمانە لە کاتێکدایە کە سەرمایەدارەکانیشمان دوور لەهەموو بەرپرسیاریەتییەکی ئایینی و مرۆیی و مێژوویی و نیشتمانی لە ئاست پرۆسەی پەروەردە و خوێندندا خۆیان کەڕو مات کردووە، کە دەتوانن بەشێکی کەمی ئەو هەموو سەروەت و سامانە زۆرەیان ڕۆڵێکی کاریگەر و لە کەمکردنەوەی هەندێك لەو کەموکوڕیانەی قوتابخانە و پرۆسی خوێندنی کوردستان بەدەستیانەوە دەناڵێنێت، بەشدارییەکی باش بکەن، ئەو هەموو ملیاردێرو ملیۆنێرەی لەدەزگەکانی ڕاگەیاندنەوە ئاگەداری ژمارەکەیان بووین، کە لە هەرسێ شارەگەورەکەی کوردستان دەژین تەنیا یەکێکیان ئامادەنییە قوتابخانەیەك دروست بکات، تەنانەت ئەگەر لەو گەڕەکەش بێت کە ماڵی خۆی لێیە و منداڵەکانی تێدا دەخوێنن، یەکێکیان ئامادە نییە تەنیا دوو تەختە ڕەشە یان سۆپایەك و ئامێرێکی ساردکەرەوەش بۆ قوتابخانەیەك دابین بکات، هەر چۆنێك بێت لەکۆڕیای باشوور هەموو لایەك بەحکوومەت و سەرمایەدارو دایك و باوك و مامۆستاوە بایەخدان بەخوێندن بەئەرکی خۆیان دەزانن و هەموویان

لەئاستێکدا هەست بەبەرپرسیاریەتی دەکەن. هەر بۆیەش کۆرییەکان شانازی بە خۆێندنیانەوە دەکەن و پێیان وایە پرۆسەی پەروەردەو خوێندن ئاوێنەی گەلانە، ئەوان دەڵێن: سەیری پرۆسەی پەروەردەو خوێندنی هەرگەلێك بکە، کە بتەوێت بیناسیت، ئەگەر لەخوێندندا پێشکەوتوو بوو واتە ئەو گەلە پێشکەوتووە، بەپێچەوانەشەوە دواکەوتوویی پرۆسەی پەروردەو خوێندن دواکەوتوویی گەلەکە نیشان دەدات.

خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ لەم چوارچێوەیەدا ڕاگەیاندنە کە لەم وڵاتەدا بە هەموو بەشەکانیەوە "بیستراو، بینراو ،خوێندنەوە"وە حکوومی بێت یان ئەهلی. هاوکاریکارو یارمەتیدەرێکی زۆر ئەکتیڤ و چالاکی هەموو ئەو توخمانەی دیکەیە کەباسمان کردن و لەبەرەو پێشتربردنی ڕەوتی پەروەردەو خوێندن بەشدارن، بەڵێ ڕاگەیاندن بەشێك لە کارو کاتی خۆی بەپێی پلانێکی زانستی بۆ پێشخستنی بواری پەروەردە تەرخان کردووە. کە دەیان بەرنامەی پەروەردەیی لەڕادیۆو تەلەفزیۆنەکانیانەوە پێشکەش دەکرێن و ڕۆژنامەکانیان هەردەم بەهەواڵ و ڕیپۆرتاژو چاوپێکەوتن لەگەڵ پسپۆڕانی بواری پەروەردەدا هەموو هەوڵێك بەو ئاراستەیە دەدەن کە گۆڕانی ئەرێیانە بەسەر خوێندندا بێت، لێرەدا دەشێت پرسیارێك بکردێت، ئاخۆ لای خۆمان ڕاگەیاندن بەرانبەر بواری پەروەردەو خوێندن لە چ ئاستێکی بەرپرسیاریەتیدایە؟ ئەمە پرسیارێکە بەڕای من پێویستی بەوەڵامدانەوە نییە، چونکە ڕاگەیاندنی ئێمە بەهەموو بەشەکانیەوە نەك هەر لەئاست بواری پەروەردەو خوێندن کەمتەرخەمە بەڵکو هەر لەبنەڕەتدا ئەم بوارەی لەبیرنییە! جانازانین لە غافڵی و ئاست لاوازی خۆیە، یان ئەم بوارە بەگرنگ نازانێت. کە بەدەگمەن دەبینین بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی یان دایۆی بەرێکەوت لەسەر بواری پەروەردە هەبێت ئەویش زۆر بەسەقەتی پێشکەش دەکرێت، کە بڕواناماکەم بە قەد تۆزقالێك کاریگەرییەکیان هەبێت، خوا هەڵناگرێ ئەوانە پەروەردەشیان لەبیرە بەڵام لەبەر گۆرانی و هەڵپەڕکێ و ڕەقس و دەگەو هەڵهەلە بواریان نیە،

کەهەموومان دەزانین گرنگ و گرنگتر هەیە.

ڕاگەیاندنی مەرخۆمانیش بەو لۆژیکە کاردەکاتن و کاتەکەی بۆ لایەنە گرنگترەکە تەرخان دەکات. دەبێ ئەو ڕاستیە بڵێین کە هەندێك لە ڕۆژنامەکانمان تارادەیەك ئەم بوارەیان لەبیرەو لاپەڕەیەك یان چەند گۆشەیەکیان تایبەت کردووە بەخوێندن و پەروەردە هەرچەندە ئەوکارەی ئەوانیش هیچ جۆرە پلان و کاربۆکردنێکی زانستیانەیان پێوە دیار نییە. هەندێك ڕۆژنامەو هەفتەنامەی دیکەش لەبەر ڕیپۆرتاژی سێکسی و هەواڵ و بەسەرهاتی ڕەگەزی و خەمی بڵاو کردنەوەی لێدوانی سۆزانییەکان لایەنی پەروەردەو خوێندنیان لەبیر نەماوە.

## مێتۆدی خوێندن

کۆرییەکان زۆر بایەخ بەمیتۆدی خوێندن دەدەن بۆیە لەسەر بنەمایەکی زانستی بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن دایدەڕێژن بەجۆرێك لەگەڵ گۆڕانکارییە پەروەردەیی و زانستیەکاندا بگونجێت هەر بۆیەش لەگۆڕانی بەردەوامدایە. پێشتر لەماوەی هەر هەشت ساڵدا جارێك میتۆدی خوێندنیان دەگۆڕێ بەڵام دواتر گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ماوەکەی کەمتر بکرێت و ئێستا هەر پێنج ساڵ جارێك هەموو میتۆدەکانی خوێندنیان دەگۆڕن، زێدەباری ئەوەی کەلەهەموو قۆناغەکانی خوێندندا پەیڕەوی سیستەمی پسپۆڕێتی"تخصص" دەکەن، بۆ ئەم مەبەستەش پرۆگرامی خوێندنیان بەپێی تواناو کارامەیی قوتابی لە هەر قۆناغێکی خوێندندا داناوەو هەر قوتابییەك بەپێی تواناو ئارەزووەکانی خۆی دەخوێنێت، واتە ئەو وانانە دەخوێنێت کەحەزی لێیانە جگە لە زمانی کۆری، کە هەموو قوتابییەك هەر دەبێ بخوێنێت، تەنانەت ئەو هەموو قوتابییە بیانییانەی بۆ خوێندن دێنە ئەو وڵاتەش پێویستە ئەو زمانە بخوێنن، ئەوانی دیکە لەنێو چەندین وانەو بابەتدا چەند بابەتێك بۆ خوێندن هەڵدەبژێرن لەڕووی دانانی میتۆدەکەشەوە. لە کۆریای باشوور بە سێ ڕێگە میتۆدی خوێندن دادەنرێت، میتۆدێك لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتەوە دادەنرێت، کە دەکرێت

ئەنجوومەنی پارێزگەکانیش هەندێك بەشی خوێندنیان زیاد بکەن، میتۆدێکیش لەلایەن کۆمپانیاو کەرتی تایبەتەوە دادەنرێت کە وەزارەتی پەروەردە بۆیان دەستنیشان دەکات، میتۆدێکی دیکەش بەهاوبەشی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەو کۆمپانیاکانەوەی دادەنرێت.

ئەگەر ئەمە بەحاڵی خۆمان بەراوردی بکەین دەبینین ئەم بایەخە گەورەیەی کۆرییەکان بەمیتۆدێکی خوێندنی دەدەن لەلای ئێمە هەر نییە، ئەوە نییە 17 ساڵی ڕێکە لەدەست دوژمنان ڕزگارمان بووەو خۆمان وڵاتی خۆمان بەڕێوە دەبەین کەچی هێشتا زۆربەی میتۆدی قۆناغە جیاجیاکانی خوێندنمان بەزانکۆ کانیشەوە هی سەردەمی ڕژێمی بەعسە، کە ئەوکاتیش چەند ساڵێك بوو هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهێنرابوو. واتە پتر لە چارەکە سەدەیەکە قوتابیانمان هەمان میتۆد دەخوێنن، لەکاتێکدا ڕەوڕەوەی عیلم و مەعریفە لەم سەردەمەی پێشکەوتندا لەسەرانسەری جیهان لەخولانەوەیەکی زۆر خێرادایەو بەرەو پێشەوەتر دەڕوات. کەواتە هەر لەبنەڕەتدا میتۆدی خوێندنمان ناگۆڕێت تاکو بیر لەوە بکەینەوە ئاخۆ گۆڕانەکە لەلایەن پسپۆڕانی وەزارەتی پەروەردەو شارەزاو مامۆستایانی زانکۆوە بکرێت یان ئەو کارە بدەینە دەست کۆمپانیاکان؟!

لەبارەی پسپۆرایەتی لە خوێندنیشدا لای خۆمان لەپۆلی چوارەمی ئامادەییەوە دەست پێدەکات ئەویش بەشێوەیەکی زۆر بەرتەسك، تەنیا لەلایەنی زانستە مرۆییەکان و زانستە سروشتییەکانەوە قوتابی دابەش دەکرێن، بەواتایەکی دیکە لەم پۆلەوە قوتابی سەر پشك دەکرێت لەوەی بەشی وێژەی یان زانستی هەڵبژێرێت. کە لەقۆناغی ناوەندییەوە قوتابی ئێمە ناتوانێت ئەو جۆرە وانانە هەڵبژێرێت کە خۆی حەزی لێیانەو زۆرجار قوتابییەکی ناوەندی لەسەر مانەوەی وانەیەکی وەکو فیزیا یان کیمیا یان زیندەوەرزانی دووساڵی لێدەڕوات، کەچی دوای چەندین کۆشش کە دەگاتە قۆناغی ئامادەیی بەشی وێژەیی هەڵدەبژێرێت. خاڵێکی زۆرگرنگ کە جێی سەرنجە ئەوەیە کە لە کۆریای باشوور زۆر بایەخ بە وانەی مێژوو دەدرێت و لە میتۆدی

خوێندەنەکەیدا پێویستە تەنیا حکوومەت دایبنێت، نابێت کەسی دیکە دەست لە نووسینی مێژوو وەربدات، نەوەك بەپێی ئەو سەرچاوانە میتۆدەکە دابنرێت کەکاریگەری بەسەر مێژووی ئەو گەل و وڵاتەوە هەبێت، کەچی لای خۆمان ئەگەر تەنیا هەندێك پاشکۆ بۆ کتێبەکانی مێژوو زیاد کرابن، یان تەنیا چەند گۆڕانکارییەکی بچووکیشیان تێدا کرابن، ئەوە بەشێوەیەکی هەڕەمەکییانەیە بەبێ هیچ پلان و لێکۆڵینەوەیەك. میتۆدەکە بەپێی مەزاج و بیرو ڕاو حەزو ئارەزووەکانی پاشکۆیەکان و گۆڕانکارییەکانیان پێ ڕاسپێرراوە، واتە ئەو سەرپەرشتیارە یان پسپۆرە بێ هیچ گەڕانەوەیەك بۆ لایەنی بەرپرس و بێ هیچ چاودێری و تەنانەت بێ ئەوەی هیچ ڕێنمایییەکیشی پێ بدرێت، ئەو سەرچاوانەی بەکارهێناوە کەخۆی حەزی لێیەو دواتریش هیچ سەرپەرشتی و چاودێری بەدواداچوونێکی نەبووە. کەئەمەش مەسەلەیەکی مەترسیدارە. نەوەك ئەو پسپۆرە بەو میتۆدە هەندێك ناهەقی و زانیاری نادروستی مێژوویی بخاتە مێشکی قوتابیانمانەوە" بەئەنقەست بێت یان

**فەلسەفەی پەروەردەیی لە کۆماری کۆریای باشوور بەشداری پێکردنی قوتابییە لە پرۆسەی پەروەردەیی، واتە مامۆستا ڕێگە تەقلیدیەکەی " وتنەوەی وانە لەلایەن مامۆستاو گوێگرتن لەلایەن قوتابی" پەیڕەو ناکات،**

نائەنقەست" کە ڕەنگە خودی پسپۆر بەیەکێك لەو سەرچاوانە سەرسام بێت کە لەبنەڕەتدا بۆ شێواندنی مێژووی گەلەکەمان لەلایەن مێژوونووسانێکی دژ بە کوردەوە نووسراون. کە لەڕاستیدا نموونەی لەو جۆرەشمان زۆرەو زۆر بەداخەوە تاکو ئێستاش لە مێژووی هەندێك قوناغەکانی خوێندندا دەخوێنرێن بێ ئەوەی کەس خەمێکیان لێ بخوات ئەویش ڕێگەکانی خوێندنە.

*فەلسەفەی پەروەردەیی لە کۆماری کۆریای باشوور بەشداری پێکردنی قوتابییە لەپرۆسەی پەروەردەیی، واتە مامۆستا ڕێگە تەقلیدیەکەی " وتنەوەی وانە لەلایەن مامۆستاو گوێگرتن لەلایەن قوتابی" پەیڕەو ناکات، بەڵکو مامۆستا ڕۆڵی خۆی لە خولقاندنی کەشێکی گونجاو و یارمەتیدەر دەبینێت ،بەوەی کە قوتابی بەشێوەیەکی زۆر چالاك بێتە ناو پرۆسەکەوە لەجیاتی ئەوەی کە تەنیا دابنیشێت و گوێ لە مامۆستا ڕابگرێت. بەو پێیەی کە لەلای کۆرییەکانەوە قوتابی ناوەرۆکی پرۆسەی خوێندنە. بێگومان ئەمەش ئەو ڕاستییە لەمامۆستا دەخوازێت کە کەشێکی پڕ لەئازادی و دیموکراسی لەپۆلی خوێندندا بڕەخسێنێت تاکو یارمەتی قوتابی بدات لە هەموو گرێیەکی دەروونی و هەر جۆرە بێزارییەك ڕزگاری بێت، زێدەباری ئەوەی کە قوتابی بەم ڕێگەیە دەتوانێت کەسایەتییەکی بەهێز بۆ خۆی دروست بکات و گیانی خوێندن و کۆشش و توێژینەوەی زانستی و گەڕان بەدوای زانیاری لای قوتابی گەشەدەکات. ئەگەر سەرنجی ئەم خاڵە بدەین لای خۆمان هێشتا لە زۆربەی قوتابخانەکانماندا و لای زۆربەی مامۆستایانمان نەك هەر ڕێگەی وتنەوە(القاو) ی وانە پەیڕەو ناکرێت بەڵکو تەنیا ئەرکی ماڵەوە دەخرێتەوە سەر قوتابی و بۆ ڕۆژی دواتر لەناو پۆلدا تەنیا قوتابی دەیڵێتەوەو مامۆستا گوێ ڕادەگرێ، واتە قوتابییەکە دەبێتە وانەبێژو مامۆستاش گوێگر. ئەمەش جگە لەوەی قوتابی لەسەر بنەمایەکی زانستی فێری هیچ نابێت هانیشی دەدات پەنا بباتە بەر دەرخ و ئەزبەرکردن. سەرباری پەنابردنە بەر قۆپیەو فێڵکردن لە مامۆستا بۆ خۆدەربازکردن لەئەرکی ڕۆژانە.

لەڕووی کەش و هەوای ناو پۆلیشەوە قوتابی قوتابخانەکانمان نەك هەر لەکەشێکی ئازادانەو دیموکراسییانە بێبەشن، بەڵکو لەهەر قوتابخانەیەکی ئەم کوردستانە سەر بە هەر پۆلێکدا بکەیت لەگۆڕەپانی شەڕو جەنگ دەچێت، ئەمەش لەلایەکەوە خودی ئیدارەی قوتابخانەو مامۆستا لێی بەرپرسیارن کە ناتوانن بەشێوەیەکی ڕاست و زانستییانە مامەڵە لەگەڵ قوتابیدا بکەن، لەلایەکیشەوە لایەنی بەرپرسی پەروەردە دوو ئەوەندەی ئیدارەی قوتابخانە و مامۆستایان لەم بارەیەوە گوناهبارە، کە هەندێك بڕیاری وای دەرکردووە لەجیاتی ئەوەی ئەرك و مافی مامۆستا و قوتابی دیاری بکات و هەریەکێکیان مافی خۆی بدرێتێ، هاتووە مافەکانی مامۆستای لێ سەندووەتەوەو بە قوتابی دراوە، هەندێك ئەرکیش کە لەبنەڕەتدا هی قوتابین بەسەر مامۆستادا سەپێنراون. ئەمەش وای کردووە نە مامۆستا، نە قوتابی ئەرکی خۆی نەزانێت، ئەم مەسەلەیە لەشوێنی خۆیدا هەرلەم لێکۆڵینەوەیەدا باشتر باس دەکرێت.

*لەپرۆسەی پەروەردەو خوێندنی کۆریای باشووردا بایەخێکی یەکجار زۆر بەهۆکارەکانی فێر کردن( الوسائل التعليمية) دەدرێت بەتەقلیدی و نوێیەکانەوە. هەر لە بلاوکراوەی قەد دیوارەوە بگرە تاکو دەگاتە ئینتەرنێت و کۆمپیووتەر و شاشە ئەلیکترۆنییەکان"smart board". تاقیگەی زانستی و هۆکارەکانی ڕوونکردنەوەش لایەنێکی دیکەی بایەخ پێدراون لەقوتابخانەکانیاندا، کەچی ئێمە لە هەموو ئەمانەش بێبەشین، ڕەنگە ئەگەر ئامارێکی ڕاستمان لەبەردەست بوایە ئەوە کەمتر لە 2٪ قوتابخانەکانمان لەم هۆکارانەی فێربوون سوودمەند بن، کە لەوانەیە کەم کەس لە قوتابخانەکانماندا بتوانن ئامێری کۆمپیوتەر، یان چەند ئامرازێکی سادەی تاقیگەی زانستی بەکاربهێنن، بەڵام دڵنیام ئەوانیش ناتوانن وەکو پێویست سوودی لێوەربگرن، هەرهیچ نەبێت لەبەرنەبوونی کارەبا لەزۆربەی قوتابخانەکاندا، خۆ زۆر قوتابخانەش هەن، بەتایبەتی لەشارو شارۆچکەکانی دەرەوەی پارێزگەکاندا، هەندێك کەرستەی تاقیگەیان هەیە، بەڵام

بەهۆی نەبوونی ژووری تایبەت کە زۆربەی ئەو قوتابخانانە بە ناچاری و لەبەرنەبوونی شوێن ژووری تاقیگەیان کردووەتە پۆلی خوێندن. ئەوانیش لەتاقیگەی زانستی بێبەش بوونە.

*خاڵێکی دیکە کەجێگەی سەرنجە زۆر لە دایکان و باوکانی قوتابیان لەکۆریای باشوور، ئەوانەی لەبوارە زانستیەکان و ئەدەب و هونەرو وەرزشدا پسپۆرو شارەزان بەشێوەیەکی خۆبەخشانە بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی پەروەردە هاوکاری قوتابخانەکانیان دەکەن ئەویش بەشێوازو ڕێگەی جیاجیا، چ بەوانە وتنەوە بێت، یان ڕێکخستنی پەرتووکخانەو دەرکردنی بلاو کراوەی قەد دیوارو هاوکاری کردنی ئیدارەی قوتابخانەو مامۆستایان لەچارەسەرکردنی کێشەی قوتابیان، تەنانەت سەرپەرشتی کردنی قوتابیان لەکاتی دەرچوونیان لە قوتابخانە "من خۆم ئەو دیاردە جوانەم بینیوە کە لەکاتی دەرچوونی قوتابیان لە قوتابخانە، چەند کەسێکی خۆبەخش لەدەرەوەی قوتابخانە هاوکاری قوتابیان دەکەن کە بەشێوەیەکی لەسەرخۆ لە قوتابخانە دەربچن و سواری پاسەکانیان بن، بەو پێیەی زۆربەی زۆری قوتابخانەکانیان بە

**هەر قوتابخانەیەك خواردنگەیەکی تایبەت بە قوتابیانی تێدایە، کە ڕۆژانە خواردنی نیوەڕۆ دەدرێتە سەرجەم قوتابییەکانی هەرسێ قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی**

تایبەتیش لە سیئۆلی پایتەخت ژمارەیەکی زۆری قوتابیان هەن و لەکاتی تەواو بوونی دەوامدا قەرەباڵغییەکی زۆر لەسەر شەقامەکان دروست دەبێت و ئەگەر چەندکەسێك هاوکاری و سەرپەرشتیان نەکەن، ڕەنگە زۆرجار ڕووداوی هاتوچۆی لێ بکەوێتەوە، یان قوتابیان لەئەنجامی پاڵدان و کێبڕکێدا تووشی شەڕکردن لەگەڵ یەکدیدا بن" بەلام لێرە نەك هەر یارمەتی و هاوکاری قوتابخانەکان ناکەن، بەڵکو ئەگەر دایکێك یان باوکێك "بێگومان هەمووی نا"خاوەن پلەیەکی زانستی یان بڕوانامەیەکی هەندێك بەرز بێت ، بەڵکو ئەگەر دەوڵەمەندیش بێت ئەوە هەر بەعەیب و شۆرەیی دەزانێت، بچێت لەگەڵ مامۆستای منداڵەکەیدا دابنیشێت و تەنانەت پرسی منداڵەکانیشی بکات، خۆ ئەگەر باوکی قوتابیەکە بەرپرسێکی حزبی یان حکوومی بێت ئەوە تەنیا پاسەوانێکی بەسە بۆ ئەوەی لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا بینێرێتە ئیدارەی قوتابخانە تاکو چارەسەرێك بۆ منداڵە تەمبەڵەکەیان بدۆزنەوەو هەرچۆنێك بێت دەریبچوێنن و نەهێڵن ساڵێکی خوێندنی بڕوات. حاشا تاکو ئێستا نەمانبینیوەو نەمانیستووە هونەرمەندێك یان وەزرشوانێکی دایك و باوکی قوتابیان پێداویستییەکی هونەری یان تۆپێك بەدیاری بنێرێتە ئەو قوتابخانەی کە منداڵەکەی تێیدا قوتابییە.

## گرنگی زمان و کەلتور

یەکێك لەگرنگترین ئەو خاڵانەی کە کۆرییەکان لەچوارچێوەی پرۆسەی پەروەردەو خوێندندا زۆر بە بایەخەوە لەبەرچاویان گرتووە. زمان و کەلتوری کۆریایە. ئەوان زۆر جەخت لەسەر زمان و کەلتوری مێژوویی خۆیان دەکەنەوە، تا ئەو ڕادەیەی زمان و نووسینی خۆیان بە پیرۆز دەزانن، هەر بۆیەش لەهەموو قۆناغەکانی خوێندندا خوێندنی زمانی کۆری وانەیەکی سەرەکی سەپێنراوە، واتە لەهەموو پۆل و قۆناغەکانی خوێندندا پێویستە زمانی کۆری بخوێنرێت، کە جگە لەو وانەیە لەهەموو وانەکانی دیکەدا قوتابی دەتوانێت ئەو وانانە بۆ خوێندن هەڵبژێرێت کە حەزی لەخوێندنیان

هەیە، تەنانەت لەو قوتابخانانەی کە خوێندنیان تێدا بەزمانی ئینگلیزییە وانەی زمانی کۆری هەر دەبێ بخوێنرێت. لەهەموو زانکۆکانی ئەم وڵاتەدا کۆلێژی زمان و کەلتوری کۆری هەیەو لەدەیان وڵاتی دیکەی جیهانەوە قوتابی وەردەگرن و فێری زمان و کەلتوری کۆرییان دەکەن. لەهەموو میتۆدەکانی خوێندنیشدا خۆشەویستی قوتابیان بۆ زمان و کەلتوری خۆیان ڕادەکێشن، هەر شوێنێکی وڵاتی کۆریای باشوور بگەڕێین خەڵکی شانازی بەزمان و کەلتوری خۆیانەوە دەکەن، تا ئەو ڕادەیەی حەز دەکەن شارەزایی لەزمان و کەلتوری گەلانی بیانیش پەیدا بکەن، زۆر حەز دەکەن خەڵکی بیانی باسی زمان و کەلتوری خۆیانیان بۆ بکەن، حەزیش دەکەن خەڵکی لە ڕێگەی زمان و کەلتورەوە بناسن نەك لەڕێگەی سیاسەتەوە. کە خەڵکی بیانی باسی سیاسەتیان بۆ بکات ئامادە نین دوو دەقیقە گوێیان لێبگرن، بەڵام ئامادەن دوو کاتژمێر گوێ بۆ خەڵکێکی بیانی شل بکەن ئەگەر باسی زمان و کەلتوری خۆیانیان بۆ بکەن.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئێمە لەچوارچێوەی پرۆسەی پەروەردەو خوێندندا چیمان بۆ زمان و کەلتوری کوردی کردووە. ئەو زمان و کەلتورەی سەدان ساڵە دوژمنان و ناحەزان بەهەموو ڕێگەو شێوەیەك هەوڵی لەناوبردن و شێواندنیان دەدەن، کەچی دوای هێندە ساڵ ئازادی هێشتا نەمانتوانیوە ئەو ڕاستییە بخەینە مێشکی قوتابیان و منداڵانمانەوە کە کوردیش خاوەن زمانێکی ڕەسەن و کەلتورێکی دەوڵەمەندە، هێشتا نەمانتوانیوە لەقۆناغەکانی خوێندندا زمان و کەلتوری خۆمان بکەینە وانەیەکی سەرەکی و بایەخ پێدراو . ئەرێ کامان لەبیرمان ماوە کە کەلتورمان ناسنامەمانەو پێویستە هەر لەقۆناعی سەرەتاییەوە قوتابخانە منداڵەکانمان فێر بکات کە کەلتوری ڕەسەنی کوردایەتی بپارێزن. بۆ نموونە ئەگەر تەنیا لەڕووی جلوبەرگەوە ئامارێك بکرێ، ئەو ڕاستیە ڕوون دەبێتەوە کە 1٪ نەوەی نوێمان جلوبەرگی کوردی ناپۆشن و هەر لەبنەڕەتدا خۆشەویستیان بۆ شەلوارو چۆغەی کوردی نەماوە، کەچی لە

کۆریا بەشێکی تەواوی خوێندنیان بۆ ئەوە تەرخانکراوە کە خۆشەویستی جلوبەرگ و کەلتوری کۆنی باوپیرانیان لای قوتابیانیان بەهێز بکەن و شانازی پێوە بکەن، تەنانەت خواردنە کۆنەکانیشیان، کە تاوەکو ئێستاش خواردنی پلە یەکی کۆرییەکان "کیمچی"یە، ئەو خواردنە کۆنەی کە سەرجەم کۆرییەکان شانازی پێوە دەکەن و ئێستا ئەو قسەیە باوە هەر کەسێ کیمچی نەناسێت، کۆریا ناناسێت.

## زمانی بیانی

هەموو ئەوەی باسمان کرد واتای ئەوە نادات کە ئێمە دژی زمان و کەلتورە بیانییەکانین و گرنگی ئەو زمانانە لەبەرچاو ناگرین، تەنیا مەبەستمان ئەوەیە زمانە بیانییەکان جێی زمانی خۆمان نەگرنەوەو کەلتوری خۆمان بەقوربانی کەلتوری بیانی بکەن. کە ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر خەتەرناکە، تاوانێکە دەرهەق بەمێژوو و ئایندەی گەلێکی ستەمدیدە کە پتر لەهەموو شتێك پێویستی بەپاراستنی ناسنامەی خۆی هەیە کە زمان و کەلتور دوو توخمی سەرەکی ئەو ناسنامەن.

لەکۆریای باشوور دوای زمانی خۆیان ئینجا بایەخێکی زۆر باشیش بەزمانە بیانییەکان دەدەن، بەتایبەتیش زمانە زانستییەکان، ئینجا زمانی ئەو میللەت و نەتەوانەی کە دراوسێیانن و پێوەندی نزیکیان لەگەڵ یەکدیدا هەیە، بۆیە دەبینین لەسەرانسەری کۆریای باشوور زۆر بایەخ بەزمانی ئینگلیزی دەدرێت وەك زمانێکی نێودەوڵەتی کە زمانی زانست و تەکنەلۆژیایە. ئینجا زمانی چینی و ژاپۆنی بە پلەی دووەم کە دوو میللەتی دراوسێیانن و بەردەوام پێوەندییان بە یەکدییەوە هەیە، بەچاوپۆشین لەوەی کە پێشتر ئەمانە دوژمنیان بوونەو وڵاتیشیان داگیر کردوون و ڕەنگە تاوەکو ئێستاش ئەو هەستیاریەیان لەنێواندا مابێت. لەسەرجەم قوتابخانەکانی کۆریادا زمانی ئینگلیزی وەك وانەیەکی سەرەکی حسێبی بۆ دەکرێت و هۆشیاری ئەوەش لای خەڵکی باوە کە منداڵەکانیان بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی هان بدەن و هەر لەو پێناوەدا دایکان و باوکان پارەیەکی زۆر لەخوێندنی منداڵەکانیاندا خەرج

دەکەن و زۆریشیان منداڵەکانیان بەپارە دەنێرنە ئەو قوتابخانانەی لەم وڵاتەدا خوێندنیان بەزمانی ئینگلیزییە یان ئەوانەی تایبەتن بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی، هەر بۆ نموونە لە سیئۆلی پایتەخت دامەزراوێکی پەروەردەیی گەشتیاری هەیە کە ناوی گوندی ئینگلیزی "English village"ە کە خوێندنی تێدا بەزمانی ئینگلیزییە خەڵکێکی زۆر بەرانبەر پارەیەکی زۆر منداڵەکانیان دەنێرنە ئەو دامەزراوە، بەڵکو لەم وڵاتەدا زۆر قوتابخانەی تایبەت بەزمانی ئینگلیزی هەن کە هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە قوتابی فێری زمانی ئینگلیزی دەبێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە زۆربەی کۆرییەکانی نەوەکانی پێشوو کە هێشتا دەژین زمانی ئینگلیزی نازانن، چونکە پێشتر بایەخی ئەم زمانەیان نەدەزانی و هێشتا کۆریا ئەم رێنسانسەی پێشکەوتنی بەخۆوە نەبینی بوو، بەڵام وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئەمەش وای نەکردووە زمانی باوباپیران بایەخی خۆی لەدەست بدات، هەر دەبێت قوتابی زمانی خۆی بخوێنێت. لەهەموو قوتابخانەکانی کۆریادا دوای زمانی کۆری کە هەروەك باسمان کرد خوێندنی سەپێنراوە، قوتابی لەنێوان هەردوو زمانی ئینگلیزی و چینیدا دەتوانێت یەکێکیان بۆ خوێندن هەڵبژێرێت. تەنانەت لەهەندێك قوتابخانەکانی ئەم وڵاتەدا خوێندنی زمانی عەرەبیش هەیە، هەرچەندە هەروەك کارمەندو مامۆستایانی بواری پەروەردەیی ئەو وڵاتە پێیان گوتین، هێشتا لە هیچ قوتابخانەیەکی کۆریادا زمانی عەرەبی نەخوێنراوە، چونکە هێشتا ئەو دیدە لای خەڵك پەیدا نەبووە کە پێویستە زمانی عەرەبی و گرنگییەکەی بزانن. بۆیە جارێك قوتابی ئەو زمانە بۆ خوێندن هەڵینابژێرێت، هەرچی لای خۆمانە تا دێت خوێندنی زمانی ئینگلیزی ئاسانترو بێ کەڵك تر دەکەین، قوتابیانمان نەك هەر لەقۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەییدا هیچ شارەزاییەك لەزمانی ئینگلیزی پەیدا ناکەن، تەنانەت لە زانکۆ و بەش و کۆلێژەکانی تایبەت بەو زمانەش قوتابی دوای چوار ساڵ خوێندن ناتوانێت بەشێوەیەکی پاراو بەزمان قسە بکات، زیرەکترین دەرچووی زمانی ئینگلیزیمان ناتوانێت دوو دێر

زمانی ئینگلیزی بێ هەڵە بە ئیملایەکی ڕاست بنووسێت. هەروەك کورد گۆتەنی هیچ قوتابییەکی ئینگلیزیمان ناتوانێت "کەری خۆی لە قوڕ دەربهێنێت". تەنانەت ئەوانەی کۆلێژەکانی پزیشکی و ئەندازیاریش تەواو دەکەن کە بە حساب خوێندنیان بەزمانی ئینگلیزییە لەزانینی ئەو زمانەدا سەقەتن، مەگەر دوای تەواوکردنی خوێندنی کۆلێژ یان بە بەشداریکردن لەچەند خولێکی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بتوانن هەندێك شارەزایی لەو زمانەدا پەیدا بکەن. سەبارەت بە زمانانی دیکەش هەموو حکوومەت و هەموو لایەنەبەرپرسەکانی پەروەردە لە ڕێگەی مەزاج و بیرکردنەوەی چەند نووسەرو ڕۆشنبیرێکەوە دەڕواننە زمانەکانی دیکەی وەکو زمانی عەرەبی کە زۆرترین پێوەندی بە ئێمەوە هەیەو پێویستە ئەوپەڕی بایەخی پێ بدەین، کەچی ئەوان لە ڕوانگەیەکی دیکەوە دژایەتی و ڕق و قینیان و لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە هەڵمەتێکیان دەست پێکردووە بۆ لەکەدارکردن و کەمکردنەوە لە بایەخی فێربوونی زمانی عەرەبی و بەکردەنیش تاڕادەیەکی زۆر توانیویانە لەو هەوڵەیاندا سەرکەوتوو بن و کار لە لایەنە بەرپرسەکانی پەروەردە بکەن و بۆچوونی خۆیان بەسەر کارەکانی ئەواندا بسەپێنن، هەروەها توانیویانە لەم هەوڵەیاندا بۆچوونی خەڵکیش بە ئاراستەی زمانی عەرەبیدا بگۆڕن، کە لە ڕاستیدا ئەوە هەرگیز بۆچوونێکی زانستییانەو ژیرانە نییە، ئەگەر داگیرکارو دوژمنە دڕندەکانی ئێمە بەزمانی عەرەبیش ئێمەیان ئەنفال و کیمیاباران کردبێت هیچ پاساوێکی ڕەوا بۆ ئەوە نییە کە ئێمە دژایەتیکردنی ئەو زمانە ڕابگەیەنین و نەوەکانمان لەفێربوون و بەلای کەمەوە پەیداکردنی ئاشنایەتییەك لەگەڵیدا بێ بەش بکەین کە زمان هیچ کاتێك پێوەندییەکی بەکارو کردەوەی ئەو کەسانەوە نییە کە قسەی پێدەکەن. لەهەموو ئەمانەش سەیرتر ئەوانەی ئەم ئەرکەیان پێ سپێرراوە پاساوی ئەوەیان بەدەستەوەیە کە بانگەواز بۆ بایەخدان بەزمانی ئینگلیزی دەکەن، لەکاتێکدا لەو بوارەشدا هیچ هەنگاوێکیان نەهاویشتووە کە لە ڕاستیدا کەس لاری لەوە نییە کە دەبێت بایەخی یەکەمی ئێمە وەکو

هەموو جیهان زمانی ئینگلیزی بێت، ئینجا بە پلەی دووەم زمانی عەرەبی دێت وەك گرنگترین زمان بۆ ئێمەی کورد کە ئەوپەڕی پێویستیمان پێیەتی.

## کەسایەتی مامۆستا

کۆرییەکان بەگشتی زۆر ڕێز لەپیشەی مامۆستا دەگرن، تا ئەو ڕادەیەی کە هەر خێزانێکی کۆری ئومێدخوازە بەلای کەمەوە ئەندامێکیماڵەوەی ببێتە خاوەن ئەم پیشەیە، لەکاتی شەڕو جەنگدا مامۆستا لەخزمەتی سەربازی دەبەخشرێت. یان مامۆستا ماوەیەکی زۆر کەم وەك ئەفسەر لە سوپادا خزمەت دەکات، چونکە پێیان وایە ئەگەر سەرباز لەسەنگەری شەڕدا بەرگری لە گەل و وڵات بکات، ئەوە مامۆستاش لە سەنگەری زانست و مەعریفەدا نەوەیەك بۆ دواڕۆژی ئەو گەل و وڵاتە پێدەگەیەنێت. لەکەلتوری کۆریدا زۆر قسەی نەستەق و نموونە لەسەر مامۆستا هەن کە گرنگی ڕۆڵی مامۆستاو ڕێزو بەهای پیشەکەی دەردەخەن وەك ئەوەی دەڵێت: "ئێمە پێ لەسێبەری مامۆستا نانێین" بەمانایەکی دیکە نەك هەر مامۆستا، بەڵکو سێبەرەکەشی ڕێزو پیرۆزی خۆی هەیەو نابێ پێ لەسەر ئەو سێبەرەش دابنێیت، هەروەها قسەیەکی دیکەی کۆنی کۆرییەکان لەبارەی مامۆستاوە دەڵێت: "مامۆستا پاشایە" واتە لەڕێزو پلەو پایەی کۆمەڵایەتیدا مامۆستا هاوتاو هاوشانی پاشایە، لەکاتێکدا کە کۆرییەکان بەوە ناسراون کە پاشاکانیان زۆر خۆش دەوێت و زۆریش ڕێزیان لێدەگرن، بە بەڵگەی ئەوەی ئەو شایانەی بەر لەسەدان ساڵ حوکمی ئەو وڵاتەیان کردووە هێشتا شوێن و ناوو کەلتوریان بەپیرۆزی لای کۆرییەکان پارێزراوەو تاکو ئەمڕۆش دایکان و باوکان منداڵەکانیان بەناوی ئەو پاشایانەوە ناو دەنێن وەك دەربڕینێك بۆ شانازی پێکردنی ئەوان بە شاکانیانەوە، هەروەها کۆرییەکان لەزۆر قسەی دیکەدا مامۆستا بە دایك و باوکی قوتابی وەسف دەکەن. هەر بۆیەش لایەنە پەیوەندیدارەکانی بواری پەروەردە لەم ڕوانگەیەوە پلانیان بۆ پاراستنی ڕێزو کەسایەتی مامۆستا لە قوتابخانەو لەناو کۆمەڵدا داڕشتووە، یەکەم هەنگاویشیان لەم بارەیەوە بەوە دەست پێکردووە کە ژیان و

گـــوزەرانێكی باشـــیان بـــۆ مامۆســـتا دابینكـــردووە بـــەوەی كـــە مووچـــەیەكی بەرزیان بۆ بڕیوەتەوە بەشێوەیەك كە بـــۆ هـــەموو مامۆســـتایەك بـــژێوی ژیـــان بەشێوەیەكی زۆر باش دەستەبەر بكات، هەرچـــەندە مووچـــەكە بـــەپێی ســـاڵانی خزمـــەتكردن لـــەنێوان مامۆســـتایەك و یەكێكی دیكەدا جیاوازە، بەڵام كەمترین مووچەی مامۆستا كە تازە دامەزرابێت لە 2000 وەنی كۆری كەمتر نییە كـە دەكاتـــــە نزیكـــــەی 2100 دۆلاری ئەمەریكی، بەپێی بازاڕی كۆریاو نرخـی كەلوپەل و كەرستە خۆراكییەكانی بـازاڕ ئەم مامۆستایە بەم مووچەیە دەتوانێـت بەوپـــەڕی خۆشـــگوزەرانییەوە بـــژێت و ئەوانەی كە ســاڵانی خزمەتیـشیان زۆرە پارەیەكی زۆرتر وەردەگرن.

كـــە مووچـــەی هەنـــدێكیان دەگاتـــە 4000-5000 دۆلاری ئەمـــــەریكی تەنانەت مامۆســتای خانەنـشینكراویش مووچەیەكی بەرزی هەیە، ئەمـــەش وای كـــردووە كـــە لـــەناو كۆمـــەڵی كۆریـــادا بەچاوێكی بەرز سەیری مامۆستا بكرێت و خاوەن كەسایەتییەكی بەرز بێت، جیـا لەوەی كە كۆرییەكان بەهۆشیاری خۆیـان دەرك بـــە ڕۆڵـــی كاریگـــەری مامۆســـتا دەكەن. ئەوەش ڕێزی مامۆستای زیاتر كـــردووە. ئینجـــا هـــەر ئەمـــەش وای كردووە كە دایكان و باوكانی قوتابییـان هەردەم یارمەتیدەری مامۆســتا بـن و ڕێنمایی منداڵە قوتابییەكانیان بكـەن بۆ ڕێزگرتن و پاراســتنی پلــەو پایــەی مامۆستا لەناو قوتابخانەدا.

سەرەڕای هـــەموو ئەمانـــە وەزارەتـــی پەروەردە زۆر جەخت لەسەر پاراستنی كەسایەتی مامۆستا دەكاتەوەو یاسای سزادانی قوتابیانی داناوە، بۆ ئەوانەی لـــەناو قوتابخانـــەدا سەرپێـــچی یاســـاو ڕێساكانی قوتابخانە دەكـەن، یـان بـێ حورمەتی بەرانبەر ئیدارەی قوتابخانەو مامۆستایان دەكەن كە قورسترین ئــەو ســـزایانە دەركردنـــی قوتابییـــە لـــە قوتابخانـــــە، ئەگـــــەر دوای چـــەند ئاگاداركردنەوەیـــەك دەســـتی لـــە سەرپێچییەكان هەڵنـەگرت، تەنانـەت هەنـدێك جـار مامۆســتا دەتوانێـت بەشـێوەیەك لـە شـێوەكان لـەقوتابی بـدات، هـەر هـیچ نـەبێت مامۆسـتا دەتوانێـــت بـــە بردنـــە ژوورەوەی دار ترسـێك بخاتـە دڵـی قوتابییـە ئـاژاوە گێڕەكـــان كـــە لـــە زۆربـــەی پـــۆل و ژوورەكانی خوێندنی ئەو قوتابخانانـەی

سەردانمان کردن دارێك لەسەر مێزی مامۆستا دەبینرا. بەقسەی مامۆستایانی کۆریا ئەوانەی پرسیارمان لێکردن. سەبارەت بە بەدواداچوون و چارەسەرکردنی کێشەی قوتابییە ئاژاوەگێڕەکان، ئەوان بە زۆری بۆ ئەو مەبەستە ئاگاداری دایك و باوکیان دەکەنەوە. کە پێویستە سەردانی قوتابخانە بکەن و سنوورێك بۆ منداڵەکانیان دابنێن و بەڵێننامەیەك ئیمزا بکەن هەر کاتێك منداڵە قوتابییەکەیان هەڵەکان دووبارە بکاتەوە ئەوە بەسزای دەرکردن لە قوتابخانە ڕازی دەبن. مامۆستایانی ئەم وڵاتە پێیان وابوو بانگهێشت کردنی دایك و باوك بۆ قوتابخانە خۆی لە خۆیدا گەورەترین سزایە بۆ قوتابی لاسار، چونکە ئەگەر دایك یان باوکی قوتابی لەسەر هەڵەیەکی منداڵەکەیان بانگهێشت کرا قوتابخانە ئەوە مایەی شەرمەزارییە بۆ قوتابییەکە، کە لەناو قوتابییە هاوڕێیەکانیدا بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە، بۆیە قوتابییە ئاژاوە گێڕەکانیش زۆر حسێب بۆ ئەم سزایە دەکەن و کەم جار خۆیان تووشی دەکەن. ئیدی پشتگیریکردنی مامۆستاو یارمەتیدانی کارێکە هیچ قسەو باسی لەسەر نەماوە. کارێکە هەموو کۆرییەك بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت و بەکردەنی مامۆستا وەك دایك وباوك سەیر دەکرێت. لەلایەکی دیکەوە بێجگە لەلایەنی بژێوی لەلایەنی کارکردنیشەوە حکوومەت هاوکاری مامۆستایە. لە ڕێگەی کەمکردنەوەی "پشك"ی هەفتانە. واتە ژمارەی ئەو وانانەی کە لە هەفتەیەکدا دەیڵێتەوە، هەروەها کەمکردنەوەی ژمارەی قوتابیانی هەر پۆلێك، هەمدیس لەم ساڵانەی دواییدا لە جیاتی 65 ساڵی تەمەنی 62 ساڵی کراوە بەتەمەنی خانەنشینکردن.

زێدەباری ئەوەی لەلایەنی پیشەیشەوە بەردەوام پەرە بە تواناکانی مامۆستا دەدرێت لە ڕێگەی بەشداری پێکردنی لە خولی مەشق و ڕاهێناندا، چ لە ناوەوەی وڵات یان لە وڵاتانی دیکەی بیانیدا. ئەوەی جێی سەرنجە زۆرینەی کارمەندانی بواری پەروەردە لە ئافرەتان پێکدێن کە پتر لە 70٪ی کارمەندانی ئەم بوارە ئافرەتن. کاتێك مرۆڤ ئەم بارودۆخە لە وڵاتێکی وەکو کۆماری کۆریای باشوور دەبینێت و

لەو پلەو پایەی مامۆستا ڕادەمێنێت کە لەم وڵاتەدا هەیەتی، بەزەیی بە مامۆستاکانی کوردستاندا دێتەوە. کە لە هیچ بوارێکەوە ڕەچاوی هیچ خاڵێك لەوانە نەکراوە کە لە باسکردنی کەسایەتی مامۆستای کۆریادا ئاماژەمان پێکردن. لە وڵاتی ئێمەدا بە پێچەوانەی کۆریا مامۆستا خاوەن دوایین پلەو پایەی کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵدا کە بە داخەوە کەسایەتی مامۆستا زۆر سووك کراوە، بێگومان ئەویش بۆ بێ پلانی لایەنی بەرپرسی حکوومەت دەگەڕێتەوە، کە هیچ یەکێك لەو فاکتەرانە ڕەچاو نەکراون کە کەسایەتی مامۆستا پارێزراوبێت. نەك هەر مامۆستا دەسەڵاتی ئەوەی نەماوە کە لەسەر گەورەترین سەرپێچی سووکترین سزای قوتابی بدات، بەڵکو قوتابی دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی سزای مامۆستا بدات و چەندین نموونەی زیندووم لەبەردەستدان کە مامۆستا هەیە لە قوتابخانەکەی گوێزراوەتەوە یان هەر فەسڵ کراوە, بەڵکو وا ڕوویداوە لایەنی بەرپرسی پەروەردە لەسەر قوتابی مامۆستای لەبەندیخانە زیندانی کردووە، بۆ هەموو ئەم قسانەم نموونەی ڕاستەقینەم لە بەردەستدایە. کە دەتوانم ناو و قوتابخانەی ئەو مامۆستایانە دەستنیشان بکەم، "کە مامۆستایان تێدا ڕووبەڕووی ئەم سووکایەتی پێکردنانە بووەتەوە".

ئیدی نازانم لە بارودۆخێکی وادا مامۆستای بەستەزمان چۆن دەتوانێت خاوەن کەسایەتی خۆی بێت و درێژە بەپرۆسەی مەعریفی بدات؟ چۆن دەتوانێت ئەو قوتابییە فێری شتێك بکات کە خۆی نایەوێت فێری بێت؟ چۆن ئەو قوتابییە ملکەچ و گوێڕایەڵی مامۆستا دەبێت و شتێکی لێوە فێر دەبێت کە وا هەست دەکات دەسەڵاتی لە مامۆستا گەورەترە، خۆی بەبرا گەورەو مامۆستا بەبرا بچووك بزانێت، لەلایەنی بژێویشەوە هەموومان دەبینین چۆن سالآنە قەیرانی کەمی مامۆستایە، کە زۆربەی دەرچووانی کۆلێژەکان ئامادەنین خۆیان بە مامۆستا دابمەزرێنن، بەو پێیەی هەر کارێکی دیکە بکەن دەتوانن بژێوێکی باشتر لە بژێوی مامۆستایەتی پەیدا بکەن.

بنکەی تەندروستیش چارەسەری قوتابی ناکات، کە بەڕاستی ناخۆشە

چــــونکە بـــەو ســــەختەکارییەی زۆر لەقوتابیان بەشـیوەیەکی گـشتی دیـدی بنکە تەندروستییەکان بۆ چارەسەرکردنی قوتابیـــان گـــۆڕاوەو هـــەر ئەوەندەیـــە کارمەندی بنکەی تەندروستی نووسراوی چارەســـــەری قوتابخانـــــە ببینێـــــت، بەساختەکاری دەزانێـت و چارەسـەرێکی باشی بۆناکات، کە ڕەنگـە زۆر جـاریش بۆ لەکۆڵ خۆکردنەوە چەند دانە حەبێکی بداتێ،، جگە لەمەش لەبەرچاونەکرتنی حاڵـەتی نەخۆشـی هەنـدێك قوتـابیش کێـــشەیەکی دیکـــەی ڕاســـتەقینەی قوتابخانەکانمانـە کـە زۆر جـار قوتـابی نەخۆش هەیە بەڵام لەبـەر ئـەوەی هـیچ فایلێکی تایبەت بە بـواری تەندروسـتی نییە ئیـدارەو مامۆسـتایانیش لەلایـەن کەس وکاری قوتابییە نەخۆشەکەوە لـەو حاڵەتـە ئاگـادار ناکرێنـەوە، مامۆسـتا ڕەچـاوی ئـەوە ناکـات و وەکـو هـەر قوتابییـــەکی دیکـــە مامەڵـــە لەگـــەڵ قوتابییە نەخۆشەکەدا دەکـات، کـە زۆر جار ئەمـەش کێـشەی لێکەوتووەتـەوەو لەم بارەیەوە چەند ڕووداوێکـی نـاخۆش ڕوویـــان داوە کـــە جـــاری وا هـــەبووە گوێچکەی قوتابی کێـشەی تەندروسـتی هـــەبووە بـــەڵام مامۆســـتا نـــەیزانیوەو لەکاتی سزادانی قوتابیـدا گوێـچکەی ڕاکێـــشاوە یـــان لێیـــداوەو گرفتـــە تەندروســـتییەکەی ئـــاڵۆوزتر کـــردووە. بێگومـــان لێـــدان و ســـزادانی قوتـــابی بەپێی بڕیـارێکی وەزارەتـی پـەروەردە بەشـێوەیەکی فـەرمی قەدەغـەکراوە، بەڵام ئێمە باس لەواقیع دەکەین، "کە هێـــشتا لەهـــەموو قوتابخانـــەکانی کوردســـتاندا بەبنـــەڕەتی و تەنانـــەت ئامادەییەکانیشەوە سـزادان و لێـدانی قوتـابی بەردەوامـە" بـەو هیوایـەی وەزارەتــــی پــــەروەردە لــــە ڕووی تەندروســـتی قوتابیانـــەوە پـــلان و بەرنامەیـــەکی تایبـــەت دابنێـــت و لەمەودا ئەم لایەنەش بەجـددی لەبـەر چاو بگیرێت، نەخاسمەش کە زۆرینـەی قوتابخانـــەکانمان لـــەڕووی ئـــاوی خواردنـەوەو (WC) یەکانـەوە کـەم وکوڕی زۆریان هەیە.

### ئەنجوومەنی دایکان و باوکان

لایـــەنێکی زۆرگرنگـــی پرۆســـەی پـــەروەردەو خوێنـــدن کـــە لەلایـــەن قوتابخانەکانی ئێمەوە فەرامۆشکراوە و تەنیا وەك شتێکی ڕەمـزی و کـارێکی

هەڕەمەکییانە باوی ماوە، پێکهێنانی ئەنجوومەنی دایکان و باوکانی قوتابیانە لەقوتابخانەکاندا، کە دڵنیام دامەزراندنی ئەم ئەنجوومەنەی لە زۆرینەی قوتابخانەکانی کوردستاندا نەشماوە، چونکە خودی ئەو یەك دووکۆبوونەوەی دایکان و باوکانەش کە ساڵانە لە هەندێك قوتابخانە ئەنجام دەدرێن، هەر بەشیوەیەکی هەڕەمەکی و بێ بایەخانە بەڕێوە دەبرڕێن، بێ ئەوەی بایەخیان لەبەرچاو بگیرێت، کە لە کۆریای باشوور بەپێچەوانەی ئێمەوە زۆر بەبایەخەوە ڕەچاوی ئەم لایەنە دەکرێت، لەهەر قوتابخانەیەکدا ئەنجوومەنێکی دایکان و باوکان لە ئیدارەی قوتابخانەو دایك و باوکی قوتابییان پێك دەهێنرێت و بەجددی کارو پلانی خۆیان دادەڕێژن و بەردەوام کۆبوونەوەی خۆیان هەیە لەسەر پرس و کێشە و چارەسەریەکانی تایبەت بەقوتابیان ڕاپرس و گفتوگۆ دەکەن، تەنانەت لە مانگەکانی پشووی فەرمیشدا ئەم ئەنجوومەنە هیچ دابرانێکی لەگەڵ ئیدارەی قوتابخانەدا نابێت و بەردەوام لەکاتە دیاریکراوەکانی خۆیاندا کۆبوونەوەیان هەیە، ئەمەش کار ئاسانییەکی زۆری بۆ ئیدارەی

**لەکۆریای باشوور ناوی هەر قوتابخانەیەك بەڕووداوێکی مێژوویی ئەو وڵاتە یان نیشانەیەکی شارستانی ئەو گەلەوە بەستراوەتەوە. بەهیچ شێوەیەك وێنەی سیاسەتمەدارێك لە قوتابخانەکانیاندا، لە ژوورێکی خوێندن یان لە ئیدارەدا هەڵناواسن**

قوتابخانەكان ڕەخساندووە لە ڕووی دەستنیشانكردنی كێشەو گرفتەكانی قوتابیان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو وتەنانەت ئەنجوومەنی دایكان و باوكان زۆرجار ڕای تایبەتی و بەشداری لەدانانی هەندێك مێتودی خوێندن هەیە ، هەر قوتابخانەیەكیش بەهاوكاری ئەو ئەنجوومەنە، كۆبوونەوەی دایكان و باوكان ساز دەكەن، ئیدی پێوەندییەكی تەواو لەنێوان ئیدارەی قوتابخانەو دایك و باوكانی قوتابیاندا هەیەو هەر دایكێك یان باوكێك لەلایەن ئیدارەی قوتابخانەوە سەبارەت بە هەر پرسێكی تایبەت بەمنداڵەكەیان ئاگاداركرایەوە پێویستە بەزووترین كات ئیدارەی قوتابخانە بەسەر بكاتەوە كە ئەو دایك و باوكانە لەهەر كارێكی لاساری منداڵەكەیان بەرپرسن، كەسەرەتا بەئاگاداركردنەوەی دایك و باوك قوتابی سزادەدرێت و بەڵێننامەیان پێ ئیمزا دەكرێت تاكو لەكاتی دووبارە كردنەوەدا خۆیان ئاگادارو لەهەرسزایەكی دەركردن یان گواستنەوەی قوتابی لاسار لەقوتابخانەكەیاندا بەرپرسن .

ئەگەر لەپرۆسەی پەرووەردەییماندا بۆ ئەم پرسە بگەڕێینەوە ئەوە لێرەشدا درێغییەكە ناخەمە ئەستۆی وەزارەتی پەروەردەو سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی كە لەبنەڕەتدا لە یاساو بڕیارەكانی وەزارەتدا ئەم هەموو ڕێ و شوێنانە بەئیدارەی قوتابخانەكان ڕاسپێرراون، كە دڵنیام ئەگەر ئیدارەی قوتابخانەكانیش تا ڕادەیەك لەو بارەیەوە كەمتەرخەم بن، گوناهی تەواویان لە ئەستۆ نییە، بەڵكو لەم بارەیەوە دایك و باوك و كۆمەڵ كەمتەرخەمی یەكەمن، كە زۆر بەداخەوە هێشتا نەگەیشتوونەتە ئاستێكی هۆشیاری وا كە خۆیان ڕەچاوی بەرژەوەندی قوتابییەكانیان بكەن ئاخر كاتێك ئیدارەی هەر قوتابخانەیەك داوای سازدانی كۆبوونەوەیەكی دایكان و باوكان دەكات، هێشتا لەیەكێك لەو كۆبوونەوانەدا لە 30٪ی دایك و باوكان ئامادە نەبوونە ئەوانەی ئامادەش دەبن زۆربەیان نازانن بۆچی هاتوون تەنیا وا دەزانن بۆ ئەوە هاتوون گوێیان لەخوێندنەوەی ناوی منداڵەكانیان بێت كە لەگەڵ قوتابییە زیرەكەكاندا ناویان دەخوێنرێتەوە یان لەگەڵ قوتابییە تەمبەڵەكاندا ڕیزبەند

کراون، کە زۆر لە دایکان و باوکان هەر لەبنەڕەتدا لەئاست منداڵە قوتابییەکانیان هێندە کەمتەرخەم و بێباکن، نازانن منداڵەکەیان لە چ قۆناغ و چ پۆلێکی خوێندندا قوتابین، ئەمەش پێویستی بەکۆشش و خەمێکی هەمەلایەنە هەیە.

## دوو سەرنجی جوان و پێویست

لەپرۆسەی پەروەردەو خوێندنی کۆریای باشووردا دوو شتی زۆر جوان سەرنجیان ڕاکێشام، کە لەسەر بنەمایەکی زانستی لە قوتابخانەکانیاندا ڕەچاویان دەکرد، خۆشیان دان بەوەدا دنێن، کە ئەو دوو هەنگاوە سوودی تایبەتی خۆیان هەیە.

یەکەمیان: لەهەموو قوتابخانەیەکی کۆریای باشووردا پەیڕەوی سستەمی خەلاتکردنی قوتابییە زیرەك و بەهرەمەندەکان دەکرێت چ ڕاستەوخۆ لەلایەن ئیدارەی قوتابخانەوە یان لەلایەن وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارو بەرپرسەکانی پەروەردەو خوێندنەوە، بەڵێ ئەو قوتابییانەی کە زیرەکن و بەهرەو داهێنانی نوێ ئەنجام دەدەنن بەخەلاتی باش و شیاو پاداشت دەکرێن، تاکو ببێتە هاندەرێك بۆ بەردەوامبوونیان و زیاتر هەوڵدان بۆ بەهرەنواندن، هەروەها بۆ هاوپۆلەکانیشان هاندەرێکە کە چاو لەوان بکەن، ئیدی بەشێوەیەکی گشتی مەبەستی سەرەکی لەپەیڕەوکردنی ئەم هەنگاوە گرو تین دانە بەگیانی ململانێ لەنێوان قوتابیاندا، کە هەردەم کۆرییەکان هەوڵ دەدەن نەوەکانیان لەسەر چەند پرەنسیپێکی وەك ململانێ و پێشبڕکێ و تێکۆشانی بەردەوام... تاد ڕابهێنن. زۆر بەداخەوە خەلاتکردنی قوتابی زیرەك و بەهرەمەند لای خۆمان کەلتورێکی لەناوچووە کە بەهیچ شێوەیەك لەپرۆسەی پەروەردەو خوێندنماندا جێی نییە، هەرچەندە پێشتر ئەم سستەمە زۆر بەجوانی پەیڕەو دەکراو دەرئەنجامە باشەکانیشی دیارو بەردەست بوون، کە ئێستا بەهیچ شێوەیەك نابینرێت، ئەگەر هەندێك جار ڕێکخراوەکانی دیکە خەلاتی هەندێك قوتابی زیرەك بکەن ئەویش دڵنیام مەبەستی ڕاستەقینەیان هەندێك ئامانجی دیکەی بەر تەسکە نەك ئەو ئامانجەی کە کۆرییەکان کاری بۆ دەکەن، خۆ دەبینن کە یەکەمەکانی کوردستان لەسەر

ئاستی قۆناغە جیاجیاکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییدا چۆن خەڵات دەکرێن ؟ خۆ ئەگەر جارێك بەناوخەڵاتیش بکرێن ئەوە بێگومان شەرمە بەهای خەڵاتەکانیان ئاشکرا بکرێت.

دووەمیان: ئەمەیان زۆر جێی سەرنجم بوو، لەقوتابخانەکانی کۆریای باشووردا قوتابی خۆی بەشداری لەپاککردنەوەی قوتابخانەکەیدا دەکات، هەرچەندە قوتابخانەکانیشان وەکو قوتابخانەکانی ئێمە خاوەن بەردەست و کارمەندی خزمەتگوزارو خاوێنکەرەوەی زۆرن، کە ئەوانیش کاری خاوێنکردنەوەی قوتابخانەو باخچەو گۆڕەپانەکان دەکەن، بەڵام پاککردنەوەی ژوورەکانی خوێندن ئەرکی سەر شانی خودی قوتابییەکانە، ئەم دیاردەیە بەلامەوە زۆر سەیر بوو، بۆیە ئەم پرسیارەم لەیەکێك لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانەیەکی کۆریای باشوور کرد، زۆر بەدڵنیاییەوە لە وەڵامدا گوتی:

ئەم کارە گرنگی و مەبەستی خۆی هەیە، کە زۆر گرنگە بەم کارە قوتابی فێری هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی دەکەین، دەبێت خۆی جێگەی خۆی پاك و خاوێن ڕابگرێت کە ئەو دەزانێت هەرچەند پیسی بکات زیاتر ماندوو دەبیت لە پاککردنەوەیدا.

### کتێبخانە

لەکۆریای باشووردا دوو جۆر کتێبخانەی تایبەت بە ناوەندەکانی خوێندن هەیە. یەکەمیان کتێبخانەی گشتییە، کە وەك قۆناغی زانکۆی ئێمە "هەرچەندە بەداخەوە لای ئێمە لە قۆناغی زانکۆشدا خەریکی پێویستی و گرنگی کتێبخانە لەبیر دەکرێت".کە لە کۆریا مامۆستا یان لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندیشدا قوتابی ناچاردەکەن بچنە پەرتوکخانەو بەدوای زانیاری و تۆژینەوەو سەرچاوە زانستییەکاندا بگەڕێن. کە بەداخەوە نەك هەر لە قوتابخانەکانماندا پەرتووکخانە نییە، بەڵکو هەروەکو ئاماژەمان بۆ کرد لەناو زانکۆکانیشدا ئەم پێڕەوە خەریکی لەناوچوون و بزربوونە، کە مامۆستای زانکۆش تەنیا ئەو ماددەیە هەموو ساڵێك بەهەمان ڕیتم لەهۆڵی خوێندندا

دەخوێنێتـــــەوە، کـــــە بۆخۆشـــــی و ماندوونەبوونی خۆی ئامـادەی کـردووەو هەر لەسەر ئەو مادەیەش تاقیکردنـەوە دەکات. تەنانەت لەزۆر لەکۆلێژەکانمانـدا بەتایبـــەتیش بەشـــە زمانـــەوانی و مرۆییەکان قوتابییەك ئەگەر لە مـاوەی ساڵێکدا ئامادەی یەك وانەش نەبوبێت دەتوانێـــت بەپـــشت بەســـتن بـــەو موحازەرانـــەی کـــە هاوڕێـــەکانی نووســـــیویانە بەســـــەرکەوتوویی تاقیکردنـەوەکانی کۆتـایی سـاڵ وەڵام بداتـــەوە، چـــونکە هـــەموو ســـاڵێك مامۆستای وانەیەکی دیاریکراو هـەمان مەلزەمە بە قوتابیانی دەنووسیتەوە کـە مـاوەی چـەند سـاڵە لەسـەری دەڕوات. لەکۆریای باشوور هـەر قوتابخانەیـەکیش خاوەن کتێبخانەی خۆیەتی، کە ئەمەیان جۆری دووەمی پەرتوکخانـەکانی بـواری پەروەردەیی ئەو وڵاتـەن. لەهەفتەیەکـدا قوتابی چەند جارێـك بـۆ وانـە خوێنـدن لـــەبواری کتێبخانـــە دەبرێتـــە هـــۆڵی کتێبخانەکـــە، جیـــا لـــەوەی هـــەردەم دەرگای کتێبخانـە بـەڕووی قوتابیانـدا واڵاو کراوەتەوە، کە بیەوێت بخوێنێتـەوە یان بۆ وەرگرتنی زانیـاری تایبـەت بـە

> **هەمـــوو ســـاڵـــێك حـکـوومـەتی کـۆریـا بودجەیەکی زۆر گەورە بۆ بواری پەروەردە تەرخان دەکـــات و زۆر بەشـەفـافـیەتـەوە لە دەزگەکـــانی ڕاگەیاندندا ئاشـکـرای دەکـــات**

خوێنـــدنی قوتابخانـــە ســـوودی لێوردەگرێت. بێگومان کتێبخانـەکانی ئـەم وڵاتـە پێـشکەوتووە پـتر پـشت بەشـێوازو سـستەمی ئیلیکترۆنـی دەبەســـتن و بەدەگمـــەن وەك لای خۆمـان"ئەگـەر هـەمان بـن" کتێـب بەشێوەی خوازراو"استعارە" دەدرێتـە قوتابی، بـەڵکو ئـەو زانیارییانـە یـان سەرچـــاوەیەی قوتابییەکـــە داوای دەکـات ڕاسـتەوخۆ بـۆی فۆتۆکـۆپی دەکرێت و دەدرێتە دەستی، لە کۆریای باشـوور دروشمـی کتێبخانـە "هێـزی زانیاری هێـزی وڵاتـە"یـە، تەنانـەت بایـەخێکی زۆر جیـدی بەکتێبخانـەی

منداڵانیش دەدەن. دیمەنێك كەلە هەموو دیمەنە جوانەكانی كۆریای باشوور پتر سەرنجی ڕاكێشام دیمەنی ئەو منداڵانە بوو كە لەناو كتێبخانەكاندا دەبینران وەك گەورەكان خەریكی خوێندنەوەی كتێب بوون، بەجوانترین شێوە هەموو یاساو داب و نەریتەكانی كتێبخانەیان پێڕەو دەكردو پێوەی پابەند بوون، بەداخەوە لای خۆمان و لە قوتابخانەكانماندا شتێك كە بایەخی پێنەدرێت كتێبخانەی قوتابخانەكانە. كە زۆر بەدەگمەن قوتابخانەیەك لەشارەكاندا دەدۆزییەوە ژوورێك یان تەنیا چەند ڕەفێكی بەناوی كتێبخانە تەرخاكردبێت و چەند كتێبێكی تێدا ڕیز كردبێت، هەشبێت ئەوانەن كەبەر لەچەند ساڵێك وەزارەتی پەروەردە بەهاوكاری ڕێكخراوی یونیسێف چەند كتێبێكی بەشێوەیەكی هەڕەمەكی و بێ لەبەرچاوگرتنی بنەمایەكی زانستی لەدابەشكردنی كتێبەكان بەسەر قۆناغەكانی خوێندندا بەپێی پێداویستی و ئاستی سوودوەرگرتنی قوتابیان بەسەر هەندێك لەقوتابخانەكاندا دابەشكردوون، بەڵام كێ هەیە بیانخوێنێتەوە.كام مامۆستای كام وانە هانی قوتابیان دەدات بیانخوێننەوە چ هۆڵێك هەیە بەناوی كتێبخانەی قوتابخانەوە تەنانەت ژوورێكی بچووكیش بۆ ئەو مەبەستە نییە.

بۆیە ئەو كتێبانە هەندێكیان بەدەست بەڕێوەبەرو مامۆستاكانەوە گوێزراونەتەوە ناو پەرتووكخانەكان، تەنیا جوانی لەماڵەكانی خۆیاندا یان لەسەر ڕەفی كتێخانە بێ ناز و بێ سەروبەرەكانی قوتابخانەدا تۆزیان لەسەر نیشتووە، كە زۆر بەداخەوە هێشتا بایەخ و گرنگی كتێبخانەی قوتابخانەمان لەبەرچاو نەگرتووە، لەكاتێكدا ڕۆڵێكی زانستی زۆر پۆزەتیڤانەی لەبواری پەروەردەو خوێندندا هەیە ئەگەر وەك پێویست كاری بۆ بكرێت.

## قوتابی پەككەوتە

لەقوتابخانەكانی كۆریای باشوور حسابێكی تایبەت بۆ قوتابییانی پەككەوتە دەكرێت، هەموو هەست و ننەست و سۆزیان لەبەرچاو گیراوە تاكو بەهیچ شێوەیەك ئەو قوتابیانە بەهۆی

کەموکوڕییـــــە جەســـــتەییەکانیانەوە هەستیان بریندار نەبێت، یـان لەلایـەنی قوتابیـانی دیکــەوە هەســتیان بریـنـدار بکرێــت، هـــەروەها لـــەڕووی توانــا کارییەکانیشیانەوە هەموو پێداویستی و کەرستە پێویستییەکانی گونجاو لە گـەڵ حاڵەتی پەککەوتەییان بۆ دابین کـراوە. جیــا لــە هــەموو ئەمانـەش لەهــەر قوتابخانەیەکــدا پــۆلی تایبــەت بــەو قوتابیانــە هەیــە تــاکو بتــوانن بــەپێی تواناکانیـــان وانـــەکانیان بخـــوێنن و ئەرکـەکانیان جێبـەجێ بکـەن. هـەموو ئەمانــە بــۆ ئــەو قوتابییانــەی لــەڕووی جەســـتەییەوە پەککەوتـــەو خـــاوەن کـەموکوڕین تەنانـەت ئـەو قوتابیانـەی لـەڕووی هزریـشەوە منـداڵی ناژیرانـەن لەبیر نەکراون و، ئەگەر لـە قوتابخانـەش بەشـێوەیەکی فـەرمی نـەخوێنن ئـەوە چەندین شوێنی دیکە بۆ لەئامێز گرتنی ئەم منداڵـە ناژیرانـە دامـەزرێنراون. چ لەســەر ئــەرکی حکوومــەت بێــت یــان کۆمپانیـای تایبــەت یــان بەکۆشــشی خێرخوازان، کە ئەمانە لەشێوەی خانەی پێگەیانـدن یـان ناوەنـدو دەزگەکایـەکی فێرخوازین کە لـە سـیئۆلی پایتـەخت و سـەرجەم شـارەکانی دیکـەی ئـەو وڵاتـەدا هـەن، بـە زۆریـش هـەر بـە قوتابخانـــە نـــاودەبرێن، ئەگەرچـــی قوتابخانـەی نافـەرمی نـین و تـەنیا مەبەســـتیان لـــەخۆگرتنی ئـــەو منداڵانەیـە کـە بـەهۆی ناژیرانـەیان لەمافی خوێندن بێبەشن، هەرچەندە ئەم خانانە هەوڵێکی زۆریـش لەگـەڵ ئـەو منداڵانــە دەدەن و هەنــدێکیان فێــرە خوێنــدن و نووســین دەکــەن، چــونکە ئەوانەی لەڕووی ژیرییەوە جیاوازییـان هەیەو هەندێکیان لە هەنـدێك ڕووەوە پەرە بەتواناکانیان دەدرێت، کە هەیانە فێری مۆسیقا ژەنین یان کاری دەستی و چــەندان پیــشەی دیکــە دەکــرێن تەنانـــەت هەنـــدێکیان لـــەڕووی خوێندنیـــشەوە ئەگــەر پێگەیــەنران تاقیکردنەوەیــەکی توانیــستییان بــۆ دەکرێت و هەندێکیان بـواری ئـەوەیان بۆ دەڕەخسێت کە بگەڕێنەوە قوتابخانە حکوومیــەکان یـــان ئەهلییـــەکان و بەفەرمی ببنەوە بەقوتابی، قوتابخانەی (ویـــدادا) لەشـــاری بۆســـان، دووەم گـەورەترین شـاری کۆریـای باشـوور، دوای سیئۆلی پایتـەخت، نموونەیـەکی

بەرچاوی ئەو دامەزراوانەی پێگەیاندنە، کە سەردانێکی مەیدانیمان کردو چەندین منداڵی ناتەواو لەڕووی ژیرییەوە لەوێ فێرە خوێندن و نووسین و وشەی هەمەجۆر دەکرێن کە بە ڕاستی ئەو خانەو دەیان خانەی دیکەی هاوشێوە لەوڵاتی کۆریا دونیایەکی دیکەیان بۆ ئەو منداڵە پەککەوتانە دروستکردووە کە تێیدا هەست بەجۆرێك لە خۆشی و ئارامی دەروونی دەکەن، ئەگەر لەم ڕووەوە سەیری قوتابییە پەککەوتەکانی خۆمان بکەین ڕەنگە لەهەر قوتابخانەیەکدا ئیدارەو مامۆستاو خودی قوتابیانیش تا ڕادەیەك ڕەچاوی باردۆخ و هەست و دەروونی ئەو قوتابیانە بکەن و بێگومان لایەنی پێوەندیداری پەروەردەش لاری لەسەر ئەوە نییەو لەو بارەیەوە هاندەرە بەڵام تاوەکو ئێستا مەسەلەکە بەو بایەخەوە وەرنەگیراوە کە ڕەچاوێکی تەواوی هەموو مافەکانی ئەو قوتابییە پەککەوتانە بکرێت، کە هەرگیز ژووری تایبەت بەو قوتابیانە نییەو هەر قوتابییەکی پەککەوتە ئەگەر بەئەرك و زەحمەتێکی زۆریش بێت دەست لەخوێندن هەڵنەگرێت پێویستە لەگەڵ قوتابیانی دیکەدا بخوێنێت و هەمان ئەرك و فەرمانی قوتابیانی لەسەرە، کە زۆر جاریش بەهۆی پەککەوتەیی و کەموکوڕییە جەستەیی یان زمانەوانییەوە، لەلایەن هەندێك قوتابی لاسارەوە وەبەر پلاری هەست شکێن دەکەون.

کە لەڕاستیدا پێویستە بەلای کەمەوە حکوومەت ساڵانە بڕیارو فەرمانی تایبەت بەو قوتابیانە دەربکات و بەسەر قوتابخانەکاندا دابەشی بکات و هەندێك ماف و ئیمتیازاتیان بداتێ، خۆ دابینکردنی بڕەپارەیەکی مانگانەش لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بۆ ئەو قوتابیانە هاوکاری و پشتگیرییەکی دەروونی گەورەیە، تین و وزەیەکی تایبەت بەو قوتابییانە دەبەخشێت بۆ ئەوەی بەسەر تەنگ و چەڵەمەکانی ڕۆژانەیاندا زاڵ ببن و بتوانن بەدڵێکی خۆشەوە بەردەوامی بەخوێندنەکەیان بدەن، یان هەر نەبێ ساڵانە هەر یەك لەو قوتابیانە پاداشت و خەڵاتیکی هەبێت وەك ئەوەی قوتابی کەمبین چاویلکەی تایبەتی پێبدرێت، یان کەم ئەندامێك کورسییەکی هاتوچۆی بۆ دابینبکرێت،

هەرچی منداڵە کەمژیرەکانیشە ئەوە هەر لەبنەڕەتدا بیر لە چارەسەریان ناکرێتەوەو لەهەموو چاودێرییەکی پەروەردەیی و فێرکردن بێبەشن و لەماڵەوە دەبنە قورسایی و بارگرانییەك بەسەر شانی دایك و باوکانەوە، ئەگەرچی ئەمە بەگوناهی وەزارەتی پەروەردە نازانم.

کە چاودێریکردن و خزمەتکردن و پێگەیاندنی ئەمانە پتر دەکەوێتە چوارچێوەی ئەرك و بەرپرسیارییەتی وەزارەتە پێوەندیدارەکانی بواری تەندروستی و کۆمەڵایەتی. لەگەڵ ڕێکخراوو کۆمەڵە خێرخوازو ماف پەروەرەکان.

## خزمەتگوزاری تەندروستی

لەپرۆسەی پەروەردەو خوێندنی کۆریای باشوور بایەخێکی زۆر جیدی بە خزمەتگوزاری تەندروستی و دابینکردنی بۆ قوابیانی دەدرێت و زۆر بەبایەخەوە پاراستنی باری تەندروستی قوتابیان لەبەر چاوگیراوە، کە لە هەر قوتابخانەیەکی ئەو وڵاتەدا بنکەیەکی تەندروستی هەیە، ئەگەر بەمانای نەخۆشخانە یان نۆڕینگەیەکی تەندروستیش نەبێ و مەرج نەبێت لە هەر یەکێك لەو قوتابخانەدا پزیشکێکی تایبەت دابنرێت، ئەوە بەلای کەمەوە کارمەندێکی تەندروستی دانراوەو داوودەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکانی لەبەردەستدان هەر هیچ نەبێت مامۆستایەك بۆ خزمەتگوزارییە تەرخان دەکرێت و لەسەرکاری چارەسەرکردنی هەندێك لەو نەخۆشی و حاڵەتە سادانە رادەهێنرێت، کە لە قوتابخانەدا تووشی دێت، کاری ئەو مامۆستایە یان کارمەندی تەندروستییە تەنیا ڕەچاوکردنی باری تەندروستی قوتابیان و پێشکەشکردنی چارەسەری پزیشکییە بۆ هەر قوتابییەك کە لە قوتابخانەدا نەخۆش بکەوێت . ئەم کارمەندە بۆهەر قوتابییەك فایلێکی تایبەت بەبواری تەندروستی دەکاتەوە کە پێشتر هەموو زانیارییەکی لەسەر تۆمار دەکات، بەپرس وەرگرتنی کەسوکارانی قوتابییەکە بەو شێوەیە لەباکگراوندی تەندروستی هەر قوتابییەك دەکۆڵێتەوەو تەواوی زانیارییەکانی

دەخاتە ناو فایلەکەیەوە بۆئەوەی هەر قوتابییەك بەپێی حاڵەتی تەندروستییەکەی مامەڵەی لەگەڵدا بکات و تووشی هیچ هەڵەیەك نەبێت ئەرکی ئەو کارمەندە تەندروستیەیە ئەگەر یەکێك لە قوتابییەکان جۆرە نەخۆشییەکی هەبێت، هەموو مامۆستایان لە حاڵەتە تەندروستییەکەی ئاگەدار بکاتەوە، بۆ ئەوەی لەهەر هەڵوێستێکی ئەو قوتابییەدا ڕەچاوی حاڵەتە تەندروستییەکەی بکرێت و بەشێوەیەکی گونجاو مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. بۆنموونە ئەگەر قوتابییەك نەخۆشییەکی درێژخایەنی هەبێت یان نەخۆشی "EPILPSY" واتە (پەرکەم)ی هەبیت مامۆستای وانە پێش وەختە لێی ئاگەدار بکرێتەوەو لەناو پۆلدا مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵدا بکات. سەبارەت بەم مەسەلەیە لەپرۆسەی پەروردەو خوێندنی کوردستاندا بەهیچ شێوەیەك لەڕووی پێداویستی پزیشکی و کارمەندی تەندروستییەوە هیچ حسابێك بۆ لایەنی تەندروستی قوتابی نەکراوە .

تەنیا کارێك لەم بارەیەوە لە قوتابخانەکانماندا ببینرێت، ئەوەیە کە کلێشەیەك لای ئیدارەکان هەیە کە لەلایەن پەروەردەکانەوە بەسەریاندا دابەش دەکرێت بەناوی چارەسەری قوتابی کە هەر قوتابییەك نەخۆش بکەوێت ئیدارەی قوتابخانە بە نووسراوێك لەو کلێشەیە قوتابییەکە دەنێرێتە نزیکترین بنکەی تەندروستی لە قوتابخانەکە.

هەندێك جاریش ئەگەر پێویست کرا هەر بەو نووسراوە مۆڵەتی نەهاتنە قوتابخانە بە قوتابییە نەخۆشەکە دەدرێت، کە ئەمە بەهیچ شێوەیەك چارەسەری گونجاو نییە بۆ لە بەرچاوگرتن و پاراستنی باری تەندروستی قوتابی چونکە هەر لەبنەڕەتدا زۆربەی قوتابخانەکان لە بنکە تەندروستییەکانەوە دوورن کە قوتابی بۆ چارەسەری سەریان لێ بدات، زۆرجار دەوامی ڕۆژێکی یان بەلای کەمەوە چەند وانەیەکی دەڕوات، بەپاساوی ئەوەی قوتابییەکە دەنێرڕێتە بنکەی تەندروستی، لەلایەکی دیکەشەوە ئەم حاڵەتە زۆر قوتابی فێری ساختەکاری کردووەو ئەوانەی لەخوێندنی وانەکانیان بێزار دەبن ئەمە بەدەرفەت دەزانن و لەسەر

ئــەوە ڕاهــاتوون کــە ڕۆژانــە داوای چارەســەری و مۆڵــەت لەئیــدارەی قوتابخانەکــەیان بکــەن بــێ ئــەوەی لەبنەڕەتدا نەخۆش بن.

## ڕابەری پەروەردەیی

لەپرۆســەی پــەروەردە و خوێندنــدا ڕابەری پەروەردەیی یان وەك کۆرییــەکان ناوی دەبــەن بەچاکسازی پــەروەردەیی، ڕۆڵێکی دیارو بەرچاو دەبینێت، کــە لــە هەموو قوتابخانەکانیاندا بەسـەرەتایی و ناوەنــدی و ئامادەییــەوە ڕابــەری پــەروەردەیی هەیــەو خــاوەن ژووری تایبــەتی خۆیــەتی و هــەموو پێداویستییەکی لەبەر دەستدا فەراهــەم کراوە، ئەویش لەلای خۆیــەوە پێویستە لەبواری خۆیدا شـارەزاو پسپۆر بێـت و چـالاکانەو بــێ هــیچ کەمتەرخەمییــەك ئەرکی گرنگی خـۆی ڕاپــەڕێنێت، هــەر کێشەیەك لەقوتابخانەدا ڕوو بدات، هــەر قوتابییەك کێــشەی هــەبوو ئــەو ڕابــەرە دۆسیەك دەکاتەوەو لەسـەر بنەمایــەکی زانــستی و دەروونــی و کۆمەڵایــەتی چارەسەری کێشەکان دەکـات، لـە ڕووی میکــانیزمی کارکردنیــشەوە، لەلایــەن ئیدارەی قوتابخانەوە ماف و دەسـتەڵاتی ئەوەی پــێ دەدرێـت لــەناو قوتابخانــەدا کاری خۆی ئەنجام بدات و هەر کاتێـك پێویــستی بەچــاوپێکەوتنی قوتــابی خاوەن کێشە هەبوو هاوکاری دەکرێت، تەنانــەت ڕێگــەو ئاســانکاری بــۆ دەرەخــسێنرێت کــە بــچێتە مــاڵی قوتابییەکــە یــان دایــك و بــاوکی بانگهێــشتی قوتابخانــە یــان هــەر شوێنێکی دیکە بکات، ئیدی لایـەنی بەرپرســی پــەروەردەو ئیــدارەی قوتابخانــەکانیش دان بەپێویــستی و گرنگــی ڕۆڵــی ڕابــەری پــەروەردەدا دەنێن، شایەتی بۆ ئەو ڕاستییە دەدەن کە ئەوان هۆکاری چارەسـەری زۆربـەی کێشەکانی قوتابیانن و لە کۆششەکانی ئــەوان زۆرجــار قوتــابی لەکێــشەی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونـی گەورە ڕزگاری دەبێت، بەتایبەتیش کە ڕێــژەی خۆکوشــتن لــەنێو گــەنج و قوتابیــانی ئــەو وڵاتــەدا تــا ڕادەیــەك بــەرزە، بــەڵام لــەو ســاڵانەی دواییــدا ڕابەرانی پەروەردەیی یـان چاکـسازانی پــەروەردە ڕۆڵێکــی زۆر کاریگــەر و ئەکتیڤانەیان بینیوە لە کەمکردنەوەی ڕێژەکانی ئـەم دیـاردە ترسـناکە، کـە شوێن پەنجەیان لەو بارییەوە دیارە، هەر بۆیەش لەلایەن پسپۆرانی کۆمەڵایەتی

و دەروونییەوە بەردەوام خولی مەشق و ڕاهێنـان بۆئـەو ڕابەرانـە دەکرێتـەوە، تەنانەت بـۆ ئـەو مەبەسـتەو بەشـداری پێکردنیان لەخولی بـەهێزکردن زۆرجـار ئـەو ڕابەرانـە ڕەوانـەی وڵاتـانی دیکـە دەکـرێن، ئـا ئەمەیـە ڕۆڵـی ڕابـەرانی پـەروەردە لەقوتابخانـەکانی کۆریـای باشـوور، کـە لـە گەشـتەکەمدا چـەند ڕابەرێکی پـەروەردەیی لەقوتابخانـەکانی کۆریای باشوورم دواند، هـەر هـەموویان جیددیـەت و مانـدووبونێکی زۆریـان لەکارەکەیانـدا پێوەدیـار بـوو، بـەر لەهەموو شتێك ئەوان گرنگی و بایەخی کارەکەیان لەلایەکەوەو گەورەیی ئەرك و بەرپرسییەتەکەشـیان لەلایـەکی تـرەوە لەبەر چاو بوو.

یەکێك لەوان دەیگـوت: مـن بەچـاوی پـیرۆزی سـەیری وەزیفەکـەم دەکـەم و شانازی بەو کـارەوە دەکـەم ، سـەرەڕای ماندووبوونێکی زۆرم لەگەڵیدا، زۆر ئارام و دەروون حەساوەم، چونکە من یارمەتی خەڵکانێك دەدەم و کێشەکانیان چارەسەر دەکـەم، کێـشەی قوتابخانـە چارەسـەر دەکەم، کە قوتابخانە پێگەی پێگەیاندن و دروسـتکردنی دواڕۆژی ئـەم وڵاتـە جوانەیە، یەکێکی دیکەشیان دەیگـوت: نازانم چ ڕۆڵ و چ ئەرکێك لەوە پیرۆزترە قوتابییەك لەخۆکوشتن ڕزگار بکەیت.

کـە حاڵـەتی وام چارەسـەر کـردووە، قوتابییەکە پێشتر بڕیاری خۆکوشـتنی داوە، بەڵام ڕۆڵی ڕابەرانی پەروەردەیی لەقوتابخانەکانماندا "ئەگەر هـەبن" زۆر جیـاوازە لـە ڕابـەرانی پـەروەردەیی کۆریـا، کـە جیاوازییەکـە ئاسمـان و ڕێسمانە، کە لەڕاستیدا باسـکردن لـە ڕابـەرانی پـەروەردەی قوتابخانـەکانی کوردستان و ڕۆڵیان جێـی پێکەنینـە، کە هەر لەبنەڕەتدا ڕابەری پەروەردەیی ئـەو بایەخـەی پـێ نـەدراوە و ڕۆڵـی لەبەرچاو نـەگیراوە، ئـەوەتا زۆرینـەی قوتابخانەکانمان هەر لەبنەڕەتدا ڕابـەری پەروەردەییان نییـە، بەتایبـەتیش لـە قوتابخانەکانی ناوەندی و دواناوەندیدا، خۆ ئەگەر لە هەندێك لەو قوتابخانانەدا هەشبێت، ئەوە هەربە نـاوو ناونیـشان ڕابەرەو، هیچ رۆڵێکی پێ نەدراوە، یان هەر خۆی هـیچ شـارەزاییەکی نییـە و نایەوێت لەبواری خۆیدا کاربکات.

تەنیا دەرچـووی بەشـی دەروونناسـی یـــان کۆمەڵناســـییەو، وەکـــو فەرمانبەرێکی دیکە ڕۆژانە دەوامێکی ڕۆتینیانە دەکات.

لەکاتێکدا هەر یەکێك لەو ڕابەرانە کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان لەبەشی دەروونناسی یان کۆمەڵناسیدا هەیە، دەتوانن لە خۆیانەوە لەکەمکردنەوەو چارەسەرکردنی ئەو هەموو کێشەو گرفتەی کە قوتابی و قوتابخانەکانمان بەدەستیانەوە دەناڵێنن ڕۆڵێکی کاریگەر ببینن ، واتە ئەگەر لایەنی بەرپرسی پەروەردەش سەرپەرشتییان نەکات و خولی بەهێزکردنیان بۆ نەکاتەوە، کە پێم وا نییە وەزارەتی پەروەردەو لایەنی بەرپرس ئەوەیان هەر لەهزریشدا بێت، ئەوە ڕابەران لەدڵسۆزی خۆیان دەتوانن ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەییش بێت، بەڵام بەداخەوە زۆریان بۆ خۆ ڕزگارکردن لە دەوامکردن و وانە وتنەوە خۆیان بە ڕابەر دادەمەزرێنن.

## وانەی ئەخلاق و ئەدەب

لەسستەمی پەروەردەو خوێندنی کۆریادا وانەی ئایین نییەو لە هیچ قوتابخانەیەکدا هیچ ئایینێك ناخوێنرێت، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە ئەوان لایەنی ڕۆحی و مەعنەوییان لەبیر کردبێت و هیچ بایەخ و گرنگییەکی بۆ دانەنێن، بەڵکو زۆریش بەبایەخەوە دەڕواننە ئەو لایەنە، هەر بۆیەش لەهەموو قوتابخانەکانیاندا وانەی ئەدەب و ئەخلاق دەخوێنرێت، جا بەهەر ناوێك بێت کە مەرج نییە لەهەموو شوێنێکدا بەو دوو ناوە بێت، بەڵام گرنگ ئەوان فێرکردن و ڕاهێنانی قوتابی لەسەر چەند پرەنسیپێکی ئەخلاقی و ئەدەبانە زۆر بەپێویست دەزانن، ڕەنگە نەخوێندنی وانەی ئایین لەقوتابخانەکانی کۆریای باشوور بۆئەوە بگەڕێتەوە کە نزیکەی نیوەی کۆرییەکان یان47٪ یان بێ ئایینن، بڕوایان بەهیچ ئاینێکی ئاسمانی و زەمینی نییە. تەنانەت بەهیچ مەزەبێکی مرۆیی و فەلسەفیشەوە پابەندنین، لەگەڵ ئەوەشدا پێیان وایە هاوشان لەگەڵ فێرکردنی قوتابی بەعیلم و زاست و مەعریفە پێویستە هەر لەمنداڵییەوە بکرێتە مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی تێگەیشتوو و ڕاهاتوو لە سەرچەندین پرەنسیپ و چەمکی جوانی وەکو دڵسۆزی و ئینتماو خۆ بە کەمزانین و لێبوردەیی و هاوکاری و خزمەتکردنی خەڵك و وڵات و چەندانی دیکەش، کە بێگومان ئەمەش لەڕێگەی وانەی ئەدەب و ئەخلاقەوە

دێتەدی، لەو بارەیەوە خۆم پرسیارم لە مامۆستایەکی کۆری کرد کە مەبەستتان لەم وانەیە چییە؟ ئاخۆ قوتابی فێری چی دەکەن؟ لەوەڵامدا گوتی: قوتابی چەند پێویستی بەعیلم و مەعریفەیە، ئەوەندەش و بگرە پتریش پێویستی بەپەروەردەیەکی تەندروست و باش هەیە، ئەو قوتابییەی ئێمە بەنەوەی دوارۆژی ئەم وڵاتە جوان و پێشکەوتووەی خۆمان دەزانین، بەر لەوەی بیکەینە کەسێکی زاناو دانا دەبێ کەسێکی پاك و بێگەردو خاوێن بێت و لەسەر چەند پرەنسیپێکی ئەخلاقی و ئینسانی پەروەردەی بکەین تاکو مرۆڤێکی خێرخوازو ڕەوشت بەرز بێت و لەکۆمەڵدا لەکارەکانیدا دڵسۆزبێت، ئینتیمای بۆ وڵاتەکەی هەبێت، بۆ ئەوەش نموونەیەکی بۆ هێنامەوەو گوتی: هەر بۆ نموونە لەم وانانەدا قوتابی فێری دەروونپاکی دەکەین و گیانی ڕق و کینەو ئیرەیی لەدڵدا ناهێڵین، گیانی هاوڕێیەتی و دڵسۆزی لەدڵیدا دەچێنین، وا دەکەین لەجیاتی ئیرەیی بردن بە بەرانبەرەکەی، بەبڕوا بەخۆبوون و دڵسۆزانە ڕکابەری و ململانێی لەگەڵدا بکات، ئەو مامۆستایە گوتی: ئەگەر لەناو پۆلدا قوتابییەك بەهرە بنوێنێت هەموو قوتابیانمان وا فێرکردوون لەئاست ئەو کارە باشەی هاوڕێیەکەیاندا دڵخۆشبن و بەچەپڵە ڕێزانەوە پیرۆزبایی لێ بکەن و پێشوازی لێ بکەن، نەك ئیرەیی پێ ببەن و کار بۆ کەمکردنەوە لە کۆششەکانی بکەن، کە هەر ئەمەش دەبێتە هاندەرێك بۆ هەموو هاوڕێیانی دیکە هەوڵی ئەوە بدەن وەکو ئەو بەهرە بنوێنن، دەیان پرەنسیپی دیکەی لەم شێوەیەش کە ئێمەی مامۆستایان بەر لەهەموو شتێك وەك ئەرك و بەرپرسیارییەتێکی نیشتمانی لە قوتابخانەکەماندا کاریان لەسەر دەکەین. خۆ لای خۆشمان ئەگەر هەر مامۆستایەك لەهەر وانەو پسپۆڕایەتییەکەوە هەست بەو ئەرك و بەرپرسیارییەتە نیشتمانییە بکات دەتوانێت لەم بوارەوە ڕۆڵی خۆی ببینێت و هەندێکیجار بەشێکی وانەکەی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکات و بەڕێنمایی و ئامۆژگاری قوتابیانی خۆی لەسەر هەندێك لەم پرەنسیپانە ڕابهێنێت و لەجیاتی خراپەکان فێری چەند کارو بۆچوونێکی

باشی بکات، چونکە هەر مامۆستایەك لەهەر پسپۆرایەتییەك بێت، لەزانستە مرۆییەکان یان سروشتییەکان لە ئاستێکی ڕۆشنبیری وادایە کە لەم بارەیەوە بتوانێت چەند ڕێنمایی و ئامۆژگارییەك بەقوتابییەکانی بدات.بەلای کەمەوە لەهەندێك هەلۆێستدا کە لەژووری خوێندن دێنە پێش دەتوانێت دەرفەت بقۆزێتەوەو ئەم ڕۆڵەی خۆی ببینێت.

ئەگەر ئەمانەش نەبن پێویستە بەرەو بەوانەی ئایین بدرێت و پرۆگرامێکی زۆر ڕێك و پێك و دیراسەت بۆ کراو دابنێن و سوود لەچەند مرۆڤێکی دڵسۆزو شارەزا وەربگرن کە ئایین هەمووی وانەو پەندو ئامۆژگارییە بەرەو خێرو چاکەو سەرجەم پرەنسیپە جوانەکانی دیکەی وەك هاوکاری و داوێن پاکی و لێبوردەیی و تەنانەت نیشتیمان پەروەری و دڵسۆزی بەرانبەر نەتەوەو وڵاتەکەی و چاکەکاری بەرانبەر هەموو خەڵکانێك.

## وەرزش و هونەر

لایەنێك کە من هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم پەروەردەو خوێندنی کۆڕیای باشوور بەو شێوە بەرفراوانە بایەخی پێبدات، بواری وەرزش و هونەر بوو، من دەمزانی ئەم دوو بوارەش بێ بایەخ نین، بەلام نەمدەزانی بایەخدانی کۆرییەکان بەم دوو وانەیە لەقوتابخانەکانیاندا بەو ڕادەیە بێت کە بەقەد وانەکانی دیکەی زمانەوانی و زانستی و مرۆیی دەبێت ئەگەر پتریش نەبێت.

جاری هەر لەسەرەتاوە ئەم دوو وانەیەش وەکو هەروانەیەکی دیکە بەوانەی سەرەکی دانراون و لەخشتەی دابەشکردنی وانەکانی هەفتەدا بەهەمان بایەخی وانەکانی زمانەوانی و زانستی یان مێژوویی دانراوە، واتە وانەی جوگرافیا یان فیزیا چ بایەخێکیان پێدەدرێت وەرزش و هونەریش هەر بەو دیدە سەیریان دەکرێت، کە زۆر ئاساییە وانەی یەکەمی خشتەی وانەکانی ڕۆژانە وەرزش یان هونەر بێت تەنانەت کاتێك شاندی ئێمەی مامۆستایانی دواناوەندییەکانی کوردستان بەسەردانێکی مەیدانی بۆن ناوەندی شینسا لەسیئۆلی پایتەخت، یەکەم وانە بەوانەیەکی وەرزشی پێشوازییان لێکردین و خانمە بەڕێوەبەرەکەی و

مامۆستای وەرزشی گوتیان لەبەر بایەخی وەرزش و وەك ڕێزلێنانێك لەمیوانداریکردنی ئێوە بەباشمانزانی بەوانەی وەرزش پێشوازیتان لێ بکەین، کە چووینە ناو هۆڵی وەرزشی ئەو قوتابخانەیە لەهۆڵێکی نێو دەوڵەتی دەچوو، هۆڵێکی گەورەی داخراو بوو، بێجگە لە گۆڕەپانی مەشق و ڕاهێنان، یاریگەی تۆپی پێی بچووککراو و باڵەو باسکەو تێنسی سەر زەویشی تێدا بوو، جیا لەوەی بۆ سەرجەم یارییە تاکەکانی دیکەی وەرزشیش بەکاردەهات و لەهەمان کاتدا شانۆیەکیشی تێدابوو، کە نەك هەر لەکوردستاندا بەڵکو لەهەموو ئێراقدا بڕواناکەم گەورە یانەکانیش خاوەن هۆڵێکی داخراوی لەم جۆرەبن، قوتابیان لەگەڵ مامۆستایەکانیاندا بەوپەڕی بایەخەوە خەریکی مەشق و یاریکردن بوون، کە مامۆستاکە لەشێوەو هەیئەتی وەرزشوانێکی پیشەگەر دەچوو، بەجل و بەرگی وەرزشییەوە زۆر بەدڵسۆزی و حەماسەتەوە خەریکی فێرکردن و مەشق پێدانی قوتابیان بوو، قوتابیانی کوڕو کچیش بەتێکڕا یەك جل و بەرگی وەرزشییان لەبەردابوو، کە لەهەر قوتابخانەیەکی کۆریادا جل و بەرگی تایبەت بەوەرزش هەیەو، لەلایەن قوتابخانەوە بۆیان دابین دەکرێت. بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە پێی گوتین ئەوانە جگە لە بواری پرەکتیکی بواری تیۆریش دەخوێنن و وەك هەر وانەیەکی دەروونیش کتێبی تایبەت بەخۆی هەیەو پێویستە قوتابی بۆ دەرچوون و وەدەستهێنانی پلەیەکی باش کۆشش بکات ، چونکە ئەگەر ئەوە نەکات دەشێت لەو وانەیەدا دەرنەچێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە لەناو گۆڕەپانی دەرەوەی قوتابخانەکەشدا یاریگەیەکی گەورەی تۆپی پێ هەبوو، هەر لەم گەشتە مەیدانییەماندا بەڕێوەبەرەکە سەردانێکی یەکێك لەپۆلەکانی خوێندن پێکردین، کە وانەی هونەریان هەبوو، بەهەمان گرنگی وانەی وەرزش بایەخ بە وانەی هونەریش دەدەن، ئەو وانەیەش خاوەن هۆڵێکی تایبەت بەخۆی بوو بەهەموو پێداویستییەکان ئامادەکرابوو، لە ئامێرەکانی مۆسیقاوە بگرە تا تابلۆی وێنەکێشان و سەرجەم ڕەنگ و پێداویستییەکانی دیکەی وێنەکێشان و هونەری

شێوەکاری، زۆرجاریش قوتابیان لەوانەی هونەردا دەبرێنە ناوچەیەکی تایبەت لەناو باخچەی قوتابخانە تاکو لەئاوو هەوایەکی سروشتی خۆش و دڵڕفێندا سەرقاڵی وێنەکێشان و مۆسیقا ژەنین بن، لەحەوانەوەشدا ئەوپەڕی بایەخ پێدان و حەماسەت بەمامۆستای هونەرەوە دیارە، کە بێ گومان لەمەشیاندا وەك وەرزش هەردوو بواری تیۆری و پراکتیکی هەیەو دەیان کتێبی مەنهەجی جۆراوجۆری هەیە، کەچی لای خۆمان مرۆڤ بەزەیی بەم دوو وانەیەدا دێتەوە کە هەر لە بنەڕەتدا بێ بایەخکردن و بەپەراوێزکردنی دوو وانەکە لەلایەن لایەنی پێوەندیدارەوە وای کردووە خودی مامۆستاو قوتابیش بەچاوێکی نزم و کەم بایەخەوە لێی بڕوانێت هەرچەندە قوتابی زۆر حەزیشی لێیە، بەڵام خودی ئەو حەزەش لەسەر بنەمایەکی زانستی نییە، قوتابی تەنیا دەیەوێت لەڕێگەی ئەم دوو وانەیەوە بەشێك لەم کاتەکەی بەفیڕۆ بچێت و هەندێك لەبێزاری وانەکانی دیکەی بحەسێتەوە کە بەهۆی بێ پرۆگرامی لەلایەك و مامەڵەی نازانستی ئیدارەو مامۆستا لەگەڵ وانەکاندا قوتابی بووەتە دوژمنیان و لەخوای دەوێت بەهەر شێوەیەك بێت لەدەستیان ڕزگاری بێت، جگە لەنەبوونی هیچ پێداویستی و کەرستەیەکی هونەری و وەرزشی گەر ساڵانە بەشێکی کەمی کەل و پەلی وەرزشی بەشێوەیەکی ڕەمزی و هەڕەمەکی بەسەر چەند قوتابخانەیەکدا دابەشکرێن، کە زۆر جار لەبەر گەندەڵی و نەبوونی چاودێری ئەوکەل و پەلانەش ئیستۆك و ئیکسپایەرن و نەدانیان لەدانیان باشترە، یان ڕەنگە ساڵانە پێشانگەیەکی هونەری بۆ چەند قوتابخانەیەك بکرێتەوە، کە پێویستە مامۆستاو قوتابی لەسەر ئەرك و پارەی خۆیان بەشداری تێدا بکەن، زۆربەی قوتابخانەکان بەتایبەتیش لە گوندو کۆمەڵگەکانی دەرەوەی شارو لەناوچە دوورە دەستەکاندا لەگۆڕەپان و یاریگەکانی یارییە وەرزشییەکان بێبەشن، تەنانەت بێ مامۆستای وەرزشیشن، بەڵکو لەزۆبەی قوتابخانە گەورەو ناسراوەکانی شارەکانیشدا مامۆستای وەرزشی ڕۆڵی خۆی نابینێت و زۆریان بوونەتە مامۆستای بن دیورار، لەگەڵ ڕێزم بۆ ناو و پیشەی مامۆستا، کە زۆر لەو مامۆستایانە

لەگەڵ بەڕێوەبەرانی قوتابخانە، بەڵکوو هەندێکیان بەئاگەداری سەرپەرشتیارانیشەوە هەفتانە یەك یان دوو ڕۆژ دەوام دەکەن و ئەو ڕۆژەش بەقات و بۆینباغەوە دێنە قوتابخانەو زووتر لەمۆستایانی دیکە دەگەڕێنەوە، مەگەر لە ڕۆژی مووچە وەرگرتندا دەوامی خۆیان بەتەواوی بکەن، خۆ وانەی هونەریش هەر مەپرسن چونکە وانەی وەرزشی بەم وێرانییەوە سەد ئەوەندە لە هونەرەکە باشترە، هەرهیچ نەبێ قوتابیانێك حەزێکیان بۆ وەرزش هەیەو ئەگەر بێت و مامۆستای وەرزشیش بن ئیدارەی قوتابخانە تەنیا تۆپێکیان بداتە دەست، دەتوانن ماوەی نیو کاتژمێرێك تەنیا قوتابییە کوڕەکان، کە کچەکان لەوەش بێبەشن، بۆخۆیان بەدوای تۆپ بکەون و بەشێك لە حەزە وەرزشییەکەیان بەجێ بهێنن، بەڵام وانەی هونەر بێ هۆڵ و بێ کەل و پەل و پێداویستی و بێ ژوورو بێ مامۆستاشە، زۆرینەی زۆری قوتابخانەکانمان هەر بە ناویش مامۆستای هونەریان نییەو خەریکە قوتابیان وانەیەك بەناوی وانەی هونەرەوە بەیەکجاری لەبیر دەکەن، لەزۆر قوتابخانەدا تاکو ساڵی خوێندن دەسووڕێتەوە سەرپەرشتیارێکی هونەری سەردانیان ناکات تەنانەت ئێستا هەندێك بەڕێوەبەری قوتابخانە جورئەتی ئەوە دەکەن وانەی هونەر هەر لە خشتەی دابەشکردنی وانەکانی هەفتەدا دانەنێن، گوایە لەدڵسۆزی خۆی ئەو وانەیەی بۆ وانەیەکی دیکەی گرنگتری وەك زمانی ئینگلیزی یان عەرەبی یان زیندەوەرزانی، تەرخانکردووە، خۆ ئەگەر بەنووسین ناوی هونەر لەسەر خشەی وانەکان ببینرێت، ئەوە تەنیا بۆ مەبەستێکی چەواشەکارانەیەو لڕاستیدا مامۆستای وانەکانی دیکە ئەو وانەیە وەردەگرن و وانەی خۆیانی تێدا دەڵێنەوە، هەر بۆیەش لەهەموو قوتابخانەکانی سەرانسەری ئەم کوردستانەدا بگەڕێین و سەیری خشتەی هەفتانەی دابەشکردنی وانەکانیان بکەین، لەهەر هەموویاندا دوا وانەکان بەهەردوو وانەی وەرزش و هونەر پڕکراونەتەوە، ئەویش بۆ دوو مەبەستە یان بەهۆیانەوە قوتابییەکان زوو دەنێررێنەوە یان ئەگەر مامۆستایەکی وانەیەکی دیکە لەوانەکانی دواکەوتبێت و هەوەسی ئەوەی هەبێت

هەندێك جار ئەو وانانە وەربگرێت و بە ئیمزای ماددەی خۆی تێدا بلێتەوە تاکو قەرەبووی دواکەوتنەکەی بکاتەوە.

## تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندن

بێ گومان بەشێکی بەرپرسیاریەتی پەروەردەو فێرکردنی ڕاست و دروستی قوتابیان لەئەستۆی دەزگەکانی ڕاگەیاندندایە، پێشتر ڕاگەیاندنی حکوومەت ئینجا ڕاگەیاندنی ئەهلیش بە هەمان ئاست، چونکە ئەوانیش بەشێکی کۆمەڵن و ئامانجی سەرەکی ڕاگەیاندن بەلای کەمەوە بەپێی بانگەوازی خۆی، خزمەتکردنی بەکۆمەڵە، کەلەڕاستیدا لەکۆریای باشوور ڕاگەیاندن لەم ڕوانگەیەوە بەم لۆژیك و بەرپرسیاریەتییەوە مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی پەروەردەو خوێندنی وڵاتەکەی دەکات بەهەردوو کەرتی حکوومی و تایبەتەوە، کەبە گەواهی پسپۆران و لایەنە پێوەندیدارەکانی پەروەردە ڕاگەیاندنی کۆریا ڕۆڵێکی زۆرکاریگەرو گرنگی هاوبەشی و یارمەتیدەری لەکەڵیاندا هەیە لەپێشخستنی ئاستی پەروەردەو خوێندن لە قوتابخانەکانیاندا. لەم وڵاتە چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی فێرکاری هەیە، کەبەلای کەمەوە پێنج کەناڵی لەم جۆرە هەن، هەر یەکێکیان لەلای خۆیەوە قوتابخانەیەکە بۆقوتابی تەنانەت ئەو کەناڵانە ڕۆڵی باخچەی ساوایانیش دەبینین بۆئەو منداڵانەی هێشتا لە خوار تەمەنی قۆناغی سەرەتاییدان، کە منداڵان فێرەکارزانی دەکەن و لە باخچەی ساوایانەوە بۆ قۆناغی سەرەتایی ڕایاندەهێنن ئینجا بەرەو قۆناغی ناوەندی بەردەوام ئامۆژگاری و فێرکاری قوتابی دەکەن. هەر بۆنموونە کەناڵی تەلەفزیۆنی فێرکاری E.B.S یەکێك لەپێشکەوتووترین و ناسراوترین کەناڵە فێرکارییەکانی کۆریای باشوورە کە لەسەرانسەری ئەو وڵاتەدا ئەم کەناڵە بەوە ناسراوە ڕۆڵێکی باش و بەرچاوی لەپەرەپێدان و پێشخستنی بواری پەروەردەو فێرکردندا هەیە، کە بەردەوام بەرنامەی فێرکاری پێشکەش دەکات و دەیان فلیمی کارتۆنی فێرکاری بەرهەمهێناوە. نەك هەر ئەمە بەڵکو لەم وڵاتەدا ڕۆژنامەی فێرکاری دەردەکرێت، چەندین ماڵپەڕی

ئیلیکترۆنی بەشێك لەکارەکانیان بۆئەم مەبەستە تەرخانکردووە، کە سەرباری ئەو ئەرکەی تەلەفزیۆنەکانیان دەیبینن، بایەخێکی زۆریش بەهەواڵ و چالاکی قوتابخانە جیاجیاکانی شارو شارۆچکەو گوندەکانی ئەو وڵاتە دەدەن. هەر بۆ نموونە ڕۆژنامەی"CHOSON" ڕۆژنامەیەکی فێرکاری ڕۆژانەیە، کە چالاکییەکی زۆری لەم بوارەدا هەیە. ئەم ڕۆژنامەیە وێڕای بڵاوکردنەوەی چالاکی و هەواڵی قوتابخانەکان لەزۆر بواری دیکەشدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت، بەردەوام ئەنجامی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە نوێیەکانی بواری پەروەردەو خوێندن لە هەموو جیهاندا بڵاودەکاتەوە. بەدیمانەو چاوپێکەوتن ڕای پسپۆڕو شارەزایانی بواری پەروەردە لەمەڕ پرسە گرنگەکانی ئەو بوارە دەخاتە ڕوو. ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژی تایبەت بەپەروەردەو فێرکردن بڵاو دەکاتەوە. ئەزموونی خوێندنی گەلان بەقوتابیان نیشان دەدات. کتێب و ئەتڵەس و نامیلکەی تایبەت بەخوێندن دەخاتە ڕوو، تەنانەت ئەو فیلمە کارتۆنییە فێرکارییانەی کە تەلەفزیۆنە پەروەردەییەکان نیشانی دەدەن بە نووسین و وێنەوە بەشێکیان، یان کورتکراوەیەکیان دەخاتەوە بەرچاوی قوتابی. لەلایەکی دیکەوە کەرتی تایبەتی کۆریاش هاوبەشێکی گەورەی حکوومەتەو بەوپەڕی بەرپرسیاریەتی نیشتیمانییەوە ڕۆڵی خۆی لەبەرەو پێش بردنی بواری پەروەردەو خوێندن دەدات. ئەگەرچی ڕەنگە لەو کارەدا لەڕووی داراییشەوە سوودمەند بێت. لەم وڵاتەدا چەندین کۆمپانیای ئەهلی لەم بوارەدا کاردەکەن. هەروەك کۆمپانیای ئیلیکترۆنی بەناوبانگی(L.G) کە لەسەر ئاستێکی زۆر بەرفراوان زۆر لە بیناو باڵەخانەی قوتابخانەکان لەسەرانسەری کۆریای باشوور دروست دەکات، کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بەشداری لەدانانی میتۆدو کتێبە مەنهەجیەکانیش دەکەن، لێکۆڵینەوە زانستییەکان لەبارەی پرۆسەی خوێندنەوە ئەنجام دەدەن، چەندین کۆمپانیای تایبەت لەم وڵاتەدا ساڵانە ملیۆنان دۆلار بۆ چاپکردنی کتێب و دابینکردنی کەلوپەلی قوتابیان و پێداویستییەکانی خوێندن دەبەخشن. ئەرێ لای خۆمان و لەم کوردستانە جوانەدا کە هەر هەمووممان تەنیا

بەقـــسە بانگـــەواز بـــۆ دڵـــسۆزی و خۆشەویـستی نیـشتیمان دەکـەین. کـام لەمانە هەن؟ کام تەلەفزیۆنی حکوومیش بواری پەروردەی لـەبیرە؟ کامیـان بیـزی دێت نەك هەر رێکلامێك بۆ پەروەردەو خوێنـــدن بکـــات. بـــەڵکو تـــەنیا بـــە رِسـتەیەکی جـوانیش گرنگـی خوێنـدن بەبیری دایك و باوکی قوتابیان بێنێتەوە. کام لە رِادیۆو کـام لـە تەلەفزیۆنـەکانمان بەرنامەیـەکی رۆژانـەی رێـك و پێکـی لەسەر خوێندن و پەروەردە هەیە، کە رِاو ســەرنجی پــسپۆرو شــارەزایانی بــواری پـەروەردە لەسـەر پرسـەکانی قوتـابی و خوێنــدن بخاتــە روو؟! کامیــان بەقــەد تۆزقاڵێك ئەو سەدان کێشەو گرفتەی لـە قوتابخانەکانــدا هــەن بــە جورئەتــەوە لەرێگـــەی رِاپـــۆرتێکی وێنەییـــەوە خستووەتە بەردەم رِای گـشتی و لایەنـە پەیوەندیدارەکان، کە زۆر بەداخەوە تەنیا لەیـــەك دوو کـــەناڵی تەلـــەفزیۆنی بەرنامەیەکیان بـەناوی پـەروەردە هەیـە ئەوانیش نەك رۆژانەو هەفتانەن بـەڵکو لــەماوەی چــەند رۆژ جاریــك ئەگــەر پێـــشکەش بکرێـــت ئـــەویش زۆر بەسەقەتی. کە بەئاشکرا بـێ بایـەخی و کەمتەرخـەمییان پێوەدیـارەو بەقـەد سەرە دەرزیەك سوودێکی پەروەردەییان نییە، ئەی رِۆژنامەو گۆڤارەکان چـییان لەم بارەیەوە کردووە کە هەر بەئـەرکی سەرشـانی خۆشـیان نـازانن، چ جـای ئەوەی رِۆژنامەی تایبەت یـان رِۆژانـە بـەم بـوارە دەربـچن. مەگـەر چـەند رِۆژنامەیەك کە هەفتانە لاپەرِەیـەکیان بۆ ئەو بوارە تـەرخان کـردووەو تێیـدا چـەند رِاو سـەرنجێك دەخەنــە رِوو. کۆمپانیای ئـەهلیش لـە کوردسـتاندا هاوکاری بـواری پـەروەردەو خوێنـدن بکات!! ئەمە قسەیەکە لە کوردستان بەقـــەد جینۆســـاید ناشـــرین و شەرمەزارانەیە. ئاخر کام خواپێداوی ئەم ولاتە، کام بەرپرسی گەنـدەڵکاری گەروچەوری گیرفان پرِ، کام کۆمپانیای مۆنۆپۆلکـــار، تـــەنیا ئـــامێریکی ساردکەرەوە یـان گەرمکـەرەوەیان بـۆ قوتابخانەیەکی کوردستان کرِیـوە. بـەو قوتابخانەشەوە کە منداڵەکانیان تێیـدا دەخوێنن، تاکو بگاتە ئەو ئاستەی کە باڵەخانەی قوتابخانەیەك لەسەر ئەرك و پارەی خۆی دروست بکـات. ئەمـەش تـەنیا گێرِانـەوەی خەونێکـە هـەرگیز بەدی نایەت.

## چەند لایەنێکی دیکە

سەرەڕای ئەو هەموو پێشکەوتنەی کە پرۆسەی پەروەردەو خوێندن لە وڵاتی کۆریای باشوور بەخۆوەی بینیوەو ئەم هەموو لایەنە باش و ئیجابییانەی کە ئاماژەمان پێکردن، پێم وایە ئەم پرۆسەیە هێندە بێ کەم و کوڕی نییە، کە لەڕاستیدا چەند خاڵێکی تێدا بوونەتە جێی سەرنج کە بەلایەنی خراپ و سلبی ئەو پرۆسەیەی دەزانم، بەمانایەکی دیکە چارەسەرکردنی ئەم لایەنانە پرۆسەی پەروەردەو خوێندنی ئەم وڵاتە پێشکەوتووە جوانتر دەکات.

- لەمێودی خوێندنی هیچ قۆناغێکدا وانەی ئاین "هیچ ئاینێك" ناخوێنرێت، ڕەنگە هەروەکو ئاماژەمان پێکرد ئەمە بۆ ئەو ڕاستییە بگەڕێتەوە کە نیوەی گەلی کۆریا هەر لەبنەڕەتدا بێ ئایینن، هەرچەندە لەجیاتی ئەوە وانەی ئەدەب و ئەخلاق لەژێر چەند ناوێکی دیکەدا دەخوێنرێت، بەڵام پێم وایە لەگەڵ ئەوەشدا دەبوایە بەلای کەمەوە وانەی ئاین بۆ ئەو قوتابیانە هەبوایە کە پەیڕەوی ئایینێکن کە لەم وڵاتەدا ڕێژەیەکی زۆر مەسیحی هەیە و هەندێکیان بوزین و تەنانەت موسڵمانیش هەن، ئەگەرچی زۆر بەدەگمەن.

- لەڕووی زانیاری ڕۆشنبیری گشتیەوە ئەو بایەخە بەخوێندن نادەن واتە خوێندنیان تەنیا لەبواری پسپۆڕێتی قوتابییەکەدا بایەخ بە زانستەکە دەدات، لەگەڵ مێژوو و زمان و کەلتوری خۆیان بێتن بایەخدان بەڕووداوەکانی جیهان و مێژوو و جوگرافیاو زانیارییەکانی دیکە، بەمانایەکی ڕوونتر قوتابی کۆری لەڕووی زانیاری گشتییەوە زۆر لاوازەو ڕەنگە قوتابییەکی زانکۆیان لەبەشی فیزیا یان کیمیا نەزانێت نەخشەی وڵاتی خۆی لەسەر نەخشەی جیهان بدۆزێتەوە، یان لەوانەیە قوتابییەکی بەشی کۆمپیوتەر نەزانێت وڵاتە دراوسێیەکانی کۆریای باشوور کامانەن. لەهەموو ئەو قوتابخانانەی سەرمان لێدان کە دەمانگوت لە کوردستان و لە ئێراقەوە هاتووین کەس ئەم وڵاتانەی نەدەناسی، تەنیا قوتابییەکی یەکێك لەناوەندییەکانی سیئۆل کە گوێی لە ناوی ئێراق بوو ناوی بەغدای درکاند، کە دیاربوو ئەو قوتابییە ئەو ناوەی بیستبوو.

- ماوەی خوێندنی ڕۆژانەیان درێژ و زۆرە، لە کاتژمێر 8,5 بەیانی تاکو 5 ئێوارەیە، واتە نزیکەی 9 کاتژمێری ڕۆژانە قوتابی لەقوتابخانە دەمێنێتەوە

ئەمـــەش بــۆ قوتـــابی هیلاکـــی و مانــدووبوون و بێــزاری بەدواوەیــە هــەر بۆیەش لەم وڵاتــەدا خوێنــدن لەهــەردوو قۆنــاغی ســەرەتایی وناوەنــدی بــەزۆرە، چونکە بێ ئەو یاسـایە ڕێژەیـەکی زۆری قوتابی نایانەوێت بخـوێنن و لەقوتابخانــە ڕادەکەن .

- ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیایەی کەئەو وڵاتە پێی گەیشتووە کە ئێستا بەیەکێك لەپێـــــــشکەوتووترین وڵاتـــــــە ئەلیکترۆنییـــەکانی جیهـــان دادەنرێـــت، بەتایبــەتیش لەتەکنــەلۆژیای گەیانــدن بەشــێوەیەك لەشــێوەکان کێــشەی بــۆ قوتابخانەکانی کۆریای باشــوور ناوەتــەوە کە بەم دواییە زۆربەکارهێنانی ئـامێری مۆبایــل و ئینتــەرنێت کــە هـــەموو مۆبـــایلێکی ئــەم وڵاتــە خزمــەتگوزاری ئینتــەرنێتی هەیــە، لــەناو پۆلــەکانی خوێندنـــدا لەلایـــەن قوتابیانـــەوە مامۆســـتایانی بێزارکـــردووە، بـــەپێی ئامارو لێکۆڵینەوەکان زۆر بـەکارهێنانی ئەم ئامێرە هزرو ڕووی قوتابیانی لەسەر مامۆســتا وەرگێــڕاوەو بــەو هۆیـــەوە قوتابییـــەکی زۆر لـــەکاتی وانەوتنـــەوەدا گــوێ لــە مامۆســتا نــاگرن، ســەرەڕای ئـــەوەش تـــاوەکو ئێـــستا لایەنـــە پێوەندیـــدارەکانی ئـــەم وڵاتـــە هـــیچ بڕیارێکی فەرمییـــان بــۆ قەدەغــەکردنی هێنانی مۆبایل بۆ ناو ژووری خوێنــدن لەلایەن قوتابییەوە دەرنــەکردووە، کــە هەنــدێك لــە مامۆســتایانی ئــەم قوتابخانانـــــە ناچـــــارن لـــــەکاتی دەســـــتپێکردنی وانـــــەدا مۆبـــــایلی قوتابییەکان کۆبکەنەوەو بەتەواوبوونی وانەکە بەسەریاندا دابەش بکەنەوە.

■

---

**تێبینی:**

**ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی "خەبات"دا بە هەشت ئەڵقە بڵاوکراوەتەوە، بـەڵام بـەڕێز وەزیری پەروەردەی حکوومــەتی هــەرێمی کوردستان ئــەوەی بەباشــتر زانــی بەســەر یەکەوە لە گۆڤاری "پەروەردەو فێرکردن"دا بڵاوببێتەوە، گۆڤارەکەیش لە ڕووی ڕێنووس و ڕێزمانەوە پێیدا چووەتەوە.**

---

# بەرەی جەنگی تاقیکردنەوەی بەکالۆریا لەکوردستان

هۆمەر قەرەداغی*

سیستەمی فێرکاری دیموکراتی ناناوەندی، هانی خوێندکار دەدات کە هەموو تواناکانی خۆی بۆ گەشەکردن و ئامادەبوون بۆ بوون بە مرۆڤێکی سەربەست، دیموکرات، خاوەن ویژدان و بەرپرس بەرانبەر بە کۆمەڵ بەکاربهێنێت. سالانی خوێندن دەبێتە گەشتێکی 12 ساڵەی پڕ ئەزموون و خۆشی. ڕێزگرتن لەسەربەستی تاکەکەس دەبێتە هێڵێکی سوور و هیچ دەسەڵاتێکی ناوەندی ناتوانێت بیبەزێنێت.

سیستەمی ئەزموونی تاقیکردنەوەی بەکالۆریا لەکوردستان بەپێچەوانەی سیستەمی دیموکراتی خوێندنەوە سیستەمێکی تۆقێنەرو پڕ مەترسییە، بۆنموونە لەئەزموونی بەکالۆریای پۆلی شەشەمی ئامادەییدا، لەماوەی دوو هەفتەدا هەموو ژیان و دوارۆژی خوێندکار و قوتابی دیاری دەکرێت.

هەموو ساڵێك ئەزموونەکە دەبێتە ئەزموونێکی یەکلاکەرەوەی ژیانی ژمارەیەکی زۆر لەگەنجی کوردستان. هەموو ساڵێك ژیانی ژمارەیەکی زۆر خێزانی کوردستان دەبێتە دڵەخورپێ و نائارامی. هەموو گەنجێکی کوردستان بۆئەوەی بتوانێت خاوەنی بڕوانامەی ئامادەیی یان بەرزتر بێت، دەبێت بەو

ژیانە نائارامەدا بڕوات، هەروەك چۆن سەرباز بۆ بەرەکانی جەنگ دەنێررێت. نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و ترسی گەنجان لەو ماوەیەدا، کاریگەرییەکی قووڵ دەکاتە سەر دەروونیان و ئەنجامەکانی لەژیانی گەورە ساڵیدا دەردەکەوێت. کاتێك هەموو لاوێك و گەنجێکی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ بەرەی جەنگی ئەزموونی بەکالۆریا دەنێررێت، ئەوکاتە زانست و بەها بنەماییەکان هەموو مانا بەرزەکانی خۆیان لەدەست دەدەن.

بەرانبەر سیستەمی جەنگی ئەزموونی بەکالۆریا،سیستەمی خوێندنی ئاشتیخوازو دیموکراتی هەیە، کە بۆ نموونە لەولاتێکی وەکو سویدا پەیڕەو دەکرێت.

لەم سیستەمەدا، بۆئەوەی ئەنجامەکانی خوێندنی پلەی ئامادەیی ڕاست و ڕەوان بێت، ئەوە سەرجەمی هەموو خوێندن و ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی هەرسێ ساڵەی ئامادەیی دەبێتە بنەمای نمرە دانان. واتە هەموو تاقیکردنەوە و ئەزموون و کاری خوێندکار لەپۆلی چوارو پێنج و شەشی ئامادەییدا دەبێتە ڕێژەی

لەم سیستەمەدا، بۆئەوەی ئەنجامەکانی خوێندنی پلەی ئامادەیی ڕاست و ڕەوان بێت، ئەوە سەرجەمی هەموو خوێندن و ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی هەرسێ ساڵەی ئامادەیی دەبێتە بنەمای نمرە دانان

کۆتایی، بەو ڕێژەیەش دوای خوێندنی زانکۆو پەیمانگەکان دەکات.

لەقۆناغی ئامادەییدا لەسوید، هەموو قوتابییەك دەبێت 2500 خاڵ "یەکە" بخوێنێت. ئەو خاڵانە بەسەر هەرسێ ساڵەکەدا دابەش دەکرێن. وانەی وا هەیە 50 خاڵە، وانەی تر هەیە 100 خاڵ یان پترە. لەو سی ساڵەدا قوتابی نزیکەی 25 وانە دەخوێنێت. ئەنجامی کۆتایی هەر 25 وانەکە دەبێتە ئەنجامی ڕێژەی کۆتایی. واتە ئەنجامی هەموو ئەو وانانەی لەپۆلی چوارو پێنج و شەشدا

دەخوێنرێـــت، ئەنجامـــە کۆتاییەکـــە پێکـــدێنن. بـــەو شـــێوەیە هـــەوڵ و تێکۆشانی سێ ساڵ دەبێتە بنەمایـەکی فراوان و قوتـابی دەتوانێـت لەسـەرخۆ دوور لەدڵە ڕاوکـێ و نائـارامی لەسـەر خوێندنی خۆی بەردەوام بێت.

ئەم سیستەمە زۆر ڕاسـت و ڕەوانـترە لەسیـــستەمی جـــەنگی ئـــەزموونی بەکالۆریا کە بە دوو هەفتە تا مانگێـك هەموو شت کۆتایی دێت. سەدان قوتابی و خوێنـــدکار هـــەر بـــەهۆ شـــڵەژان و نائـــارامی و ترســـی تاقیکردنـــەوەوە ئەنجامی خـراپ دێـنن، لەکاتێکـدا کـە لەوانەیـــە لـــەپۆلی چـــوارو پێنجـــی ئامادەییـــدا ئـــەنجامی زۆر باشـــیان هەبووبێت.

پێشنیاری ئێمە ئەوەیە کە:

*لەپلـەی سـەرەتاییدا تاقیکردنـەوە، نمرەدانان و دیاردەی دزێوی دەرنەچـوون، لابرێـــت.منـــداڵ دەخوێنێـــت و بەرپرسیاریەتی سیستەمی فێرکاری لـەم پلەیـەدا ئەوەیـە کـە منـداڵ بـۆ پلـەی داهاتوو ئامادە بکات. نەك لێی ببێ بە دادگەو گەر منـداڵ سـەرکەوتوو نـەبوو، لەبری یارمەتی پتر سزای دەرنەچوونی بۆ دەربکات.

*تاقیکردنەوەی بـەکالۆریا لـەپۆلی شەشـی سـەرەتایی، لـەپۆلی سـێی ناوەندی و لەپۆلی شەشـی ئامـادەیی نەمێنێت.

*لەپلەی ناوەندیدا کۆی سەرلەبەری نمرەکـانی کۆتـایی پـۆلی سـێ جێـی بەکالۆریای پۆلی سێ بگرنەوە و ببنە بنـــەمای وەرگـــرتن لەخوێنـــدنی ئامادەییدا.

*لەپلـــەی ئامادەییـــدا کـــۆی سەرلەبەری نمرەکانی کۆتایی پۆلەکانی چوارو پێنج و شەش جێی بەکالۆریای پۆلی شەش بگرنەوە و ببنـە بنـەمای وەرگـرتن لەخوێنـدنی پەیمانگـەو زانکۆدا.

ئـەم خاڵانـەی لێـرەدا کراونەتـە پێـشنیاز خـەتوخاڵی سـەرەکین لەسیستەمی دیموکراتییانەی فێرکاری وڵاتـــانی ســـکاندیناڤیادا. بەرهەمەکەشـی زۆرگەشـە، بۆنموونـە ڕێـژەی دەرچـوون لەپلـەی ئامـادەیی سـویـد دەگاتـە سـەرووی 90٪ پێـچەوانەی ئـەم سیـستەمەش ڕێـك ئەوەیە کە ئەمڕۆ لەکوردستان پـەیڕەو

دەکرێت. سیستەمێکی بێ فەرهەنگی دژ بە هەموو بەهایەکی مرۆڤ دۆستانە. ئەنجامەکەشی ئەمەیە: ڕێژەی دەرچووانی دەوری یەکی قۆناغی ئامادەیی بەشی زانستی ساڵی خوێندنی 2004ـ2005 لە سلێمانی 11٪ و لەهەولێر 12٪ و لەدهۆك 9٪ بوو، ئەمە تاوانە دژ بە منداڵ و لاوان و گەنجانی کوردستان.

## لەبری تاقیکردنەوەی بەکالۆریا

هەنگاونان بەرەو سیستەمێکی دیموکراتی و مەدەنی کە بناغەکەی لەسەر ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ دامەزرابێت، لەقوتابخانەوە دەستپێدەکات.

سیستەمی فێرکاری لەکۆمەڵگای سویددا، وەك هەر کۆمەڵگەیەکی تری ئەورووپای ڕۆژئاوا هەمیشە هەڵدەسەنگێنرێت و ئەنجامی ساڵانە، لەپێناوی باشترکردن و گەشەپێدانی، لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا بەراورد دەکرێت. هەروەها لەپێناوی هەڵسەنگاندنی ئاستی زانیاری قوتابیان و قوتابخانەکانی نێو وڵاتدا تاقیکردنەوەی میلیی لەهەندێك وانەی، وەك ماتماتیك، سویدی و ئینگلیزی هەیە.

لەقۆناغی سەرەتاییدا تاقیکردنەوەی میللی لەپۆلەکانی پێنج و نۆ لەزمانی سویدی، ماتماتیك و زمانی ئینگلیزییدا.

مەبەست لەنووسینی تاقیکردنەوەی میللی لەپۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا، زوو دەرککردنە بە ئاستی تێگەیشتن و زانینی منداڵان، چونکە تا زووتر قوتابخانە دەرك بەو کۆسپ و تەگەرانە بکات کە لەبەردەم گەشەکردنی منداڵاندا، چارەسەرکردنی ئاسانترە، هەروەها ئەم ئەنجامەش وەك پێوەرێك بۆ بەراورد لەنێوانی قوتابخانەکانی هەموو وڵاتدا بەکاردەهێنرێت.

لەپۆلی نۆشدا، هەروەك لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کردووە، تاقیکردنەوەی میللی لەزمانی سویدی و ماتماتیك و زمانی ئینگلیزیدا هەیە. ئەنجامی ئەم تاقیکردنەوانە هەروەك یەك ئەنجامی تاقیکردنەوە بەکاردەهێنرێت، واتە بڕیاردان لەسەر نمرەی کۆتایی تەنیا ئەنجامی ئەم تاقیکردنەوەیە بڕیار نادات.

لەم تاقیکردنەوانەدا هەروەك تاقیکردنەوەکانی دیکە، بایەخێکی زۆر بە تێگەیشتن دەدرێت. پرسیار نییە لەبەر بکرێت "دەرخ"، بەڵکو قوتابی دەبیچت تێگەیشتنی بۆ گرفت و پرسیار هەبێت، بەپیچی ئاستی تێگەیشتن وەڵامی خۆی بداتەوە. بۆنموونە تاقیکردنەوەی میللی لەزمانی سویدیدا، لەکۆمەڵێك بەش پێکهاتووە، بەشی تێگەیشتن "قوتابی خۆی تێکستێك دەخوێنێتەوە و پاشان وەڵامی پرسیار لەبەر ڕۆشنایی ئەو وانەیە دەداتەوە"، گوێگرتن "قوتابی گوێ لەتێکستێك دەگرێت و پاشان وەڵامی پرسیار دەداتەوە"، جگە لەبەشی داڕشتن و ڕێزمان.

ئاشکرایە کە وەرگرتنی قوتابیان لەپرۆگرامە "بەشە" جیاوازەکانی ئامادەییدا بەپێی نمرەی پۆلی نۆیانە، واتە سێی ناوەندی. نمرەی کۆتایی ساڵیان "واتە ئەو نمرانەی کە قوتابییان داوای پرۆگرامەکانی ئامادەیی پێدەکەن"، پەیوەندی بە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی هەموو ساڵی خوێندنی نۆیانەوە هەیە. واتە ئەو نمرانەی قوتابیان داوای پرۆگرامێکی ئامادەیی پێدەکەن، ئەو نمرانەیە کە لەئەنجامی شەکەتی و ماندووبوونی یەك ساڵی خوێندنیاندا بەدەستیان هێناوە.

ڕۆڵی تاقیکردنەوەی میللی لەم وانانەدا هەر هەمان ڕۆڵی ئەو تاقیکردنەوانەی هەیە کە قوتابیان لەساڵەکەدا دەینووسن. ئەم ئەنجامە هەر وەك یەکێك لەئەنجامی تاقیکردنەوەکانی دیکە سەیر دەکرێت، کاتێك کە قوتابی نمرەی کۆتایی لەلایەن مامۆستای وانەکەوە بۆ دادەنرێت. تاقیکردنەوەی میللی، بۆنموونە لەوانەی ماتماتیکدا، هەر لەسەرەتای ساڵدا هەموو قوتابخانەیەك زانیاری دەربارەی ڕۆژی نووسینی تاقیکردنەوەکە لەلایەن دەزگای خوێندنی دەوڵەتی سوید، پێدەگات.

پاشان بەچەند ڕۆژێك پێش نووسینی تاقیکردنەوەکە،پرسیارەکان دەگەیەنرێتە قوتابخانەکان. هەرقوتابییەك لەقوتابخانەکەی خۆیدا، لەو ڕۆژەی کە دیاریکراوە،تاقیکردنەوەکە دەنووسێت. هەر مامۆستایەش وەڵامی تاقیکردنەوەی قوتابیانی خۆی ڕاستدەکاتەوە. نمرە لەسەر ئەم

تاقیکردنەوەیەو نمرەی کۆتاییش هەر ئەو مامۆستایەی کە وانەکە دەڵێتەوە دایدەنێت.

پرسیارەکانی تاقیکردنەوە میللییەکان لەلایەن گروپێك لەمامۆستایانی پسپۆڕو شارەزا لەو وانانە لەزانکۆکانەوە، بەسەرپەرشتی دەزگای خوێندنی دەوڵەت، دەنووسرێت.

لەقۆناغی ئامادەییشدا قوتابیان، لەکۆتایی خوێندنی کۆرسەکانیاندا تاقیکردنەوەی میللی لەوانەکانی ماتماتیك و سویدی و ئینگلیزیدا دەنووسن.

نمرەی تاقیکردنەوەی میللی بڕیاری نمرەی کۆتایی ساڵی قوتابییەکان نادات، بەڵکو ئەنجامی ئەم تاقیکردنەوەیە هەروەك هەر یەکێك لەتاقیکردنەوەکانی دیکە کە قوتابییەکان لەساڵی خوێندنیاندا نووسیویانە سەیر دەکرێت. جگە لەمەش ئەم ئەنجامە وەك پێوەرێکی بەراورد لەنێوان قوتابخانەکانی وڵاتدا بەکاردەهێنرێت.

ئەو سیستەمەی کە تەنیا تاقیکردنەوە پێوەری توانا و ژیری منداڵان و قوتابیان نیشان دەدات، بەهرەو ئارەزووی داهێنەرانە لای منداڵان و هەرزەکاران دەمرێنێت. سیستەمی بەکالۆریا لەپۆلی شەشی سەرەتاییدا، کاتێك تەمەنی منداڵان لەدوازدە ساڵ تێپەڕ

**ئەم سستەمە زۆر ڕاست و ڕەوانترە لەسستەمی جەنگی ئەزموونی بەکالۆریا کە بە دوو هەفتە تا مانگێك هەموو شت کۆتایی دێت. سەدان قوتابی و خوێندکار هەر بەهۆی شڵەژان و نائارامی و ترسی تاقیکردنەووە ئە نجامی خراپ دێنن**

ناکات، خەونێکی ترسناکە و دنیای بێگەردو ساکاری منداڵییان لێ دەکاتە مۆتەکەیەك و ڕێگەیان پێ نادات هەنگاو بنێن.

ئەنجامە نزمەکانی خوێندن لەکوردستان کاریگەرییەکی دەروونی هێندە خراپ دەکاتە سەر ئەم منداڵانە کە زۆر ئاساییە، زۆربەیان قوتابخانەکان بەجێبێڵن و منداڵە کورەکان بۆ نێو بازاڕی کارو منداڵە کچەکانیش بەرەو چواردیواری ماڵ، ڕاپێچ بکات.

بەهەموو شێوەیەك هەڵەیە کە تەنیا ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریا لەپۆلی سێی ناوەندیدا، بڕیار ی ڕێڕەوی ژیانی هەرزەکارێکی پازدە ساڵ بدات. دەبێت بڕیار بدەین کام کۆمەڵگە بۆ نەوەی داهاتوو بەجێبهێڵین، هەر کۆمەڵگەیەك ڕێز لەتوانای داهێنەرانەی منداڵان و هەرزەکارانی نەگرێت، منداڵان و هەرزەکارانی هان نەدات بەکاری بەردەوام تواناکانیان گەشە پێبدەن، ئەو کۆمەڵگەیە لەڕێڕەوی پێشکەوتن دوا دەکەوێت.

ئەمڕۆ تەنیا پێوەرێك بۆ خوێندنی بەردەوام لەزانکۆ و پەیمانگەکاندا لەکوردستان، تەنیا ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریایە. بڕیاری دوارۆژی هەزاران قوتابی و خوێندکاری شەشی ئامادەیی بەستراوە بەتوانای تەنیا دوو هەفتەیانەوە. سیستەمی بەکالۆریا مۆتەکەیەکە، بەهیچ شێوەیەك ناهێڵێت منداڵان و نەوجەوانانی کورد بەرەو بەتوانای داهێنەرانەیان بدەن.

لەسیستەمی فێرکاری دیموکراتیدا بەهیچ شێوەیەك جیاوازی لەنێوان ئاستی قوتابییاندا، لەڕێگەی دەرچوون بە پلەی یەکەم یان دووەم یان سێیەم لەپلەکاندا، دروست ناکرێت. لەکوردستان پاش تاقیکردنەوەی سەری ساڵ ئەو قوتابیانەی کە ئەنجامی بەرزیان بەدەست هێناوە بە یەکەم و دووەم و سێیەم دادەنرێت. ئەم دیاردەیە کارێکی دەروونی خراپ دەکاتە سەر قوتابییانی پۆلەکە و وایان لێدەکات کە هەستی باوەڕ بەخۆبوونیان کەم بێتەوە و وەك مرۆڤ نرخێکی کەمتریان بۆ دابنرێت. لابردنی سیستەمی دەرچوون بەیەکەم و دووەم لەپۆلەکاندا یەکسانی تەبایی لەنێوانی نرخی مرۆڤەکاندا دروست

دەکـات و ڕێـز لەگـەورەیی مـافی تاکـە کەس دەگرێت.

## کۆتایی

ئەم ریفۆرمانـە ئەگـەر لەکۆمەڵگـەی کوردسـتاندا لـەبواری خوێنـدن و پەروەردەدا بکرێن، بەرنامـەی فێرکـاری بەرەو بەرنامەیەکی مەدەنی و دیموکراتی دەبات و ئـەوەی ئیمـڕۆی کوردسـتانیش لەو تەنگژە گەورەیە دێنێتە دەرەوە.

ڕیفۆرمەکان بودجەیەکی گەورەو کـارو کـاتێکی زۆری دەوێـت، هـەروەها میکانیزمێکی ڕاست و زانستی پێویستە بـۆ گەیانـدنی بـە کـەناری ئـارامی جێبەجێکردن. بـەڵام هـەمووی هێـشتا کەمـە لەچـاو دەسـتکەوتەکاندا ئەگـەر مەبەست بێت کە تاکی کورد سەربەست و کوردسـتانیش ئـازادو ئـاوەدان و پێشکەوتوو بێت.

*** پسپۆری پەروەردەیی ـ سوید**

# یەکەمین مانگی
# پۆلی یەکەم ـ وانەی کوردی

غەریب عەلی عەزیز*

هەر لەسەرەتای ساڵەوە قوتابخانەکان وەکو پوورەی هەنگ ئاوەدان دەبنەوەو قوتابییەکی زۆری ناسك و نەرمۆکە ڕوو لەقوتابخانە دەکەن، بەتایبەتی ئەوانەی کە بۆ پۆلی یەکەم ناونووس کراون، بەشێکی زۆری ئەم منداڵانەش باخچەی ساوایانیان نەدیوە، یان براو خوشکیان لەقوتابخانە نین، جا لەبەر ئەوە کە چاویان بە مامۆستایان دەکەوێت و ئەو قەلاەباڵغییە دەبینن سڵ لە قوتابخانە دەکەن، بەتایبەت کە ماڵ و قوتابخانە لەیەك جیاوازن، هەرکەس و کاریان بەجێیان دەهێڵن، دەست بەگریان دەکەن و ئەرکی گەورە دەکەوێتە سەرشانی مامۆستایانی پۆلی یەکەم و ئەو مامۆستایانەی کا تازە دامەزراون و

پــــۆلی یەکــــەمیان بەردەکــــەوێت، تووشی زۆر تــەنگ و چـەڵەمە دێـن، لەبەرئــــەوەی بەتــــەواوی شــــارەزایی کۆمەڵایەتییان لەو بوارەدا نییە.

ئەم دیاردەیـە هــەر هــەبووەو هــەر هەیــــە، جــــا لەبەرئــــەوە چــــەند تێبینییــــەك بــــۆ ئــــەم مامۆســــتایانە دەستنیــــشان دەکــــەم کــــە تــــازە دامــــەزراون بــــۆ ئــــەوەی کارەکانیــــان ئاسان ببێت.

**دەبێت مامۆستا لە یەکەمین مانگدا پەلە نەکات، هەروەها ماوەی وانەکان بکاتە نیو سەعات**

یەکــــەمین هەفتــــە: دەبێــــت لــــەم هەفتەیــــەدا مامۆســــتا هــــەوڵ بــــدات ئاشــــنایی لەگــــەڵ قوتابیانــــدا پەیــــدا بکــــات، ئــــەویش بــــە پرســــینی نــــاوی خۆیــــان و کەســــوکاریان، تەنانــــەت خــــواردنی ڕۆژانەشــــیان، ئــــەمجا دەســــت دەکــــات بــــە گــــۆرانی یــــان ســــروودی خۆش وەك "ســێوە مێــوەکی جوانــە، پشە پشەی ڕەنگیــنم، بــەیانیان ســەر لەزوو....هتد".

داوایــــش لــــەقوتابیان بکــــات ئــــەو ســــــروودو گۆرانییانــــــەی لەگــــــەڵ بڵێنــــەوە، پاشــــان داوا دەکــــات کــــێ دەتوانێــــت گۆرانییــــەکی بــــۆ بڵــــێ، قوتــــابی زیتــــەڵ لەپۆلــــدا هەیــــە یەکــــسەر یــــەکێك دەســــتی بــــەرز

دەکاتەوە، دەبێت مامۆستا دەستی بگرێت و ئافەرینی لێ بکات و لەگەڵ ئەم کارانەدا قوتابیان فێری هەستان و دانیشتن و ریزبوون و رەوشتی جوان دەکات کە چۆن دێنە ژوورەوەو شەرِەشەق ناکەن و رێز لەبرادەرەکانیان دەگرن و بەپاك و تەمیزی دێنە قوتابخانە. مەبەست لێرەدا تەنیا ئاشناکردنی قوتابییە بە قوتابخانە.

دووەمین هەفتە: پاش دووبارەکردنەوەی هەنگاوی یەکەم مامۆستا چەند شتێك لەسەر تەختەرِەشەکە وەکو چەند هێڵێکی راست و پێچاوپێچ یان بازنە و هەتا سێ رِۆژ قوتابی ر لەسەر گرتنی تەباشیر بەشێوەیەکی جوان ادەهێنێت و سێ رِۆژەکەی دیکە لەسەر دەفتەر هەر بەو وێنانە فێری چۆنیەتی قەڵەم گرتنیان دەکات و ئەگەر قەڵەم جاف بەکاربێنن باشترە، چونکە منداڵی بچووك دەستی کەم هێزەو قەڵەمی دار بۆ نووسین هێزی پتری دەوێت ،مەبەست لەم هەنگاوانەش تەنیا بەکارهێنانی تەباشیرو قەڵەمە.

سێیەمین هەفتە: مامۆستا پلان بۆ وانەگوتنەوەو دابەشکردنی وانەکان دادەرِێژێت، ئەمجا سێ رِۆژی یەکەم فێری پیتی (ا) واتە دەنگی (ئا)یان دەکات و دەنگی پیتەکە بەهۆی ئەو وشانەی کە بەم پیتە کۆتاییان هاتووە دەردەخات وەکو وشەی (دارا، زارا، رِژا، برژا، سووتا)، ئەمجا هەوڵ دەدات کە لەسەر تەختەرِەشەکە قوتابییان بینووسن و پاشان مامۆستا خۆی هەریەکەو دێرِێکیان لەدەفتەرەکانیان بەرِێکی بۆ دەنووسێت و داوا دەکات وەکو ئەو بینووسنەوە. سێ رِۆژەکەی دیکە فێری نووسینی پیتی ـ د ـ یان دەکات بەناوهێنانی ئەو وشانەی کە سەرەتاکەیان بەپیتی ـ د ـ دەست پێ دەکات وەك : دار ـ دەرِژێت ـ دێم ـ دەرِۆم، ئەم وشانە بۆ نووسین نین تەنیا بۆ دەرخستنی دەنگی پیتەکەیە بەزار. رِۆژی سێیەم پیتی ـ د ـ لەگەڵ ـ ا ـ بەیەکەوە دەنووسێت و بەیەك برگە دەیخوێنێتەوە پاشان لەسەر دەفتەرەکانیان یەکە یەکە بۆیان

دەنووسێت بۆئەوەی ئەوانیش لاسایی بکەنەوە، بەم شێوەیە سێیەمین هەفتە کۆتایی دێت.

چوارەمین هەفتە: یەکەمین ڕۆژ فێری نووسین و خوێندنەوەی پیتی ـ ر ـ یان دەکات، ئەویش بەپیشاندانی مۆزێک یان پارچە دارێکی خوار، ئەمجا بەزار ناوی چەند وشەیەك دەهێنێت کە بە پیتی ـ ر ـ کۆتاییان دێت، وەك: دار، زار، مار... تاد، ئەمجا لەسەر تەختە بەتەباشیر بە قوتابیانی دەنووسێت. دووەمین ڕۆژ دەیخاتە سەر دەفتەرو چەند پیتێکی (ر)یان بەڕێکی بۆ دەنووسێت، تا ئەوانیش لاسایی بکەنەوە، ناشبێت مامۆستا لەو کاتەدا منداڵ لەهەستان و دانیشتن و گۆرانی بێ بەش بکات تا بێزار نەبن.

سێیەمین ڕۆژی هەفتەکە وێنەی دارێك لەسەر تەختەڕەش دەکات و دەڵێت ئەمە دارە پاشان بڕگەی ـ دا ـ دەنووسێت و پرسیار لەقوتابیان دەکات ئەو وشە چی ماوە تا ببێتە (دار)، ئەگەر قوتابی نەیزانی ئەو کات خۆی

**چوارەمین هەفتە : یەکەمین ڕۆژ فێری نووسین و خوێندنەوەی پیتی ـ ر ـ یان دەکات، ئەویش بە پیشاندانی مۆزێك یان پارچە دارێکی خوار**

پیتی ـ رـ دەنووسێت، پاشان دوو جار (دار دار) دەنووسێت و بە قوتابیان دەیخوێنێتەوە، دوا بەدوای ئەوەش لەناو دەفتەر بۆیان دەنووسێت.

چوارەمین ڕۆژی فێری وشەی (دارا)یان دەکات و وێنەی قوتابییەکیان بۆ دەکێشێت، دوایی یەکەمین وانەی پەرتووکەکە بەتەواوی دەنووسێت و ئەو ڕۆژە بەخوێندنەوەو نووسینی کاتەکە بەسەر دەبات. نابێت مامۆستا پەلە بکات تا بەتەواوی قوتابییەکان فێر دەبن.

پێنجەمین ڕۆژ مامۆستا پاش نووسینی وانەکە لەسەر تەختەڕەشەکەو خوێندنەوەی چەند جارێك، دێت یەکەیەکە وانەکەیان بۆ سبەی ڕۆژ وانە لەسەر دەفتەر بۆ دەنووسێتەوەو شەشەمین ڕۆژ پەرتووکیان بەسەردا دابەش دەکات بۆ ئەوەی لەناو پەرتووکیش فێری بن.

دەبێت مامۆستا لە یەکەمین مانگدا پەلە نەکات، هەروەها ماوەی وانەکان بکاتە نیو سەعات و ئەو (دە) خولەکەیە کە لەوانەکان دەمێنێت قوتابییەکان بۆ ئاو خواردنەوەو سەرئاو ڕیز بکات. بەم جۆرە یەکەمین مانگ تەواو دەبێت، دواتر دەبێت هەر هەفتەی (2) وانە بڵێتەوەو، پاش نیوەی ساڵ بیکات بە سێ وانە، بەم جۆرە لەگەڵ کۆتایی ساڵدا ئەویش پەرتووکە تەواو دەکات. زۆر مامۆستای باش هەن تەنانەت نوقڵ و چوکلێت لەگەڵ خۆیان دەبەنە پۆل و بە سەر قوتابییە زیتەڵەکاندا دابەشی دەکەن تا ئەوانی دیکە هان بدەن.

■

# لە پێناوی پرۆسەی پەروەردەو فێركردندا... قسەیەك!

**شوكر سلێمان***

دەمەوێت لەم بابەتەدا كۆمەڵێك باس بورووژێنم كە لەسەرەتاوە باسی مامۆستا دەكەین، مامۆستا وەكو توێژێكی كاریگەر لەنێو پرۆسەی پەروەردەو فێركردندا هەم ڕۆڵێكی كاریگەر وازی دەكات، هەمیش ئەگەر ئەو توێژە تووشی ئاستەنگ هات، بێگومان پرۆسەكەش لەگەڵ خۆیدا تووشی گرفت دەكات، مامۆستایان لەم سەردەمەی ئێستاماندا بەپێی ئەو گۆرانكارییانەی هاتوونەتە كایەوە نەیانتوانیوە بەپێی پێویست لەگەڵ كاروانی گۆڕانكارییەكاندا گوزەر بكەن و بگۆڕێن و پی بەپێ هەنگاو لەگەڵ ئەو گۆڕان و بەرەو پێشەوەچوونەدا بهاوێژن، ئەمەش بێگومان خەوشێك دروست دەكات كاتێك تۆ دەتەوێت لەگەل زەمەن و كایەكی جیاوازدا هەڵسوكەوت بكەیت، بەڵام ئەو كایەیە خۆی لەزەمەن و ئاستێكی جیاوازتردا

دەبینێتەوە، لەو كاتەدا ئەو دوو كارلێكە بەهەر شێوەیەك بێت ناتوانن بخرێنە نێو یەك تەوەری گفتوگۆو كێبركێوە، بۆیە كاتێك مامۆستایەكی بەناو ساڵدا كەوتووی هەشتاكان دەیەوێت لەرێگەی وانەكەیەوە خۆی هاوجووتی ئاستی قوتابییەكی ئامادەیی یان بەلای كەمەوە ناوەندی بكات، جۆرێك لە نایەكانگیری لەنێوان ئاست و ئارەزووی قوتابی لەلایەك و مامۆستا لەلایەكی دیكەوە دەردەكەوێت، كە ئەوەی قوتابییەكە گەرەكیەتی رەنگە لەكەشكۆڵی مامۆستاكەدا نەبێت، ئەمەش جۆرێك لەگرژی و ناتەبایی لەنێوان هزرو بیری قوتابییەكە لەلایەك و مامۆستا لەلایەكی دیكەوە دروست دەكات، بۆیە ئەوەی قوتابییەكە گەرەكیەتی لەمامۆستاكە دەست ناكەوێت و، ئەوەی مامۆستاكەش دەیبەخشێتە قوتابییەكە ئەوە نییە كە قوتابییەكە بۆی دەگەرێت، ئەمەش بۆ ئەو زەمەنە گۆڕاوە دەگەڕێتەوە كە ئێمە بە مامۆستا و قوتابی تێیدا دەژین، چارەسەری ئەو دیاردەیەش هەر تەنیا بەوە ناكرێت خولی جۆراوجۆر بۆ مامۆستایان بكرێتەوە ، بەداخەوە هەندێك جار كە لەدیاردەیەك دەڕوانی ئەوەندە رەگاژۆی نێو ناخی زەمەنێكی بەسەرچووە رەنگە بپرسین بۆچی؟ كاتێك مامۆستایەك ناتوانێت لەگەڵ زەمەنێكی گۆڕاودا هەڵسوكەوت بكات و خۆی بگونجێنێت، كەچی لەبەرانبەریدا ئەوەی كە هەڵسوكەوتی لەگەڵدا دەكات لێرە مەبەستمان قوتابییە، خۆی زۆر بەئاسانی گونجاندووەو لەگەڵ ئەو بۆیەرەی لای ئەو شتێك نییە لەگۆڕان، بەڵكو ئەو زۆر بەئاسانی خۆی لەگەڵ ئەو گۆڕانەدا گونجاندووە، ئەوا دوو نەوەی جیا بەبێ ئەوەی تەماسێكیان لەنێواندا هەبێت، دەكەونە نێو یەك خانەی گفتوگۆوە، لەو كاتەدا نە مامۆستا دەتوانێت ئەوەی مەبەستییەتی بیگەیەنێتە قوتابییەكەو، نە قوتابییەكەش دەتوانێت لەگەڵ كەسێكدا بگوزەرێت كە تەعبیر لە

ئاست و ویستی ئەو ناکات، بۆیە قوتابییەکە لای مامۆستاکە دەبێتە ئەو کەسەی کە نەهیچ دەزانێت و نە قوتابییەکەش بایەخ بەو زانیارییانە دەدات کە مامۆستایەکە دەیانبەخشێتە قوتابییەکە، ڕەنگە دواجار ئەم هاوکێشەیە سەرەنجامەکەی بەوە بگات کە هەم ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری قوتابیان بەو شێوەیە نەبێت کە شایەنی باس بێت، هەمیش مامۆستا کاتێك لەخۆیان و لە تایبەتمەندییەکەیان بڕوانن، زۆر لەدواوەی ئەو زانستەوە خۆیان ببیننەوە کە زەمەنی گۆڕاو لەگەڵ خۆیدا هێناویەتە کایەوە.

لەلایەکی دیکەوە بوونی مامۆستا وەك کەسایەتییەکی دیارو ڕەها چ لەنێو قوتابخانەو چ لەدەرەوەی قوتابخانە، لەو کلتوورەوە سەرچاوەی گرتووە کە دواجار بەرهەمهێنەرو دروستکاری هەموو ئەو ئەقڵ و هەزرە باوەیە کە لەکۆمەڵدا هەیە، واتە ئەو ستەمەی مامۆستای بە ڕەفتارو گفتارو ئاکارەوە بەرهەمهێناوە، پێش بەرهەمهێنانی مامۆستا، باوکی وەك دەسەڵاتدارو خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەها بەرهەمهێناوەو کردوویەتی بەو کەسە قامچی بەدەستەی کە کەس ناتوانێت قسە لەقسەی بدات، هەر ئەم باوکە خوێنەکەی ڕژاوەتە ناو دەمارەکانی مامۆستاو، لەوێوە مامۆستا بووەتە ئەو باوکە داربەدەستەی نێو قوتابخانەکان، بەڵام بەشێوەیەکی جیاوازو ڕەفتارو ئاکاری جیاوازەوە، با پرسین ئەگەر مامۆستا خۆی بەرهەم و دروستبووی ئەو واقیعە بێت، نابێتەوە بەرهەمهێنەری هەمان نەوە؟ کە ئێمە مەبەستمان ئەو نەوە توندوتیژە دیکتاتۆرەیە کە بیروڕای جیاوازو ڕەنگاوڕەنگ قەبوڵ ناکات، بێگومان پرۆسەکەش بەرهەمی ئەقڵ و هەزری ئەو مامۆستایانەیە کە دواجار لەنێو ئەو کۆمەڵەدا بەرهەم هاتووە، بۆیە ستەمەکە دواکەوتوو نییە، بەڵکو پراوەکردنی ستەمەکە لەسەر دەستی ئەو عەقڵ و هەزرە دواکەوتووانە حاڵی پەرێشان بووە، کە ئەمەیان خاڵێکی جددی و

بنەڕەتییە، پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و ڕێگەچارەی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوەو، تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستییانەی لەسەر بکرێت.

لەلایەکی دیکەوە بۆیە مامۆستا ناتوانێت بەپێی پێویست لەگەڵ قوتابییەك هەڵسوکەوت بکات، کە نەوەیەکە هەموو هیواو ئاوات و ئامانجەکانی زۆر جیاوازە لەو ئاوات و ئامانجانەی کە مامۆستا لە تەمەنی ئەودا هەیبووە، ئەمەش ئەو هاوکێشەیەمان بەبیر دەخاتەوە کە مامۆستا لەم حاڵەتانەدا دەبێت چۆن هەڵسوکەوت بکات؟ دیارە ئەو نموونانەی لەبەزیندا نەزانین و خۆسووتاندنی قوتابیان لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا لەقوتابخانەکانی ئێمەدا ڕوویداوەو زۆری لەسەر نووسراوەو باسکراوە، ڕەنگە بەشێکی زۆری ئەو ڕووداوو کارەساتانە بۆ ئەو مورەو چاوسوورکردنەوەو ڕووشکاندنەی قوتابیان بگەڕێتەوە کە مامۆستایان دەرهەق بە قوتابیان

**لەلایەکی دیکەوە بوونی مامۆستا وەك کەسایەتییەکی دیارو ڕەها چ لەنێو قوتابخانەو چ لەدەرەوەی قوتابخانە، لەو کلتوورەوە سەرچاوەی گرتووە کە دواجار بەرهەمهێنەرو دروستکاری هەموو ئەو ئەقڵ و هزرە باوەیە کە لەکۆمەڵدا هەیە**

نواندوویانە لەبری لێ سەندنەوەی ئەو دارەی نواندنی دەسەڵاتێکی ڕەهای باوکئاساکانەوەیە، لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەو تێنەگەیشتن و ئەو جیاوازییەی نێوان مامۆستاو قوتابیان دەگەڕێتەوە کە کێشەکانی لێ کەتووەتەوە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە لەهەموو حاڵەتەکاندا هەر تەنیا مامۆستا لەڕوودانی ئەو حاڵاتانە بەرپرس بووبێت لەو کێشەو ڕەفتارانەی قوتابیان تێی کەوتوون، من دەپرسم: کاتێك لێدان قەدەغە دەکرێت؟ "کە من هەرگیز لەگەڵ لێدان و چاوسووركردنەوەدا نیم"، بەڵام چ کەشێك و بارودۆخێك سازکراوە بۆئەوەی ئەو پرۆسەیەی لەکۆنی کۆنەوە بەدار بەڕێوە چووە، ئەمڕۆ کون فەیەکونێك بەبێ دار بەڕێوەبچێت و مامۆستاو قوتابی لەشەڕێکی زۆر دوورو درێژەوە بچنە دنیایەکی دیکەو بەشەوو ڕۆژێك ئاشت بکرێنەوە، کە زۆربەمان ئەوە دەزانین و شارەزای ئەوەین کە مامۆستا هەیە، ئەگەر داری لێ بسێنیتەوە نەك هەر نازانێت وانە بڵێتەوە، بەڵکو هەر ناتوانێت و نازانێت چۆن پۆلەکە کۆنترۆڵ بکات، ئەمە کێشەی سەرەکی ئێمەیە، لەلایەکی دیکەوە ڕاستە مامۆستا داری لێ سێنراوەتەوە، بەڵام ئەمجارە چاو سوور دەکاتەوەو مورە دەکات، ئەمەش ناهەقی مامۆستا نییە، چونکە ئەو لەسەر پرۆسەیەك ڕاهاتووە لەگەڵ داردا، وەك ئەوەی هەندێك جار گەر قوتابی، مامۆستا بەبێ دار ببینێت پێی سەیرە، لەلایەکی دیکەوە ئەوەمان بیر نەچێت کە هەر ئەو مامۆستایە لەماڵەوە باوکە، ئەو توندوتیژییەی لەماڵەوە دەینوێنێت، دووبارە لەقوتابخانەدا پەیڕەوی دەکاتەوە، بۆ قوتابییەکەش هەروایە، ڕۆژ تا ئێوارە لەکۆڵان و لەماڵەوەش باوك، برا، دایك تێی هەڵدەدەن و لێی دەدەن و چاوی لێ سوور دەکەنەوەو لەقوتابخانەش هەر لەگەڵ وانەی یەکەمدا بە (دار) ئاشنای دەکەن و دواتر فێرە (وس بە)ی دەکەن، ئەم قوتابییە کاتێك دێتە قوتابخانە چۆن

هەڵــــسوکەوت دەکـــات، بۆیـــە کێــشەکە زۆر لـــەوە ئـــاڵۆزترە کــە ئێمە تێی گەیشتووین.

لەلایــەکی دیکـــەوە ئـــەم پـــەرتی و ئاڵۆزییـــەی خـــودی قوتـــابیش بـــەهۆی ئەم هەموو ئـــامرازەی ئـــەمڕۆ ژیـــانی ڕۆژانـــــەی تاکــــەکانی کۆمـــــەڵی تەنیوەتـــەوە، پـــتر بـــەو ئاقارەیـــدا بـــردووە کـــە ئـــەو نـــەتوانێت بـــەپێی پێویـــست هـــەم چێــژ لـــەم ئامرازانـــە وەربگرێـــت و، هـــەمیش لـــەڕووی هـــزرو بـــیرەوە لـــەوە گەیـــشتبێت کـــە چـــــۆنیەتی بــــەکارهێنانی ئــــەم ئامرازانـــە کاریگەرییـــەکی بـــۆ وێنەی لەســەر ڕەفتــارو گفتــاری ئــەو هەیـــە، بۆیـــە کاتێـــك قوتـــابی دێتـــە قوتابخانــە نــە دەتوانێــت لەگــەڵ ئــەو ئامرازانـــەدا هەڵـــسوکەوت بکـــات و نـــە میتـــۆدی قوتابخانـــەکانیش بـــەو ئاقارەیـــــدا دەبـــــەن کـــــە ئـــــەو مەبەســــــتییەتی لەچـــــۆنیەتی بەکارهێنان و گەیـشتن بـەو لەزەتـەی لـەو ئامرازانـەوە دەسـت دەکـەوێت، دیـارە ئـەم دیاردەیـەش بـە زەقـی لـــەنێو قوتابیانـــدا باســـی لێـــوە دەکرێـت و قوتـابی لـەجیاتی ئـەوەی لەقوتابخانـەدا بـەو ئـامرازو ئامێرانـە ئاشــنا بکرێــت، ئــەوە بەپێــچەوانەوە لێـی قەدەغـە دەکرێـت، ئەمـەش پـتر قوتابخانـە لای قوتـابی دەکاتـە زینـدان و لێی دوور دەکەوێتەوە.

هەر ئـەم زینـدان بوونـەی قوتابخانـە لەلایـــەکی دیکەشـــەوە دەردەکـــەوێت کاتێـــك قوتابییـــەك دەیـــەوێت بـــیر لەچـــــارەنووس و دوارۆژی خـــــۆی بکاتـــــەوە، بـــــەلام لەســـــەلماندنی هاوکێــشەکەیدا ناتوانێــت دەســتگیری ئــــەو دەرەنجامــــە بێــــت کــــە ئــــەو گەرەکیـــەتی، بۆیـــە بـــیر لەڕێگەیـــەکی دیکە دەکاتەوە کـە بیگەیـەنێتـە بانـە، ئەمــــەش لــــەو بــــازاڕەی ئــــازادەوە سەرچـاوە دەگرێـت کـە ئێـستا وڵاتـی ئێمەشـی تەنیوەتـەوە، چـونکە کاتێـك قوتــابی بــیر لــەدوارۆژ و چارەنووســی خـۆی دەکاتـەوە، ناتوانێـت قەناعـەت بــەخۆی بهێنێــت لــەدوو تــوێی ئــەم خوێندنەیـــــدا هـــــەموو هیـــــواو ئاواتــــەکانی دێتــــە دی، ئەمــــەش لێرەوە سەرچـاوە دەگرێـت کـە قوتـابی مامۆســـــتاکەی خـــــۆی دەبینێـــــت تێــدەگات نموونــەی بــاڵا لای ئــەو مامۆســـتا نییـــە، بـــەڵکو شـــتێکی

دیکەیە کە ئەویش ناتوانێت لەو بوبەرەی ئەوی تێدا دەژێت بیهێنێتەدی، یان ئەو هیواو ئارەزووانەی ئەو خەونی پێوە دەبینێت لەژینگەی قوتابخانە دەستی بکەوێت، بۆیە ئەگەر لەماڵەوەش بەزۆری بینێرنە قوتابخانە ئەوە دەرەنجامەکەی بەو شێوەیە دەبێت کە ئەمساڵ لەپۆلی شەشی ئامادەیی و سێی ناوەندی بینیمان. قوتابیش وەك بەشێکی پەیوەندیدار بەپرۆسەکەوە هیچ ئامانجێکی لەو خوێندنە نەماوە کە رۆژانە کاتی خۆی بۆ خەرج دەکات و دواتر لەگەڵ دەرچوونی دەرەنجامەکانی خوێندن ئەو مایە پووچ لێی هاتووەتە دەرەوە، کاتێك ئەو دەرەنجامانەش دەردەکەوێت هەموو لایەك بەحکومەت و لایەنە پەیوەندارەکانەوە دەشڵەژێن و نازانن ئەم کێشەیە پێوەندی بەچییەوە هەیە، بۆیە نەمانی (ئامانج) لەخوێندن لای قوتابی ئەمیش گرفتێکی دیکەی پرۆسەکەیە چونکە بڵێین و نەڵێین قوتابیش وەك لایەنێکی گرنگی پرۆسەکە بەشێکی دانەبڕاوە لەو کێشەو گرفتانەی ڕووبەڕووی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بوونەتەوە، دیارە قسەکردن لەوەی کە بۆچی قوتابی ئامانجی لەخوێندن نەماوە، لایەنێکی زۆر گرنگە کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و بەوردی لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوورییەوە لەو دیاردەیە بڕوانرێت.

لایەنێکی دیکەی کێشەو گرفتەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لەکوردستاندا میتۆدی قوتابخانەکانە، کە زۆر بەداخەوە زۆرجار لای ئێمە باسی گۆڕینی بەرنامەی خوێندن دەکرێت و هەنگاوی بەراییش لەم بوارەدا دەستی پێکردووە، بەڵام بەداخەوە ئەو گۆڕانە لەمیتۆد یان زۆر شێوەیەکی لاسایی و سەرەتایی بووە، ئەمەش وای کردووە هەم گۆڕینەکە لایەنی زانستییەتی خۆی لەدەست بدات و هەمیش گۆڕینەکە بەشێوەیەکی ڕیشەیی نەبێت، هەندێك نموونە لەم بوارەدا دەهێنینەوە بابەتی کۆمەڵایەتی

لـەپۆلی پێـنج و شەشـەمی قۆنـاغی بنــــەڕەتی و گوایــــە هەرســــێ بابەتــەکانی کۆمەڵایــەتی کراونەتــە یــەك پــەرتووك و بـۆ قوتـابی ئاسـان کــراوە، بــەڵام ســەیر دەکــەین هــەر بابەتــەکانی ئــەو ســێ میتــۆدە، مێـــژوو، جوگرافیـــا، پـــەروەردەی نیـشتمانی جارانـە بەهـەمان تـیراز و بەهـەمان بابـەت لەیـەك پەرتووکـدا کۆکراونەتــــەوەو ناویــــان نــــاوە پــــەروەردەی کۆمەڵایــــەتی، کــــە ئەمــــەیان لــــەلای مامۆســـتایانیش ئاڵۆزییـەکی دروسـت کـردووە، بۆیـە مامۆســتاش بــەبێ ئــەوەی هەســت بکـــات پەرتووکەکـــە گـــۆڕاوە، هــەروەکو جــاران وانــەکانی هەفتــەی دابـەش کردووەتـە سـەر بابەتـەکانی جــاران و بەقوتابییــەکانی دەڵێــت پەرتووکەکــە بکەنــە ســێ بــەش وانەیــەك لــەجوگرافیا دەخــوێنین و وانەیـــەك لەمێـــژوو و وانەیـــەکیش لەپــەروەردەی نیــشتمانی، شــتەکەش لێــرەوە ســەیرتر دەکەوێتــەوە کاتێــك لەتاقیکردنــەوەی کۆتــایی ســاڵ و تــا لەتاقیکردنــــــەوەی وەزاریــــــش پرســــیارەکان هــــەر بــــەو شــــێوەیە دادەنرێــت وەك بڵێیــت میتۆدەکــە نــەگۆڕابێت. ئەمــە ســەرەڕای گــۆڕان لـەمیتۆدەکانی دیکـە کـە هەنـدێکیان بــە کوردییــەکی ئەوەنــدە ســەقەت نووســراون نــەك قوتــابی تــا خــودی مامۆســتاش لێــی تێناگــات، دیــارە گـــۆڕینی بەرنامـــەی خوێنـــدنی قوتابخانە هەرئەوەندە ئاسـان نییـە کـە ئێمـە شـەلم کـوێرم دەستمان داوەتـێ، بــەڵکو پێویــست بــە لێکۆڵینــەوەو توێژینـــــەوەی وردو زانـــــستییانە دەکات، دواجـار دانـانی ئـەم میتـۆدە دەبێـــت لەســـەر دەســـتی ئـــەم شـارەزایانە بێـت کـە شـارەزاییان لـەم بوارەدا هەیـە، نـەك شـارەزایانی ئێمـە کــە تــەنیا بــە مەنــسەب شــارەزان، ئەگـەرنا وەکـی دی سـەرییان لـەهیچ دەرناچێت.

بیرکردنــەوە لــەگۆڕان و بەڕاســتە ڕێـدابردنی ئـەو پرۆسـەیە لەکۆمـەڵی ئێمــەدا کــاری جــدی و زانــستی گەرەکـە، واتـە لەلایەکـەوە کـە قـسە لــەمیتۆدی قوتابخانــەکان دەکرێــت دەبێــت کەســانی پــسپۆرو شــارەزای ئــەم بــوارەی بــۆ تــەرخان بکرێــت و کارەکــان بدرێتــە ئــەو کەســانەی کــە نــەك هــەر لــە نــاوخۆی کوردســتاندا شــارەزان، بــەڵکو پــرس و ڕا بــە کەسـانی دەرەوەش بکرێـت، جـا ئـەو کەســانە کــورد بــن یــان بیــانی،

بۆئەوەی هەم میتۆدەکە لەگەڵ گیانی سەردەمی ئێستادا بگونجێت و، هەمیش لەڕووی زانستییەوە بتوانین لەگەڵ هەنگاوەکانی بەرەو پێشەوەچووی زانست و زانیاری لەجیهاندا گوزەر بکەین، هەروەها ئەو پرۆگرامانە بەشێوەیەك بێت کە تەعبیر لەهەست و ئارەزووەکانی قوتابی بکات و حەزی ئەوەی لا دروست بکات کە بیکاتە بەشێك لەئاداب و ئەخلاقی خۆی و دواجار ئەم ئەخلاقیاتە بەشێوەیەکی نەرێنی بەسەر گۆڕان و بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگەکەمان لەهەموو بوارەکانی ژیاریدا ڕەنگ بداتەوە. لایەنێکی دیکەی گرفتەکانی پرۆسەکە چۆنیەتی دروستکردن و پەیڕەوکردنی ئەو شێوازەیە لەبیناکردنی قوتابخانەکانمان، کە زۆر بەداخەوە سەرەڕای کەمی بینای قوتابخانەو زۆر قوتابیان لەیەك پۆلدان کەچی شێوەی دروستکردنی بینای قوتابخانەکانیش کە ئەوانەی بەم دواییەش دروست دەکرێت هەر ئەو شێوازە کۆنەیە کە هەیە، قوتابخانەکانی ئێمە نە باخچەی جوان و نە هۆڵی خوێندنەوەو کتێبخانەو نە لایەنەکانی دیکەی بواری کات بەسەربردنی تێدا پەیڕەو ناکرێت، ئەمە سەرەڕای لێك هەڵاوێرکردنی کچان و کوڕان لەیەکدی، کە ئەمەیان پتر دوو دنیای زۆر نادیاری دروستکردووە هەم لای کچان و هەمیش لای کوڕان، کە ئەمەش وای کردووە کوڕان بچنە سەر ڕێگەی قوتابخانەکانی کچان و، کچانیش بۆ ئاشنابوون بەدنیای کوڕان، بەناچارییەوە سەردانی ئەو سەنتەرانە بکەن کە بەناوی لاوان و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری دامەزراون، کە ئەو شوێنانە ئێستا زۆر بە زەقی بوونەتە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی ئارەزووی کچان و کوڕان.

**تێبینی:** ئەم بابەتە پێش بەستنی کۆنگرەی پەروەردەیی نووسراوە (ستافی گۆڤار).

***مامۆستا لەقوتابخانەی ئامادەیی ئازادی کوڕان**

■

# گرنگی چالاکترکردنی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی

شەوکەت هادی قادر*

ڕەنگە هەموو لایەك لەسەر ئەوە کۆك بن، کە ئاستی زانستی و هونەری و ڕۆشنبیری لەلای منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە، ئەمەش لەخۆڕانەگوتراوە مانای ئەوەش نییە کە چەند هۆکارێکی نییە، بەڵکو پسپۆڕانی بواری پەروەردەیی و ڕاگەیاندنەکان و دایك و باوکی خوێندکاران، هەستیان بەو دابەزینە کردووە. ئەوەی دوێنێ لەنێوان خەڵکدا هەبوو، ئەوە ئێستا ئەو پەیوەندییانە پەرتەوازە بوونە، هەر چینەو لەئاوازێك دەخوێنێت و کەوتوونەتە ئاویلەکەی نەخوێندەواری و ناجێگیری زانستی و بایەخ نەدان بەدەوام و کەمی ئامرازەکان و هۆکارەکانی فێرکردن. جگە لەمانە کەمی ژمارەی مامۆستایانی پسپۆڕو سەرپەرشتیاری شارەزاو بەدواداچوونی ڕۆژانە سەرباری هەموو ئەوانەش خەڵکی کوردستان تووشی چەندین شەڕو نەهامەتی و ئابڵوقەو داشکانی دەروونی و ترس و دڵەڕاوکێ بوونە.

سەرەڕای نەبوونی ئامرازی پێشکەوتووی زانستی کەوا دەکەن پرۆسەی خوێندنی دروست و پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندن و کتێب و بەرەو دواوە بگەڕێتەوە. هەروەها ناتوانن پاڵپشتی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی بکەن بەبیستراو وبەبینراوەوە. هەموومان دەزانین وەزارەتی پەروەردە پێشڕەوی پرۆسەی خوێندن دەکات و ئەوەی بۆی کرابێت دریغی نەکردووە، لەڕووی ماددی و دامەزراندنی چەندین بەش و خوێندنگەی نموونەیی لەهەر قۆناغێك لەقۆناغەکانی خوێندن، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بۆ گەل و نیشتمانەکەیان خەمخۆرو دڵسۆزن، بێگومان ئەم هەنگاوانەش بێ کەم و کوڕی نابێت و هەروا بەئاسانی ناتوانرێت ڕەگ و ڕیشەی تاریکی لەمێشکی منداڵ و گەورەکاندا بەیەکجاری بنبڕ بکات.

تەلەفزیۆنی پەروەردەیی سیستەم و کاریگەرییەکی تایبەتی هەیە دەشێت گەلێك کێشەی پەروەردەیی چارەسەر بکات و بەلای خۆیدا ڕایبکێشێت وهەڵیبژێرێت لەناو چینە جیاوازەکانی خەڵك و بواریکیش پەیدا بکات لەدەست نەخوێندەواری ڕزگاریان بکات و بەسەر ئەو تەگەرانەدا زاڵ ببین کە کە تووشی کۆمەڵەکەمان بوونە بەتایبەت قوتابیان و خوێندکاران. کە لەئەنجامی هەژاری و دەست کورتی و گوێ نەدان بەخێزان، ڕووبەڕوویان بووەتەوە، چونکە گرفتەکان ئەوەندە زۆرن لەئەژمارو ئامار کردن نایەن. سەرباری ژیانێکی پڕ لەکوێرەوەری ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو ئەوە دەردەخات کە پەخشی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کاریگەری خۆی هەیە، بەتایبەت ئەو ساتانەی کە بۆ پێشکەشکردنی ئەو پرۆگرام و بەرنامە هەمەڕەنگانە تەرخان کراوە کە ئاراستەی چینەکانی کۆمەڵ دەکرێت، بەتایبەتی قوتابیان و خوێندکاران، ئەمەش تەنانەت وای کردووە لەکات و وەرزی خوێندنی و تاقیکردنەوەکاندا سەرنجی ئەو توێژە گرنگە بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. هەروەها پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و پتەو لەنێوان تەلەفزیۆنی پەروەردەیی و بینەرەکانیدا دروست دەبێت بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانین ڕەچاوی ئەو هەنگاوانە بکەین:

سەرەتا ئەو وانانەی کە تایبەتن بە بەرنامەی خوێندن لەهەموو قۆناغەکاندا و "باخچەی ساوایان،

بنـــەڕەتی و ئامادەییـــەکان" بـــەو مامۆستایانە بدرێن کە لەوانەکانیانـدا شارەزاو پسپۆرن، کە ئەوانیش لەلایـەن سەرپەرشـتیارە بەڕێزەکانـەوە ڕێنمـایی بکـرێن و لیژنەیـەکی بەدواداچـوونیش چـاودێرییان بکـات کـە لـەوەزارەت و تەلەفزیۆنی پەروەردەیی پێك هاتبێـت، بۆئـەوەی وانـەکان دابـەش بکـرێن و خشتەی گونجاویـان بـۆ دابـین بکرێـت، کات و ڕۆژی گونجاویان بـۆ دابنرێـت و بە چڕی ئاراستە بکرێـت پـێش ئـەوەی "بەماوەیەکی کورت" تاقیکردنەوەکان دەسـت پێبکـات. هـەروەها نیمـچە هەڵبـژاردنێك هـەبێت لـەنێوان ئـەو مامۆستایانەدا کـە ڕووگـەش و قسـە خۆشـن. ئامرازەکـانی فێرکـردن و تاقیگـەکان بەتایبـەتی تاقیگـەی "کیمیا، فیزیـا و بـایۆلۆژی" پیـشانی خوێندکاران بدرێت جگە لەمانە کـاتی پشوودان و کاتی بەسەر بردن بڕگەیـەك بێت و بەباشی هەڵبژێررێت، بەمەرجێك بە زەیـنی منـداڵان پەیوەسـت بێـت و ئاسۆیەکی گەش و ڕۆشـن بەگـەورەکان ببەخشێت و لەگشتگیری ئەو بابـەت و بڕگانـە دوورکەوێتـەوە کـە لەبەرنامـە هەمەڕەنگـــەکانی تەلەفزیۆنـــە گشتییەکاندا هەن، ئەمەش وا دەکـات پابەند بێت بەو وانانـەی کـە تایبـەتن بەخوێندن، جگە لەمانە دەبێت ئاسان و بەپێز بێت و هاوتا بێت لەگەڵ هەست و سۆزو جۆری بیرکردنەوەی ئەو کەسانەی بەرانبـەر تەلەفزیۆنەکـە دانیـشتوون. لەلایـــەن دیکەشـــەوە دەبێـــت خوێندنەوەیەکی سەرەتایی هـەبێت بـۆ ئـەو بەرنامـەو پرۆگرامانـە کـە بـۆ نەخوێنـدەوارەکان تـەرخان دەکـرێن، ئـەویش لەڕێگـەی ئـەو کتێبـە تایبەتییانـەی کـە بـۆ لـەناوبردنی نەخوێنـدەواری دانـراوە سـەرباری بەرنامەی هونـەری ئـەویش لەڕێگـەی تۆمـارکردنی چـەندین ئەڵقـەی کـورت کـورت و سـەرنجڕاکێش بەنوانـدنی تەلـەفزیۆن و کاریکـاتێرو سـروودی نیشتمانی و بەکارهێنانی ئامرازەکـانی ڕوونکردنـەوە لەلایـەن کارمەنـدە هونەرییەکانەوە کـە لەبەڕێوەبەرایـەتی چـالاکی قوتابخانەکانـدا هـەن، لەدەرئەنجامـدا دەتـوانین پلانـی ڕاستەقینە و گونجـاو بنەخشێنین لـەو کاتانـەی کـە کۆبوونـەوەو کـۆنگرەو کـۆنفرانس و بەدواداچـوونی مەیـدانی بـەڕێوە دەچـێت، هـەروەها وێنـەگرو

دەرهێنەری بەرنامەکان و کارمەندی ڕووناکی و بەرپرسی ستۆدیۆ و مۆنتێر ڕۆڵێکی سەرەکی لەبەدەست هێنانی چەندین ماددەی خوێندن دەبینن کە بۆ وەرزێکی خوێندن تۆماری بکەن، ئەو تێبینییانەی هێندە گران نین، لەبەرئەوەی لەو سەردەمەی ئێستادا توخمەکانی نوێکردنەوە زۆر قورس نین ، چونکە چەندین کەسی کارامەمان هەیە لەبواری پەروەردەو فێرکردندا کار دەکەن، سەرەڕای زۆربوونی چەندین جۆرە کامیرای پێشکەوتوو کە دەکارێت بەماوەیەکی کورت وێنەی سەدان وانەو بەرنامە بگرێت، بەبێ ئەوەی پێویستی بەستۆدیۆی تایبەت هەبێت و دەتوانرێت بەزیندوویی لەناو پۆلی خوێندنگەکاندا بەئاسانی بگوازرێتەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستە ڕەنگە خوێندنگەی وا هەبێت چەندین وێنەگری بەتوانای تێدا بێت، باوەڕ ناکەم هیچ ولاتێك حەز نەکات ئەم جۆرە فێرکردنە فەرامۆش بکات و ڕازی نەبێت بەتایبەتی ئەو ولاتەی کە گەشەسەندن و بووژاندنەوەی دانیشتووان و ژێرخانی پەروەردەیی نەخاتە پشت هەموو ئەو پلانانەی کە بۆ ولاتەکە دایدەڕێژێت. چونکە پەیداکردنی هۆکارەکان و دەستنیشانکردنی پاڵپشتێکە بۆ بەردەوامی کاروانی پەروەردەیی.

لێرەدا ڕەنگە چەند پرسیارێك سەر هەڵبدەن، کاتێك دەبیسین کەی ئامادە دەکرێت؟ کەی پەخش دەکرێت؟ ئەنجامەکەی چی دەبێت؟ دەبێت ئەوەش بزانیت کە چەندین کەناڵی لۆکاڵی و ئاسمانی هەبێت کە وانەکانی فێرکردنیان پێ بدرێت چەندین دانەی لێ کۆپی بکەن و بەسەر پارێزگەکاندا دابەشی بکەن، چونکە هەر پارێزگەیەك و کەناڵێکی لۆکاڵی خۆی هەیەو بەشێوەو کاتی جیاجیا دەتوانرێت پەخش بکرێت، سەرەنجام دەتوانرێت لەهەموو بوارەکاندا پێشبڕکێ لەنێوان خوێندکاراندا دروست بکرێت بەمەش ئاستی خوێندن و زانست و زانیاری خوێندکاران بەرز دەبێتەوە، کە لێرەدا ڕۆڵی وەزارەتی پەروەردە وەك باوکێکی دڵسۆزو گەورە دەردەکەوێت بەو ئەرکە مەزنەی کە خستوویەتییە ئەستۆی خۆی ئەمەش لەناوەڕۆکی ئاراستەکانی وەزارەتە، ئینجا لەپەروەردەکردنەکاندا ئامانجەکان دەردەکەون، سەرباری

ئەوەش دەتوانرێت ئەو ئەرکە قورسەی
کە کەوتووەتە سەرشانی قوتابیان و
خوێندکاران سووك بکرێت، بەتایبەت
ئەوانەی کە دەیانەوێت مامۆستای
وانەی تایبەت بەپارەیەکی زۆر بگرن،
هەر لەو سۆنگەیەوە چەندین
مامۆستای پسپۆر لەبوارەکانی خۆیاندا
دەردەکەون کە لەشاشەی
تەلەفزیۆنەکەوە دەربهێنرێن، بگرە
چەندین دەرهێنەرو وێنەگرو دیکۆرکێش
و ڕووناککەرەوە و بەڕێوەبەرو پیشەوەر
مۆنتێر ساڵ بە ساڵ زیاد دەبن و
بەرنامەی پێشکەوتوو تر بە ئەنجام
دەگەیەنن، ئەمانەش پێویستیان بە
بودجەیەکی زۆر هەیە کە ساڵانە بۆی
دیاری بکرێت، تاوەکو پرۆژەی
تەلەفزیۆنی پەروەردەیی سەربکەوێت،
ئەگەر ئەو بودجەیەو سوودەکانی بخرێتە
تای تەرازووەوە دەبینین تای تەرازووەکە
هەر بەلای سوودەکاندا دەشکێتەوە.

*تەلەفزیۆنی پەروەردەیی ـ سلێمانی

■

# شاندێکی پەروەردەی تایبەت
# لە وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
# دەزگەی سیزۆبیل لە لوبنان بەسەردەکاتەوە

**ئا: پەروەردە و فێرکردن**

بەمەبەستی پەرەپێدان بەپەروەردەی تایبەت شاندێکی وەزارەتی پەروەردە "پەروەردەی تایبەت" سەری لە ولاتی لبنانیاندا ببۆ ئەوەی بەشداری لە خولێکی رشاهێنان لە سەنتەری سیزوبێل "sesobel" بکات "مؤسسة الخدمة الاجتماعية لسلامة الطفولة في بيروت "، ئەمەیش یەکەم جارە لە کوردستان ستافی پەروەردەی تایبەت سەر لە دەرەوەی ولآت دەدەن. سەنتەری سیزوبێل SESOBEL ئەو سەنتەرە بۆ لە خۆ گرتن و خزمەت کردنی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان تەرخان کراوە بە هەموو جۆرەکانیەوە، لە ساڵی (1976)دا لە لایەن دوو ئافرەتی خۆبەخشەوە دامەزراوە کە "ئیڤۆون شامی _ فادیە صافی"ن ، ئێستا دووەمیان بەڕێوەبەری گشتی دەزگەکەیە. هەردووکیان بە خۆبەخشی بۆ ماوەی (30) ساڵ بۆ خزمەت کردنی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان، ئیشیان کردووە، یەکەم جار بە (8) منداڵ دەستیان پێ کردووە تا گەیشتووەتە (470) منداڵ لە هەموو

جۆرە گرفتەکان، کە تەمەنیان لە نێوان "1 ساڵ بۆ 24 ساڵ "ە. لە ساڵی 1989 یەکەم دەزگە بوونە کە کاریان لە بواری ئۆتیزمی منداڵ واتا "دەردی دابراوی یاخود تەنیایی" کردووە.

50٪ گرفتی داون سیندرۆم

40٪ گرفتی جەستەیی

10٪گرفتی (خوود تەنیایی) Autism

ئەم سەنتەرە لە بینایەیەکی گەورەی سەرەکی پێکهاتووە کە (5) نهۆمە بۆ سەرەوە ( 3) نهۆمیش بۆ خوارەوەو چەند بینایەیەکی پاشکۆی هەیە، ئەوانیش لە چەند نهومێك پێکهاتوون.

**بەشەکانی سەنتەرەکە:**

- **بەشی کارگێڕی:** کە لە (160) کارمەند پێکهاتووە لە هەموو جۆرە پسپۆڕێك و هەر یەکەو ڕۆڵی خۆی لە خزمەت کردن هەیە.

- **بەشی خزمەت گوزاری:**

ژمارەیان (65) کارمەندەو کاریان خاوێنکردنەوەی کەل و پەلی ناو بینایەکەو چێشتخانەو شوێنی خۆشوشتنە.

- **بەشی مامۆستایان:**

ژمارەیان (70) مامۆستایە هەموو دەرچووی کولێژ و پەیمانگەن. خولی تایبەتیان لە پەروەردەی تایبەت بینیوەو ئەرکیان فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵانە بەرێگەی جیاجیا هەریەکەو بە پێی گرفتی خۆی هەروەها بردنی منداڵان بۆ توالێت و خۆشوشتن و نان خواردن و، چاودێری کۆمەڵایەتی و توێژەری کۆمەڵایەتی لەگەڵ مامۆستایان و ستافی سەنتەرەکە وەك "گرووپێکی کارکردن" کار لەسەر لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەی چارەسەری بۆ گرفتەکان دەکەن لەگەڵ ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ دایکان و باوکان، (500)خۆبەخش و (45) پزیشکی خۆبەخش لەگەڵ ئەم سەنتەرە کاردەکەن. کە مانگانە بۆ پشکنینی منداڵان چەندین جار سەردانی سەنتەرەکە دەکەن و هەریەکەو لە نهۆمی سەرەوەی بینایەکە کلینیکی تایبەتی خۆی هەیە.

ئەم سەنتەرەش 62٪یارمەتی لە وڵاتانی دەرەوە و کڵێسەوە وەردەگرێت و 6٪یشی لە لایەن حکوومەتەوە. هەروەها بەرهەمی کارگەی "شکولاتە"

و کارە دەستییەکان کە لە پێشانگەی تایبەت و شوێنی فرۆشتنی تایبەت دەفرۆشرێت و سەرمایەکەی بۆ "سیزۆبێل" دەگەڕێتەوە.

**بەشی کاری دەستی :**

ئەو بەشە لە هۆلێکی گەورە پێکهاتووە کە زۆر کاری دەستی لێ ئەنجام دەدرێت وەك دروومان و دروست کردنی گوڵ و خاولی و جانتای دەست و سەبەتەو جلی منداڵ و زۆر شتی دیکە. ژمارەیەك کارمەند و مامۆستای هونەری سەرپەرشتی دەکەن. منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەموو تەمەنێك هەریەکەو بەپێی توانای خۆیان فێری ئەو کارانە دەبن.

**بەشی"سیرامیك و فەخار ":**

ئەویش وەرشەیەکە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان تێیدا فێری وێنەکێشان و بەکارهێنانی هەموو جۆرە ڕەنگ و بۆ دروست کردنی (فەخار) و سیرامیك دەبن و بەشێکی بەرهەمەکانیان لەوێ دادەنرێت و بەشێکی دیکەی بەمنداڵان دەدرێت بۆ ئەوەی بزانن ئەوە کاری ئەوانەو توانایان هەیە.

**بەشی شکولاتە:**

ئەویش کارگەێکی گەورەیە لە ناو سەنتەرەکە زۆر کارمەندو خزمەتگوزار کاری تێدا دەکەن، چەندین جۆرە "نەستەلەو شیرینەمەنی جۆراو جۆر" ی نایابی تێدا دروست دەکرێت و منداڵان لە هەموو تەمەنێك کاری تێدا دەکەن و بەپێی توانایان بەشداری لە دروست کردن و بەستنی پاکەتی شیرینییەکان دەکەن یان ڕیزکردنی نەستەلە لە ناو قوتووەکان و دانانی لەزگەو ژمارە لەسەر شیرینییەکان و بەرهەمەکانیشیان دەچێتە بازاڕەوەو دەفرۆشرێت .

**بەشی گشتوکاڵ و ئاژەڵ:**

ئەویش مەشتەلێکی گەورەیە چەندین جۆرە گوڵ و ڕووەکی سێبەرو داری جوانکاری تێدایە، خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکان لەگەڵ مامۆستا کاری چاندنی ڕووەك و گۆڕینی نەمامی گەورە لە شوێنی بچووك بۆ گەورەی ئاودان ئەنجام دەدەن و خۆڵەکەی دەگۆڕن .

## بەشی شانۆ:

ئەویش بەشێکی گرنگە کە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان توانا و بەهرەکانیان لە ناودا دەنوێنن لە گۆرانی و سەما و شانۆو زۆر شتی دیکە هەروەها لە بۆنەکاندا "ئاهەنگی تێدا دەگێڕن" .

## بەشی چارەسەری پزیشکی و چارەسەری سروشتی:

ئەویش لە چەند تیمارگەیەکی پزیشکی پێکهاتووە کە لە مانگێکدا چەند جارێك پزیشکی پسپۆر لە بواری جۆراو جۆر دێن بۆ پشکنینی منداڵەکان وەك پزیشکی دەروونی و ئێسك و چاوو ماسوولکەو چەند "چارەسەرکاری سروشتی" کە لە بواری چارەسەری سروشتی و ڕاهێنان منداڵاندا پسپۆرن لەو بەشەدا کار دەکەن .

## بەشی چێشتخانە:

بۆ دروست کردنی خواردنی بەیانی و ئێوارە بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بە شێوەیەکی تەندورستییانە و بەپێی بەرنامە. ئەو بەشانە هەمووی تەواوکەری یەك دیکەن . لەم سەنتەرەدا فێرکردن و خوێندن هەموو جۆرە گرفتەکان دەگرێتەوە هەریەکەو بەرنامەی خۆی بۆ دانراوەو مامۆستایی تایبەتیان هەیە .

بەرنامەی خوێندن بەپێی ئەم جۆرە گرفتانە بوو :

بەشی ئۆتیزم - Autism یان "خودتەنیایی" کە خۆی لە چەند حاڵەتێکدا دیاری دەکات:

1ـ ئۆیزمەن کلاسیکی: ئەم جۆرە "ئۆتیزمە" گەیاندنی باشەو زیاتر توانای فێربوونیان هەیە .

2ـ ئەسپیرگەر- سیندرۆم لە هەموو حاڵەتەکانی دیکە باشترەو لەوانەیە پلەی ژیرییان بەرزبێت بەڵام ئەویش "پێوەندی بەردەوامبوون"ی نییە .

ئەم حاڵەتە تێکچوونێکی چۆنیەتییە لە پەیداکردن و ئاڵوگۆڕکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، نوقستانی جموجووڵ و نوقستانییە لە پێوەندی بەردەوامبوونی گۆنەکردن و تووشبوو بە دەستی ئەوەوە دەناڵێنێت کە ناتوانێت قسە بکات و لە قسەکردندا دەمی تێکەڵ و پێکەڵ دەبێت وێڕای گەشەکردنی نیوچە سروشتی لە بەدەست هێنانی بەرەنجامێکی زمانەوانیدا.

جیاوازی نێوان ئۆتیزم و ئەسپیرگەر ئەوەیە ئۆتیزم لە یەکەمین سێ ساڵی تەمەنی منداڵدا دەردەکەوێت کەچی ئەسپیرگەر نادۆزرێتەوە دوای شەشەمین ساڵ یان سەرەوەتری تەمەنی منداڵ نەبێت. ئۆتیزم بەوە دەناسرێت کە منداڵ لە زماندا نوقستانییەکی ئاشکرای هەیەو ناتوانێت بەرەنجامی زمانەوانی دەستەبەر بکات، کەچی ئەسپیرگەر بەرەنجامێکی باشی زمانەوانی دەستەبەر دەکات ئەگەرچی لە ڕووی قسەکردن و دەربڕینەوە کۆڵەواری پێوە دیارە. منداڵی ئۆتیزم گۆشەگیرە بەڵام منداڵی ئەسپیرگەر هەست بە دەورو بەری خۆی دەکات و دەیانناسێتەوە کەچی ناتوانێت پێوەندییان لەگەڵدا دامەزرێنێت.

ئەسپیرگەر بایەخ بە هەندێك بابەتی تایبەت دەدات ناتوانرێت باس بکرێن.

1ـ ڕیت سیندرۆم "Rett" حاڵەتێکی قورسە، مێشکی تێکچوونی تێ دەکەویت و تەنیا کچ تووشی دەبێت .

2ـ ئەم حاڵەتەش زۆر قورسە دوای دوو ساڵی منداڵ تووشی دەبێت و دەستنیشان دەکرێت، هەموو گەشەیەکی منداڵ دەوەستێت .

3- شەبەنگی ئۆتیزم — بەواتای هەندێك "ئاماژە" هەیە کە "خودتەنیاییە" بەڵام زۆر قورس نییە"پێوەندی بەردەوامبوون"ی باشە .

ئۆتیزم جۆرە تێکچوونیچکە لە ئەرکی کۆئەندامی دەماری سنتراڵ واتە مێشك"موخ"، بەوە دەناسرێت کە گەشەکردنی هەستکردن و زمانەوانی ڕادەوەستێت و لەئاکامیشدا منداڵی تووشبوو توانای پێوەندیکردنی بەردەوامبوون و قسە لەگەڵ کردن و تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی نامێنێت، لەگەڵ ئەوەیشدا تووشبوو حەز بە گۆشەگیری و لە دەوروبەر دوورکەوتنەوە دەکات و زۆر جار جموجووڵێك دووبارە دەکاتەوە یان تووشی تووڕەبوونێك دەبێت وەك کاردانەوە بەرانبەر هەر گۆڕانێك لە ڕۆتیندا، ڕەنگە ئەم ئۆتیزمە هەر لە سەرەتاوە دروست بێت کاتێك منداڵ ئاوەلەمەیە لە سکی دایکیداو ڕوخسارەکانیشی لە یەکەمین 30 مانگەی ژیانی منداڵدا دەردەکەوێت، زۆرتر تووشی منداڵی نێرینە دەبێت لە مێینە بە ڕێژەی 4-1.

هەروەها گرفتی تەندروستیشی لەگەڵ دەبێت وەك تەركیز نەكردن و زۆر جووڵانەوەو لەرزینی كارەباییانەی مێشك بە ڕادەی (35٪) و نوقستانی لە شانەكانی مەناعە و نەخۆشی دەروونی و تێكچوونی كۆئەندامی هەرس و گێل و گەوجی.

ئەم پێنج (5) حاڵەتە هەر یەكەو هەندێك تایبەتمەندی خۆی هەیە چارەسەركردن و پەروەردەو فێركردنیان بە شێوەی جیاجیایە، بەلاّم هەموویان سێ نیشانەی لەیەك چوویان هەیە .

أ ـ گرفتی كۆمەلاّیەتی

ب ـ گرفتی پێوەندی و گەیاندن بەچاو و بەدەست و بە نیشانەی دەست، قسەنەكردن 10٪ی مندالاّنی ئۆتیزم دەگرێتەوە.

جـ ـ هەڵسوكەوت و جموجوڵی دووبارە

بەپێی ئاماری جیهانی دەركەوتووە كە لە هەزار منداڵ "4 جۆرە" منداڵ .... هەروەها ڕێژەی تووش بوونی بەم گرفتە هەرچەندە زۆر ورد نییە ئەمانەن:

1- تووشبوونی دایك بە هەندێك "هەوكردن" لە كاتی سك پڕیدا.

2- خواردنەوەی "مەی " لە لایەن هەندێك ژنی سكپڕەوە .

3ـ لەكاتی لەدایكبوونی منداڵدا سەری یان مێشكی منداڵ تووشی هەندێك ئازار دەبێت .

ئەم هۆیەانە "ئۆتیزم " لای منداڵ دروست دەكەن ، هەروەها 75٪ی منداڵی ئۆتیزم دواكەوتنی ژیری لەگەڵدایە لەگەڵ "فێ".

**بەرنامەی ئیفلیجی مێشك:**

لەتەمەنی(1) ساڵی هەتا تەمەنی(40) ساڵی دەگرێتەوە، تەمەنی 1تا 23 ساڵی لە سەنتەری Sesobel فێر دەكرێن بەلاّم تەمەنی دوای 23 ساڵ بۆ سەنتەری "انت اخی" دەنێردرێن كە ئەویش هەر تەواوكەری Sesobel زۆر لە خاوەن پێداویستە تایبەتییەكانی تێدا دەژین و بەشی ناو خۆی هەیە بەتایبەتی ئەوانەی كە دایك و باوكیان پیرن یان كەسیان نییە. لەم بەشەدا بەرنامەو مامۆستای تایبەت هەیە بەپێی هۆیەكانی فێركردنی تایبەت بۆ هەر قۆناغێك و تەمەنێك خوێندن ئەنجام دەدرێت.

بەرنامەی داون سیندرۆم یان"مەنگۆلی":

ئەویش لە تەمەنی(1) ساڵ تا(30) ساڵییە، کە بەرنامەو پرۆگرامی تایبەتی خۆی هەیە.

یەکەمین بەشی خولەکە: بە شێوەی پراکتیك بوو لەکاتژمێر 8/30 بەیانی تاکو12/30 ی نیوەڕۆ، شاندەکە دابەش بەسەر بەشەکان و پۆلەکاندا دەکران بۆ ئەوەی لەگەڵ مامۆستایان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بەمەیدانی شێوازی فێرکردنەکانی بینین دوایی بەپێی خشتەی هەفتەیی شوێنی بەشداربووان دەگۆڕا.

دووەمین بەش: دوایی نیوەڕۆ بوو لەکاتژمێر1/30 بۆ کاتژمێر(5)ی ئیوارە بەردەوام دەبوو، لە هۆڵێکی تایبەت ئەنجام دەدرا بە دانا شۆو کارکردن بەگروپ و دابەشکردنی "مەلزەمە" . دوای بە پرسیار کردن و تاتۆکردن زانیاری و هەڵسەنگاندن.

ڕاهێنەرەکان:

1- فادیە صافی
بەڕێوەبەری گشتی سیزۆبیل
2- رولا نەجم
بەرپرسی ڕاهێنان و پرۆژەکان
3- ماگی مرور

**ئۆتیزم بەوە دەناسرێت کە منداڵ لە زماندا نوقستانییەکی ئاشکرای هەیەو ناتوانێت بەرەنجامی زمانەوانی دەستەبەر بکات**

لێپرسراوی بەشی (ئۆتیزم)

4- د. سامی ریشە

پزیشکی دەروونناسی منداڵ

5- ئەدیب هێرش

لێپرسـراوی بەشـی( گـۆکردن - النطق)

6- لیال الحاج

چارەسەری دەروونی هەڵسوکەوت

7- غادە المعلم

مامۆستای گرفتی ژیری

8- لارا جبور

مامۆستای ئۆتیزم

9- الین عفیفی

مامۆستای گرفتی جەستەیی

10- میا بگیش

مامۆستای ئۆتیزم

لە دووەمین هەفتەی خولەکەدا ڕۆژێك بـۆ سـەردانی سـەنتەری"انـت اخـی" تـەرخان کـرا کـە ئـەویش تەواوکـەری"سـیزوبێل"ەو خـاوەن پێداویستە تایبەتەکانی تەمەنی گـەورە لە خۆ دەگرێت و پێشوازی لە شـاندەکە کـراو دوای وتارێـك لەلایـەن"شـلێر مجێدین" بەڕێوەبەری پەروەردەی تایبەت و ڕوونکرنەوەیەك لەسەر پێـشکەوتن و پەرەپێدانی پرۆسەی پـەروەردە لەلایـەن حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و وەزارتـی پـەروەردەوە بـەو گۆڕانگـاری لەسیـستەمی پـەروەردە بـەرەو سیستەمێکی سـەردەمانەو زانـستانەو ئەو بایەخدانە بـە پـەروەردەی تایبـەت دەدرێـت و پـەیڕەوکردنی سـستەمی تێکـەڵ کـردن و پێـشکەش کردنـی گۆڕانییـەك لەلایـەن "سـوران محەمـەد ئەمین فەرەج" مامۆسـتاو لێپرسـراوی پـەروەردەی تایبـەت لـە هـە ڵەبجـە لەسـەر"کـەم توانـا" کـە جێگـەی سەرنجڕاکێشان بوو.

لـەکۆتایی خولەکـەدا فـۆرمی هەڵـسەنگاندن و بڕوانامـە لەلایـەن بەرشـێوەبەری گـشتی بەسـەر بەشـداربووان‌دا دابەشـکرا. دوایـی بەڕێوەبـەری گشتی سیزۆبێل "فادیـە صافی" وتەیەکی پێشکەش کرد تێیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەوانیش بەنیازن لەساڵی ئایندە سستەمی"بـەرفرەوان" واتا تێکەڵکردن لەگەڵ منداڵی ئاسایی لە قوتابخانەکانیان پەیڕەو بکەن. تـەنیا حاڵەتـە زۆر قورسـەکان لای خۆیـان بهێڵنەوە، چونکە قوتابخانـەی تایبـەت هەنـدێك لایـەنی خراپـی هەیـەو هـەر منداڵێك لە منداڵییەوە پتر فێر دەبێت

و تێکەڵ بە کۆمەڵ دەبێت، هەروەها دەستخۆشی لەوەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد بۆ ئەو پێشکەوتنەی لە ستەمی "بەرفرەوان" بەدەستی هێناوە.

ئەم سەنتەرە پێی دەوترێت "قوتابخانە بۆ ژیانێکی باشتر" کە لە ڕاستیدا بەرەو ژیانێکی باشتر ڕۆیشتبوون و بە هۆی پرۆگرامی تایبەت و مامۆستای تایبەتەوە گەیشتوونەتە ئەوەی کە بتوانن باوەریان بە خۆیان هەبێت و لە ژیاندا بەردەوام بن، ئەویش لەو هەموو بەرهەمە جوانانە کاری دەستیدا دەردەکەوت کە بەرهەمیان هێناوەو، بوونەتە هۆی پەیداکردنی سەرمایە بۆ خۆیان و سەنتەرەکە و وڵاتەکەیان. هونەرو مۆسیقا و فێربوونی خوێندن و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە ژیانیاندا ڕەنگی داوەتەوەو ئەو زەردەخەنەو خۆشییەی کە لەسەر لێویانە وامان لێ دەکات پتر لە سەرخزمەت کردنیان سووربین.

شاندەکە لەمانە پێکهاتبوو :

1- شلێر محێدین سالح
بەڕێوەبەری پەروەردەی تایبەت

2- عەبدولباست عەبدو لمەجید
سەرپەرشتیاری پەروەردەی تایبەت

3- میدیا عومەر حەسەن
سەرپەرشتیاری پەروەردەی تایبەت

4- ئەحمەد سۆفی حەکیم
سەرپەرشتیاری پەروەردەی تایبەت

5- عیسام عیسمەت یوونس
سەرپەرشتیاری پەروەردەی تایبەت

6- سۆران محەمەد فەرەج
بەرپرسی سەنتەری پەروەردەی تایبەت

7- ئاشنا عومەر سەعید
مامۆستای پەروەردەی تایبەت ئۆتیزم.

■

# شێوازەکانی فێرکردنی پەککەوتەکان

**ئا: پەروەردەو فێرکردن**

کەسانی پێداویستییە تایبەتەکان ئەو کەسانەن بە شێوەیەکی بەردەوام یان دووبارەکراو جیاوازییەکی بەرچاویان لەگەڵ کەسانی ئاساییدا هەیە، ئەمەیش توانای سەرکەوتنیان لە ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و خودی خۆیاندا سنووردار دەکات.

**جۆرەکانی پەروەردەی تایبەت :**

1- پەککەوتەیی ئەقڵی
2- پەککەوتەیی بیستن
3- پەکەوتەیی جەستەیی
4- پەککەوتەیی هەڵچوونی
5- پەککەوتەیی بینین
6- دژواری فێربوون
7-کەموکورتی گۆکردن و زمانەوانی
8- بلیمەتی ئەقڵی.

**پەروەردەی تایبەت بریتییە لە :**

کۆمەڵێك شێوازی فێرکردنی تاکەکەسی ڕێکوپێك کە بارودۆخێکی تایبەتی فێرکردن و بابەتی و ئامێری تایبەت یان گونجێنراو لەخۆ دەگرێت لەگەڵ شێوازی پەروەردەیی تایبەت و

هەنگاوی چارەسەرکردن، مەبەستی ئەوەیە یارمەتی منداڵانی پێداویستییە تایبەتەکان بدات ئەوەی پێیان دەکرێت و توانایان هەیە لە وەدەستهێنانی سەرکەوتنی ئەکادیمیانەو بەشداریکردن لە چالاکییەکانی کۆمەڵدا بەدی بهێنن.

## پرەنسیپە گشتییەکانی فێرکردنی قوتابیانی پێداویستییە تایبەتەکان:

1. بەکارهێنانی فێرکردنی ڕێکوپێك و ئاراستەکراو لە لایەن مامۆستاوە.
2. بایەخدانی مامۆستا بە مەشق پێکردنی ئەکادیمیانە، ئەویش بە ئاراستەکردنی قوتابیان کە کار بۆ وەڵامدانەوە گرنگەکان بکەن.
3. مامۆستا هەلی تەواوی سەرکەوتن بە قوتابییەکان ببەخشێت، ئەویش لە چوارچێوەی فێرکردنی بەردەوام و دەستنیشانکردنی ئامانجە گونجاوەکان و دابینکردنی وورووژێنەرە پێویستەکان و شیکردنەوەی پسپۆرییەکان.
4. مامۆستا فیدباکی دەست بەجێ بە قوتابیان بدات.
5. مامۆستا بارودۆخی پۆزەتیڤانەو خۆش و بەرهەمدار بۆ فێرکردن دەستەبەر بکات.
6. مامۆستا ئارەزووی فێربوون لای قوتابیان بورووژێنێت، ئەویش بە هاندان و پاڵپشتی کردن و پتەوکردنی پۆزەتیڤانە.
7. مامۆستا ئاگەیی قوتابیان دەستەبەر بکات لە چوارچێوەی بەکارهێنانی وروژێنەرە گۆکراوو هەست پێکراوو ئامانژە هاندەرەکانەوە.

## هەنگاوەکانی فێرکردنی باش:

1. مامۆستا لە خەسڵەتەکانی تاك لای قوتابی بگات.
2. هاریکاری مامۆستا لەگەڵ دایك و باوکی قوتابی و گوێ گرتن بۆ بیرو ڕاکانیان سەبارەت بەوەی پێویستە قوتابی فێری ببێت.
3.مامۆستا ئاستی ئەدای ئێستەی قوتابی دەستنیشان بکات.
4. مامۆستا ئەو پسپۆرییانە دەستنیشان بکات کە قوتابی پێویستی پێ هەیە فێریان ببێت لەبەر تیشکی ئاکامەکانی هەڵسەنگاندندا.
5. مامۆستا ئەو ئامانجانە دەستنیشان بکات کە ئارەزوو

دەکرێت لەو مەشق پێ کردنە بینە دی.

6.مامۆستا ئامانجەکانی مەشق پێکردن بۆ ئامانجی لاوەکی بچووکتر دابەش بکات، کە بۆ فێرکردن و پێوانەو بەکارهێنانی شیکاری ئەرك بشێن.

7. مامۆستا شێوازی گونجاو هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی ئامانجەکانی مەشق پێکردن بێننە دی.

8. مامۆستا کەرەستەکانی فێرکردن و ئەرك و ڕێ و شوێن و خشتەی چالاکی گونجاو و شێوازی مەشق پێکردن هەڵبژێرێت کە پێشتر دەستنیشان کراون.

9.مامۆستا دەستکاری پێویستی ئەو ئامرازانە بکات کە کەسانی ئاسایی بەکاریان دەهێنن یان ئامرازی نوێی تەکنەلۆژی یان ناتەکنەلۆژی دروست بکات بۆ یارمەتیدانی کەسی پەککەوتە تا بە شێوەیەکی کاریگەرانە بەکاری بهێنێت و ئەو ئامانجانە بەدی بێن کە لە ڕووی فێرکردن و مەشق پێ کردنەوە بۆی دانراوە.

10. مامۆستا ئەو پرۆگرامەی مەشق پێ کردنە هەڵبژێرێت کە بۆ قوتابی دانراوە.

11.مامۆستا گۆڕانکاری لە خێرایی جێبەجێکردنی مەشق پێ کردنەکەدا بکات بە پێی ئاستی ئەدای قوتابی و پێشکەوتنی یان هەلی تەواو بە قوتابی ببەخشێت بۆ ئەوەی فێری پسپۆری ببێت و بیگشتێنێت.

12. مامۆستا ئاستی بەرەوپێشەوەچوونی قوتابی بەرەو ئامانجەکان بپێوێت بە مەبەستی دەستنیشانکردنی کاریگەری مەشق پێ کردنی هەنووکەو تۆمارکردنی باشبوونی ئەدای قوتابی.

13. مامۆستا کاریگەری مەشق هەڵسەنگێنێت لەبەر ڕۆشنایی پەرەسەندنی ئەدای قوتابیدا.

## هەڵبژاردنی شێوازی مەشق کردن

مامۆستایان بەپێی سێ شتی گۆڕاو شێوازەکانی فێرکردنی قوتابییانی پێداویستییە تایبەتەکان هەڵدەبژێرن:

1. جۆری نوقستانی.
2. زۆری نوقستانی.
3. تەمەن.

## شێوازەکانی فێرکردنی قوتابیانی پێداویستییە تایبەتەکان:

وێڕای ئەوەی کە شێوازەکانی فێرکردن لە بواری پەروەردەی تایبەتدا جۆراوجۆرە بەڵام بە گشتی پشت بەوە دەبەستن کە پێی دەگوترێت :

ئاستی دەستنیشان کردنی چارەسەریانە:

کە بریتییە لە دەستنیشانکردنی گرفتەکەو دانانی پلانێك بۆ چارەسەرکدرنی کە ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

"هەڵسەنگاندنی قوتابی، پلاندانان بۆ وانەگوتنەوەو فێرکردن، جێبەجێکردنی پلانی فێرکردن، هەڵسەنگاندنی کاریگەری فێرکردنەکە".

دەشێت شێوازەکانی فێرکردن کە پشت بە ئاستی دەستنیشانکردنی چارەسەریانە دەبەستن بکرێن بە دوو نمونەی سەرەکییەوە:

أ. نمونەی مەشق پێکردنی پرۆسەکان:

ئەم شێوازە لەسەر گریمانەیەك دامەزراوە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە گرفتە ئەکادیمی و ڕەفتارییەکان لە ئاکامی تێکچوونی ناوەوە لای منداڵ ڕوو دەدەن، بۆیە پێویستە مامۆستا بەرنامەی دروستی پەروەردەیی یان قەرەبووکەرەوە دابڕێژێت کە بتوانێت ئەو تێکچوونانە چارەسەر بکات، کە بریتین لە:

"تێکچوونی دەرك پێکردنی بزاوتن، تێکچوونی بینینی دەرك پێکردن، تێکچوونی دەروونی زمانەوانی، تێکچوونی بیستنی دەرك پێکردن".

ب. نمونەی مەشق پێکردنی پسپۆرییەکان:

مەبەست لەم شێوازە فێرکردنی ڕاستەوخۆی چەند پسپۆرییەکی پێویسە بۆ ئەداکردنی ئەو ئەرکەی پێی دراوە کە خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە:

1. دەستنیشانکردنی ئامانجەکان

"ئامانجی ڕەفتاریانە: پێویستە سێ ڕەگەزی سەرەکی تێدا بێت کە بریتین لە: ڕەفتار، پێوەر، بارودۆخ".

2. دابەشکردنی ئەرکی فێرکردنەکە بەسەر چەند یەکەیەکی یان ڕەگەزێکی بچووك بچووکدا.

3. دەستنیشانکردنی پسپۆرییەکان کە دەشێت منداڵ ئەدایان بکات و ئەوانەی ناتوانێت ئەدایان بکات.

4. دەست پێکردنی فێرکردن لە پسپۆرییە لاوەکییەکانەوە کە منداڵ نەیتوانیوە لە چوارچێوەی پسپۆرییە ڕیزبەندیکراوەکانی پسپۆری فێربووندا باش فێریان ببێت. ئەم شێوازە ڕێ بە منداڵ دەدات ڕەگەزەکانی ئەرکەکە باش بزانێت و دواتر ڕەگەزەکانی لێك بدات ئەمەیش یارمەتی فێربوون و زانینی تەواوی ئەرکی فێربونەکە دەدات بە پێی ڕیزبەندییەکی ڕێکوپێك.

## فێرکردنی تاکە کەسی:

فێرکردنی تاکە کەسی لە بنەڕەتدا دیاریکردنی ئامانجە دوور مەوداکان و ئامانجە کورت مەوداکانی ئاستی قوتابی لە خۆ دەگرێت، پاشان هەڵبژاردنی شێوازەکان و جێبەجێکردنی دانیشتنەکانی فێرکردن بە شێوەیەك بە دەنگی پێداویستییەکانی فێرکردنی تایبەتی تاکە کەسییەوە بچێت، هەروەها فێرکردنی تاکە کەسی ڕەچاوی جیاوازی تاکە کەسی نێوان فێرخوازەکان دەکات، هەروەها مەبەست لە فێرکردنی تاکە کەسی ئەوە نییە یەك قوتابی لە یەك کاتدا فێر بکرێت، ڕەنگە بە شێوەی گرووپی بچووك بچووك یان بە یارمەتی کۆمپیووتەر یان بە هۆی هاوەڵانەوە ئەنجام بدرێت.

## شێوازەکانی فێرکردنی پسپۆرییە جۆراوجۆرەکان:

أ. شێوازی فێرکردنی پسپۆرییە زمانەوانییەکان:

کە ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

1. هەلی گونجاو بۆ منداڵ دەستەبەر بکە بۆ ئەوەی تێکەڵ بەکەسانی دیکە ببێت.

2.مەشقی زمانەوانی سروشتی و واقیعی بۆ منداڵ دەستەبەر بکە لەگەڵ بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی ئەرکیانەو ئامانجدار.

3. لەبەر ڕۆشنایی ئاکامەکانی هەڵسەنگاندندا پێویستی منداڵ بۆ چارەسەری زمانەوانی دەستنیشان بکە.

4. منداڵ فێری واتا جۆراوجۆرەکانی ئەو وشەیە بکە کە پێی دەڵێیتەوە و منداڵ هان بدە ئەو وشەیەی فێری بووە بۆ چەند مەبەست بەکار بهێنێت.

5.منداڵ لە کەش و هەوایەکی خۆش و پشووبەخشدا فێرە پسپۆری زمانەوانی بکە.

## شێوازەکانی فێرکردنی پسپۆرییە کۆمەڵایەتییەکان:

کە ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

1. نموونەی گونجاو پێشکەش بە منداڵ بکەو سزای لەگەڵ بەکار مەهێنە.
2. منداڵان بەوە ئاشنا بکە کە لە کاتی هەڵوێستی نوێدا لێیان پێشبینی دەکرێت.
3. چالاکی گونجاو لەگەڵ تەمەن و توانای منداڵاندا بەکار بهێنە.
4. چەندین جۆرە چالاکی هەمە ڕەنگ بۆ منداڵان دەستەبەر بکە.
5. ئاگەت لەو منداڵە بێت کە ڕەفتاری باش دەکات و ڕاستەوخۆ یەکسەر بایەخی بدەیە.
6. هەنگاوی خۆپارێزی بەکار بهێنەو چاوەڕێی ئەوە مەکە گرفت ڕوو بدات.

## شێوازەکانی فێرکردنی پسپۆری جووڵەیی:

کە ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

1. ژینگەیەکی شیاوی فێرکردن دەستەبەر بکە کە سەرنجی قوتابیان ڕابکێشێت.
2. وردە وردە قوتابیان فێری پسپۆری جووڵەیی بکە لەسەر شێوەی دەستکەوتی بچووک چووك لە ئەدا کردن و هەلی دووبارە کردنەوەیان بڕەخسێنە.
3. فێرکردن بەرەو چەند مەبەستێکی دیاریکراو ئاراستە بکە.
4.فێرکردنی گۆکردن بە وشەو بە بینین و بە جەستە لە فێرکردنی پسپۆرییە جووڵەییەکاندا بەکار بهێنە.
5. پتەوکردنی پۆزەتیڤانە لە فێرکردنی پسپۆرییە جووڵەییەکاندا بەکار بهێنە.
6. کارێکی وا بکە منداڵەکە بە شێوەیەکی کاریگەرانە بەشداری لە فێربوونی پسپۆرییە جووڵەییەکاندا بکات.
7. یەکسەر فیدباکی ڕاست کردنەوە بە منداڵەکان ببەخشە.
8. ئاگەداری ماوەی ئامادەیی گەشەسەندنی منداڵ ببەو وردە وردە

لــە پـــسپـۆڕییەکەوە بـــچۆرە ســـەر پسپۆڕییەکی دیکە.

## شێوازەکانی فێرکردنی پسپۆڕییە هەستییەکان

کە ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

1. بەپسپۆڕی ساکار دەست پـێ بکـە پاشان وردە وردە بچۆرە سەر پـسپۆڕییە زۆر ئاڵۆزەکان.

2. منداڵـەکان هـان بـدە لـە چـەند هەڵوێـستێکی جیـا جیـاو بـە هـۆی بـەکارهێنانی ئـامرازی جۆراوجـۆرەوە هەمان پسپۆڕی ئەدا بکەن.

3. چـالاکییەکانی مەشـق پـێ کـردن دەستکاری بکە یان بگونجێنە بۆ ئـەوەی بـۆ کەسـانی پێداویـستییە تایبەتـەکان بشێن.

4. ئەگەر پێویـستی کـرد فێرکردنـی ڕاستەوخۆ بەکاربهێنە.

5. هــەلێکی گونجـاو بــۆ قوتــابی بڕەخسێنە بۆ ئەوەی پسپۆڕییەکە بـەکار بهێنێت.

6. پتەوکردنی بەردەوام بـەکار بهێنـە ئەو کاتەی دەست بە فێرکردنـی منـداڵ دەکەیت تا فێـری پـسپۆڕی خواسـتراوی بکەیت و دوای ئەوەی دەگاتە ئاسـتێکی پەســـەند لـــە ڕووی فێربوونــــەوە پتەوکردنی پچڕ پچڕی لەگـەڵ بـەکار بهێنە.

7. ئەدای قوتابی هەڵسەنگێنە تـا ئاسـتی ئـەو پێـشکەوتنەی ئـەدای دەرکەوێت کاتێـك لەسـەر پـسپۆڕییە هەستییەکان مەشقی کردووە.

## شێوازەکانی فێرکردنی پسپۆڕییە ئازادەکان:

ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

1. ئاراستەی جەستەیی و ڕێنوێنی بە قسە لە سەرەتای مەشق پێکردنـی منــداڵ لەســەر پــسپۆڕییەکە بــەکار بهێنەو دوای ئەوە وردە وردە خۆت لە یارمەتیـدانی بکێـشەوە بـۆ ئـەوەی بتوانێت بە خۆی پسپۆڕییەکە ئـەنجام بدات.

2. منـــداڵ فێـــری پـــسپۆڕی ئازادیانەی سـاکار بکـە بـەر لـەوەی پسپۆڕی ئاڵۆزو پەرەسـەندووتری فێـر بکەیت بۆ نموونە منداڵ فێر بکە شت بجوێت و بە کووپ ئاو بخواتـەوەو بـۆ نانخواردن کەوچـك بـەکاربهێنێت بـەر لەوەی فێری بکەیت چـنگاڵ و چـەقۆ بەکار بهێنێت.

3. وردە وردە منداڵ لە پسپۆرییەکەوە فێری پسپۆرییەکی دیکە بکە، لە ئاسانەوە بۆ گرانتر، بۆ نموونە منداڵ فێر بکە هەموو جلەکانی دابکەنێت، بەر لەوەی فێری بکەیت لەبەریان بکات.

4. شێوازی شیکردنەوەی پسپۆری لەگەڵ منداڵدا بەکار بهێنە لەو کاتەی هەر پسپۆرییەکی ئازادانەی فێر دەکەیت.

5. تا ڕادەیەك جلی دەڵپ بۆ منداڵەکە بەکار بهێنە بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی جلەکەی بگۆڕێت و لەبەری بکاتەوە.

6. منداڵ فێری ئەوە بکە کۆنترۆڵی میزڵدانی خۆی بکاتن بەر لەوەی فێری بکەیت کۆنترۆڵی ڕیخۆڵەکانی بکات.

## یەکەم شێوازەکانی فێرکردنی کاڵفامەکان:

ئەمانە لە خۆ دەگرێت:

یەکەم :شێوازی شیکردنەوەی ئەرکەکان: ئەم شێوازە بەوە ناسراوە کە ئەو شێوازەیە مامۆستا بەم شێوەیە کاری لەسەر دەکات: شیکردنەوەی ئەرکی فێرکردن بۆ ژمارەیەك لە پێکهاتەکانی یان هەنگاوەکانی بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و یەك بە دوای یەکدا.

سەرەتا دیاری دەکات "یەکەمین ئەرکی لاوەکی" پاشان ئەرکە لاوەکییەکانی دیکە دەستنیشان دەکات تا ڕەفتاری چەسپاو بەدی دێت.

مامۆستا بەم شێوازە ئەرکی فێرکردن لەبەردەم فێربوودا ئاسانتر دەکات بە شێوەیەك کە فێربوو لە هەنگاوێکەوە ناچێتە هەنگاوێکی دیکە تا سەرکەوتووانە هەنگاوی پێشووتر فێر نەبێت، ئەم شێوازە پشت بەمانە دەبەستێت:

1. دەستنیشانکردنی ئامانج لە فێرکردنەکە

2. دەستنیشانکردنی ڕەفتاری بەرایی فێربوو

3. دەستنیشانکردنی هەنگاوەکان "ئەرکەکان"ی فێرکردن کە دەکەونە نێوان ڕەفتاری بەرایی و بەدیهێنانی ئامانجی فێرکردنەکە.

دووەم: شێوازی پێکهێنانی ڕەفتار: ئەم شێوازە گرنگ و کاریگەرە بۆ

ئـەوەی مـنـداڵان فێـری ئـەرکی نـوێی فێرکردن بکرێن و شێوەی نـوێی ڕەفتـار پێك بهێنن.

ئەمـەیش بـەوە دەناسـرێت کـە ئـەو هەنگاوەیە کار بۆ شـیکردنەوەی ڕەفتـار بـۆ سـەر ژمارەیـەك ئـەرکی لاوەکـی و پتەوکردنیان تا ڕەفتاری کۆتـایی بـەدی دێـت و بریتـی دەبێـت لـە پتـەوکردنی هەنگاوە لاوەکییەکان کـە وردە وردە لـە ڕەفتـاری کۆتـایی نزیـك دەبێتـەوە. ئەوەیش پشت بەمان دەبەستێت:

1. دەستنیـــشانکردنی ڕەفتـــاری کۆتایی.

2. دەستنیشانکردنی ڕەفتاری بەرایی فێرخواز.

3. دەستنیـــشانکردنی پتەوکـــەری گونجاو.

4. پتەوکردنی ڕەفتاری بەرایی تا بـە شێوەیەکی دووبارە بوونەوە ڕوو بدات.

5. پتەوکردنی ئەو ڕەفتارەی کـە وردە وردە لە ڕەفتاری کۆتایی نزیك دەبێتەوە.

6. پتەوکردنی ڕەفتـاری کۆتـایی وەك ڕووی داوە.

7. پتەوکردنی ڕەفتـاری کۆتـایی بـە پێی خشتەی گۆڕاوی پتەوکردن.

سێیەم: شێوازی هاندان: بە یـەکێك لـە شـێوازە گونجاوەکـانی فێرکـردن دەژمێررێـــت لەگـــەڵ منـــداڵانی کاڵفامداو بریتییە لە پێشکەشکردنی ورووژێنـــەرێکی جیاکـــەرەوە هـــانی فێرخـــواز دەدات بـــە پێـــری فێربوونەکـەوە بـچێت بـە تایبـەتی ئەگـــەر شـــێوازی هاندانەکـــە بـــە پتەوکەری گونجاوەوە پەیوەست بێـت، سـێ جـۆرە هانـدانیش هـەن کـە ئەمانەن:

هاندان بە قسە، هاندان بە ئامـاژە، هاندان بە جەستە.

چـوارەم: شـێوازی کەمکردنـەوەی یارمەتیـدانی پلـە بـە پلـە: ئـەو شـــێوازەیە کـــە بریتییـــە لـــە کەمکردنەوەی یارمەتی بە قسە یـان بە ئاماژە یان جەستە بـۆ منـداڵ بـۆ ئـــەوەی فێرخـــواز لـــە ئەنجامـــدانی پسپۆری فێربووندا پـشت بـە خـۆی ببەســتێت و شـــتێکی گونجاویـــشە شێوازی کەمکردنـەوی یارمەتیـدانی پلە بە پلە پاش فێربوونی پسپۆرییەکە یان پاش بەدیهێنانی ڕەفتاری کۆتایی بەکار بهێنرێت تا فێرخواز پـشت بـە

مامۆستا نەبەستێت، شتێکی گونجاویشە مامۆستا بە شێوازی کەمکردنەوەی یارمەتیدان بە قسە پاشان ئاماژە پاشان جەستەیی دەست پێ بکات.

پێنجەم: شێوازی ڕیزبەندی ڕەفتار: ئەم شێوازە تەواوکەری شێوازی پێکهاتنی ڕەفتارە بەڵام جیاوازییەکی لەگەڵ پێکهاتنی ڕەفتاردا هەیە، چونکە پێکهاتنی ڕەفتار مامەڵە لەگەڵ یەك ڕەفتاردا دەکات کە دەشێت بۆ چەند ئەرکێکی لاوەکی شی بکرێتەوە کەچی شێوازی ڕیزبەندی ڕەفتار مامەڵە لەگەڵ ژمارەیەك ئەڵقەی ڕەفتاری پێکەوە بەستراو دەکات تا پێکەوە ببنە یەك ڕەفتاری گشتی.

بەوەیش ناسراوە کە ئەو شێوازەیە کار بۆ پێکەوەگرێدانی ژمارەیەك شێوە ڕەفتاری یەك بەدوای یەکدا دەکات پێکەوە پاشان پتەوکردنی ڕەفتاری کۆتایی. کە چەند هەنگاوێك لەخۆ دەگرێت:

1. دەستنیشانکردنی ئامانجی کۆتایی.

2. شیکردنەوەی ئامانجی کۆتایی بۆ ژمارەیەك شێوە ڕەفتاری یەك بە دوای یەك و پێکەوە گرێدراو لە زنجیرەیەکدا پێی دەگوترێت زنجیرەی ڕەفتاری پێکەوە گرێدراوو لە چەند ئەڵقەیەکدا.

3. پتەوکردنی ڕەفتاری کۆتایی یان بە پیرەوەچوونی کۆتایی.

4. گواستنەوە لە بە پیرەوەچوونێك بۆ یەکێکی دیکە دوای ئەوەی سەرکەوتنی تێدا بەدەست دەهێنێت.

شەشەم: شێوازی نموونەیی: بەوە دەناسرێت کە فێربوونی بە پیرەوەچوونی نوێ لەخۆ دەگرێت لە ڕێگەی سەرنجدانی نموونە یان لاساییکردنەوەوەن ڕەنگە فێربوونەکە بە شێوەیەك ڕوو بدات بێ ئەوەی هیچ بەپیرەوەچوونێکی دەست بەجێی فێربوونی پێوە دەرکەوێت بەڵکو ڕەنگە دواتر ڕوو بدات، نموونەییش چەند جۆرێکە:

1. نموونەیی زیندوو
2. نموونەیی وێنەگیراو
3. نموونەیی بێ مەبەست
4. نموونەیی بە مەبەست
5. نموونەیی بە تاك
6. نموونەیی بە کۆمەڵ.

## شێوازی نموونەیی چەند هەنگاوێك لەخۆ دەگرێت:

"ڕەفتاری نموونەیی، شوێنی نموونەیی، دیاریکردنی ڕەگەزی نموونەییەکە، پاداشتی نموونەییەکە، ئارەزوو و توانای لاساییکردنەوەی نموونەییەکە لە لایەن مامۆستاوە".

حەوتەم: شێوازی پتەوکردن: بە شێوازێکی کاریگەر دادەنرێت بۆ گۆڕینی ڕەفتاری منداڵە پەککەوتەکان و لە پرۆسەی فێربوونی شێوەی نوێی ڕەفتاری مرۆییانە.

## پتەوکردنی ئەرێیانە:

هەموو ڕووداوە دڵخۆشکەرەکان دەنوێنێت کە بە دوای ڕوودانی ئەو بە پیرەوەچوونە ئارەزوومەندانەدا دێن کە کار بۆ دووبارە سەرهەڵدانەوەو پتەوترکردنیان دەکات و ئەو ڕووداوانەیش پتەوکارە بەراییەکان و بە قسەو کۆمەڵایەتییەکان و هێماییەکان لەخۆ دەگرێت و پتەوکردنی ئەرێیانە مەبەستی سەرهەڵدانی شێوەکانی نا ئارەزوومەندانەیە هەروەها مەبەستی کەمردنەوەی سەرهەڵدانی شێوەی ڕەفتاری ئارەزوومەندانەیە لەگەڵ بنیاتنانی شێوەی نوێی ڕەفتارو پتەوکردنیدا.

## جۆرەکانی پتەوکاری ئەرێیانە:

1. پتەوکارە بەراییەکان: کە بە پێداویستییە بەراییەکانی مرۆڤەوە پەیوەستن وەك خواردن و خواردنەوە... تاد.

زانایانی پەروەردەو دەروونە، کە تاکو ئێستا پێی گەیشتوون:

1ـ بەر لە خوێندنەوە، هەمیشە ناوی خوا بێنەو دوعای ئەوە بکە، کە خوای گەورە بیرت جەم بکات، وانەکانت بە باشی تێبگەینێت و نەهێڵێت لە پاشا لەبیرت بچنەوە، چونکە ئەوەی پشت بە خوا ببەستێت، ئەوا بێگومان سەرکەوتوو دەبێت و لە زیاندا بە دوور دەبێت.

2ـ شەوان زوو بخەوەو هەر خەریکی سەیرکردنی فلیمەکانی شەو مەبە، بۆ ئەوەی بەیانیان زوو هەڵبستیت و بتوانیت لەو کاتەدا کە دونیا هێمنەو خۆشت لە سەرەتای ڕۆژێکی نوێ دایت، توانایەکی باشت هەیە، سوودێکی باش لە خوێندنەوە وەربگریت.

3ـ هەمیشە دۆستایەتی برادەری زیرەك و سەرکەوتوو بکە، نەکەی لەوانە دوور بیت و برادەرەکانت لەوانە بن، کە تەمبەڵن و لە نرخی خوێندن نازانن، دەیانەوێت کاتەکانیان هەر بە یاری و ڕابواردن بەسەر ببەن.

4ـ بۆ خۆت کەشێکی گونجاو بۆ خوێندنەوە دروست بکە.

5ـ هەوڵبدە خوێندنەوەی ڕۆژانەت هەبێت، چونکە ئەمە ئەرکی دواترت زۆر ئاسان دەکات.

## ئەو هۆکارانەی نایەڵن قوتابی وەکو پێویست وانەکانی بخوێنێت

1ـ زۆر خۆخەریك کردن بەم کتێب و بەو کتێب، بێ ئەوەی کاتەکەت بۆ یەك لە کتێبەکان تەرخان بکەیت، تا لەو نەگەیت نەچیتە سەر یەکێکی تر.. بەمە واتلێدێت، شتەکان بە سەرپێچڕی بخوێنیتەوە، لەوەش بێگومان زیان دەکەیت، کاتەکەت لە دەست دەچێت و هیچیشت سوود پێناگات.

2- زۆر کەڵەکەبوونی وانەکانت بەسەر یەك، کە ئەمە بەو هۆیەوە قوتابی تووشی دەبێت، کە خوێندنەوەی ڕۆژانەی نەبێت.

3ـ ڕق هەڵگرتنت لە هەندێ وانە، جا بە هۆی ئەوە بێت کە وانەکە خۆی قورسەو حەزی پێناکەیت، یان ڕقت لە مامۆستاکەیتی، یان هەر هۆیەکی تر.

4- بڕواکردن بەو قوتابییە هەرەسهێناوانەی کە خۆیان لە خوێندن شکستیان هێناوە، ئینجا دێن دەتترسێنن کە مادەکان قورس و وشکن

بۆیە ئەوان دەرنەچوون و ڕەنگە تۆش دەرنەچیت.

5ـ برادەری خراپ، کە هەمیشە بۆ پیاسەو یاریت دەبەن و کاتی ئەوەت بۆ ناهێڵنەوە گرنگی بە وانەکانی خۆت بدەیت و بە باشی بییانخوێنیتەوە.

6ـ دوو دڵی و نیگەرانی و ئەو بارە دەروونییە خراپانەی، کە بە هۆی جۆراوجۆر قوتابی تێیان دەکەوێت.

7ـ بڕوا بەوە نەبوون، کە خوێندن پێویستییەکی گرنگی ئاین و هەروەها سەردەمیشەو دەبێت قوتابی بە باشی ئەنجامی بدات.

8ـ هەبوونی ترس لە ئایندەو دوای دەرچوون، کە بەداخەوە لە هەندێ باردا هەموو دەرچوویێك دانامەزرێت و کاری دەست ناکەوێت.

## چۆن بخوێنینەوە؟

بۆ ئەوەی خوێندنەوەکەت جێی سوود بێت و پشت بە خوا بتگەیێنێتە ترۆپکی سەرکەوتن، دەبێت بەو قۆناغانەدا تێبپەڕیت:

1ـ خوێندنەوەی تەواوی وانەکە: واتە دەبێت جاری یەکەم وانەکە هەر هەمووی بخوێنیتەوە، بۆ ئەوەی بزانیت چی تیایەو ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا بکەیت.. بۆ وەدیهاتنی ئەو مەبەستەش دەبێت ئەمانەی خوارەوە بکەیت:

أـ بزانە هەر وانەیەك دابەشدەبێتە سەر چەند ناونیشانی سەرەکی، ئینجا هەر ناونیشانێکی سەرەکی چەند ناونیشانی لاوەکی بەخۆوە دەگرێت، ئەمانە باش ئەزبەر بکە، ئیدی دەزانی وانەکە باس لە چی دەکات.

ب ـ گرنگی بە وێنەو خشتەو کورتکراوەکانی کتێبەکە بدە، هەوڵبدە هەندێ ڕاهێنانیش بۆ خۆت شیکار بکەیت.

2ـ خوێندنەوە و ئەزبەرکردن: یاسای زێڕینی هەر وانەیەك بۆ ئەوەی باشترین نمرەی تیا بە دەست بێنیت، ئەوەیە کە دەڵێت: (ئەزبەرکە، دیسان ئەزبەرکە، دیسان ئەزبەرکە).. چونکە هەرچەندە تێگەیشتن لە هەر وانەو بابەتێك گرنگی تایبەتی خۆی هەبێت، بەڵام لەولاوە هەندێ شتی تر هەن، هەر دەبێت ئەزبەریان بکەیت، ئەگەر بتەوێت نمرەی تەواویان تیا بە دەست بێنیت، لێرەوەیە زۆرێکی قوتابیە زیرەکەکان کە وەکو پێویست نمرە ناهێنن و تووشی بێئومێدی دێن، هۆکەی بۆ ئەوە

دەگەڕێـــــەوە، کـــە ئـــەوان تـــەنیا بـــە تێگەیشتن واز دێنن، هەوڵنادەن ئەوەی گرنگـــە بـــۆ تاقیکردنـــەوەکان ئەزبـــەری بکەن، لەولاشەوە بە پێچەوانەوە هەندێ قوتابی دیکە هەن ئـەو زیرەکییەشـیان نییە، بەلاَم لەبەر ئەوەی شتەکان ئەزبەر دەکەن، دەتوانن لـە تاقیکردنەوەکانـدا نمرەی باش بێنن..

لــە خــوارەوە چــەند ئامۆژگارییــەکی گـــرنگ دەخەینـــە بـــەر دەســـت، واتلێدەکات بە ئاسانی وانەکان ئەزبـەر بکەیت:

أ ـ بـە باشـی لـە بابـەت و یاسـا و هاوکێـشەو تیۆرەکـان بگــە، ئینجـا ئەزبەریان بکە.

ب ـ بـۆ هـەموو ئـەو باسـانەی بـە گرنگیان دەزانـی، یـان لـە کتێبەکـەدا دەکرێ پرسیاریان لێ دروست بکرێـت، پرسیار دروست بکە، ئینجا هەوڵبدە بە زمان و دواتر بە نووسینەوەش وەلاَمیان بدەیتەوە.

ج ـ بابەتی درێژ دابــەش بکـە سـەر چەند پەرەگرافێکی کورت، ئینجا یـەك لە دوای یەك ئەزبەریان بکە.

دـــ متمانـــەت بـــە خـــۆت و بـــە ئەزبەرکردنەکەت هەبێـــت و بـە پەلـە شتەکان ئەزبەربکە.

3ـــ لەبــەرخۆ گوتنـــەوە: زۆربـــەی قوتابیـــان لـــەو بڕوایـــەدان، کـــە خوێندنەوەی بابەتەکان و تێگەیشتنیان بەسە بۆ وەدەستهێنانی سـەرکەوتن لـە تاقیکردنەوەکانـدا، بـەلاَم کـە دەچـنە تاقیکردنـــەوە، زۆرجـــار ڕووبـــەڕووی هەندێ پرسیار دەبنــەوە، نـازانن چـۆن وەلاَمـــی بدەنـــەوە؟! بـــە سەرســـامی تەماشای دەکەن و هیچیان پێناکرێت؟! لە پێشەخۆیاندا دەڵێن: بە خوا وەلاَمی ئەو پرسیارە دەزانم!! بەلاَم بە کـارەکی ناتوانن بــە تــەنها دێـڕێکیش وەلاَمـی بدەنـــــەوە!! هـــــۆی ئـــــەوەش بـــــۆ فەرامۆشـکردنی لایـــەنێکی گرنگـــی پڕۆسـەی خوێندنەوەیــە، کــە ئــەویش (لەبــەرخۆ گوتنــەوە)یــە، لــە کــاتی خوێندنــەوەدا قوتــابی نــەهاتووە ئــەو شتانەی خوێندوویەتییەوە لە پێشەخۆی بیانلێتەوە، بۆیـە ئێـستاکە لـەو بـارە نارەحەتە کەوتووە.

**گرنگییەکانی لەبەرخۆ گوتنەوە**

لـــە خـــوارەوە گرنگـــی (لەبـــەرخۆ گوتنەوە) لەم خالاَنەدا کورتدەکەینەوە:

1ـ لەبەرخۆ گوتنەوە ئاوێنەیەکە بۆ ئەو زانیاریانەی فێریان بوویت، کاتێك دوای خوێندنەوە هاتیت لەبەرخۆت شتەکانت گوتنەوە، ئەوسا دەزانیت هەڵەت چییە؟ لاوازیت لە کوێیە؟ ئەوانە چاك دەکەیت و بۆ تاقیکردنەوە کێشەت نابێت.

2ـ لەبەرخۆ گوتنەوە هۆکارێکی گرنگی چەسپاندنی زانیارییەکانە لە بیردا، بە ئەزموون دەرکەوتووە، ئەو قوتابییەی لە دوای خوێندنەوەدا لەبەرخۆی شتەکان ناڵێتەوە، لە ماوەی یەك ڕۆژدا بڕێکی باشی زانیارییەکانی لەبیر دەچێت، بەڵام ئەو قوتابییەی دوای خوێندنەوە شتەکان لەبەرخۆی دەڵێتەوە، ئەوە پاش 36 ڕۆژ ئینجا ئەوەندەی لەبیردەچێت، کە قوتابی یەکەم بە یەك ڕۆژ لەبیری دەچوو!.

## ڕێگەکانی لەبەرخۆ گوتنەوە

لەبەرخۆ گوتنەوە ڕێگەو شێوازی لەیەکجیای هەیە،گرنگترینییان ئەوانەی خوارەوەن:

1ـ لەبەرخۆ گوتنەوە بە نووسین: ئەمەش بریتییە لەوەی دوای خوێندنەوە دێیت زانیارییەکان بە نووسین دەنووسییەوە، لەو شوێنەی وێنە پێویست بوو وێنەکەیش دەکێشیت، لەو شوێنەی خشتەیەکی تایبەت پێویست بوو خشتەکە دروست دەکەیت، بۆ دڵنیابوونیش هەر کاتێك شتێکت لەبیرچوو یان وات هەستکرد، هەڵەت تیا کردووە، یەکسەر بۆ کتێبەکەت دەگەڕێیتەوە، بەوە هەڵەکانت ڕاستدەکەیتەوە.. لێرەدا دیارە باش وایە لەگەڵ نووسینەوەکەدا بە زمانیش زانیارییەکان بڵێیتەوە.

2ـ لەبەرخۆ گوتنەوە بە زمان: ئەمە ئاسانترو کورتترین ڕێگەیە بۆ لەبەرخۆ گوتنەوە، بریتییە لەوەی دوای خوێندنەوە بە زمان زانیارییەکان بۆ خۆت دووبارە دەکەیتەوە، لێرەشدا هەر شتێکت لێ ونبوو یەکسەر بۆ کتێبەکە دەگەڕێیتەوەو بە بیرەخۆتی دێنییەوە.

## چۆن خۆت لە لەبیرچوونەوە ڕزگار دەکەیت و ئەزبەرکردنت بەهێز دەکەیت؟

زانایانی دەروون گرنگی زۆریان بە دیاردەی لەبیرچوونەوەی قوتابیان داوەو لێکۆڵینەوەی زۆریان لەسەر ئەنجام داوە، سەرەنجام گەیشتوونەتە چەند خاڵێك، کە بە ڕێنماییکردنیان قوتابی لە لەبیرچوونەوە دەربازی دەبێت و دەتوانێت ئەوەی دەیخوێنێتەوە، یان

ئەزبەری دەکات، لە کاتی پێویستدا بە باشـی بـە بیرەخـۆی بێنێتـەوە، لـەو خاڵانەش گرنگترینیان:

1ــ خاڵـە گرنگـەکانی کتێبەکـە بدۆزەوە، هێڵیان بـەژێردا بێنـەو چـەند جارێـك بیانخوێنـەوە تـا لـە بیرتـدا دەچەسپێن.

2ــ لـە کـاتی مانـدوو بـوون یـان خەوهاتنـدا مەخوێنـەوە، چـونکە لەوکاتانـەدا مێـشك ئامـادە نییـە شتەکان بە باشی وەربگرێت.

3ـ بابەتی درێـژ دابـەش بکـە سـەر چەند پەڕەگرافێکی کورت، ئینجا یـەك لە دوای یەك ئەزبەریان بکە.

4- متمانـەت بـە خـۆت و بـە ئەزبەرکردنەکەت هەبێـت و بـە پەلـە شتەکان ئەزبەر مەکە.

## تایبەتمەندییەکانی ژینگەی دروست بۆ خوێندنەوە

1ـ ئامادەکردنی شوێنی هێمن و پاك و خۆش بۆ خوێندنەوە، بە شێوەیەك لە هەموو سەرچاوەیەکی گاڵەگاڵ بە دوور بێت.

2- شـوێنەکە هـیچ یـەکێك لـەو کەرەسـتانەی تیـا نـەبێت، کـە پەیوەندییان بە خوێندنەوە نییەو دەبنـە هۆی سەرنجڕاکێـشی قوتـابی، مـەبادا بەمە کاتی تەرخانکراو بۆ خوێندنەوەت لە دەست بچێت.

3ــ بـاش وایـە شـوێنی خوێندنـەوە ژوورێك بێت، مێـزو کورسـییەکی تیـا بێت، ڕووناك بێت و دڵکراوە بێت.

4ـ پلەی گەرمی ژوورەکە لـە (25) پلە بەرزتر نەبێت.

5ـ ژوورەکە بەو شـێوەیە بێـت، کـە بەردەوام هەواکـەی بگۆڕدرێـت و نـوێ ببێتەوە، واتە ژوورێکـی بـە پەنجـەرەو ڕووەو هەوا بێت، نەك ژوورێکی داخراو و بێ پەنجەرە بێت، کـە هەواکـەی بـە زەحمەتیش نوێ نەبێتەوە.

6ـ قوتابی پێشتر خۆی بـە شـتی تـر مانـــدوو نـــەکردبێت و شـــەو زوو خەوتبێت.

7ــ لـە کـاتی خـەو هـاتن، یـان هەســتکردن بـــە مانـــدووبوون، نەخوێنییەوە.

8ـ قەڵەم و کاغـەزو ڕاسـتەو هـەموو ئەو کەرەسانەت لە بەر دەست بن، کـە بۆ خوێندنەوەکەت یارمەتیت دەدەن.

## چەند پرەنسیپێکی گشتی بۆ خوێندنەوە

1- دەستنیـشانکردنی مەبەسـت لـە خوێندنەوەی هەر مادەیەکدا، بۆ ئەوەی تێگەیشتن بە ئاسانی زامن بێت، واتە:

قوتابی چەندی مەبەستە لەو کاتژمێرەدا تێبگات، توانای خۆی بۆ ئەوەندە تەرخان بکات، نەك بە جارێك بییەوێت هەموو کتێبەکە ئەزبەر بکات.

2- سووربوون لەسەر تێگەیشتن و خوێندنەوەی بەردەوام بەبێ پچڕان لە خوێندنەوە.

3- بەردەوام قوتابی شتەکان بخوێنێتەوەو لە پێشەخۆیدا بیانڵێتەوەو ڕاهێنانەکان شیکار بکات و پرسیار لە خۆی بکات و وەڵامی خۆی بداتەوە، تا بەمە زانیارییەکانی بە باشی لە مێشکدا بچەقێت.

4- قوتابی زوو زوو خۆی تاقیبکاتەوە، کە چەند فێربووەو هەوڵبدات هەمیشە خۆی بەرەو پێش ببات.

5ـ قوتابی بۆ خۆی چەند برادەرێك بدۆزێتەوە لە پێشیاندا مادەکان ڕاڤە بکات، بۆ ئەوەی ئەوەی دەیزانێت باشتر لەلای بچەسپێن و ئەوەی نایزانێت بچێتەوە سەری ئەزبەری بکات.

6ـ قوتابی دەبێت ڕاستگۆبێت لەگەڵ خۆی و فێر لە خۆی نەکات، چەندی دەیزانێ ئەوەندە دڵی بە خۆی خۆشبێت و چەندی کەموکوڕی هەیە، ئەوەندە هەوڵی زیاتر بدات، بۆ زانین.

7ــ قوتابی بەردەوام ڕەخنە لە شێوازی خوێندنەوەی خۆی بگرێت، بۆ ئەوەی بەردەوام لە بەرەوپێشچووندا بێت لە خوێندنەوەو بگاتە ئەو ئاستەی کە پێویستە.

8ـ قوتابی لە خوێندنەوەدا هەمیشە ئەوە ڕەچاو بکات، کە بەیانیان زوو لەو کاتەدا کە بیری جەمەو ماندوو نییە، بێت مادە قورسەکان بخوێنێت و مادە ئاسانەکان بۆ کاتەکانی تر هەڵبگرێت.

9ـ بۆ خوێندنەوە، ئەگەر قوتابی سوود لە هەستێك زیاتر وەربگریت، بابەتەکانی زیاتر لەلا دەچەسپێت، بۆ نمونە: ئەگەر لە بری ئەوەی تەنیا بە چاو بخوێنیەوە، لەگەڵ ئەودا بە دەستیش زانیارییەکان لە پێشەخۆتدا لە چەند خاڵێك کورتبکەیتەوە، ئەوا باشتر زانیارییەکانت لەلا دەچەسپێت و بەم شێوەیە.

10ـ قوتابی شەرم نەکات لە پرسیار کردن و لە مامۆستاو هاوڕێکانی بەردەوام ئەو پرسیارانە بکات، کە بە لایەوەی قورسن و لێیان تێناگات، چونکە ئەمە بەرەوپێشی

دەبات،بەپێچەوانەوە شەرم کردن لەمرووەوە زیان بە قوتابی دەگەیێنێت.

11ـ لەرۆژێکدا نەکەیت دوو بابەتی بەیەکچوو بخوێنیتەوە، چونکە بەمە زانیارییەکانت لێ تێکەڵ دەبن.

## دروستکردنی خشتەی خوێندنەوە

قوتابی سەرکەوتوو ئەوەیە، کە خوێندنەوەی بە پێی پلان و خشتەیەکی تایبەت بە خۆی و کاتەکانی خۆی ئەنجام دەدات، ئەگەر بەو شێوەیە خوێندنەوەی کرد، ئەوا سوود لە تەواوی کاتەکانی وەردەگرێت و خوێندنەوەکەیشی ئامانجدار دەبێت، لە هەموو مادەکانی وەکو یەك دەچێتە پێش، نەك بە پێچەوانەوە لە هەندێکیان باش و لە ئەوانی تر مامناوەندی یان خراپ بێت.

## هەنگاوەکانی دروستکردنی خشتەی خوێندنەوە

خشتەی خوێندنەوە، یان پلان بۆ خوێندنەوەو سوود وەرگرتن لە کاتەکان، بە چەند هەنگاوێك دروست دەکرێت، دەشێت لە مانەی خوارەوەیان کورتبکەینەوە:

1ـ دەستنیشانکردنی کاتێك بۆ ئەوەی چالاکییەکانی رۆژانەی تیا بە ئەنجام بگەیێنێت، بۆ ماوەی هەفتەیەك.

2ـ بزانە بە پێی خشتەکە لە رۆژێکدا چەند کاتژمێر بەشت دەکەن بۆ خوێندنەوە، ژمارەی ئەو کاتژمێرانە بەسەر یەکەوە بزانە چەندن، ئەو ژمارەیە لە ژمارەی کاتژمێرەکانی هەفتە ببڕە، کە (168) کاتژمێرە، بۆ ئەوەی بۆت دەربکەوێت، کە لە توانات دایە لە هەر رۆژێکدا چەند کاتژمێر بۆ خوێندنەوەی سەرەمڕ تەرخان بکەیت.

3ـ لە دوو شەوی هەموو هەفتەیەکدا دوو کاتژمێر تەرخان بکە، بۆ خوێندنەوەی دەرەکی.

4ـ دوای ئەوەی تەواوی ئەو کاتانەت خستە سەر یەك و بۆت دەرکەوت، کە لە شەوو رۆژێکدا چەندت کات پێویستە بۆ ئەوەی تەواوی چالاکییەکانتی تیا بە ئەنجام بگەینی، ئەو چەند کاتژمێرە ، لە (24) کاتژمێرەکەی شەو و رۆژەکە ببڕە، بەوە بۆت دەردەکەوێ، کە لەو شەو و رۆژە چەند کاتژمێرت بۆ بە بەتاڵی دەمێنێتەوە، تا تیایاندا مادەکانت بخوێنیتەوە:

(24) کاتژمێر - تەواوی ئەو کاتــەی بە چالاکییەکانت لە دەسـتت دەچـن = ئــــەو کاتـــــەی بـــۆ خوێندنـــــەوەت دەمێنێتەوە.

**ئەم خشتەیەی خوارەوە کارەکانی یەك ڕۆژت بۆ دەستنیشان دەکات:**

| چالاکی | کاتی پێویست |
|---|---|
| ـ خەوتن<br>ـ ئیشە ڕۆتینییەکانی ماڵ<br>ـ خواردن<br>ـ پەیوەستەکییە خێزانییەکان<br>ـ خوێندنەوە تایبەتییەکانی (ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و...)<br>ـ سەیرکردنی تەلەفزیۆن<br>ـ ئارەزووەکانت<br>ـ پەیوەستەکی کەسی خۆت (گرنگیدان بە جـل و بـەرگ و پێڵاو و سیماو...)<br>ـ کاری دیکە | |
| تەواوی ئەو کاتەی بەم چالاکییانە لە دەستت دەچن | |

2ـ دەستنیشانکردنی ئەو کاتەی کـە لە هەر چالاکییەك تەواو دەبیت.

دیسانەوە ڕێگەیەکی دیکەش هەیـە، بۆ خـشتە دانـان، کـە بـەم شـێوەیەی خوارەوە دەتوانیت بـۆ خـۆتی دروسـت بکەیت:

1ـ دەستنیشانکردنی ئەو چالاکیانەی لە ڕۆژێکدا پێی هەڵدەستیت

3- بزانـــە لـــەو ڕۆژەدا هـــەموو چـالاکییەکانت لـە چـەند کاتـژمێردا تەواوکرد.

**بە گوێرەی ئەم خشتەیەی خوارەوە ئەو حیسابانەت بکە:**

| چالاکی | کاتی تەواوبوون | کاتی بەکاربراو |
|---|---|---|
| خەوتن | 6/.. | 9/.. |
| خۆشۆردن | 6/3. | 0/3. |
| نانی بەیانی | 7/.. | 0/3. |
| دەوامی قوتابخانە | 2/.. | 6/3. |
| نانی نیوەڕۆ | 2/3. | 0/3. |
| خەوتن | 4/.. | 1/3. |
| شـــیکارکردنی ڕاهێنـــان و ئەرکەکان | 5/.. | 1/.. |
| خوێندنەوە | 6/.. | 1/.. |
| پـــشوو + ســــەیرکردنی تەلەفزیۆن | 7/.. | 1/.. |
| خوێندنەوە | 8/.. | 1/.. |
| نانی ئێوارە | 8/3. | 0/3. |
| پێداچوونەوە + گوێگرتن | 9/.. | 0/3. |

## لەکاتی خوێندنەوەدا دەبێت خۆت لە هەندێك شت بە دوور بگریت

ئەو شتانەی کـە پێویـستن لـە کـاتی خوێندنەوەدا قوتـابی خـۆی لێیـان بـە دوور بگریت، چەندانێکن، لەوانە:

1ـ نەکەی بە پاڵکەوتن بخوێنیتـەوە، چونکە بەمە یەکـسەر خـەوت دێـت و توانای خوێندنەوەت نامێنێت.

2- نەکـــەی بـــە کۆمـــەڵ لەگـەڵ ژمارەیـــەکی زۆر لـــە هاوڕێکانـــت بخوێنیتـەوە، چـونکە بەمـە ناتوانیـت

وەکو پێویست لە بابەتەکانت بگـەیت، یان ئەزبەریان بکەیت.

3ـ لە کـاتی خوێندنـەوەدا گـوێ بـۆ گۆرانی یان مۆسیقا ڕامـەگرە، چـونکە ئەمە وادەکـات نـەتوانیت بـیرت جـەم بکەیت و زانیاریـەکان وەکـو پێویـست وەربگریت.

4ـ نەکەی لە کاتی خوێندنەوەدا مادە چالاککەرەوەکانی وەکـو چـای، قـاوە، حەب بە زۆری بخۆیـت، چـونکە ئەمـە تووشی ئیدمانت دەکات و واتلێدەکات بـەبێ ئـەوان تووشـی هیلاکـی بـیر و لاشەبیت و هیچت پێنەکرێت.

5- لـــە ژووری نیمـــچە تاریـــك مەخوێنەوە.

6ــ لـە بـازاڕو شـوێنە گـشتییەکان نەخوێنیەوە.

7ـ پشت بەو کورتکراوانە مەبەسـتە کە هاوڕێکانت بۆ مادەکان کردوویانن.

8ـ لە دوارۆژەکانی سـاڵ نەکـەی لـە خوێنـــدن دوا بکـــەویت و هەنـــدێ ڕۆژ نەچیتە قوتابخانە.

9ـ لە سەرەتای ساڵەوە کەمتەرخەمی مەکە لە خوێندنەوەو هەمیشە نەکـەی ئەرکی ئەمرۆت بخەیتە سبەینێ.

### ئەو هۆکارانەی قوتابی لە دوودڵی و ترسدەرباز دەکەن و کەشێکی ئارامی بۆ دروست دەکەن

1ـ دەستگرتن بە ئاین و پشت بەستن بە خوا، کە مرۆـڤ دوای ئەوەی هەوڵی خۆی دا، ئیتر بە پشت بەستن بە خـوا، کە هەر ئەوە دڵان ئارام بکات و توانای وەرگرتن و بەخـشینەوە بـە بەنـدەکانی ببەخــــشێت، ئـــــەوەش هۆیـــــەکی ئارامکەرەوەیە بۆ دڵان و بەمەوە خودا دڵنیـــایی بـــە قوتـــابی دەبەخـــشێ و متمانەی بۆ دروست دەکـات، کـە بـە هۆیەوەی دەتوانێت بە باشی دەربچێت.

2ـ هەر لە سەرەتای ساڵەوە قوتـابی دەبێت خوێندنەوەی ڕۆژانەی هەبێـت و لــە کۆتـــایی ســـاڵیش بـــەر لـــە تاقیکردنەوەکان باش وایە بـە خێرایـی پێداچوونەوە بە هەموو ئەو مادانەیـدا بکـات، کـە بـە درێـژایی سـاڵەکە خوێندوونی و ئـەرکن لـە سـەری، کـە دەبێت تاقیکردنەوەیان لێ ئەنجام بدات.

3ــ دەبێـت قوتـابی هـەموو شـتێك بخوێنێت و نابێت هیچ باس و بابـەتێك بە بێنرخ بزانێت.

4ـ قوتابی دەبێت ئاگادار بێـت ئـەو هەڵانەی لە تاقیکردنەوەکانی مانگانـە

دەیانکات، لە کۆتایی ساڵدا دووبارەیان نەکاتەوەو وانەزانێت ئەو پرسیارەی لە مانگانە هاتوەتەوە، لە سەری ساڵ نایێتەوە، چونکە بەمە لە هەڵە دەکەوێت و بێگومان زیان دەکات.

5ـ قوتابی دەبێت سوود لەو ئامۆژگارییانەی مامۆستا وەربگرێت، کە لە بارەی خوێندنەوە، یان هەر بوارێکی تر پێشکەشی دەکات.

6ـ قوتابی دەبێت سوود لە قوتابییە زۆر زیرەکەکان وەربگرێت، با پرسیاریان لێ بکات، ئەوان بە چ شێوازێك دەخوێنن و وەڵامدەدەنەوە، با ئەویش وەکو ئەوان بکات.

7- دەبێت قوتابی بەردەوام خۆ ئامادەبکات بۆ تاقیکردنەوەکان و نابێت بە بێ خوێندنێکی باش بچێتە هیچ تاقیکردنەوەیەك.

## لە پێناو وەڵامدانەوەیەکی سەرکەوتوودا

بۆ ئەوەی قوتابی لە وەڵامدانەوە سەرکەوتوو بێت، دەبێت بە پێی پلانێك بەرەو تاقیکردنەوەکان بچێت، ئەو هۆکارانەی خوارەوە یارمەتیدەرن، بۆ سەرکەوتنی قوتابی لە وەڵامدانەوەکانیدا:

1ـ پێداچوونەوەی پێشتری مادەکان و تۆخکردنەوەی تێگەیشتن و ئەزبەرکراوەکانی، بە چەند ڕۆژێك بەر لە تاقیکردنەوەکە، ئەوە وا دەکات لە ڕۆژی تاقیکردنەوەکاندا بە دڵنیاییەوە مامەڵە لەگەڵ پرسیارەکان بکات و ترسی ئەوەی نەبێت، کە تیایاندا باش نەبێت.

2ـ دەبێ قوتابی پێشتر لە کاتی خوێندنەوەو پێداچوونەوەیدا وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دابێتەوە، کە لە پێشیدا زەق ببوونەوە، خۆ ئەگەر پرسیارێکی لێ قورس بوو دەشێ بۆ وەڵامەکەی بگەڕێتەوە لای مامۆستای مادەکەی، بەڵام نابێت فەرامۆشی بکات.

3ـ لە کاتی پێداچوونەوەدا باش وایە قوتابی بابەتەکان لە چەند دێڕێکدا کورتبکاتەوە، بۆ ئەوەی بەر لە تاقیکردنەوەدا بە چەند کاتژمێرێك چاو بەو کورتکراوانەی خۆیدا بخشێنێتەوەو بەمە زانیارییەکانی بیر بێتەوە، بەڵام نابێ قوتابی لە کاتی پێداچوونەوەکەیدا، بابەتەکانی

کتێبەکەی نەخوێنێتەوەو پشت بە تەنیا کورتکراوەکانی کتێب ببەستێت، چونکە ئەو کورتکراوانەی کتێب، هەموو زانیارییەکانی پێ نابەخشن و بابەتەکانی بە تەواوی تێناگەین.

**پێداچوونەوەی کۆتایی ساڵ بە مادەکاندا شتێکی گرنگە، دەبێت قوتابی کاتێکی بۆ تەرخان بکات، بەشی تەواوی مادەکانی بکات، تا لەو ماوەیەدا پێیاندا بچێتەوەو ئەوەی لە بیری چووەتەوە بە بیری خۆی بێنێتەوە**

### پێشبینیکردنی ناوەڕۆکی تاقیکردنەوەکان

قوتابی زیرەك دەبێت هەمیشە پرسیار لە خۆی بکات، کە: ئایا چین ئەو باسانەی زۆر گرنگن و دەشێت لە تاقیکردنەوەدا پرسیاریان لێ بێتەوە؟

هەندێ هۆکار هەن یارمەتیدەرن بۆ گەیشتن بە وەڵامێك بۆ پرسیاری لەم شێوەی قوتابی، بۆیە دەبێت قوتابی سوودیان لێوەربگرێت، لەو هۆکارانە:

1ـ گرنگیدانی مامۆستا بە باسێکی دیاریکراوو جەختکردنەوەی لەسەر ئەو باسە، کە گرنگە.. جا ئەگەر مامۆستا لە کاتی وانەگوتنەوەی ڕۆژانەی شتانێکی بە گرنگ ژمارد، دەبێت قوتابی بزانێت ئەو شتانە گرنگن و ناشێت فەرامۆشیان بکات، چونکە بێگومان پرسیاریان لێدێتەوە.

2ـــ قوتابی بگەڕێتەوە بۆ پرسیارەکانی ساڵی پار و پرسیاری هەر ئەو مادانەی قوتابخانەیەکی دیکە،

بزانێت چ پرسیارێکیان تیا هاتۆتەوە، بێگومان دیارە ئەو پرسیارانە گرنگن.

3ـ پێش تاقیکردنەوە قوتابی لە مامۆستاکەی بپرسێت، کە ئایا لە پرسیارەکانی گرنگی بەچی دەدات و دەیەوێت بە چ شێوەیەك وەڵامی بۆ بنووسرێت، بە تایبەت ئەگەر مامۆستاکە یەکە مجاری بوو تاقیکردنەوەی دەکردن.

4ـ خۆت ببە مامۆستای خۆت، لە کتێبەکەتدا چەند پرسیارێکی گرنگ بۆ خۆت دەستنیشان بکەو هەوڵبدە وەڵامیان بدەیتەوە.

5- سوود لە ئەقڵی هاورێکانت وەربگرە، بزانە ئەوان چییان بەلاوە گرنگە.

6- گرنگی بەو پرسیار و نمونە شیکارکراوانە بدە، کە کتێبەکە ختووبەتییە بەردەستت.

ئەگەر ئەوانەت بە شێوەیەکی پێویست کرد، بێگومان هەر پرسیارێك بێتەوە، بە لاتەوە نامۆ نابێت و لە وەڵامدانەوەتدا سەرکەوتنێکی چاك بە دەست دێنیت.

## پێداچوونەوەی کۆتایی

پێداچوونەوەی کۆتایی ساڵ بە مادەکاندا شتێکی گرنگە، دەبێت قوتابی کاتێکی بۆ تەرخان بکات، بەشی تەواوی مادەکانی بکات، تا لەو ماوەیەدا پێیاندا بچێتەوەو ئەوەی لە بیری چووەتەوە بە بیرەخۆی بێنێتەوە، بەڵام لەو گرنگتر ئەوەیە، کە قوتابی سوور بێت لەسەر ئەوەی لە دوارۆژەکانی کۆرسی دووەمی خوێندن هیچ دەرسێکی نەفەوتێت، کە ئەمە سوودێکی یەکجار زۆری هەیە، چونکە لەو دەرسانەی کۆتایی کۆرسی دووەمی خوێندن، مامۆستا دێت مادەکان بە یەك دەبەستێتەوەو ئەوە دەردەخات کە چ بابەتێك پەیوەندی بە چی هەیەو...هتد، کە پێشتر ئەو زانیاریانە نەدەکران بخرێنە روو چونکە هەموو بابەتەکان نەخوێنرابوون، بەڵام کە خوێندن تەواو بوو ئیدی ئەوەش ئاسانە بکرێت، ئەوەش کارێکی گرنگەو قوتابی دەبێت لێیان ئاگادار بێت، تا سەرکەوتوو بێت.

پێداچوونەوەی باشی مادەکان لە کۆتایی ساڵ، یان کۆتایی وەرزەکانی

خوێنـــدن، بـــەو شـــێوەیەی خـــوارەوە دەکرێت:

1- وەکـــو گوتمـــان: بـــەر لـــە تاقیکردنـــەوەکان ماوەیـــەکی پێویـــست دەستنیشان بکە، کە تیایدا بتوانیت بە باشی بە هەموو مادەکانتدا بچیتەوە.

2ـ پێداچوونەوەکەت دەبێ بـە هـۆی خـــشتەیەکی ســـەرکەوتوو بێـــت بـــۆ پێداچوونەوە، وەکو پێـشتر ئاماژەمـان بۆ گرنگی خشتەی خوێندنەوە کرد.

3- لـــــە مـــــاوەی پێداچـــــوونەوە (مراجعە)دا، خۆت بـە تـەنیا چـەند پرسیارێکی گرنگ مەبەسـتەوە، بڵێـی هەر ئەوانە گرنگن و دێنەوەو بێجگەی ئەوانـــە فـــەرامۆش بکـــەیت، بـــەڵکو هـــەموو کتێبـــەکان بخوێنـــەوەو هـــەموو زانیارییەکانیان بە گرنگ بزانە.

**ئەو شتانەی پێویستن لەماوەی بەر لەتاقیکردنەوەدا بییانکەیت**

1ـ لە مـاوەی خـۆ ئامـادەکردن بـۆ تاقیکردنـەوەکان زۆر ئاسـایی بـە، بـە گـوێرەی خـشتەیەك دەسـت بکـە بـە خوێندنەوەی کتێبەکانت، تـا دەگەیتـە کـاتی تاقیکردنـــەوەکان، بـــەڵام بـــەو مەرجەی زۆر لە خۆت نەکەیت، تا ئەو کاتە بخوێنیت، کە دەزانیت ئـستیعابت هەیەو کـە زانیـت تێگەیـشتنت وەکـو پێویـــست نییـــەو مانـــدوو بوویتـــە، دەســـــتهەڵگرە.. لـــــە ڕۆژانـــــی تاقیکردنـەوەش بـە ڕۆژ لـە دوو سـێ کاتـــژمێردا مادەکـــەی کـــە بـــەیانی تاقیکردنەوەی تیا دەکەیت بە بیرەخۆت بێنەوەو شەو زوو بخەوە، تا بـەیانی بـە چـاڵاکی و وشـشیارییەوە هەڵـسیت و بچیتە هۆڵی تاقیکردنەوە.

2ـ زوو برۆ بەرەو هۆڵی تاقیکردنەوە، با نەکەویە پەڵەو دوانەکەویت.

3ـ بەر لە تاقیکردنەوە بە کاتژمێرێك خۆت لە هەموو خوێندنەوە پرسیار لخۆ کـردن و شـت بەبیرهێنانەوەیـەك دوور بخەوە، با پشوویێك بە بیرت بدەیت.

4ـ لە ماوەی بەر لە چـوونە ژوورەوە بۆ تاقیکردنەوە بـە چـەند وردکەیـەك، خـۆت لـەوە بپـارێزە بـە پەلـە بـە کتێبەکەتدا بێیتەوەو بتـەوێت شـتەکان بـەبیرەخۆت بێنییـەوە، چـونکە بەمـە شتەکانت لێ تێکەڵ دەبێـت و سـەرت لێ تێك دەچێت.

5ــ بـەیانی زوو بـەر لـە چـوون بـۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوە نان و چایێکی چاك بخۆ و نەکەی بە برسییەتی بـچیتە تاقیکردنەوە.

6ـ باش وایە لە هۆڵی تاقیکردنەوەدا پارچەیەك كێك، یان شیرینیت پێ بێت بۆ ئەوەی لەو کاتەدا کە هەستت بە وەڕسی و بێ تاقەتی کرد، بیخۆیت تا چالاك ببیتەوە.

7ـ نەکەی لەگەڵ هاوڕێکانت بکەویە بینەو بەردەی ئەوەی ئەم پرسیار یان ئەو پرسیار زۆر گرنگەو ئەوی تر هیچ نییەو بەمە قسەتان یەکنەگرێتەوەو لێك زویر بن، بەڵکو لە بری ئەوە قسەی خۆش و چاك و چۆنی گەرمی یەك بکەن و وا بزانن تاقیکردنەوەکان شتێکی زۆر ئاسایین بۆ بەرەوپێشبردنتان ئەنجام دەدرێن، نەك بە پێچەوانەوە، کە لە ڕاستیشدا هەر وایە.

8ـ بەر لە چوونە هۆڵی تاقیکردنەوە خۆت دڵنیا بکەوە، کە قەڵەم و قەڵەم دادان و لاستیك و ڕاستەو کەرەسە هەندەسییەکان و ئەوەی پێویستن پێتن، نەك لە ژوورەوە بیر لەوە بکەیتەوە، کە ئەوسا ئەگەر شتێکت لا نەبوو زیان دەکەیت و تازە بوار نابێت بێیتەدەر دەستیان بخەیت.

9ـ کە لە مادەیەکدا تاقیکردنەوەت ئەنجام دا، ئیدی بیر لەو مادەیە بکەوە کە بەیانی تاقیکردنەوەی تیا ئەنجام دەدەیت، نەکەی بیر هەر بەو مادەیە خەریك بکەیت، کە تاقیکردنەوەت تیاکردووەو هەر پرسیارەکان هەڵگێڕ و وەرگێڕ بکەیت، ئەوە چییە؟ دەتەوێت دڵنیا بیت، کە چەندی تیا دێنیت! چونکە تازە وەڵامت داوەتەوەو بای هەر چەندێك بێت، زیادو کەم ناکات.

10ـ بەر لە چوونە نێو تاقیکردنەوەکان بیر لە شتی جوان و ئاسوودەکەر بکەوە.

## ئەو شتانەی لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان پێویستن

1ـ سەرەتا ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوە بە وردی بخوێنەوە، کە لە پشتی دەفتەری تاقیکردنەوەکان نووسراوە، ئینجا کە پرسیارەکانت وەرگت، ئەوانیش بە وردی بخوێنەوە، بۆ ئەوەی باشت بۆ دەربکەوێت، کە چۆن تاقیکردنەوەکەت ئەنجام دەدەیت و هەر یەکەی پرسیارەکان چ وەڵامێکت لێ داوادەکەن، تا بە گوێرەی پرسیارەکان وەڵامەکانت بدەیتەوە.

2- بۆ هەر مادەیەك بزانە پرسیارەکانی لەسەر چەند لاپەڕ نووسراون.

3ـ بزانە داواکراوی هەر پرسیارێك چییە؟ بۆ نمونە هەیە داوا دەکات وەڵامەکەی بە کورتی بۆ بنووسیت، هەشە داوا دەکات وەڵامەکەی بە درێژی بۆ بنووسیت، لە وەڵامدانەوەدا، تۆ دەبی ئاگاداری ئەوە بیت ، ئەگینا وەڵامەکەت وەکو پێویست نابێت و نمرەش وەکو پێویست وەرناگریت.

4ـ ئاگاداری کاتی دیاریکراو بۆ تاقیکردنەوەکان بەو ئەو کاتە بە باشی بەسەر پرسیارەکاندا دابەش بکە، نەك لە وەڵامدانەوەدا بێ بەرنامەبیت، کاتێکی زۆر بۆ چەند پرسیارێکی ئاسان تەرخان بکەیت، لە پرێکدا دوو پرسیار یان زیاتری قورس و نیمچە قورست بمێنێت و ئەو کاتەت نەمابێت بەشی ئەوە بکات بە باشی تیایدا وەڵامی ئەو پرسیارنە بدەیتەوە، کە ماون.

5ـ کاتێك بۆ ئەوە بهێڵەوە، کە تیایدا لە کۆتایی تاقیکردنەوەکەدا بتوانیت بە وەڵامەکانتدا بچیتەوە.

6- بە شێوەیەکی وا دانیشە، کە مورتاح بیت.

7ـ لەو باوەڕە دابە، کە دەتوانیت باشترین وەڵام بدەیتەوە.

8- لەو پرسیارەوە دەست بە وەڵامدانەوە بکە، کە لە هەموو ئەوانی دیکە ئاسان ترە.

9ـ لەسەرخۆ و بێ پەلەکردن بنووسە، مەبادا ئەگەر پەلەت کرد، بەشێکت لەو زانیاریانە لەبیر بچێت، کە وەڵامی پرسیارەکانە، ئەگەرچی دەشیزانی.

10ـ هەر پرسیارێك لە لاپەڕەیەکی نوێ بنووسە، بۆ ئەوەی وەڵامەکانت روون بن و لە مامۆستا تێکەڵ نەبن.

11ـ وەڵامەکەت بە زمانێکی ساکار بێت، دوور بێت لە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی قورس و فرە واتا.

12ـ لە نووسیندا دێڕ بپەڕێنە، یان لە سەروو و خوارووی لاپەڕەدا جێی چەند دێڕێك بە بەتاڵی جێبهێڵە، بۆ ئەوە ئەگەر ویستت شتێك زیاد بکەیت، جا زانیاری بێت، یان وێنە، هەر لە لاپەڕەکەدا جێگە هەبێت.

13ـ دەکرێت لاپەڕەی بەرامبەر وەکو لاپەڕەیەکی بەردەست و یەدەگ بەکاربهێنیت، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.

14ـ هەوڵبدە لە وەڵامەکانت شتی باش و پێویست و پوخت بنووسیت، نەك شتی زۆر و دوور لە وەڵامی دروست.

15ـ هەرچی بەراستی دەزانی، لە وەڵامی پرسیارەکاندا بینووسەو هیچ زانیاریەك با زۆر ئاشکرا، یان بچوکیش بێت، مادام بەشداری باش دەکات لە

وەڵامدانەوەی دروستی پرسیارەکان، بە کەم و بێبایەخی مەزانە، چونکە ئەوە پێوەرە لای مامۆستا، کە ئایا تۆ تا چەند زانیاریت لەو بارەوە هەیەو چۆن دەتوانیت ئەو زانیاریانە لە کاتی پێویستدا بەکاربهێنیت.

16ـ ئەگەر پرسیارێکی قورست هاتە پێش، خۆت بە ئەو خەریك مەکەو بەمە کات مەکوژە، چونکە کاتی تاقیکردنەوە دیاریکراوە، لەبەر ئەوە پرسیارە قورسەکە جێبهێڵەو بچۆ سەر پرسیارێکی دیکە، کە بە لاتەوە ئاسانەو دەتوانیت بە باشی وەڵامی بدەیتەوە، بەم شێوەیە دوای تەواوکردنی تەواوی پرسیارەکانی دی، ئینجا بگەڕێوە سەر پرسیارە قورسەکەو هەوڵبدە سەرەتا باشی تێبگەیت، ئینجا هەوڵدە وەڵامی بدەیتەوە.

17ـ لە وەڵامدانەوەدا ئەو پرسیارەی وەڵامەکەی دەکرێت لە چەند خاڵێك کورتبکرێتەوە، تۆش بە خاڵ بە دوای یەکیان ڕیزبکە، نەکەی بە تێکەڵی وەڵامەکەت بەسەر یەکەوە بنووسیت.

18ـ لە وەڵامدانەوەدا لە سەرووی هەر لاپەڕەیەك بە خەتێکی گەورەو جوان بنووسە: (وەڵامی پرسیاری یەکەم، یان دووەم، یان سێیەم و..بەم شێوەیە)، بۆ ئەوەی بۆ مامۆستا ڕوون بێت، کە ئەم وەڵامە هی کامە پرسیارە، ئینجا ئەگەر پرسیارەکە زیاتر لە لقێکی هەبوو ئەوەش بۆ ئەو ڕستەیەی سەروو زیاد بکە، کە ئەمە وەڵامی لقی (أ)، یان (لقی (ب)ـە، بۆ نمونە لە سەرووی لاپەڕە ئەگەر وەڵامی پرسیاری یەکەمت دەدایەوە، وەها بنووسە:

ـ وەڵامی پرسیاری یەکەم، لقی (أ):

ـ یان: وەڵامی پرسیاری یەکەم، لقی (ب):

ـ یان: وەڵامی پرسیاری یەکەم، لقی (ج):

19ـ وەڵامەکەت بە خەتێکی خۆش بنووسە، سەرەتای پەڕەگرافەکان شوێنی سێ پیت بە بەتاڵی جێبهێڵە، لە کۆتایی پەڕەگرافەکانیش خاڵ دابنێ، ئەو شوێنەی پێویستی بە هێماکانی خاڵبەندی وەکو نیشانەی پرسیار و نیشانەی سەرسوڕمان و فاریزە هەبوو تیایدا دایانبنێ.

20- ئەگەر پرسیارێك زیاتر لە داواکراوێکی هەبوو بۆ نمونە بەم شێوەیە بوو:

پ ـ نالی کێیە؟ کەی لە دایك بووە؟ لە کوێ؟ کەی مردووە؟ لە کوێ؟

وەڵامەکەت دەبێ بەوشێوەیە بێت، کە هەموو ئەو داواکراوانەی ڕوونبکاتەوە، بۆ ئەوەی وەڵامەکەشت جوان و ڕوون بێت، لە هەر پەرەگرافێك وەڵامی یەك لە داواکراوەکان بدەوە، بۆ نمونە بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵام بدەوە:

...نالی ناوی (خدر)ە، کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی ئالی میکایلییە.

...لە بارەی لە دایك بوونیەوە، زۆربەی ئەوانەی لە بارەیانەوە نووسیوە، ساڵی (1800ز) یان بۆ لە دایکبوونی دەستنیشانکردووە.

...لە گوندی (خاك و خۆڵ)ی سەر بە ناوچەی (شارەزوور) هاتۆتە دونیا.

...سەبارەت بە لە دونیا دەرچوونی ڕای جیاواز هەیەو هەموو نووسەران یەك ساڵیان دیاری نەکردووە، هەیانە دەڵێ لە ساڵی (1856ز) کۆچی دوایی کردووە، بەڵام بە گوێرەی تازەترین و ڕاسترین زانیاری، (نالی) لە ساڵی (1873ز) کۆچی دوایی کردووە.

...لە (ئەستەمبوول) بۆ دوا جارە چاوی لێکناوەو لە گۆڕستانی (ئەبا ئەییوبی ئەنساری) نێژراوە.

21- نەکەی کات بە ڕازاندنەوەی لاپەڕەکان، یان وێنە پێویستەکان بکوژی، بەڵکو ئەو ڕازاندنەوەی لاپەڕە پێویست نییەو ئەو وێنەیەی داواشکراوە، بە گوێرەی پێویست بە قەڵەمەکەت بیکێشەو بە ڕەنگکردن کە پێویست نەبێت کاتت لەدەست مەدە.

22ـ دوای تەواوبوونت لە وەڵامدانەوە، بە لانی کەم جارێك بە وەڵامەکانتدا بچۆوەو وەڵامەکان لەگەڵ پرسیارەکان بەراورد بکە، بزانە ئەوەی نووسیوتە وەڵامی دروستی پرسیارەکانە، یان کەموکوڕیەکت هەیە، بۆ ئەوەی ئەگەر شتێکت سەهو کردبوو یان لە بیرت کردبوو چاکی بکەیت.

23ـ وەڵامدانەوە باش وایە بە قەڵەمی دار بێت، ئەگەر ئەوەش نەبوو دەشێ بە قەڵەمی جاف وەڵامبدرێتەوە، بە تایبەت ئەگەر هاتوو تاقیکردنەوەکە هی قۆناغەکانی شەشی سەرەتایی و سێی ناوەندی و شەشی ئامادەیی نەبوو کە لەو قۆناغانەدا قوتابی پەیوەست دەکرێت، دەبێ بە قەڵەمی دار بنووسێت.. بەڵام لەو بارانەش کە بە قەڵەمی جاف ڕێگە دەدرێت قوتابی وەڵامبداتەوە، تەنیا بۆی هەیە بە قەڵەمی شین، یان ڕەش بنووسێت، نەك بچێت بە قەڵەمی سوور، یان سەوز یان ڕەنگێکی دیکە وەڵامبداتەوە.

24- وەڵامەکەت بە خەتێکی مامناوەند بنووسە، نە زۆر گەورە بێت و نە زۆر بچوك بێت.

25- لە کاتێکدا کە کات بەرەو کۆتایی دەچوو و پرسیارێکت مابوو وەڵامی بدەیتەوە، پەیڕەوی لەمانەی خوارەوە بکە:

أ ـ واز لە بیرکردنەوە بێنە.

ب ـ کەمێ قەڵەم و کاغەزەکەت دانێ و هەناسەیەك بدە.

جـ ـ دووبارە دەست پێبکەوە بە خوێندنەوەی پرسیارەکەو هەوڵبدە وەڵامەکەی بدۆزیتەوە.

26ـ ئەگەر لە کاتی وەڵامدانەوەی یەك لە پرسیارەکان، زانیارییەکانت لێ تێکەڵبوو و سەرت لێ تێکچوو نەتزانی لە دوو کۆمەڵ زانیاری کامیان لە وەڵامی ئەو پرسیارە بنووسی، واز لەو پرسیارە بێنەو بڕۆ سەر وەڵامی پرسیارێکی دی، دوای ئەوە بگەڕێوە سەر پرسیارەکەی پێشوو ئەگەر وەڵامەکەت بۆ یەکلابووەوە، باشە، ئەگینا دەکرێت وەڵامەکەت بەوشێوەیە بنووسیت، کە پێت وایە پرسیارەکە ئەوەی مەبەستە، سەرەڕای ئەوە، باش وایە تێبینیشت بۆ مامۆستا بنووسیت، کە بۆچی بەم شێوەیە وەڵامت داوەتەوە.

27- لە کاتی پێداچوونەوە بە وەڵامەکاندا، ئەگەر بینیت شتێکت لە بیر کردووە، یان پێت وایە لە وەڵامی پرسیارێك، یان لقێکی پرسیارێك هەڵەت کردووەو پێویستە ڕاستی بکەیتەوە، ئەوا دەبێت زۆر هێمن و لەسەرخۆ بیت و نابیت پەلە بکەیت، مەبادا بە هەڵە چووبیت و ئەوەی نووسیبت ڕاست بێت، کەچی تۆ بچیت ڕەشی بکەیتەوەو شتێکی نوێ بنووسیت، کە ئەو شتە نوێیە هەڵەیە، بەمەش زیان بکەیت، کە لە ڕاستیدا هەندێ قوتابی هەیە بەم شێوەیە سەری لە خۆی تێکداوەو وەڵامی دروستی ڕەشکردۆتەوە، هی هەڵەی لە شوێنیدا نووسیوەتەوە.

28ـ با دەفتەرەکەت پاك بێت و تا دەکرێت خۆت لە ڕەشکردنەوەی زۆر و کارانێك بە دوور بگرە، کە لاپەڕەکانت ناشرین دەکەن.

29- کاتێك بەر لە تۆ چەند هاوڕێیەکت تەواو دەبن و لە هۆڵەکە دەردەچن، بەوە ترست لێ نەنیشێت و پەلە مەکە، بەڵکو بەردەوام بە لەسەر وەڵامدانەوەکانی خۆت و ئەو کاتە هەڵسە، کە تەواوبوویت، نەك پەلە بکەیت و لە پەلەییان هەڵە بکەیت.

لەگەڵ هیوای دووبارە سەرکەوتنم بۆ قوتابیانی ئازیز، پسپۆڕانی ئایندەی نزیکی کوردو زانایانی داهاتووی مرۆڤایەتی.

# چەند خالێن بنەڕەتی بۆ پەروەردەکرنا زارۆکی

ئا: پەروەردەو فێرکردن

هەلسوکەفتێن پەسندو ناپەسندێن زارۆکی دێ ب وان خەلاتان ڤە گرێدایی بن یێن دایباب بێشکێشی وان دکەن و دپرۆسسێ فێرکرنێ دا هندەك جاران ژی دایباب دبنە ئەگەرا موکمکرنا هەلسوکەفتێن ناپەسند ل جەم زارۆکی بێی کو ئەو بزانن یان پێ بحەسیێن.

ئەم دکارین خالێن بنەڕەتیێن پەروەردێ ب ڤان خالان ڤە گرێبدەین:

1ـ خەلاتکرنەکا بلەزو د وەختی دا ل سەر کردارێن باش و رێکوپێك و ئاخفتنێن خوەش بۆ بهێنە گۆتن، ژبەرکو ئەڤ خەلات و ئاخفتنە دبنە بنەمایەکا رەسەن بۆ پەروەردەکرنا زارۆکی و ڕاهێنانا وی ل سەر کردارێن باش . هەروەسا ئەڤ خەلاتە دبیتە ئەگەرەکا گرنگ ژبۆ کۆنترۆلکرنا هەلسوکەفتێن زارۆکی و موکمکرنا باوەڕ بخۆبوونێ ل جەم وی . بێگومان ئەڤی کرداری کاریگەریا خوە ل سەر مەزنان ژی یا هەی ، چونکی ڕەنگێ ڕازیبوونا جڤاکی ددەتڤە و دبیتە پشکەك ژ ساغلەمییا دەروونی . ژبەر

هندێ پێدڤیە زارۆك ل سەر کردار و هەلسوکەفتێن باش بهێنە خەلات کرن، ژبۆ کو ئەڤ زارۆکە بەردەوام بیت ل وان هەلسوکەفتان و ڕۆژ بۆ ڕۆژێ کردارێن باشتر بکەت ب هیڤیا خەلات و پێ گۆتنێ و ل دووماهییێ ئەو کردار دێ جهێ خوە موکم کەن لناڤ مێشکێ وی و ل پاشەڕۆژێ دی بیتە مرۆڤەکی ب مفا بۆ جڤاکی.

ل ڤردا مە پێخۆشە نموونەیەکی لسەر ڤێ چەندێ بینین، ئەو ژی ئەگەر دەستنڤێژا زارۆکی نەخوەش بۆ و د وەختی دا ئەو زارۆك چو جهێ پێدڤی و دەستنڤێژا خوە خوەش کر، پێدڤییە دایباب ئافەرینێ لێبکەن و خەلاتەکێ بدەنێ، ڤێجا ئەو خەلات شەکروکەك بیت، یان، ماچەك بیت، یان ل هەمبێزگرتن بیت و دوو ئاخفتنێن خوەش بن. ب ڤی ئاوایی زارۆك دێ دلخوەش بیت و دێ زانیت کو کردارەکا باش کریەو، دێ بزاڤێ کەت کو جارەکا دی خوەشتر ڤی کاری بکەت و ل دووماهییێ دێ بیتە نەریتەك ل جەم وی. هەروەسا ژبۆ وان زارۆکێن شەڤان بخوەڤە دمیزن، ئەگەر شەڤەکێ بخۆڤە نەمیزت و مە خەلات کر بۆ هەر شەڤەکێ کو بخوڤە نەمیزیت خەلاتەك وەرگرت، ئەڤە ئەو زارۆك دێ بزاڤێ کەت کو چ شەڤێن دی بخوەڤە نەمیزیت دا خەلاتەکا دی بدەست ڤە بینیت و ئاخفتنێن خوەشتر گوه لێ بن. ئەڤە ژی ڕۆژ بۆ ڕۆژێ دێ موکم تر بیت و ئێدی ئەو زارۆك بخۆ

## جۆرێن خەلاتان

1ـ خەلاتێن جڤاکی:

ئەڤی جۆرە خەلاتی ڕەنگەڤەدانەکا مەزن یا ل سەر موکمبوونان و ڕاهاتنێ ل جەم زارۆك و مەزنان ژی هەیە ، خەلاتێن جڤاکی ژی گرنژینەکە، ماچەکە، ل هەمبێز گرتنە، ئاخفتنێن خوەش و تشتێن ولۆنە. ئان ژی دایك و باب ب ئاواییەکا ولۆ خوە نیشا زارۆکی بدەن کو ئەم ل تە دڕازینە.

ئەڤێن مەگۆتی سۆزو خۆشڤینا دایبابان بۆ زارۆکی دگەهینیت و دبێژنێ ئەڤ کارێن تەکری بێ باشە و دێ دلێ زارۆکی پێ خوەش بیت و خەباتێ کەت کو ڤان کاران دووبارە بکەتەڤە و ل دویماهییێ دێ بیتە ڕەوشتا وی و ئەڤە مە زارۆکەکێ ب مفا پەروەردەکر.

هنـــدەك ژ بابـــان پویتـــەی ب ڤـــان تشتان نادن، یان ئەو دەلیڤە نینە کـو ب دوی زارۆکێن خوە ڤـە بـچن و دوو پەیڤێن خوەش بۆ بێژن ، ئـەوژی یـان ژبەر مژوولبوونا وانە ب کارێن خوەڤە و دەلیڤە ناهێنە پێش، یـان ژبـەر وی بۆچوونا چەفتە کـو ژ وی وەرە دڤێـت زارۆك ب خـــوە کـــردارێن نەراســـت نەکەت و کـردارێن راسـت پێـدڤی ب خەلاتان نینە.

مە پێخوەشە نموونەکا دی ژی بینین:

کــــچکەکا بــــچویك پێخوشــــە هـــەڤکارییا دەیکـــا خـــوە بکـــەت ، مـــەزەلێ رادەت و نڤینکـــا دانیـــت و هەلگریت و کارێ ناڤ مـالێ بکـەت ، لێ دەیکـا وێ پویتـەی ب کـارێن وێ نادت و چ ئاخفتنێن خوەش بۆ نابێژیت و خەلاتی نادتێ، ژبەر هنـدێ دبیـنین ئەو حەز ل جـەم کـچکێ نامینیـت و جارەکا دی ب سستی وی کاری دکەت و ل دووماهیێ دێ هێلیت و ناکـەت، لێ ئەگـەر ئـەڤ دایکـە دوو پـەیڤێن خـــوەش بـــۆ کـــچکێ بێـــژیت یـــان شەکرۆکەکێ بدەتێ وەکی خەلاتـەکی، ئەڤە کچك دا رۆژا باشتر گەرمتر بیت و ب ئاوایێیەکێ باشتر هەڤکارییا دایکا خوە کەت دا فێرە کارکرنێ و هەڤکاری کرنێ ببیت.

مەرەما مە ل ڤان خەلاتان ئەوە داکو زارۆك ل کردارێن باش رابێن و فێـربن، ئەڤ خەلاتە ژی بۆ پاشـەرۆژێن زارۆکـان پڕ گرنگە ، ژبەر کو ئەڤ زارۆکە هـەر ژ بچویکی ڤە فێـر ببنـە کـارێن بـاش و پەسـندو ل دووماهیـێ ژی ئـەو کـارو کردار دێ دگەل مەزن بن.

## 2ـ خەلاتا ماددی:

ئامار وەسا خویا دکەن کـو خـەلاتێن جڤاکی ل سەری هـەمی خەلاتانـە ژبـۆ موکمکرنا کـردارێن بـاش، لێ خـەلاتا ماددی ب هـژمار دوویـێ دهێـت. لێ بـەلێ هنـدەك زارۆك هەنـە خـەلاتێن ماددی پێخوەش ترن.

خـەلاتێن مـاددی ژی شـەکرۆکەکە، وەویکەکە، یـان پارەنـە. یـان پـشکدار کـەی ل چـێکرنا کێکـەکێ یـان هـەر تـــشتەکی زارۆك حـــەز ژێ بکـــەت، هەروەسا تو دەلیڤـێ بـدیێ کـو ل بـەر تەلەفزیۆنی روونیت، یـان بـاب یارییـا دگەل بکەت ئەو یارییا زارۆك حـەز ژێ

دكەت . یان دەی باب وان دگەل خوە ببەن سەیرانێ، سینەمایێ، شانۆیێ ...هتد.

## چەند تێبینیێن پێدڤی

1ـ دڤێن خەلات دەست بجێ بهێتە دان و پاش نەكەڤیت دا زارۆك پێ بحەسیێت كو ئەڤ خەلاتە ژبەر ڤێ كردارێ بوو و جارەكا دی كردارێن باشتر بكەت.

2ـ دڤێت دایباب خەلاتێ نەدەنە وی زارۆكی یێ مەرجێ بۆ كردارێن خوە داتینن، یان بێژیت ئەگەر خەلاتەكی نەدن ئەز ڤێ كردارێ ناكم. دڤێت خەلات پشتی كردارێن پێدڤی بن نەبەری كرداری.

3ـ دڤێت كردارێن خراب و ناپەسند ب چ ئاوایییان نەهێنە خەلاتكرن ، چونكی خەلاتكرن ل سەر كردارێن ناپەسند دێ زارۆكی هان دەت كو وێ كردارێ دووبارە بكەتەڤە.

**نموونەیەك ژبۆ ڤێ پرسێ :**

ئەگەر دایكێ ڤیا كچكا وێ بچیت بنڤیت و، كچكێ نەڤیا بنڤیت بهەجەتا هندێ كو خەوا وێ ناهێت و كچكێ دەست ب گریێ كر دایك ژی هێند ئەوێ ژی بهەجەتا هندێ كو نكاریت گوهـ ل گریا كچكێ ببیت، ل ڤردا كچك دێ ب خوە حەسییێت كو دكاریت كاریگەریا خوە هەبیت ل سەر دایكێ و هەر تشتەكی بڤێت دێ ب ڤێ گریێ بۆ هێتە بجهئینان.

**نموونەكا دی:**

ئەگەر دایك و باب گوهـ نەدەنە دەما نڤستنا زارۆكی و دەلیڤە دانێ هەتا درەنگی شەڤێ ل پێش تەلەفزیۆنی روونت، یان گەلەك داخازیێن وی بۆ بجهـ ئینان، ئەڤە دێ بیتە خەلاتەكا ناراستەوخۆ ژلایێ دایبابان ڤەبۆ زارۆكی ل سەر كردارێن ناپەسند و ل دووماهیێ ئەگەر هەمی داخازیێن زارۆكی بجهـ نە ئینان، زارۆك دێ دگەل گران بیت و دێ بیتە ئەگەرا ململانێ دنێڤبەرا زارۆكی و دایباباندا.

3ـ سزادان ل سەر كردارێن ناپەسند ، سزادانەكا سڤك و توند نەبیت ، چونكی هەر پرۆسەكا پەروەردەیی ب ئاوایییەكێ رێكوپێك ل سەر بنەما خەلات و سزایێ نەبت دئەنجامدا زارۆك چاخێ مەزن دبیت دێ رێكەكا چەفت گرتەبەر. سزادان ژی دڤێت سڤك بیت و ئەزیەتێ

نەگـەهینتیێ ژبـۆ کـو ئـەو سـزا ژبـۆ تەمبی کرنێیەو داکو جارەکـا دی وی کــرداری نــەکت، نــەبۆ ئەزیەتێیــەو گەهانـــــــدنا زەرەرا جەســـــــتەیی و دەروونییـــــە، هـــەروەکی هنـــدەك ژ دایبابان دکەن.

ب پێــچەڤانا مـــە گــۆتی دبیـــنین هندەك دایباب ژبەر سۆزو خۆشـتڤیێن وان بۆ زارۆکان ب تایبــەتی ئەگــەر ب تنێ بوو و چ خویشك و بـرا ل مـالێ نەبوون ، ئەوە دایباب زارۆکێ خوە ب ئەگەرا کردارێن خـراب سـزا نـادەن ، ژبـــەر هنـــدێ ئـــەو زارۆك دێ ڕووی بەڕووی ململانـەکا دەروونـی هێـت و چاخێ مەوزن بـوو دێ ل سـەر ڕێکـی چیت و ڕێکەکا خراب و نەپەسند گرتە بەر.

سزادان ژی چەند جـۆرێن خـوەیێن هەین ، ژ وانە:

1- ئاگەهـــدارکرن ژ پاشـــەڕۆژێن کردارێن خراب.

2- سەرزەنــــــشت کـــــرن و ئاگەهدارکرنەڤە.

3- نــەهێلان ژمــالێ دەرکــەتن بــۆ دەمەکێ دیارکری.

4ـ لێدان: هەکە چ ڕێك نـەما دڤێـت ئەڤ سزا بێتە بکارئینان، ئـەوژی دڤێـت بێ سڤك بیت.

دڤێت زارۆك چ جـاران ب ئاواییــەکێ تونـد نەهێتــە ســزادان وەکــی ســڤکی پێکــرن یــان ب تونـدی بهێتــە لێـدان چـــونکی ئـــەو ســـزا دێ کارڤەدانـــەکا نێگەتیڤانە ل جەم زارۆکی ل پاشـەڕۆژێ دروست کەت و دێ جۆرە دژمنداریەك ل نك دروست بیت دهەمبەری مالباتا وی و دێ ڕشت تر بیت ل سەر کردەوێن خوە یێن نێگەتیڤ ئەو کردەوێن کـو ل سـەر هاتیــە ســزادان ب وێ ئــاوایی و دێ ل هەمبەر دایبابێن خـوە راوەسـتیت و ل دووماهییێ ژی دێ بیتە ئارێشە دناڤبەرا وان دا، ب ئەگەرا وان سزایێن چـەفت و نە ل جهێ خوە.

■

# مەشق د بەرسینگرتن و بەرهەنگارییێن ئایندەیی د کارگێڕییێن پەروەردەییدا

بەرهەڤکرنا: عبدالعزیز الدبیان

و: پەروەردەو فێرکردن

**تێگەها مەشقێ و دەرگەهێ سیستەمی:**

هیچ ناکۆکییەك نەمایە ل گۆر هندێ، کو مەشق یەکە ژ پێدڤیێن وەرارا بنەجهکرنا ئەرکێن کارگێڕییا پەروەردەیی و ڕابەرایەتییا دروست. هەروەسا دانانا پلان و پرۆگرامێن مەشقێ و ڕێکێن وێ، گرەنتییێ ددەتە پێشخستنا سیستەم و مەشقێ دبیاڤا پەروەردێ و ب دەستڤەئینانا بەرهەمێن وێ . وژبۆ دەستەبەرکرنا ئالیەتا دسپلینا سەربخۆ بۆ قۆناغێن کارێ سیستەمێ پێکدهێت ژ زڤڕین بۆ

زانیاریێن بەرێ ب پشت بەستن ب هەلسەنگاندنا بەردەوام وەکو بنچینەیەکی بۆ بنەجهکرنا ڤەژێن دەستنیشانکری ، ب ئارمانجا پێشدەبرنا سیستەما بەرهەڤکرن و مەشقدان و ب سەردائینانا گوهوڕینێن بەرچاڤ د ڕابەڕایەتییا پەروەردەیی ب تێگەهشتنا ئەرك و بنچینەو پێدڤیێن مەشقێ ل هەمبەری مەشق و پیشەیێن دی یێن سازیێ بێی کو ئەوێن ب وان کارا رادبن ل کارگێڕی و کریارو شەهرەزاییێن وێ هاتبنە مەشقدان .

## گرنگی و پێدڤیا مەشقێ د چارچۆڤا خزمەتکرنێ دا

ژبەرکو ئارمانجێن هاتبوونە دەستنیشانکرن ب ئاوایێ گەشەدانا تاکی بوون نەك گەشەدانا پەیوەندییا وی ب پیشەی ڤە. نها مەشق بۆ کریارا فێربوونا تاکی دهێتە ئاراستەکرن ژ سەخمەراتی گەشەدانا زانیاری و شەهرەزایی و ڕەوشتێ پێدڤی بۆ سەرکەفتنا ڕۆلێ وی یێ پیشەیی کو پەیوەندییەکا راستەوخۆ هەیە دگەل ناڤەرۆکا ڕۆلێ پیشەیی ل ئەرك و پێدڤی و داخوازیێن دەستنیشانکری، کو بۆ ب سەردائینانا گوهوڕینێن پۆزەتیڤانە کاردکەت و د دام و دەزگەهێن پەروەردەیی دا بەردەوام دبیت ، هەروەسا تژی کرنا ڤالاهییا دناڤبەرا تیۆرو پراکتیکێ و تەکنیکێن نوی و دەستەبەرکرنا پێشکەفتنێ دکریارا فێرکرنێ دا کو دگەهشتنا ئارمانجان دا هاریکارییا کێم کرنا دەم و ماندیبوونێ دکەت.

## بنچینەیێن مەشقا پەروەردەیی

مەشقا پەروەردەیی دچارچۆڤا کاری دا گەلەك ئەرك و ئامرازان ب خۆڤە دگریت، کو هاریکاریا مامۆستاو ئەوێن پەیوەندار ب کریارا فێرکرنێ ڤە دکەت بۆ گەشەدانا گشتگیر ل هەمی ئالییێن کەسینی و پیشەیی دا ، و ژبۆ بنەجهکرنا ڤێ چەندێ دڤێت ل سەر ئەڤان شەنگەستان بهێتە ئەنجامدان:

1- بنچینەیا زانستی
2- بەردەوامی
3- گشتگیری
4- واقعی
5- هاندان
6- نەرمی

ڕۆلا مەشقێ دبەرهەڤكرنا ڕابەرێن پەروەردەیی ئەوە داكو بكارن ئارمانجێن سازیا پەروەردەیی ب دەستڤە بینن.

شیاندنا رابەرێن پەروەردەیی ب شەهرەزاییێن پێدڤی ژبۆ ڕێڤەبرنا سازیا پەروەردەیی.

## بنچینەیێن هەلبژارتنا پێشەوایێن پەروەردەیی:

1- خەسلەت و تایبەتمەندییێن كەسایەتیا ڕابەری.

2ـ خەسلەت و تایبەتمەندییێن خوەدی یێن كەسایەتیا سەرۆكڤانی.

3ـ سروشت و تایبەتمەندیا ئەوی كاری كو رابەر پێ رادبیت.

4- ڕەوشا جڤاكی و رامیاری و ئابووری و دژینگەها ناڤخۆیی دا.

## مەشقدانا پێشەوایێن پەروەردەیی

**پێشەوایێن پەروەردەیی بۆ ڤان ئارمانجان دهێنە مەشقدان:**

1ـ بلندكرنا ئاستی بنەجهكرنا تاكی.

2ـ زێدەكرنا شیانا تاكی ل سەر هزرا ئافراندنێ.

3ـ گەشەدانا ئاراستەیێن ئاشتیخوازی ل سەر هەلسەنگاندنا وی بۆ بهایێ كاری.

## ئەركێ مەشقێ ژی د چارچۆڤا خزمەتا پێشەوایێن پەروەردەیی دا دهێتە بكارئینان بۆ:

1ـ چارەسەركرنا كێم و كاسیان دبنە جهكرنا پیشەیێن كارگێڕی.

2ـ گەشەدانا بەردەوام بۆ ڕابەرێن پەروەردەیی ژ لایێ هزری و پیشەیی ڤە.

مەرەم ژمەشقێ شیاندنا رابەرێ پەروەردەییە ب شەهرەزاییێن پێدڤی بۆ ڕێڤەبرنا دام و دەزگەهێن پەروەردەیی و گرنگترین ڤان شەهرەزاییان ژی ئەڤەنە:ـ

1ـ شەهرەزاییێن هونەری.

2ـ شەهرەزاییێن مرۆڤانتی.

3ـ شەهرەزاییێن پێشبینی كرنێ.

4ـ شەهرەزاییێن ڕابەرایەتیێ.

## گەشەدانا پیشەیی و ئەكادیمی بۆ سازییێن مەشقدانێ

وەرارا زانستی و تەكنیكیا ب لەز هندەك بەرپرسیارییێن نوی ئێخستنە سەر ڕۆلا ئەوێن ب كارێ مەشقا پەروەردەیی ڕادبن، كو هەمی تشتێن نوی دڤێ بیاڤێ دا بۆ وان ددەتە خویاكرن ژ ڕێك و تەكنیك و پرۆگرام و هەروەسا گەشەدانا وان ژ وارێ پیشەیی

و ئەکادیمی بۆ بنەجهکرنا ئارمانجا دام و دەزگەهێن پەروەردەیی د چارچوڤا هەڤبەندیێن مرۆڤانتی کو دبیتە سەدەما ڕەزامەندی و تژیکرنا پێدڤیێن کرێکاران و بنەجهکرنا هەڤکاریێ د ناڤبەرا وان دا بۆ ب دەستڤەئینانا ئارمانجا پەروەردەیی دگەل ل بەرچاڤگرتنا بنەماییێن وەرارو گەشەدان و پێشکەفتن و بەرهەنگاریبوونا ئاستەنگان و دەربازبوون ژ شکەستان.

**ڕکابەرییێن کو بەرهەنگاری کارگێڕیا پەروەردەیی دبن و رۆلا مەشقێ د ڤان ڕکابەرییان دا ئەڤەیە :**

1- شیانا وی ل سەر بکارئینانا رێکێن مەشقا نوی کو پتر کاریگەری هەبیت بۆ بنەجهکرنا ئارمانجا مەشقێ ب رێکێن کریاری کو بهێتە پراکتیک کرن.

2ـ روودانا ڤەگوهاستنێن هەمەجۆر د مەیدانا کاری دا کو شوینوارێن ئەنجاما پرۆگرام و خولێن پەروەردەیی ببنیت و کارکرن ب ڕاسپاردێن کریاری کو ئیماژێ بکەتە ژدەست نەدانا پەروەردەیی دمەشقێدا.

3ـ ب کارئینانا تەکنیکێن نوی د مەیدانێن پەروەردەیی دا بۆ گوهڕینا ئاراستەو ساناهیکرن و بنەجهکرن و دانانا پلانێن گشتگیر ب هەمی ئالییێن هونەری و کارگێڕی ڤە.

4ـ بەرهەنگاریا ئاستەنگێن مەشقا پەروەردەیی چ ئاسانکارییێن ماددی بیت یان کادرێن مرۆڤی.

**هەموو تشتێن نوی دبیاڤێ مەشقا مەشقا پەروەردەییدا بەرپرسیارییێن نوی تێخنە سەر رۆلێ مەشقکار و راهێنەرێن خولێن پەروەردەیی**

## گەشەدانا داهاتێن دراڤی د مەشقا پەروەردەیی دا

د ڤی واری دا گێنگەشە ل سەرڤان رەگەزان دهێتەكرن:

1ـ پشكدارییا كەرتا تایبەت.

2ـ رسوومێن مەشقی .

3- هەڤبەندی د ناڤبەرا فاكتەرو رسوومێن مەشقێ دا.

ئەوژی ب ڤان هۆكاران:

ـ كاركرن ل سەر یاسایان دەربارەی مەشقكرنا مامۆستایان دەرچووین وەكو (یاسایا مەشقا فەرمانبەرێن دەولەتێ، راسپاردا دراڤی بۆ مەشقا پەروەردەیی) و ئەو گوهرینێن هەتا نهۆ ل سەر هاتینەكرن.

- پێدڤیا هەڤبەندیكرنێ ب قۆناغا نهۆ و هەلسەنگاندنا ئەڤی واقعی دگەل ئاستا كاریگەریا وی ب قۆناغا بەرێ ڤە كو ل سێ چاخێن بۆری پێكدهێت، هەروەسا هەتا چەندێ بۆ بەردەوام بوون و كارپێكرنێ بۆ قۆناغا داهاتی دگونجێت.

ـ تێهەل نەهاتنا بودجا مەشقێ.

- پێشكەفتنا كەرتا تایبەت و كاریگەریا وێ ل سەر زێدەبوونا هشیاریا هەڤبەندیدار ب پەروەردەو فێركرنێ ڤە.

- پێشكەفتن د وارێ هەلسەنگاندنا پەروەردەیی دا بەرەف هەلسەنگاندنا ئارمانجێن فێركرنێ بچیت .

■

# ئەرك و مافەكانی مامۆستا

## ( نموونەی بەریتانیا )

ن: كنیت ئایرلاند

و: موكەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

### ئەركەكانی وانەگوتنەوە

### یەكەم : خاوەن كار

لە بەریتانیا قوتابخانە نییە سەر بە دەوڵەت بێت، بەڵكو سستەمێكی فێركردنی یاسایی هەیە وەزیری دەوڵەت بۆ فێركردن و زانستەكان سەرۆكایەتی دەكات. دەوڵەت قوتابخانەی تایبەت بە خۆی نییە، بەڵام ئەوانەی قوتابخانەیان هەیە دەستەڵاتەكانی فێركردنی خۆجێیەتی و تاكە كەسان و كۆمپانیا تایبەتەكان یان ئەنجوومەنی ئەمیندارەكانن. بۆیە ئەوانەی مامۆستایان دادەمەزرێنن بەپێی جۆرو خاوەنی قوتابخانەكان دەگۆڕێن . لێرەدا خاڵێكی ئاڵۆز هەیە ئەویش ئەوەیە كە سێ جۆرە قوتابخانەی تایبەت هەن كە سستەمی فێركردن بە

خۆوە دەگرن و هەر یەکەیان تا ڕادەیەکی کەم بە شێوازێکی جودا کاردەکات. قوتابخانە هەن بە تەواوەتی سەر بە دەستەڵاتەکانی فێرکردنی حۆجێیەتین، بەڵام بەڕێوەبەری دامەزرێنەر لە دەستەی چاودێرییەکانیاندا ئەندامن و کاربەدەستانی فێرکردنی خۆجێیەتی مامۆستایان دادەمەزرێنن بەمەرجێك ڕەچاوی ئەو تێبینییانە دەکەن کە بەڕێوەبەرەکان دەریان دەبڕن. بەو شێوەیە مامۆستایان دەبنە فەرمانبەر لای دەستەڵاتدارانی فێرکردنی ناوچەیی.

ئەو قوتابخانە تایبەتانەی کە یارمەتی وەردەگرن و سەر بە بەڕێوەبەرانی دامەزرێنەرن بەڵام نوێنەرانیان تێدایە لەڕێگەی لیژنەی فێرکردنی خۆجێیەتییەوە دادەمەزرێنرێن و دەکەونە بەر کاریگەری ئەو ڕێنوێینانەوە کە دەستەڵاتدارانی خۆجێیەتی یان وەزارەتی فێرکردن و زانستەکان دەریان دەکەن، بەمەیش مامۆستایانی ئەو قوتابخانانە لای بەڕێوەبەرەکان دەبنە فەرمانبەر نەك لای دەستەڵاتدارانی فێرکردنی خۆجێیەتی.

هەرچی ئەو قوتابخانانەیە کە بە پێی ڕێککەوتنی تایبەت دادەمەزرێن سەر بە بەڕێوەبەرانی دامەزرێنەرن لەگەڵ ئەو نوێنەرانەی کە دەستەڵاتدارانی فێرکردنی خۆجێیەتی دایاندەمەزرێنن. لەم حاڵەتەشدا کاربەدەستانی فێرکردنی خۆجێیەتی مامۆستاکان دادەمەزرێنن بەڵام ڕەچاوی ئەو تێبینییانە دەکرێت کە بەڕێوەبەرەکان دەریان دەبڕن. بەم شێوەیە مامۆستایانی ئەم قوتابخانانە لای دەستەڵاتدارانی خۆجێیەتی دەبنە فەررمانبەر.

لە کەرتی سەربەخۆی فێرکردن خاوەند قوتابخانەکان یان سەرپەرشتتیاران دەبنە خاوەن کارو ئەوان مووچەکان بەرز دەکەنەوە، هەر ئەوانیش مەرجی تایبەت بە گرێبەستی بەکارهێنانی فەرمانبەران دادەنێن. لەگەڵ ئەوەیشدا خاوەند قوتابخانەکان یان ئەنجوومەنی ئەمینداران لە کەرتی سەربەخۆ دەکەونە ژێر ڕکێفی چەند کۆت و بەندی دیاریکراو بەوانەی کە دایاندەمەزرێنن. هەندێك جار

وەزارەتی کاروباری خۆجێیەتی ناشایستەیی مامۆستا بۆ فەرمانبەری لە هەر قوتابخانەیەك ڕادەگەیەنێت بۆیە هیچ قوتابخانەیەك ناتوانێت ئەو کەسە بە هیچ شێوەیەك بەکاربهێنێت. هەروەها ئەوەیش ڕادەگەیەنرێت کە نابێت ئەو کەسە بە هیچ شێوەیەك ببێتە خاوەن قوتابخانە.

## دووەم: گرێبەست

دامەزراندنی مامۆستا لە هەر جۆرە قوتابخانەیەك مەرجەکانی گرێبەست دەیگرێتەوە. کە ئەویش پشت بە قانوون یان یاساڕێژییەکان یان گەڵاڵەنامەکان دەبەستێت کە لە سایەی ئەم قانوونانەدا دادەڕێژرێن و، پێویستە هەموو خاوەن قوتابخانەکان پابەندیان بن کە دەبێت ماوە نا ماوەیەك بە چاودێری دەستەڵاتی وەزارەتی دەرەوە ڕێنمایی دەربکەن.

## مامۆستا دەست بەسەرەکان

لە هەندێك لە قوتابخانە ئینگلیزییەکاندا دەبینین هەندێك لە ئەندامانی دەستەی فێرکردن دادەمەزرێنرێن لەسەر ئەو بنەمایەی گوایە مامۆستای یەدەکن. ئەو مامۆستایانەیش بە پێی شیاوو گونجاوییان بۆ فێرکردنی بابەتەکانی خوێندن بەتایبەتی خوێندنی ئایینی بە پێی ڕێنوێنییەکانی قوتابخانەکە هەڵدەبژێررێن. ژمارەی ئەم جۆرە مامۆستایانە لە قوتابخانە چاودێریکراو یان قوتابخانە یارمەتیدراوەکاندا نزیکەی پێنج یەکی سەرجەم کۆی دەستەی فێرکردنە لەو قوتابخانەدا بەخودی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەشەوە. هەرچی قوتابخانەکانی ڕێککەوتنی تایبەتە ئەوە ڕێژەی مامۆستایانی یەدەك بەردەوام لە ڕێککەوتننامەکەدا دەستنیشان دەکرێت زۆرتریش لەو هەرێمە دەبێت کە لە سێ گەڕەك پێك دێت کە مەرجەکانی گرێبەست لێك جیاواز دەبن.

تایبەتمەندییەتی گرێبەستی تایبەت کەمێك جیاوازی لەگەڵ گرێبەستەکانی مامۆستایانی دیکەدا هەیە. ڕەنگە بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکانی سەر بە دەستەڵاتی خۆجێیەتی بتوانن مامۆستا لە وانەگوتنەوە ڕابگرن، بەڵام تەنیا دەتوانن پێشنیاز بکەن کە پێویستیان بەو نییەو، دەبێت دەستەڵاتی خۆجێیەتی ئەو ڕاسپاردە پەسەند

بکات. لەگەڵ ئەوەیشدا بەڕێوەبەرانی قوتابخانە خۆبەختکارەکان ئەوانەی لە گونجاوی یان لێهاتوویی مامۆستای یەدەك نارازین دەتوانن پێشنیاز بکەن کە ئەوان پێویستیان بەو مامۆستایانە نییەو پێویستە دەستەڵاتی خۆجێیەتی ئەو بڕیارە پەسەند بکات. ڕەنگیشە بە تەواوەتی دەست لەو مامۆستایە هەڵنەگیرێت چونکە ڕەنگە دەستەڵات لە قوتابخانەیەکی دیکە وەك مامۆستایەکی نایەدەکانە کارێکی بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام بەوەیشەوە پابەند نییە ئەو کارە بکات.

**لە بەریتانیا قوتابخانە نییە سەر بە دەوڵەت بێت، بەڵکو ستەمێکی فێرکردنی یاسایی هەیە وەزیری دەوڵەت بۆ فێرکردن و زانستەکان سەرۆکایەتی دەکات**

## شێوازەکانی دامەزراندن

شێوازەکانی دامەزراندن بۆ هەموو قوتابخانەکانی سەر بە دەستەڵاتدارانی فێرکردنی خۆجێیەتی بەر چەند مەرجێکی حکوومەت دەکەون (یان مەرجەکانی پێشتری بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە سەرەتاییەکان). هەروەها هەر ڕێنماییەك لەو گەڵاڵەنامانەدا تۆمار کرابن کە کاری مامۆستایان یان بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان ڕێك دەخەن هێزی یاسایان هەیە، ئەویش ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی یاسای فێرکردنی ساڵی 1944 یان هەر یاسایەکی دواتری فێرکردن داڕێژرابێت.

ئەو گەڵاڵەنامانەی کە دەستەڵاتدارانی خۆجێیەتی یان وەزارەتی فێرکردن و زانستەکان دەریان دەکەن بەگشتی هێزی یاسایان هەیەو، بە بەشێك لە یاسا داڕێژراوەکانی بەریتانیا دادەنرێن. ڕەنگە گەڵاڵەنامەکان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە زۆر لێکەوە جیاواز بن بەڵام هەر بە یاسایی خۆیان دەمێننەوە. ئەو مامۆستایەی سەرپێچی یەکێك لەم گەڵاڵەنامانە بکات بە سەرپێچکاری یاسای دەوڵەت لەقەڵەم دەدرێت، ئاکامیش سەرپێچی

مەرجەکانی گرێبەست دادەنرێت و ڕەنگە لەسەر کارەکەی قاو بدرێت.

## جۆری دامەزراندن

دامەزراندن لە بواری وانەگوتنەوەدا یەکێك لەم شێوانە دەبێت. ڕەنگە مامۆستاکە لە قوتابخانەیەکی دیاریکراودا دامەزرێنرێت. ئەگەر کارەکە بەو جۆرە بوو ئەوە پێشبینی ناکرێت بەبێ هیچ هۆیەکی لۆژیکی بۆ قوتابخانەیەکی دیکەی ناوچەکە بگوێزرێتەوە، ئەگەر ئەو گواستنەوەیە پێویست بوو، ئەوە پێویست دەکات دەستەڵاتی فێرکردنی خۆجێیەتی لەبری گواستنەوەو هاتوچۆ پارەی دیکە بە مامۆستاکە بدات.

ڕەنگە مامۆستا لە خزمەتی دەستەڵاتی فێرکردنی خۆجێیەتی بەگشتی دامەزرێت، تەنانەت ئەگەر بۆ پایەیەکی دیاریکراو بێت لە قوتابخانەیەکی دیاریکراودا. لەم بارەشدا دەشێت لە هەر کاتێکدا بوویێت داوا لە مامۆستاکە بکرێت بۆ قوتابخانەیەکی دیکە بگوێزرێتەوە، ناشتوانێت ئەو گواستنەوەیە ڕەت بکاتەوە.

سێیەمین شێوەیش ئەوەیە مامۆستا لە گرووپی سەربەخۆ دامەزرێنرێت کە سەر بە دەستەڵاتی فێرکردنی خۆجێیەتی نییە، بە شێوەیەك دەبێتە مامۆستایەکی گەڕۆك، وەك چۆن داوای لێدەکرێت لە قوتابخانەیەکەوە بچێتە قوتابخانەیەکی دیکە. شتێکی ئاساییە ئەم جۆرە مامۆستایانە بڕە پارەیەك لەبری ئەو گواستنەوەیە وەربگرن، زۆر جاریش لەو ئاستە پێویستەدا دەبێت (کە زۆر جار لەو ئاستە کەمترە کە بەو مامۆستایە دەبەخشرێت کە کارەکەی ڕێك نەبێت ئەویش بە هۆی قەرەبووکردنەوەی بە بڕە پارەیەك لەبری سەفەرکردن) هەرچی ئەو مامۆستایانەیە کە تێستن ئەوە پێشبینی ناکرێت لە گرووپێکی سەربەخۆدا دامەزرێنرێن لەبارودۆخێکی زۆر تایبەتدا نەبێت.

## چوونە پێش بۆ دامەزراندن

شتێکی ئاساییە ئەوەی دەیەوێت دامەزرێت داواکارییەك پڕ بکاتەوە بەرلەوەی چاویان پێ بکەوێت، ئەگەرچی هەندێك لە خاوەن کارەکان داوادەکەن داواکارییەك بۆ دامەزراندن پێشکەش

بکرێت، هەندێك جاریش پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە داواکارییەکە بەدەستخەت نوسرابێت، پێویستە داواکاری دامەزراندن بە مەرەکەب یان بە پێنووسی ڕەشی ئاسایی نووسرابێت، ئەگەر ڕێ بە بەکارهێنانی تیپڕایتەر نەدرابێت یان نەبووبێت. ئەگەر خاوەن کارەکە پێ لەسەر بەکارهێنانی مەرەکەبی ڕەش دابگرێت، ئەوە نووسینی داواکاری دامەزراندن بەهەر ڕەنگێکی دیکە نادروست دەبێت ئەویش لەبەر ئەوەی مەرەکەب و پێنووسی ڕەشی ئاسایی و تیپڕایتەر لەکاتی کۆپی کردندا زۆر جوان دەردەکەون.

پێویستە زانیارییەکانی داواکارییەکە دروست بن. ئەگەر هەر جۆرە ساختەکارییەك هەبێت، ئەوە یەکسەر دوای دۆزینەوەی ساختەکارییەکە مامۆستاکە قاو دەدرێت. (پرسەکەی واتس دژ بە ئەنجوومەنی شاری لەندەن ساڵی 1932 ئەمە دووپات دەکاتەوە).

هیچ دەستەڵاتێکی فێرکردنی خۆجێیەتی گوێ بەوە نادەن ئەگەر داواکار بڵێت بۆ ماوەی دوو ساڵ فەرماندەی لاوان بووە بە پێی سستەمی کاتی کە لە بنەڕەتدا خۆی یەك ساڵ و دە مانگە، تەنانەت ئەگەر دەستەڵات بایەخ بەدۆزینەوەی بەرواره دروستەکان بدات ئەویش بە هۆی سەردانلا خاوەن کاری پێشوو، کە ئەمەیش هیچ کات ڕوو نادات. هەرچی ئەو مامۆستایەیە کە دەڵێت بڕوانامەیەکی دیکەی ئەکادیمی بەدەست هێناوەن یان لە پەرتووکخانەی قوتابخانەکەدا کاری کردووە یان بەرپرسی پەرتووکخانەکە بووە، لەکاتێکدا تەنیا لە پەرتووکخانەکە بۆ ماوەی هەفتەیەك بەشداری لە سەرپەرشتی کردنی پۆلەکە کردووە، ئەوە ئەم ئاستەی ساختەکارییە دەبێتە هۆی ئەوەی سزایەکی سووك بدرێت. شتی پێچەوانەی ساکاری لەم چەشنە کە ڕەنگە بەهۆی هەڵەیەکی پێنووس یان بیرچوونەوە، یان بەهۆی بەرواری بێ بایەخەوە بێت کە لە بەرواره دروستەکانەوە نزیکن، ئەگەری ئەوەیان لێ ناکرێت هیچ کێشەیەك دروست بکەن. بەڵام هەوڵی بەئەنقەستی ساختەکاری بە ئاسانی ئەو ئاکامەی لێ دەکەوێتەوە.

داواکاری دامەزراندن کە چاپکراو بێت هوشیاری لەمەڕ هەر هەوڵێکی واسیتەکاری دەکات بۆ ئەوەی یەکێك بۆ پلەیەکی فەرمانبەری دامەزرێنرێت ئەمەیش وا دەکات ئەو داواکارە شایەنی ئەو پلەیە نەبێت ئەگەر هات و پێی زانرا. ڕەنگە ئەو واسیتەکارییە ئەوە لەخۆ بگرێت کە ئەوەی داوای دامەزراندن دەکات داوای لە یەکێك لە ئەندامانی دامەزراندن یان یەکێك لەوانەی خزمی ئەم ئەندامە بن بکات یارمەتی داواکار بدەن بۆ ئەوەی لەو پایەیە دامەزرێنرێت. بەڵام ئەو کۆشش و هەوڵە خۆبەختکارییەی لە جیاتی کەسێك پێشکەش دەکرێت بە واسیتە ناژمێررێت، بەڵام ڕەنگە بە گومانەوە تەماشا بکرێت، ڕەنگە شتێکی کوت و پڕیش بێت داواکارەکە بگاتە قۆناغی چاوپێکەوتن.

بەرانبەر بەوەیش داوا لەو کەسانە دەکرێت کە دەیانەوێت دامەزرێن ئەوە ڕوون بکەنەوە ئایە پێوەندییان بە یەکێك لەو نوێنەرانەوە هەیە لە دەستەڵاتی فێرکردنی خۆجێیەتی هەڵبژێرراون یان نا. ئەویش بۆ ئەوەی خۆ لە هەبوونی ئەو جۆرە پێوەندییە لەگەڵ ئەو دەستەیەدا دوورەپەرێز بگیرێت کە چاوپێکەوتن ساز دەدات یان لیژنەی هەڵبژاردن و دەستنیشان کردن، ئەمەیش لەکاتێکدا دەبێت کە ئەگەر تۆمەتی سۆزداری بەرانبەر بە خزم و کەس و کار بۆ دامەزراندن ئاراستەی ئەو کەسە کرابێت. لێرەدا لافی ئەوە لێ نادەن کە واسیتەکاری هەرگیز ڕوو نادات، بەڵام ئەگەر هات و سەلمێنرا ئەو کات داواکارەکە دانامەزرێت و کارەکەی بەر ناکەوێت.

شتێکی دژوارە حاڵەتی دامەزراندنی سیاسی بسەلمێنرێت. ڕەنگە ئەندامانێکی پارتێکی سیاسی بکۆشن یەکێك لە لایەنگرانی خۆیان دامەزرێنن. بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەویش بسەلمێنرێت، ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی ئەو دامەزراندنە بە نایاسایی بژمێررێت، ئەگەر ڕووی دابێت، ڕەنگە هیچ خەسڵەتێك یان هەلێك بۆ کەسێك لە ئارادا نەبێت داواکاری دامەزراندنی پێشکەش کردبێت و دانەمەزرابێت بچێت ئەو بابەتە بورووژێنێت.

## چاو پێکەوتنی خۆیی

شتێکی دەگمەنە چاوپێکەوتنی ئامادەکراوی پێش وەختە بسەلمێنرێت

کە تەنگ بە کێبەرکاران هەڵدەچنێت ئەوانەی بۆ دامەزراندن کێبەرکێ دەکەن و بەوە دادەنرێت کە کات بەفیڕۆدان و دارایی گشتی بەفیڕۆدانە، چونکە تێچووی ئەو چاوپێکەوتنانە لەلایەن ئەو دەستەیەوە دابین دەکرێت کە چاوپیچکەوتنەکان ساز دەدات. نموونەی دیاری ئەمەیش ئەوەیە کە لە بۆنەیەکدا پێنج ڕکابەر هەبوون دەبوو ئامادەی چاوپێکەوتن بن، کە هەموو هەنگاوە فەرمییەکانیان کۆتایی پێ هێنابوون ئەوەبوو دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی دوورو درێژی ڕاوەستان ناوی سەرکەوتووەکە ڕاگەیەنرا کە کەسێك بوو هیچ کام لەو پێنج ڕکابەرانە هەرگیز نەیان بینیبوو. ئەو لە قوتابخانەکە مامۆستا بوون لە پۆلەکەوە بانگ کرابوو، چاوپێکەوتنی لەگەڵا ساز درابوو، لەسەر کارەکە دامەزراو، دواتر گەڕایەوە وانە لە قوتابخانەکەدا بلێتەوە. بەڵام لێرەدا بەدبەختییەکە ئەوەبوو بە شێوەیەکی یاسایی داواکاری دامەزراندنی پێشکەش کردبوو.

کێشەکە لێرەدا سەری هەڵدا کە پێویستە ڕیکلام بۆ هەموو پۆستە بەتاڵەکان بکرێت، پاشان لیستێك بە ناوی کەسەکان ڕێك بخرێت، دوای ئەوەیش چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی ناو لیستەکە ساز بدرێت، بەر لەوەی بڕیار وەربگیرێت، گەلاڵەنامەکانیش پێ لەسەر ئەمە دادەگرن. لە ناوچەی دیکە کە دەستەلاتی فێرکردنی خۆجێیەتی دیکەیان هەیەو، بە ڕێنمایی جیاواز کار دەکەن، دەشێت پلەی مامۆستای شیاو بەرز بکرێتەوە بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات چاوپێکەوتنی لەگەڵ ساز بدرێت. هەندێك لە دەستەلاتدارانی فێرکردنی خۆجێیەتی چەند ڕێ و شوێنێکیان هەیە ڕێ بە مامۆستایان دەدات بچنە قوتابخانەی دیکە لەو ناوچەدا، ئەویش پاش ڕاوێژ کردن لەگەڵ بەڕێوەبەرەکاندا بۆ ئەوەی شوێنە بەتاڵەکان پڕ بکەنەوە. خاڵێکی دیکە هەیە پێوەندی بەو چاوپێکەوتنانەوە هەیە کە پێش وەخت ئامادەسازییان بۆ دەکرێت ئەویش ئەوەیە کە ئەو کەسەی بە ڕاستی لە قوتابخانەکەدا کار دەکات دەشێت لە چاوپێکەوتنەکاندا لە پاڵێوراوەکانی دیکە چالاکتر بێت. لەم حاڵەتەشدا چاوپێکەوتنەکان تەنیا پەردە نابن، چەندین مامۆستایش هەن هەڵوێستیان

بە پێچەوانەی ئەوەوەیە، چونکە دەکرێت یەکێك لە مامۆستایان لە خودی قوتابخانەکە داوا پێشکەش بکات بۆ ئەوەی لەو پۆستە دامەزرێنرێت کە ڕادەگەیەنرێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکی ئەو پۆستە ڕاپەڕێنێت، لەبری ئەوەی مامۆستایەك لە جێگەیەکی دیکەوە بۆ ئەو پۆستە دامەزرێنرێت. بە تایبەتی کە هەڵویستەکە بە پێچەوانەی هەست بە ناخۆشی کردنەوەیە لەگەڵ نەبوونی هۆکاری چاکسازی.

## دوو پاتکردنەوەی دامەزراندن

پێویستە دەستەڵاتی دامەزراندن لە لێهاتوویی ئەو مامۆستایانە دڵنیا بێت کە دامەزرێنراون بەبێ دواخستن (گەڵاڵەنامەکانی قوتابخانە 1959).

بە تایبەتی ئەمە حاڵەتەکانی یەکەمین دامەزراندن دەگرێتەوە. هەرچی حاڵەتی دووەمین یان سێیەمین دامەزراندنە ئەوە مەرج نییە خاوەن کارەکان تەماشای بەڵگەنامە پێوەندیدارەکان بکەن، ئەگەرچی ڕێیان پێدراوە ئەو کارە بکەن. گریمانەی ئەوە دەکرێت کە یەکەمین خاوەن کار تەماشای کردبن و پێیان قایل بووبێت و پێویست ناکات جارێکی دیکە تەماشای ئەو بەڵگەنامانە بکرێتەوە. ئەگەر دەستەڵاتی فێرکردنی خۆجێیەتی هەر گومانێکی هەبێت دەتوانێت زانیاری ڕەوانەی وەزارەتی فێرکردن و زانستەکان بکات بۆ ئەوەی لەوە دڵنیا بێت و، مووچەی مامۆستاکەیش نادرێت تا ڕەزامەندی وەزارەت وەرنەگیرێت.

دەشێت دەستەڵاتی فێرکردنی خۆجێیەتی کەس دانەمەزرێنێت بەپێی ڕاپۆرتێکی نۆژداری نەبێت کە تیشکی ئێکسی سینگی لەگەڵ بێت، بەڵام ئەگەر ڕاپۆرتە نۆژدارییەکە جێی پەسەند نەبوو ئەو کات دانەزراندن بەدی نایەت.

دامەزراندنەکە ئەکتیڤ و بەردەوام نابێت تا بە شێوەیەکی گونجاو لێی ئاگەدار دەکرێتەوە. بە زارەکی ئاگەدار کردنەوە هیچ پابەندبوونێکی لێ ناکەوێتەوە تەنانەت ئەگەر بە ئامادەبوونی چەند شایەتێکیش بووبێت. پێویستە ڕەزامەندییەکی نووسراو بە دامەزراندن هەبێت، پێویستە پاڵێوراوی سەرکەوتوو دانەیەك لە ڕێککەوتن یان وردەکاری ئەو نووسراوەی هەبێت کە بە هۆیەوە

دامەزرێنراوە، وێڕای دانەیەك لەو گەڵاڵەنامانەی کە ڕێککەوتنەکەی لەسەر دامەزراوە (گەڵاڵەنامەکانی قوتابخانە 1959). بۆیە شتێکی جوان نییە مامۆستا لە هیچ کارێکی دیکە دەست لەکار بکێشێتەوە تا بە نووسراوێك لە دامەزراندنە نوێیەکە دڵنیا دەبێت.

## سێیەم: گۆڕینی گەڵاڵەنامەکان

دەشێت خاوەن کارەکان گۆڕانکاری یان دەستکاری لە هەر ڕێککەوتن یان گەڵاڵەنامەیەکدا بکەن کە پێوەندی بە دامەزراندنی مامۆستایانەوە هەبێت. زۆر جار پرۆسەی دەستکاری و پێداچوونەوە مەرجەکانی خزمەت بە هاوسانی لەگەڵ ئەو مەرجانەدا کە لە ئاستی نەتەوەیی و لە ڕێگەی دەستەڵاتەکانی فێرکردنی خۆجێیەتی و دەستە پیشەییە جۆراوجۆرەکان و مەرجە نەتەوەییەکانی خانەنشینەوە لەسەریان ڕێککەوتوون. بەڵام ئەگەر مامۆستا هەر جۆرە گۆڕانێك لە مەرجەکانی ڕێککەوتنەکە دوای دامەزراندن ڕەت بکاتەوە، ئەوە دووچاری دەرکردن دەبێتەوە. ئەوەی زۆر جار لەم حاڵەتانەدا ڕوو دەدات ئەوەیە کە مامۆستاکە دەردەکرێت و دەستبەجێ داوای لێدەکرێت جارێکی دیکە بە پێی مەرجە نوێیەکان داواکاری دامەزراندن پێشکەش بکات، بەڵام ئەگەر لەسەر هەڵوێستی خۆی بەردەوام بێت ئەوە بڕیاری دەرکردنەکە دەچێتە واری جێبەجێ کردنی کۆتاییەوە.

لە بۆنەیەکدا لە سەرەتای پەنجاکان لە تۆتنگهام شایر مووچەی دوایەمین ڕۆژی ئەو مانگە نەدرا ئەوەیش وەك گەڵاڵەنامە خۆجێیەتییەکان ئاماژەی پێدەکەن. بۆیە مامۆستایەکی تووڕە بە تەلەفۆن پێوەندی بە بەڕێوەبەری فێرکردنەوە دەکات و، داوای دەست بەجێ کرێکەی خۆی دەکات. ئاماژەیش بەوە دەکات کە ئەگەر دەستبەجێ کرێکەی خۆی وەرنەگرێت ئەوە دەستەڵاتی خۆجێیەتی سەرپێچی گرێبەستەکەی کردووە، بۆیە ئەو مامۆستایە دەست بەجێ کرێکەی خۆی وەردەگرێت. ئەمەیش وای کردووە هەر مامۆستایەك لای دەستەڵاتی خۆجێیەتی دامەزرێت ڕێککەوتەن مۆر بکات کە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت تا بکرێت لە دوایەمین ڕۆژی مانگدا مووچەی خۆی وەردەگرێت، بەو جۆرە

هەموو مامۆستایەكان لە تۆتنگهام شایەر لەسەر كار لادران بۆ ئەوەی مەرجە نوێیەكان پەسەند بكەن تا جارێكی دیكە دابمەزرێنرێنەوە.

بەپێی یاسای دامەزراندنی ساڵی 1972 پێویستە هەر فەرمانبەرێك ڕوونكردنەوەیەك بە مەرجە سەرەكییەكانی گرێبەستەكە لە ماوەی سێزدە هەفتە دوای دەستبەكاربوون وەربگرێت ئەگەر هات و كاتژمێرەكانی كاركردن 21 كاتژمێر بوون لە هەفتەیەكدا، دەستەڵاتی فێركردنی خۆجێیەتی لەم مەرجە دەردەهاوێژرێت ئەگەر هات و بە سستەمی كاركردن بۆ چەند ماوەیەك گرێبەستی لەگەڵ مامۆستایاندا مۆر كردبێت.

## جیاكردنەوە

دوو یاسای پەرلەمانی هەن دەكرێت بۆ دامەزراندنی مامۆستایان پەنایان بۆ ببرێت: یاسای پێوەندییە نژادییەكان و یاسای جیاكردنەوەی جۆرەكی، بۆیە جیاكردنەوە لەسەر بنەمای نژادی یان ڕەنگ یان جۆر كارێكی نایاساییە لە بەریتانیا، بەلام یاسایش دەرهاویشتەی تێدایە. چونكە یاسای

[redacted]

پێوەندییە نژادییەکان جێبەجێ ناکرێت ئەگەر کەمتر لە دە فەرمانبەر هەبن جگە لە گرووپی کاری ناوخۆیی. بەم شێوەیە دەکرێت قوتابخانەی تایبەتی بچووك و سەربەخۆ یان ئەو قوتابخانەیەی یارمەتی وەردەگرێت لە یاسا دەربهاوێژرێت، ئەمەیش لە کاتێکدا ناکرێت هیچ قوتابخانەیەکی سەر بە دەستەڵاتی فێرکردنی خۆجێیەتی بە تەواوەتی لێی ببوورێت چونکە هەر دەستەڵاتێکی خۆجێیەتی پتر لە دە کەس بەکاردەهێنێت. هەروەها یاسا جێبەجێ ناکرێت کاتێك خاوەن کارەکە هەوڵ دەدات هاوسەنگییەکی ماقووڵ لە نێوان گرووپە نژادییە جۆراوجۆرەکاندا بپارێزێت. لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت ئەم کارە بە ئاسانی لە قوتابخانەدا جێبەجێ بکرێت، چونکە یاسا وەك یەك گرووپی نژادی تەماشای ئەو فێرخوازانە دەکات کە لە بەریتانیا دەخوێنن بەبێ ئەوەی بایەخ بە نیشتمانی ڕەسەنیان بدات.

لەگەڵ ئەوەیشدا ڕاستییەك دەمێنێتەوە ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر مامۆستایەکی ڕەشپێست یان بیانی لەگەڵ پاڵێوراوەکانی دیکەدا لە بەریتانییە سپی پێستەکان بۆ چاوپێکەوتنی دامەزراندن بانگ بکرێت و، ڕەشپێستەکە یان بیانییەکە سەرنەکەوت، ئەوە بەپێی یاسای پێوەندییە نژادییەکان دەتوانێت بەرەنگاری ئەو بڕیارە ببێتەوە. بە پێچەوانەوە ئەگەر پاڵێوراوی بەریتانی سپی پێست لەناو لیستێکدا سەرنەکەوێت کە هەر هەموویان ڕەش پێست یان بیانی بن ، ئەوە دەتوانێت هەمان یاسا بەکاربهێنێت، بۆیە پێویستە ئەو دەستەیەی چاوپێکەوتنەکان بەڕێوە دەبات بیسەلمێنێت کە پاڵێوراوی سەرکەوتوو بۆ ئەو دامەزراندنە لە هەموویان شیاوترە.

هەروەها ئەگەر ئافرەتێك لەناو لیستێکدا هەبێت هەموویان پیاو بن و نەیتوانی دامەزرێت — یان بە پێچەوانەوە — بۆیە دەشێت بەپێی یاسای جیاکردنەوەی جۆرەکی نارەزایی بەرانبەر بە بڕیارەکە دەربڕێت. جارێکی دیکەیش دەبینین قوراسیەکە دەکەوێتە سەر شانی ئەو دەستەیەی کە چاوپێکەوتنەکان بەڕێوە دەبات.

ئەو دوو یاسایە بۆ ئەوە دانراون هیچ جۆرە جیاوازییەك نەكرێت. لە ڕاستیشدا دەشێت ئەو دوو یاسایە بۆ كێشەو سەرئێشە دروستكردن بەكار بهێنرێن ئەگەر هەر تاكێك هەستی بە تووڕەیی كرد، بەڵام بانگەشە بۆ ئەمە ناكەین تەنیا ئەو كاتە نەبێت كە بە ڕاستی جیاوازی هەبێت.

ڕەنگە لیژنەی چاوپێكەوتنەكان مامۆستای پیاوی بۆ پۆستێكی دیاریكراو پێ باشتر بێت بەڵام یاسا ڕێ لە دەستەڵات دەگرێت لە ڕیكلامەكەدا ئاماژە بەوە بكات. ئەگەر سەرۆكی قوتابخانەی باڵا كە كاری تەواو بووە پیاو بێت و بەشێك لە كارەكەی سەرپەرشتیكردنی یاری منداڵەكان بێت ئەوە شتێكی ئاسان نییە هەوڵ بدرێت ئافرەتێكی لە جیاتی دابنرێت، ئەگەرچی دەشێت هەر یەك لە هەردوو ڕەگەز ئەو ئەركانە بەڕێوە ببەن. بەڵام ڕیكلامی دامەزراندن داوای دامەزراندنی مامۆستا لە هەردوو ڕەگەز دەكات چونكە یاساكە ئاماژە بەم شتە دەكات، هەروەها ئاماژە بە سەرپەرشتیكردنی یاری منداڵان دەكات.

ڕەنگە ئەو مامۆستایەی كە وازی لە كارەكەی هێنابێت هندستانی بێت- كە ئەوە یارمەتیدەرێكی گەورەیە لە مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو فێرخوازنەی زانیارییان لەبارەی ئنگلیزییەوە لاوازە- ڕەنگە باشتر بێت بە مامۆستایەكی لە هەمان نژاد بگۆڕرێت، لەم بارودۆخانەیشدا باشتر وایە هندستانییەكی دیكە دامەزرێنرێت ئەگەرچی ڕیكلامەكە بە ڕاشكاوی ئاماژە بەمە ناكات.

بەم شێوەیە پێویستە مامۆستا ئاگەی لە ڕاستییە ڕوونەكان بێت بەر لەوەی گازەندەو سكاڵا بكات ئەگەر هات و لەسەر بنەمای جۆر یان نژاد دووچاری جیاوازیكردن بووەوە. ئەگەر سكاڵاكە لە بنەڕەتدا دروست بوو، پشتی بە ناوزڕاندن یان لەڕێ لادان نەبەستبوو، ئەوە پێویستە سكاڵاكە بە شێوەیەكی گونجاو پێشكەش بە لیژنەكە بكرێت. ئەگەر سكاڵاكە دروست و ڕاست نەبوو ئەوە ڕەنگە ڕۆژنامەگەری نەتەوەیی باسی بكەن، كە دەكرێت لەو كاتەوە باس بكرێت كە داواكاری بۆ كارێكی

دیکـە پێـشکەش کـراوە. ئـەم جـۆرە جیاوازییە ناسەلمێنرێت.

## سیاسەت و ئایین

ڕەنگـــە لیژنـــەی بەرپرســـیاری چـــاوپێکەوتنەکان پرســـیار لـــەبارەی بڕوای سیاسـی مامۆسـتاوە ئاراسـتە نەکات. ئەگەر یەکێك لە ئەندامەکانی لیژنەکە ئەو کارەی کرد نابێت وەڵامی پرســـیارەکە بدرێتـــەوە. پێویـــستە مامۆسـتاکە بـە شـێوەیەکی گونجـاو وەڵام بداتەوە لەسەر بنەمای ئەوەی کە بڕوای سیاسی پێوەندی بە تایبەتمەندی خودی تاکەوە هەیـە. ئەگـەر گومـان لەوە کرا کە هۆکـاری شـاراوە هەیـەو پرسـیارەکە هـەرگیز گونجـاو نییـە پێویستە بـە شـێوەیەکی ژیرانـە ڕەت بکرێتەوە بەڵام پێویستە بێ دواکەوتن کۆمەڵـــەی پیـــشەیی لێ ئاگـــەدار بکرێتەوە.

هەروەها نابێت پرسیار لە بارەی بڕوای ئاینییـەوە ئاراسـتە بکرێـت مەگـەر وەزیفەکە لەسەر بنەمایـەکی ئـایینی بێت دەکرێت پرسیار لـە پاڵێوراوەکـە بکرێت ئایە ئـارەزووی هەیـە بابـەتی فێرکردنی ئـایینی بڵێتـەوە یـان نـا؟، لێــرەدا وەڵامەکــە پۆزەتیڤانــە یــان نیگەتیڤانە دەبێت، یان ڕەنگـە هەسـت بەوە بکات کە شیاوی ئـەوە نییـە ئـەو کارە بکات. بەڵام ئەگەر دامەزراندنەکە بۆ مامۆستایەکی یەدەك بێـت دەشـێت سەبارەت بـڕوای ئـایینی پرسـیاری لێ بکرێت . دەشـبێت بـە تـەواوەتی وەڵام بداتەوە.

**سەرچاوە:**

حقوق المعلمين وواجباتهم : تأليف كنيب إيرلانـد ترجمـة: د. محمـد بـن شـحات الخطيب.

■

# منداڵ و تەلەفزیۆن ..دۆستن یان نەیار ؟؟!
# کاریگەری تەلەفزیۆن لەسەر منداڵانی تەمەن دوو تا سێزدە ساڵان

ئا: پەروەردەو فێرکردن

ژمارەیەکی زۆر لێکۆڵینەوە لەبارەی تەلەفزیۆنەوە ئەنجام دراوەو زۆر تیۆری و بیرو ڕای زانایان سەبارەت بە تەلەفزیۆن هەن، بەڵام ئەوەی ئەو لێکۆڵینەوەو بیرو ڕایانە پێکەوە گرێ دەدات ئەوەیە کە ئەوانەی دەیاننووسن پێشتر یان لایەنگیری لە تەلەفزیۆن دەکەن یان نەیاری تەلەفزیۆنن، بۆیە لێرەدا ئەم بابەتە لەمەڕ کاریگەری تەلەفزیۆن لەسەر منداڵانی تەمەن دوو ساڵ تا سێزدە ساڵ دەخەینە ڕوو.

دەبێت بڕوا بەوە بکەین کە منداڵی تەمەن دوو ساڵ یان ئەوەی دوو ساڵی تەواو نەکردووە ئەو کەسایەتییانە دەناسێتەوە کە لەسەر پەردەی تەلەفزیۆنەوە دووبارە دەبنەوە، چونکە وێنەکانیان دەبینێت لەسەر جلوبەرگ یان کووپی چاخواردنەوە چاپ کراون، جگە لەوەی کە لێکۆڵینەوەی زانستیانەی پرەکتیکی ئەوتۆ هەن بڕوایان وایە تەلەفزیۆن سوودێکی گەورەی هەیەو پاڵ بە منداڵەوە دەنێت دەرك بەوە بکات کە ئەو وێنە

جووڵاوانەی یەك لە دوای یەك دێن یەکەیەکی گشتی پێك دێنن و ئەو بەشانە دەگرێتەوە، بەڵام ڕەنگە ئەو دیمەنانەی توندو تیژی دەردەخەن و تەلەفزیۆن دووبارەیان دەکاتەوە ترس و تۆقین لە ناخی منداڵدا دروست بگەن، ئەمەیش کاریگەری تەنیا لەسەر کەم نووستن و شەو بێداری منداڵ نابێت کاتێك ئەو دیمەنانە دەبینێت، بەڵکو کاریگەری دەروونی لە ناخیدا بەجێ دەهێڵن کە بە ئاسانی سارێژ نەبێتەوە.

هەرچی منداڵانی تەمەن سێ تا چوار ساڵانەیە، ئەوە ناتوانن جیاوازی لە نێوان خەیاڵ و ڕاستیدا بکەن، ئەمەیش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە منداڵان لەم تەمەنەدا دەچن تەماشای پشتەوەی تەلەفزیۆن دەکەن و بە دوای ئەکتەرەکاندا دەگەڕێن، یان پاڵەوانانی چیرۆکە خەیاڵییەکان کاریگەرییەکی زۆریان بەسەریانەوە هەیە، وەك سندرێلا کە باوەژنەکەی و هەردوو کچەکەی خراپ هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن. بەڵام دەتوانن ڕووداوەکانی کورتە چیرۆکێك پێکەوە ببەستن.

ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دەزگەی هوشیاری تەندروستی لە ئەڵمانیا ئامادەی کردوون ئاماژە بەوە دەکەن کە کاریگەری تەلەفزیۆن لەسەر منداڵانی تەمەن 6 ساڵ تا 9 ساڵان سنووری خۆی تێناپەڕێنێت، بە مەرجێك باری نێو خێزان سەقامگیر بێت و، کەسایەتی منداڵەکە هاوسەنگ بێت. کاتێك منداڵ دەگاتە تەمەنی 10 تا 13 ساڵان ئەو کات بە تەواوی دەتوانێت جیاوازی لە نێوان شتی واقیعی و ناواقعیدا بکات، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە لە فیلمی ترس و تۆقیندا دیمەنی کوشتن و ئازارو ئەشکەنجەدانیان پیشان بدرێت و پێشبینی ئەوە بکرێت کاریان تێنەکات لەبەر ئەوەی دەزانن کە خەیاڵییە.

## کەواتە چی جێگەی تەلەفزیۆن دەگرێتەوە؟

ڕەنگە هەندێك بڵێن: با خۆمان لەم سەرئێشەیە قوتار بکەین و، هەرگیز ڕێ بە منداڵەکانمان نەدەین تەماشای تەلەفزیۆن بکەن، کە هەندێك خێزان ئەو کارە لەبەر چەند هۆکارو فاکتەرێکی ئایینی ئەنجام دەدەن، یان لە ئاکامی پێڕەوکردنی چەند پرۆگرامێکی خوێندندا کە هەبوونی تەلەفزیۆن بە

بەربەستێکی گـەورە دادەنێـت لـەوەی ڕێ بە منداڵ نادات بە تـەواوەتی لـە ژینگـەی دەوروبـەری خـۆی بگـات و شـارەزای ببێـت. هەڵبـەت ئەمـەیش بۆچوونێکە ڕێی تێدەچێت، بەڵام پێش ئەوەی ئەم بڕیارە بدەیت و دواتر پـاش ماوەیـەك لێـی پاشـگەز ببیتـەوە، پێویستە بـیر لـەم خاڵانـەی خـوارەوە بکەیتەوە:

یەکەمین خاڵ: بەر لەوەی داوای ئەوە لە منداڵەکانت بکەیت، پێویستە بـیر لەوە بکەیتەوە کە نابێت تۆ لە دیـدی منداڵەکانتدا نموونەیەکی خراپ بیت ، هەرچیت ئارەزوو لێ بێـت بـۆ خـۆت بیانبینیـــت و، نـــەهێڵیت ئـــەوان بەرنامەی منداڵان ببینن، چونکە ئـەو دیمەنانـەی لـە نووچـەی هەواڵەکانـدا دەیانبینن ڕەنگە زۆر خراپتر بـن لـەو فلیمەی دەیبینن، بـە تایبـەتی تـەواو هەست بەوە دەکـەن ئـەوەی نووچـەی هەواڵـەکان پیـشانیان دەدەن دیمـەنی ڕاستەقینەن، ئەمەیش کاریگەرییەکی زۆر لە ناخیاندا بەجێ دەهێڵێت.

دووەمین خاڵ: ئەوەی پێویستە بـیری لێ بکەیتـەوە، ئەوەیـە کـە پێویـستە شتی ئەڵتەرناتیڤیان بۆ دابـین بکـەیت تا کاتی خۆیان پێوە بەسەر ببـەن، وەك کتێب بۆ ئەوەی تواناکانیان بخەملێنێت، یان یاری کـە هەسـتی کۆمەڵایـەتییان پەرە پێ دەدات و، توانای هاریکارییـان لەناو یەك گرووپدا پتر دەکات.

بەر لەئەوەیش پێویستە کاتی ئـەوتۆو ئامـــادەیی پـــەروەردەییت هـــەبێت زانیارییـــان پـــێ ببەخـــشیت لـــەوەی تەلەفزیۆن پێی دەبەخـشین، چ دەنـگ و باس و هەواڵ لـەبارەی جیهـانی دەرورو بەر یـان لـەبارەی نیـشتمانی خۆیـان و ئـەوەی کـە تەلـەفزیۆن بـە شـێوەیەکی زینـدوو بـۆی دەگواسـتنەوەو ژیـان و گوزەرانی ئەو دانیـشتوانانەیان دەبینـی کە ناتوانن سەر لە ناوچـەکانیان بـدەن، لەو گواستنەوە زیندوویانـەدا ئاگـەداری ژیان و چۆنیەتی گوزەرانیان دەبوون.

سێیەمین خـاڵ: هەنـدێك لـە زاناکـان بڕوایان وایـە کـە تەلـەفزیۆن کەشـێکی هێوربوونەوەو ئارام بـۆ منـداڵان دابـین دەکات پاش ئەوەی ڕۆژێکی خوێنـدن و فێربوون لـە قوتابخانـە بەسـەر دەبـەن، لەگەڵ ئەوەی ئەم بارودۆخەی هەنووکـە لە ڕووی تێکەڵاوبوونی پێوەندییەکانەوە دەیـــسەپێنێت ، کـــە هەنووکـــە لـــەو بارودۆخەی ئەوسا ناچێت کاتێك دایکان

و باوکــان منــداڵ بــوون. ئــەو کاتــە بەکارهێنانی ئامێری فاکس بــە کــارو پسپۆرییەك دادەنــرا کــە تایبــەت بــە ســکرتێرەکان بــوو، کەچــی هەنووکــە منداڵی تەمەن دە ساڵ نامە بە ئیمێل دەنێرێت. ئایە تۆ بە نیازیت:

یەکەم: لەم بایەخپێدانانەدا بەشداری لەگەڵ منداڵەکانتدا بکەیت؟

دووەم: ئەو توانایەت هەیــە هــەموو هەڵچوونەکانیان هێور بکەیتەوە؟

چوارەمین خاڵ: هەندێك لە زانایــانی کۆمەڵناسی لــەو بڕوایــەدان کــە ئــەو منداڵەی تەلەفزیۆن نابینێت لــە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە گۆشەگیرەو، ناتوانێت پێوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ هاوەڵەکانیدا ببەستێت، ئەوانەی لەقوتابخانە باســی ئەو شتانە دەکەن کە لــەم بەرنامــەیان ئەو بەرنامەی تەلەفزیۆنەوە بینیویانن، جگە لەوەی کە زۆر زاراوەو دەربڕینــی نێو زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان دەچنە نێو زمــانی منــداڵان و لاوانــەوە، ئاکــام ئــەوەی باکگراوەنــدی ئــەو ڕســتەو دەربڕینانــە نــەزانێت لــەوە ناگــات ئەوانەی دەوروبەری باسی چی دەکەن. تەنیا ئەگەر ئەو کاتە نەبێت باوکــان و دایکان بڕیار بدەن منداڵەکانیان بخەنــە قوتابخانەیەکەوە ڕێ بە هەموو قوتابیــان نــــادات تەلـــــەفزیۆن ببیـــــنن وەك قوتابخانەکانی (فالـدرۆف) لــە ئــەڵمانیا کــە ڕێ بـــە قوتابییـــەکان نـــادات تەلەفزیۆن ببینن تا نەگەنە تەمــەنی دە ساڵان.

## مەرجەکانی بینینی تەلەفزیۆن

ئەگــــەر بــــیر لــــە چارەســــەرییەکی مامناوەندی بکەینەوە ئەویش ڕێ دانــە بە منداڵ تەلەفزیۆن ببینێت لەگەڵ چەند مەرجێکدا، ئــەو کــات پێویــستە چــی بکەین ؟

یەکەم: بەکارنەهێنانی تەلــەفزیۆن وەك شێوازێکی ســزا یــان پاداشــت دانــەوە، چونکە ئەگەر ئەوەت کرد ئەوە بینینــی تەلەفزیۆن دەبێتە شتێکی گرنگ بــەلای منداڵەوە، بە چاوپۆشین لەناوەرۆك و ئەو بەرنامانــەی کــە تەماشــایان دەکــات، ئەمەیش بەهای تەلــەفزیۆن لای منــداڵ پتردەکــات و بایــەخێکی زۆرتــری پــێ دەبەخـــــشێت لـــــەوەی تەلـــــەفزیۆن شایەنیەتی.

دووەم: هەرگیز ڕێ بە منداڵان نەدرێت بە تــاك و تــەنیا تەماشــای تەلــەفزیۆن بکــەن، ئــەوەیش کارەســاتە ئەگــەر ئــامێرێکی تەلــەفزیۆنی تایبــەتیان لــە

ژوورى خۆیان بۆ دابنرێت بۆ ئەوەى بە ئارەزووى خۆیان چییان مەبەست بێت بەبێ چاودێرى ببینن، بەتەنگەوە بوونى بەشداریکردن لەگەلّ منداڵاندا لەبینینى تەلەفزیۆن چەند سوودێکى هەیە: یەکەم منداڵان حەز بە چالاکى کۆمەلاّیەتى دەکەن، لەوانەیش ئاگەداربوون لە ئەو زانیارییانەى لە مێشکیاندا چەسپ دەبن و ئەو نەریتانەى بەهۆى ئەو بەرنامانەوە پێیان دەگەن، هەروەها پرسیارى ئەوەیان لێ بکرێت چییان بینیوەو چى تێگەیشتوون و چییان لەو بابەت و بەرنامانە بەدلّ بووەو حەز دەکەن چى ببینن و حەزیان لە بینینى چى نییە، تەنانەت ئەگەر بینیت ئەوەى تەلەفزیۆن پیشانى دەدات پێویست نییە منداڵ ببینێت، تەلەفزیۆنەکە بکوژێنیتەوە.

سێیەم:لەگەلّ منداڵاندا دانیشیت پێش ئەوەى تەماشاى تەلەفزیۆن بکەن، لەگەلّ دەستنیشانکردنى ئەو بەرنامەیەى کە بە نیازن ببینن، تەلەفزیۆنەکەیش پێ نەکرێت تا کاتى ئەو بەرنامەیە نەیەت کە ئارەزوو دەکەن ببینن و، دواى بەرنامەکە بیکوژێننەوە، بەمەرجێك دەبێت دایك و

**منداڵى تەمەن دوو سالّ یان ئەوانەى دوو ساڵیان تەواو نەکردووە ئەو کەسایەتییانە دەناسنەوە کە لە تەلەفزیۆنەوە دووبارە دەبینرێن**

بـــاوكیش پێـــشەنگ و نموونـــە بـــن، تەلەفزیۆن پێش كاتی ئەو بەرنامەیەی ئارەزوو دەكەن و دوای ئەوەیش بـەبێ هـیچ هۆیـەك بـەجێ نـاهێڵن، بگـرە تەنانەت ئەگەر هۆیەكیش هـەبوو وەك هەواڵێكی بەپەلە پیشان بـدات. واتـە پێویستە جۆرە توندییەك لە پابەندبوون بـەو پلانـەوە هـەبێت كـە دانـراوە. ئەگەرچـی چـەندین لێكۆڵینـەوەی زانستییانەی نوێ هـەن گەیـشتوونەتە ئەوەی كـە ئەوپـەڕی كـاتی گونجـاوی ڕۆژانە بۆ بینینی تەلـەفزیۆن لەلایـەن منداڵانەوە كە بۆ تەمەنی ئەوان بشێت بەم شێوەی خوارەوەیە:

لە تەمەنی 2-4 ساڵان 20 خولەك

لە تەمەنی 3- 5 ساڵان 30 خولەك

لە تەمەنی 6-9 ساڵان 60 خولەك

لـە تەمـەنی 10-13 سـاڵان 90 خولەك

لەگـەڵ ئاگـەداربوون لـەوەی كـە تێپەڕاندنی ئەو ماوەیانە دەبێتە هـۆی تێكـچوونی هاوسـەنگی هەسـتی منداڵان و دابەزینی ئاستی زانسییان و، توانـای بەسـتنی پێوەنـدی مرۆییانـەیان لەگـەڵ هاوەڵەكانیانـدا نامێنێت، بە تایبەتی ئەو منداڵانـەی ڕۆژانە پتر لە سـێ سـەعات تەلـەفزیۆن دەبینن، لەسەر ئەوە ڕادێـن بەرنامـەی ئاست نزم ببیـنن كـە لەگـەڵ تەمـەنی ئەواندا ناگونجێن. بـە پێـچەوانەی ئـەو منداڵانەی گەیشتوونەتە تەمەنی شەش ساڵان و لە یەك سەعات پتر تەماشـای تەلەفزیۆن ناكـەن و بەتـەنگی ئـەوەوەن بەرنامـەی بەسـوود ببیـنن، وەك فـیلم لەمـەڕ ژیـانی ئـاژەڵان، بـۆ ئـەوەی بەباشـترین شـێوە سـوود لـەو كاتـە وەربگرن.

لـەو بارەیـەوە لێكۆڵینەوەیـەك كـە گرووپێك زانایانی زانكۆی فرایبۆرگ لە ئەڵمانیا ئامادەیان كردووە ئاماژە بـەوە دەكات كە ئەو منداڵانەی زۆر تەماشای تەلـەفزیۆن دەكـەن بەدەسـتی كـەم جووڵانـەوەوە دەنـاڵێنن، جگـە لـەوەی ئارەزووی گۆشەگیری و تەنیایی دەكەن و تووشـی خـەمۆكی دەبـن، ئـەو خەمۆكییەیشیان بە هۆی تەلەفزیۆنـەوە كەمتر دەبێتەوە بۆیە ئارەزووی بینینـی تەلەفزیۆن دەكەن و قوتابخانەو هـاوڕێ و كەس و كاری خۆیان لە لا دەبێتە شتێك هیچ چێژێكیان پێ نەبەخـشێت، جگـە لەوەی ئەوەندە دیمەنی توندو تیـژی نێـو فیلمەكان دەبینن هەستیان ناجووڵێت و،

وەك هاوتەمەنەکانی خۆیان هەڵویست و دیمەنـەکانی ژیـانی ڕۆژانـە کاریـان تێناکات و نایانجووڵێنێت.

لــە کۆتاییـــدا ئەگەرچـــی هـــەردوو هەستی بیستن و بینین لەکاتی بینینـی تەلەفزیۆنـدا ڕاناوەسـتن، ئـەوە لـەوە ناچێت کە منداڵ لەگەڵ کەس و کاری خۆیدا بچێتە ناو باخچەیەکەوەو لەوێ بە هەردوو دەست بـە لم و قـوڕ یـاری بکـات، لەوێـدا هەسـتی دەسـت پێداهێنان بەکاردەهێنێت و بۆنی گـوڵ و بۆن و بەرامەکان دەکات و سوود لە هەستی بۆنکردن دەبینێت و، چێژ لـە هەوای پاك وەردەگرێت و ملـی تـەنیا تەماشای یەك شوێن ناکـات، بـەڵکو بەرەو هەموو ئاراستەیەك دەڕوانێت و، تیشکی هەتاو دەبینێـت کاتێـك کـە خۆر بەیانیان هەڵدێت و نیـوەڕوان کـە دەچـێتە ناوەڕاسـتی ئاسمـان و کـاتی ئێوارە کە سوور هەڵدەگـەڕێت و ئـاوا دەبێت، هەموو ئەوەیش لە بری ئەوەی ڕەنگەکانی تەلەفزیۆن ببینێـت، جگـە لـەوەی فێـری ڕەفتـارو هەڵـسوکەوت لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەبێت بە هۆی ئەزموونی ڕاستەقینەوە، نـەك بـەپێی تیۆری کە تەنیا بۆ یەك کەس دەشێت و بۆ یەکێکی دیکە ناشێت.

ئەمــە بــۆ ئــەوە نییــە هــەر یەکــەو هەڵسێت و بـچێت تەلەفزیۆنەکـەی لـە پەنجەرەوە تووڕ هەڵداتە دەرەوەو، نەیش بـچێت قوڵنگەیـەك بهێنێـت و سـەرو گوێلاکی هـەموو بێـژەرو ئەکتـەرەکانی پـێ داپڵۆسـێت، لـە هـەمان کاتیـشدا بانگەشـەیەك بـۆ لایـەنی پۆزەتیڤانـەو چاکەی ئەفسووناوی ئەم ئـامێرە نییـەو ئــەوەیش نییــە بــە (بــرا گــەورە)ی منداڵـــەکانت بـــژمێررێت، بـــەڵکو بانگەوازێکە بۆ بیرکردنەوەیـەکی دوورو درێژ، بەر لەوەی سەبارەت بە چـۆنیەتی مامەڵەکردن لەگـەڵ تەلەفزیـۆنـدا هـەر بڕیارێك وەربگیرێت.

■

# خۆ پاراستن لە كەرەستە هۆشبەرەكان

**ئا: پەروەردەو فێركردن**

ئەمە ناونیشانی كتێبێكی دكتۆر (ساڵح ئەلسەعد)ە بە زمانی عەرەبی نوسیویەتی و مامۆستا عومەر تاهیر مەعرووف كردوویەتی بە كوردی، خودی كتێبەكە لە بارەی خۆپاراستنی تاك و كۆمەڵە لەمەڕ چۆنیەتی خۆپاراستن و خوو نەدان بە كەرەستە هۆشبەرەكان و توخن نەكەوتن و لێ دووركەوتنەوەیان و چۆنیەتی پەروەردەكردنی منداڵ و قوتابیان لەلایەن باوك و دایكان و قوتابخانەو مامۆستایانەوە، بە شێوەیەك زیانی ئەو كەرەستانە بزانن و توخنیان نەكەون، لەگەڵ ڕۆڵی دەزگە پەروەردەییەكان لەو بارەیەوە.

كتێبەكە لەم بەشانە پێكهاتووە : ڕۆڵی خێزان لە پاراستن لە شێوازی ڕەوشت و پەروەردەی منداڵ، ڕۆلی دەزگە كۆمەڵایەتییەكان لە چارەسەركردنی تلیاك، ڕۆڵی دەزگە ئاینییەكان بۆ پاراستن لە هۆشبەرەكان، ڕۆڵی دەزگە پەروەردەیی و فێركردن بۆ پاراستن لە كەرەستە هۆشبەرەكان، ڕۆڵی دەزگەكانی لاوان لە خۆپاراستن لە كەرەستە هۆشبەرەكان، ڕێگەكانی پارێزگاری لاوان لە كەرەستە

هۆشبەرەکان ، سەردەمی دەزگەکانی ڕاگەیاندن لەچارەسەری کەرەستە هۆشبەرەکان، بەدوواداچوون و هەڵسەنگاندنی کەرستەکانی میدیاکان، ڕۆڵی دەستەی خۆ بەختکردن و چالاکی وەرزشی بۆ پاراستن لە کەرەستە هۆشبەرەکان ، ڕۆڵی توێژینەوەی زانستی بۆ چارەسەرکردن لە کەرەستە هۆشبەرەکان.

هەڵبەت نووسەر بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی و بە پێی ئامارو زانیاری مەبەستی خۆی لەو بەشانەدا ڕوون کردووەتەوەو ڕێگەی شایستەو گونجاوی بۆ پاراستنی لاوان و قوتابیان و هەموو کەسێك لە خوودان و خوو پەیداکردن بەو کەرەستانە دەستنیشان کردووەو ڕۆڵی پۆزەتیڤانەی دەزگە پەروەردەیی و فەرمی و جەماوەرییەکان لەم بوارەدا دەستنیشان کردوون، بۆیە لەم ڕووەوە کتێبەکە بایەخی خۆی هەیەو دەشێت بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە پشتی پێ ببەسترێت و جێی یارمەتدان و هیوابەخش بێت.

## ئاراستەکردنی منداڵ لە دەزگەکانی پەروەردو فێرکردندا بە ڕەوشتی چاك ئە نجامەکانی پەروەردەیی باشترو بە ئەرکدارتر دەکات

لەبەر گرنگی چوارەمین بەشی کتێبەکە کە پێوەندی بە بواری پەروەردەوە هەیە لێرەدا وەرگێڕانەکەی مامۆستا عومەر تاهیر مەعرووف دەخەینە بەردەستی خوێنەری گۆڤارەکەمان.

## ڕۆڵی دەزگە پەروەردەیی و فێرکردن بۆ پاراستن لە کەرەستە هۆشبەرەکان

دەزگەکانی پەروەردەو فێرکردن راستەوخۆ پێش خێزان تاکەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێدەگەیەنن، لەو دەزگەیانەدا زانست و تێگەیشتن و ڕەفتاری باش و جیاجیا بە پێی گوتن و فێرکردن فێر دەبن، لە ڕێگەی ژینگەی کۆمەڵایەتی جیاجیا و برادەرانەوە پەیداکردنی ڕەفتاری چاك بە گۆڕانی لایەنی کارتێکەر دەگۆڕێت، لە جۆری ئەو ڕەفتارانەی کە تاك لەناو خێزان و ژینگەدا هۆگریان بووە. کەواتە ئەو ڕۆڵەی کە پێویستە قوتابخانە و زانکۆ لە ئاراستە کردنی تاکەکان و ڕۆشنبیری و فێرکردن و گەشەپێدانی لێزانییان دەیگێڕن.

هەرچەندە ئاراستەکردنی منداڵ لە دەزگەکانی پەروەردو فێرکردندا بە ڕەوشتی چاك ئەنجامەکانی پەروەردەیی باشترو بە ئەرکدارتر دەکات، ئەوەش ئەنجامی پاراستنی تاکە دژ بە هەموو جۆرە لادانێك و بەکارهێنانی ڕێگەی نایاسایی هۆشبەرەکان و ئەوانەی کاریگەرییان بەسەر هزرو بیرەوە هەیە، ئەوەش ئەرکێکە دەکەوێتە ئەستۆی دەزگەکانی فێرکردن کە چۆن نەوەیەکی پێگەیشتووو لە ڕووی بیر و هۆشەوە پێدەگەیەنن کە بتوانێت بەرەنگاری هەموو ئەو گیروگرفتانە ببێتەوە کە دێنە پێشی، دوور لە هۆیە خراپەکان وەکو لادان و بەکارهێنانی کەرەستە هۆشبەرەکان.

لەبەر گرنگی ڕۆڵی دەزگەکانی پەروەردەو فێرکردن لە پاراستنی تاك لە کەرەستە هۆشبەرەکان. بۆیە دەستە و ڕێکخراوە جیهانییەکان بە پەرۆشەوە بایەخیان بەم بابەتە داوە لە میانەی بڵاوکردنەوەی خۆپاراستن دژ بە بەکارهێنانی کەرەستە هۆشبەرەکان لە هەموو دەزگەکانی فێرکردندا بە هەموو قۆناغەکانیەوە، ئەو نەخشە گستییەی کە هەموو پسپۆڕانی جموجووڵی داهاتوو لە گۆڕەپانی نەهێشتنی خراپی بەکارهێنانی دەرماندا کە کۆنگرەی

جیهانی دەربارەی بەدناوكردنی ئەو دەرمانانەو بازرگانی پێوەكردنیان بە ڕێگەیەكی نایاسایی ئەنجامی داوە، ئەویش لەو كۆنگرەیەی لە ماوەی (17 – 26 / 7 / 1987) لە ڤیەننا بەسترا.

ئەو كۆنگرەیە ئامانجێكی تایبەتی دەربارەی هۆشبەرەكان هەبوو لە ڕێگەی پەروەردەوە، باس لەوەش كرا كە ئەو پرۆگرامە گشتییە فراوانانە بەشێكی زۆر گرنگ و پێویستن، بۆ لەناوبردنی ئەو زیادەیەی كە لە بواری بەدناوكردنی بەكارهێنانی هۆشبەرەكان لە جیهاندا هەیە. لەبەر ئەوەی ئەو كەرەستە هۆشبەرانە چینی تەمەنی و دانیشتوانی گرتووەتەوە. بۆیە پێویستە لە ڕێی پەروەردەوە خەڵك هوشیار بكرێنەوەو ئاگاداری زیانی خراپ بەكارهێنانی ئەو كەرەستە هۆشبەرانە بن، چونكە پەروەردە كارێكی بەردەوامەو پچڕانی نییە و كاتێكی زۆری دەوێت. ئامانج لەو كۆششە ئەوەیە لە هۆیە ڕاستەوخۆكانی تێ بگەین. هەروها هۆیەكانی دوورمەودای یارمەتیدانی گەنجان و نەوجەوانان و چارەسەركردنی گیروگرفتیان، بۆئەوەی ژیانێكی باش بەسەر ببەن بەبێ ئەوەی هانا ببەنە بەر هۆشبەرەكان. پێویستە پەروەردە بە پەرۆشەوە خۆی بۆ چارەسەری خۆپاراستن لە هۆشبەرەكان لە قوتابخانەكان و لە دەرەوە و پرۆگرامەكانی خوێندن ئامادە بكات. دوور كەوتنەوە لە زیادە مەسرەفی، هەركاتێك توانرا دەبێ پلە بە پلە پرۆگرامەكانی خوێندن پێداچوونەوەیان تێدا ئەنجام بدرێت و بڕگەكانیان پێوەندییان بە خۆپاراستن لە كەرەستە هۆشبەرەكانەوە هەبێت. لەچوارچێوەی ئەو گۆڕانانەی كە ژیان باشتر دەكەن، بەوانە بەردەوام خۆپاراستن لە هۆشبەرەكان ئەنجام دەدرێت، بە بێ ئەوەی پرۆگرامەكانی خوێندن دەستكارییەكی بنەڕەتی بكرێن، چونكە لە بنەڕەتەوە ئەو پرۆگرامانە ە بابەتی زانستییان تێدایە

بەرنامەی كاری جیهانی ئەركی ئەوەیە بوار بە بەرهەمهێنانی كەرەستە هۆشبەرەكان نەدات و ڕێ نەدات بازرگانی بەو كەرەستانەوە بكرێت كە كار دەكەنە سەر بیروهۆشی مرۆڤ و بە شێوەیەكی نایاسایی مامەڵەیان پێ

دەکرێت، هەڤدەهەمین خولی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (1990/2/23) داوای کرد هەنگاوی پێویست بهاوێژرێت بۆ ئەوەی بوار نەدرێت کەرستە هۆشبەرەکان بە شێوەیەکی نیگەتیڤانە بەکار بهێنرێن، دەبێت پرۆگرامەکانی خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی پەرەردە فێرکردندا ئەم بابەتەیان تێدا تۆمار بکرێت. هەرکاتێکیش بوار رەخسا بە تایبەتی لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا داوا لە شارەزا پسپۆرەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت بۆ دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن یارمەتی ئەو وڵاتانە بدەن.

بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە، رێکخراوە جیهانییەکان، لە سەروی هەمووشیانەوە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوی یۆنسکۆ و پرۆگرامی پەرەپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، رێکخراوی تەندروستی جیهانی و سندووقی چاودێری منداڵ و رێکخراوەکانی دیکە بە پەرۆشەوەن یارمەتیدانی وڵاتان بدەن و هانیان بدەن بابەتی چارەسەکردنی کەرستە هۆشبەرەکان بخەنە ناو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە ئەویش بە پێی برِیار و جموجوڵی قوتابخانەکان.

تەرخانکردنی پارە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی خۆپاراستن لە هۆشبەرەکان و کردنەوەی خولی راهێنان بۆ مامۆستایان و قوتابیان و، ئامادەکردنی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی مەیدانی بۆ دۆزینەوەی ئەو هۆیانەی رێ بۆ بەکارهێنانی کەرستە هۆشبەرەکان خۆش دەکەن، هەروەها دەستنیشانکردنی قەوارەی ئەو دیاردەیەو دانانی پلان بۆ کەمکردنەوەی شوێنەواری ئەو دیاردەیە.

لەبەر ئەوەی کە ئامانجی بنەرِەتی پەروەردە ئەوەیە، باشترین باری گونجاو بۆ یارمەتیدانی تاك ئامادە بکات تا بگاتە قۆناغی کەسایەتی خۆی و بە بەرزترین پلەی گەشە پێدانی ئەو کەسایەتییە بگات بۆ ئەوەی بەهای خۆی بزانێت و توانای هەبێت لێهاتوویی خۆی لە قۆناغی گەشەپێداندا پێك بهێنێت تا لەو قۆناغە تێبپەڕێت و، بتوانێت لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەدا بگونجێت کە تێیدا دەژی و خۆی ئامادە بکات نەوەك بکەوێتە داوی لادان و

بەکاربردنی کەرەستە هۆشبەرەکان کە ئەویش هۆیەکە لە هۆیەکانی لادان.

لێرەدا رۆڵی دەزگەکانی پەروەردەو فێرکردن لەو بوارەدا ئەوەیە کە پێویستە ئەو ئەرکە کاریگەرە لە ژیانی تاکدا رەنگ بداتەوەو رۆڵی خێزان تەواوبکات و پاڵپشتی ئەو رۆڵەش لە چوارچێوەی ئەو ئەرکانەی کە پێویستە دەزگەکانی فێرکردن ئەنجامیان بدەن لەوانەیش:

1- پێ داگرتن لەسەر جێبجێکردنی فێرکردنی تەوزیمی لە سەرتاسەری وڵاتدا، هەتا تەمەنێکی دیاری کراو، بە چاك دەزانرێت لە (15) ساڵ کەمتر نەبێت. پێویستە بەرنامەیەکی تێروتەسەلی خوێندن دابنرێ بکرێت و لەگەڵ پێداویستییە دەروونییەکان و پەروەردەییەکانی منداڵ و هەرزەکاری نوێدا بگونجێت.

دەبێ رەچاوی جیاکردنەوەی ئەو قوتابخانانەو تەوزیمیانە لە قوتابخانە دواناوەندییەکاندا بکرێت، بۆ ئەوەی قوتابی لەگەڵ قوتابیانی قۆناغی ناوەندنی تێکەڵ نەبێت نەوەك بکەونە ناو داوی ئەوانەی لە رەفتاری باش لایان داوەو کەرەستەی هۆشبەریان بەکار هێناوە، ئەنجام وایان لێ بێت لاسایی یەکدی بکەنەوە.

2- دەبێ قوتابخانەو زانکۆو دەزگە پەروەردەییەکان رۆڵێکی باڵایان لە پێگەیاندنی کۆمەڵدا هەبێت بەهاوکاری لەگەڵ دەزگە کۆمەڵایەتییەکان و دەزگە رۆشنبیری و ئاسایش و کشتوکاڵ و بازرگانییەکاندا، بە مەرجێك قوتابخانە ببێتە بنکەیەك یان یانەیەك بۆ تاکەکانی کۆمەڵ بە تەمەنە جیاجیاکانیان بۆ ئەوەی هەموو جۆرە جموجوولێکی تێدا ئەنجام بدەن، کە دڵیان پێ بکرێتەوەو لە بیرکردنەوە بۆ لادان و بەکارهێنانی کەرەستە هۆشبەرەکانەوە دوور بن.

3- پێویستە قوتابخانە هەوڵ بدات هەلی سەرکەوتن بۆ گشت قوتابیان برەخسێنێت و بوار نەدات قوتابی تووشی چەپاندن و دڵەراوکێ بێت و هانیان قوتابیان بدات خۆیان لە هۆیەکانی لەرێ لادان دووربخەنەوەو هەست بە خەپاندن و دڵەراوکێ و خەمۆکی نەکەن.

4- پێویستە دەزگەکانی پەروەردە بەرنامەی چاودێری منداڵان دابنێن، بە سەپەرشتی دەزگەی هونەری و پسپۆر لە

هەمـوو بـواری کۆمەڵایەتی و پەروەردەو دەروونناسی و تەندروستی گشتی یارمەتی چینەکانی کۆمەڵ بدەن بە هەموو جۆرە تەمەنێکەوەو ڕێنوێنییان بکەن رەفتاری خراپ و ناتەواو وەرنەگرن، چونکە ئەمانە دەبنە هۆی لادان و کەوتنە ژێر چەپۆکی گەرەستە هۆشبەرەکان.

5- داوا لە ئەندامانی دەستەی مامۆستایان لە زانکۆکان و قوتابیانی خوێندنی باڵا بکرێت لە دیاردەی هۆشبەرەکان بکۆڵنەوەو توێژینەوەیان لەسەر بکەن ، بە تایبەتی ئەو لێکۆڵینەوانەی پێوەندییان بە دیاردەی هێرشی بیر و ڕۆشنبیرییەوە هەیە، هەروەها دیاردەی نامۆیایەتی لە شارەکان و شوێنەواری ئەو پێشکەوتنە ئابوورییەی کۆمەڵ و کاریگەری کرێکارانی بیانی لە تاك لە بواری بەکارهێنانی کەرەستە هۆشبەرەکاندا.

6- فراوانکردنی زانکۆکان بۆئەوەی ژمارەیەکی زۆر لەو قوتابیانەوەربگیرێن کە ئارەزوویان هەیە خوێندن تەواو بکەن .

7- پێویستە ناوەرۆکی پرۆگرامەکانی قوتابخانە باس لە نەریت و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی تازەی مێژووی نەتەوەو، رۆشنبیری بکات بە تایبەتی ئەوانەی پێ لەسەر خۆدوور گرتن و لادان و بەرکارهێنانی کەرەستە هۆشبەرەکان دادەگرن.

8- پێڕوکردنی ستەمی خزمەتی کۆمەڵایەتی و بنەکەکانی ڕێبەری دەروونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی لە هەموو قوتابخانەکاندا. ئەو ستەمە دەتوانێت دیاردەی نەگونجان و گیروگرفتی ڕەفتاری منداڵان و هەرزەکاران زۆر زوو نەهێڵێت، بە دواچوونی بەردەوام لەگەڵ کەس و کارو باوك و دایکیان بکات ، چاکتر وایە لە قوتابخانەکان سەبارەت بە خووگرتن بە بەکارهێنانی کەرەستەی هۆشبەرو دڵەڕاوکێ پرس و ڕا بە پسپۆری دەروونی و پسپۆری کۆمەڵایەتی بکرێت بۆ ئەوەی بەدوادا چوونیان بۆ بکەن ڕێ نەدەن تەشەنە بکەن.

9- پێویستە دەزگەکانی پەروەردە کار بۆ ئامادەکردن و هاندانی توێژی زانستی بکەن کە پێوەندییان بە کەرەستە هۆشبەرەکان و، بەکارهێنانیان و هۆو، چۆنیەتی خۆ لێ پاراستنیانەوە هەیە، لەگەڵ ناسینی تایبەتمەندی

ئەوانەی بەکاری دێنن و ڕووبەڕووی دەبنەوە.

10- پێویستە قوتابخانەی دواناوەندی و پەیمانگە باڵاکان و زانکۆکان بەرنامەی ئاراستەکردنی پیشەیی و نووسینگەی بەکارهێنان ڕێک بخەن لەبەر ئەوەی یارمەتی قوتابیان دەدات ئەو پیشەیە هەڵبژێرن کە ئارەزوویان لێیەتی و لەگەڵ توانا و ئامادەبوون و ئارەزوویاندا دەگونجێت. ئەو پیشەیە پاشەکەوتێکی گونجاویان بۆ دابین دەکات.

11- پێویستە بەشەکانی تەندروستی قوتابخانە لە وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن بەرنامەی تایبەت بۆ هۆشیارکردنەوەو ڕۆشنبیری تەندروستی، یان پەروەردەی تەندروستی و خۆپاراستن ئامادە بکەن و پەرەیان پێ بدەن، بە مەرجێك ڕاهێنان لەسەر شێوازی پەروەردەی تەندروستی و خۆپاراستن بێت.

12- دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن و ڕاهێنان لەسەر خۆپاراستن لە بەکارهێنانی کەرەستە هۆشبەرەکان و پێناسەکردنی زیانەکانی و شوێنەواری تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئابووری.

13- کۆبوونەوەو کردنەوەی خولی ڕاهێنانی تایبەت بە مامۆستایانی زانکۆو مامۆستایانی قوتابخانەو سەپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕاهێنەرو سەرپەرشتیاری یانەو ڕێکخراوە وەرزشییەکان، بۆ ئەوەی ئاگەداری زیانی کەرەستە هۆشبەرەکان بن کە تا چ ڕادەیەك کاریگەرییان لەسەر قوتابیانی قۆناغی دواناوەندی و قوتابیانی سەرەتایی و یاریزانان هەیەو، چۆن ئاراستە بکرێن و هۆشیار بکرێنەوەو چاودێری تەواویان بکرێت و، لە کاریگەری زیانی کەرەستە هۆشبەرەکان دووریان بخەنەوە.

14- بایەخدان بە ڕۆڵی خزمەتی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەو زانکۆو دەزگەو کارگەکان. بۆ یارمەتیدانی قوتابی و کرێکار و فەرمانبەر. لە بواری چارەسەرکردنی گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونی و دڵەڕاوکێ و گرژی بارودۆخ و ئەو هۆکارانەی هانیان دەدات هۆشبەرەکان بەکار بهێنن و خۆیان لە گیرو گرفتەکانیان بدزنەوە، دەکرێت ئەو ئەرکەش بە پەروەردەی کۆمەڵایەتی و دەروونی بسپێررێت .

15- پێویستە هەموو قوتابیانی قۆناغەکانی خوێندنبە هۆی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە ئاگاداری زیانی ناو زراندنی بەکارهێنانی کەرەستە هۆشبەرەکان بن.

16- یارمەتیدانی قوتابیان بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان. بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاسایی ژیان بگوزەرێنن، بێ ئەوەی پەنا ببەنە بەر کەرەستە هۆشبەرەکان، ئەمەش بە تێگەیشتنی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەبێت.

17- دانانی پرۆگرامی خوێندن و ئەو بەرنامانەی کە هۆشیاری کۆمەڵ زیاد دەکات و لە ستراتیژیەتی باوەڕپێکراوەوە ئامادەکراون. بۆ ئەوەی تاکەکان هان بدەن خۆیان لەناو زڕاندنی بەکارهێنانی کەرەستە هۆشبەرەکان دوور بخەنەوە ، ئەوەیش بەم شێوەیە:

أ- لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری گونجاودا ئامادە بکرێت.

ب- تێکەڵ بە خوێندنی ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بکرێت.

ج- ڕێ نەدرێت کەرەستە هۆشبەرەکان بەکار بهێنرێت.

د- بگاتە تاکەکان پێش ئەوەی تووشی هەڵوێستی ڕۆشنبیری هۆشبەرەکان بن.

18- پێویستە پرۆگرام و جموجوڵی خوێندن پلە بە پلە بێت.

19- هاندانی بەکارهێنانی شوێن و جموجوڵی وەزرشی و ڕۆشنبیری و کات بەسەربردن بە شێوەیەك دوور لە کەرەستە هۆشبەرەکان بێت.

20- ڕێکخستنی ئەڵقەی خوێندن و خولی ڕاهێنان بۆ یارمەتیدانی کەسوکاری قوتابیان بۆ ئەوەی لە دوورەوە هەست بە نیشانەکانی کەرەستە هۆشبەرەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان بکەن تا بتوانن چاودێری منداڵەکانیان بکەن نەوەك خووی پێوە بگرن.

21- پێویستە کەش و هەوایەکی دەروونی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی گونجاو دابین بکرێت بۆ ئەوەی قوتابیان بواریان بۆ برەخسێت جموجوڵی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕابواردن ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی تاك هەست بە دڵنەوایی و داهێنان و ڕێز بکات، دوور لە نائومێدی و دڵەڕاوکێ و خەمۆکی کە دەبنە هۆی بەرپاکردنی ڕەفتاری لادان و بەکارهێنانی کەرەستە هۆشبەرەکان.

# هەڵسەنگاندن لە پەروەردەی وەرزشیدا

ئا: پەروەردە و فێرکردن

## زاراوە لە بارەی پێوانەو هەڵسەنگاندنەوە:

**هەڵسەنگاندن Evaluation :**
خەملاندنێکی چەندی یان چۆنیەتی ئەو دیاردەیەیە کە بابەتی لێکۆڵینەوە پێک دەهێنێت لەچوارچێوەی ئەو پێوانانەوە کە بە هۆیانەوە زانیاری پێویست کۆ دەکرێنەوەو شی دەکرێنەوە بۆ ئەوەی ئەو بڕیارانەی لەبارەوە دەربکرێت کە یارمەتی باشتر کردن یان ڕاستکردنەوەیان دەدات، لە ڕووی زمانیشەوە واتای نرخاندنی بەها یان قورسایی (کێش) دەگەیەنێت. بۆرمگارتنز بڕوای وایە کە هەڵسەنگاندن: ئەو پرۆسەیەیە کە پێوانەکان بەکار دەبات بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوەیان تا ئەو ئاستانە دەست نیشان بکرێن کە یارمەتی بڕیار وەرگرتن دەدەن لەمەڕ ئەو دیاردەیەی کە بابەتی لێکۆڵینەوەکە پێک دەهێنێت.

**تاقیکردنەوە : Test** هەڵوێستێکی نەخشە بۆ داڕێژراو یان بە یاساکراوە بۆ ئەوەی نموونەیەك لە ڕەفتاری تاك پیشان بدات، لە ڕووی زمانەوە واتای ئەزموون یان تاقیکردنەوە دەگەیەنێت. هیلەر تاقیکردنەوە وا پێناسە دەکات کە: پێوانەیەکی بە یاساکراوە یان شێوازێکی تاقیکردنەوەیە. هەرچی (کرۆنباك)ە، ئەوە تاقیکردنەوە وا پێناسە دەکات کە: شێوازێکی ڕێکخراوە بۆ بەراوردکردنی ڕەفتاری دوو کەس یان پتر.

**ڕاستگۆیی:Validity :** پێوانەکردنی ئامێری هەڵسەنگاندن ئەگەر

تاقیکردنەوە یان پێوانەکردن بێت لە ڕووی وردی سیفەت یان خەسڵەتەوە کە بۆ پێوانەکردنی ئەو خەسڵەتە دانراوە نەك خەسڵەتەکان یان سیفەتەکانی دیکە، ئەگەر تاقیکردنەوەیەکمان داڕشت توانای قوتابی لە ژماردندا هەڵسەنگێنێت، ئەوە پێویستە توانای ئەو قوتابییە لە بواری ئەنجامدانی کردەی ژماردنەوە هەڵسەنگێنێت.

**چەسپاوی Reliability** : واتە ئەو مەرجانە هەبن وردی جێبەجێکردنی ئامرازی هەڵسەنگاندنەکە بۆ پتر لە جارێك لەخۆ دەگرێت سەبارەت بە تاکێك بۆ ئەوەی هەمان زانیاری دەستەبەر ببێت، ئەگەر هات و گرووپێك هاوسان لە تاکەکان تاقی بکرێنەوە ئەوە هەمان ئەو ئەنجامانە بەدەستەوە بدات.

**بابەتیانە objectivity** : ئەوە دەگەیەنێت کە ئاکامەکانی پێوانەکە لە ڕووی هۆکارە خودی و کەسییەکانەوە کاریان تێ نەکراوەو پێوانەکەیش بە یەکەو پێوەری زانراوو دیاریکراو بێت کە خەسڵەتی چەسپاوییان پێوە دیار بێت. وەك سەنتیمەتر بۆ درێژی، کیلۆگرام بۆ قورسایی و کێشانەکردن ... تاد.

**پێوانە Measurement**: خەملاندنێکی چەندایەتی دیاردەی بابەتی پێوانەکەیە بە پێی ئەو یەکانەی مۆرکی چەسپاوییان هەیە، بۆیە پێوان باسکردنی زانیارییەکانە لە شێوەی ژمارەدا. کامبڵ پێوانە وا پێناسە دەکات کە دیاریکردنی ژمارەی بابەتەکان یان ڕووداوەکانە بە پێی دەستووری دیاریکراو. کەچی ناتالی بڕوای وایە کە پێوانە: دەستووری بەکارهێنانی ژمارەکانە، بە شێوەیەك دەلالەت لە شتەکان بکەن بەشێوەیەك ئاماژە بە بڕێکی چەندایەتی لەمەڕ سیفەت یان خەسڵەتی پێوانەکراو بکەن.

